پێشکەشە بە هاوڕێم "سەلام مستەفا"

لەبڵاوکراوەکانی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکریو سیاسی

لۆسیان گوڵدمان

# فەلسەفەی رۆشنگەری

## بورژوازی مەسیحیو رۆشنگەری

و. لەفارسییەوە

عمر سەرگەتی

کتێب: فەلسەفەی رۆشنگەری

نوسەر: لۆسیان گوڵدمان

تایپو هەڵەچن: ئومێد ئەمین

نەخشەسازی: کۆمپیوتەری ئەندێش

بەرگ: سۆران عبداللە

تیراژ: (٥٠٠) دانە

چاپی یەکەم: تەموزی ٢٠٠٦

ژمارەی سپاردن (   ) ی وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٦ ی دراوەتێ

ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | |
| بونبادی ڕۆشنگەری ........ ئەنسکلۆپیدیا (زانستنامە ) | |
| کانت | |
| ڕەخنەی دیالەکتیکی ،هیگل | |
| گۆتە | |
| زەمینەی ئابوری و کۆمەلآیەتی | |
| خود موختاری تاکەکەس | |
| پەیمان | |
| یەکسانی | |
| گشتگیری | |
| گونجاندن ٠٠ | |
| ئازادی | |
| موڵکایەتی | |
| تیۆرەی ئەخلاقی | |
| ئایین | |
| سیاسەت | |
| بونیادی ناوەکی بزوتنەوەکە | |
| دیدرۆ | |
| | |
| بەشی دووهەم | |
| ڕۆشنگەری و بیرو باوەڕی مەسیحی | |





| | |
|---|---|
| کلێساو کۆمەڵگەی عەقلانی | |
| بزوتنەوەو مەسیحیەت | |
| ڤۆڵتێر | |
| ڕۆسۆ | |
| دیدرۆ | |
| لەخۆ نامۆبوون | |
| | |
| بەشی سێهەم | |
| ڕۆشنگەری و کێشەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ | |
| قەیرانی ناوەکی | |
| ڕەخنەی زانستی | |
| کۆمەڵگەی خۆرئاوایی | |
| بەرەو هاوپێکهاتەیی | |

# دەربارەی رۆشنگەری

سەدەی هەژدەهەم یەکێکە لەو قۆناغە گرنگانەی کە ناسراوە بە سەدەی عەقڵ و سەردەمی رۆشنگەری , واتە هیچ قۆناغێکی مێژوویی وەك ئەم قۆناغە شوناسی پێنەبەخشراوە , کە تێیدا هەموو ئاست و چەمك و بۆچونەکان , لە رەگورِیشەوە گۆرِانکاریان بەسەردا دێت و سەرلەبەری مانای شتەکان دەگۆرِێن بۆ ئاستێکی جیاوازتر , بەڵام بەبێ تێگەیشتن لە قۆناغەکانی بەر لە رۆشنگەری زەحمەتە لە گرنگی ئەم قۆناغە تێبگەین . بەم پێیە رەگورِیشەی رۆشنگەری دەگەرِێتەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی بەر لە سەدەی هەژدەهەم , راستەوخۆ دەگەرِێتەوە بۆ کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەراست و بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بونیاد و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینیانەی ژیانی مرۆڤیان بچوك کردبووەوە بۆ یەك ئاستی بیرکردنەوە ئەویش چۆنیەتی گەیشتن بوو بە بەهەشت . لە سەدەکانی ناوەراست مرۆڤ بریتی بوو لە بونەوەرێکی بچوکی فەرامۆشکراوی بێ پرسیار , لە ژێر کاریگەری ئەو دیدە خورافی و ئەفسوناویەدا بوو , کە بە درێژایی مێژوو وەك دواهەمین حەقیقەت باوەرِی پێهێنا بوو , هەموو هێزو توانای خۆشی هەر لەو هێزەی غەیبانیەوە وەردەگرت , کە گەورەترین ئومێدی پێبەخشیبوو , ئەو هەلومەرجەی مرۆڤایەتی تێدا دەژیا تەنرا بوو بەو حیکایەتانەی کە لە ئاسمانەوە دەرِژانە سەر زەوی و پرِبوون لە ئومێدی گەورە بۆ دوای ژیانی دنیایی , لەم ئاستەدا سنورەکانی ژیان بچوکبونەوە بۆ ئاستێك کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بە ویستی خۆی هیچ کارێك و پەیوەندیەك بۆ خۆی بەرهەمبهێنێ , کلێسا تاکە



کەناڵێك بوو کە دەستی خستبووە ناو ژیان و چالاکی ئینسانەکانەوە بەردەوام دەستدرێژی دەکردە سەر حورمەتی ژیان و ئازادی و مافی تاکەکان .

ئاشکرایە لەو سەردەمەدا فەلسەفەی کاسۆلیك تاکە هێزێك بوو , کە لە ساتەوەختی ئۆگستینەوە تاوەکو سەردەمی رێنسانس هەیمەنەی بەسەر فیکری خۆرئاواوە هەبوو , زۆرینەی فەلسەفەکانی تری ئەو سەردەمەش وابەستەبوون بەم فەلسەفە گشتیەوە , کە وەك تۆرِێك رۆچوو بووە خوارێ بە هەناوی کۆمەڵگادا ,. بەم پێودانگە بیروباوەرِی کلێسا راستەوخۆ پەیوەندی بە هەلومەرجە سیاسیەکانەوە هەبوو , بە تایبەت لە سەدەی پانزدە بەدواوە زیاتر .

بە شێوەی رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی خۆی نمایش دەکرد بەشدار بوو لە هەر جۆرە جموجۆڵ و گۆرِانکاریەك وەك دەسەڵاتدارێك بۆ سنوردانان .

زمانی کلێسا زمانی ترس و تۆقین و هەرِەشە بوو لەگەڵ ئینسانەکاندا , لە بەرامبەر ئەم گرژیەدا ئەو فەرمانرِەوایانەی دەکەوتنە دەرەوەی دەسەڵاتی کلێسا راستەوخۆ کەوتنە ململانێیەکی بەردەوامەوە لەگەڵ هێزی کلێسادا . ئەو هێزانە بوون کە لە ژێر ئەم دەسەڵاتەدا گوزەرانیان نەدەکرد , لە ئەنجامی ئەم ململانێی و کێبەرکێیەدا لەگەڵ هێزە نارۆحانیەکاندا توانیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی کلێساوە کۆمەڵێك سیستمی ئابوری و سیاسی پێکبهێنن (١) , خولقاندنی ئەم سیستمە تازانە وردە وردە بوونە هۆی زیاتر گەشەکردن و هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتیدا , ئەم کرانەوە و جیاوازیە وەك هێزێك لە دەرەوەی دەسەڵاتی کلێسا زیاتر بونیادێکی ئابوری هەبووە , کە دواجار بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دەستە و تاقمی بازرگان و فراوانبونی ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی بازارِ و پەرەسەندنی ئاڵوگۆرِ , کە دەتوانین ئەم گەشەکردنە بازرگانییە و فراوانبونی پرۆسەی

ئاڵوگۆڕ , ناو بنێین گەشەی سەرمایەداری , وەك لۆسیان گۆڵدمان دەڵێت : "مێژووی بۆژوازییەت بە پلەی یەکەم هەمان مێژووی ئابورییە " (٢), لێرەوە تاك وردە وردە سنوری چالاکیەکانی زیاتر بوون و ئاستەکانی بینین و پەیوەندی زیاتر گەشەیانکرد , بەر لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری تاك توخمێکی فەرامۆشکراو بوو لە هەموو رەوتێکی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێناندا , هاوکات لەگەڵ گەشەی ئەم سیستمە ئابوریەدا تاك زیاتر کرایەوە بە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەك توخمێکی سەربەخۆ بەشدار بوو لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا , دواجار بووە هۆی ڕێکخەری بنەمایەکی تایبەت لە بەرهەمهێناندا , ئەم رەوتە نەك تەنها بە شێوەیەکی بابەتی لە پێکهاتەی پێشیندا دەرکەوت بەڵکو بە شێوەیەکی ئاگایانەش لە یاسا عەقڵی و دینی و سونەتییەکاندا باڵی کێشا بەسەر رەفتاری ئینسانەکاندا (٣) .

لێرەوە رۆشنگەری لە سەرەتایترین گەشەکردنیدا بریتیە لە قۆناغێکی مێژوویی لە گەشەی بیری سەرمایەداری خۆرئاوادا , بەم پێیە هەمان تێگەیشتن لە بونیادە سەرەکیەکانی رۆشنگەری هەمان تێگەیشتنە لە رەهەندەکانی سەرهەڵدانی بۆرژوازییەت , بەم شێوەیە مرۆڤ هوشیارییەکی بەرهەمهێنا سەبارەت بە گەشەی ئابوری و پرۆسەی ئاڵوگۆڕو کرانەوەی بازارەکان , ئاستی پەیوەندی بە دەرەوەی خۆی , کە تاك زیاتر توانی بەشدار بێت لە چالاکیەکانی رۆژانەدا , وەك بەرهەمهێنەری ئابوری ئەمەش لە سەدەی سیانزدە بەدواوە بیری مرۆڤی خۆرئاوایی بە شێوەیەکی تر گۆڕی . گۆڵدمان باوەڕی وایە "هەر ئەم هێزە ئابوریە بوو وایکرد بیرۆکەی پەیمان بێنێتە ئاراوە " (٤) کە چەمکی پەیمان هەمیشە خۆی لەسەر چەمکی بەرامبەر بینا دەکات , کە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕدا پەیمان بریتیە لە بەشداریکردن و پەیوەندی دوو لایەن



و لە نێوانیشیاندا پەیوەندیەکی سەربەخۆ ئامادەیە بە مانا گۆڵدمانیەکەی کە بەندە لەسەر پەیمانی رووبەڕوو لێرەوە پەیمان وتەزایەکی بنەڕەتی بوو کە رۆشنگەری لە چوارچێوەی ئەو پەیمانەدا بیری لە دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی مرۆیی دەکردەوە , بێگومان پەیمان لە سەردەمی رۆشنگەریدا مانایەکی تازەتر وەردەگرێت لەو چەمکە ئابوریەی کە رێنسانس هەڵگری بوو , چەمکی پەیمان لە سەردەمی رۆشنگەریدا لای هۆبز و لۆك و تاگریۆزو دیدرۆ جێگەی مشتومڕ بوو , کە زیاتر لە هەموویان پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆیە .

گرنگی چەمکی پەیمان لای رۆسۆ لەوەدایە کە جێگەی مرۆڤی سروشتی دەگرێتەوە , دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتیە کە لێپرسراویەتی خۆی لە بەرامبەر خۆیوو جیهاندا دیاریدەکات , کە راستەوخۆ بەندە لەسەر ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگە , رۆسۆ باوەڕی وایە "پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەنجامی یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە ئەم یەکگرتنە کاتێك دروستەو مایەی پەسەندکردنە کە بەند بێت لەسەر ئازادی نەك بەزۆر , کەواتە پێویستی ئەم ئازادیە پەیڕەوکردنە لە (ئیرادەی گشتی) , ئەمەش بریتیە لە کەسایەتی گشتی کە لە یەکگرتنی تەواوی کەسایەتیەکانی هاوڵاتیان پێکدێت , هەر چەندە تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە لایەك نەفیکردنی مافە سروشتیەکانە , چونکە رۆسۆ چارەنوسی واقعی مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی نازانێت بەڵکو بە سروشتی دەزانێت , وە پێیوایە مرۆڤی سروشتی مرۆڤێکی تەنیا و سەربەخۆیە " (٥) . هەروەها لە نەبونی پەیوەندیەکی ئاکاریدا سەبارەت بە هاوشێوەکانی خۆی وەك مانایەك هیچ جۆرە کارێکی باش یان خراپی پێئەنجامنادرێت , گرنگترین لایەنی وجودی مرۆڤی سروشتی مەسەلەی پارێزگاریکردنە لە خۆی وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ , کە لە عەشقیدا سەبارەت بە خودی خۆی

دەردەکەوێت , بەڵام رۆسۆ بە پێچەوانەوە هۆبزەوە ئەم عەشقەی بۆ خۆی وەك مرۆڤێکی سروشتی بە توخمی دڕندەو توندوتیژ نابینێت بەڵکو ئەمە بە خاڵێکی بنەڕەتی دەزانێت بۆ هەستکردن و سۆزی مرۆڤی سروشتی بۆ هاوشێوەکانی خۆی دەزانێت , بەم پێیە کاتێك مرۆڤ بارودۆخی سروشتی وەك ریتمێکی مێژووی لە دەستدەدات لەسەر ئاستی کۆمەڵێك بونیاد و توخمی تر , هەوڵدەدات خۆی بینابکاتەوە واتە هەوڵدەدات لەسەر ئاستی جۆرە رێکخستنێکی مرۆیی ژیانی خۆی دیاریبکات , کە مرۆڤی سەردەمی پەیمانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤی کولتوری کۆمەڵگای مەدەنیە , ناچار دەبێت بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵگای نوێ , ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان هێرشە بۆ سەر ئەو رێکخستنە سروشتیەی کە بەندە لەسەر پەیوەندی بەهێزەکان و کۆیلەکان , بەم پێیە پەیمانی کۆمەڵایەتی شوێنی ئەو حاڵەتە سروشتیە دەگرێتەوە (رۆڵی ئەو بونەوەرە دەگێڕێت کە لە بەرانبەر سروشتی بوندا خاوەنی ماهیەتێکی کۆمەڵایەتییە و پارێزگاری لە بوونی مرۆیی خۆی دەکات ) (٦) لێرەوە سەرهەڵدانی چەمکی پەیمان و بونیادە ئابوریەکان و ئازادی تاك و گەشەکردنی چەندین چەمکی جیاوازی تر وایکرد بیرمەندانی ئەم سەردەمە بیر لە حکومەتێکی سەربەخۆ بکەنەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و مافەکانی تاك . هەر چەندە رۆسۆ دۆخی مرۆڤی سروشتی لاپەسەند بوو , بە جۆرێك بە حەقیقەتی مرۆڤی دەزانی , بەڵام هۆبز بە پێچەوانەی ئەم بۆچونەوە دۆخی مرۆڤی سروشتی بە دۆخێکی شەڕانگێزی دەزانی , کە مرۆڤ هەمیشە عەودالی پێداویستیە غەریزەییەکانیەتی و بۆ ئەوەی بتوانێت بە دەستیانبێنێت پشت بە هێز دەبەستێت لە بەرانبەر ئەوانی تردا . مادامێکی هەمیشە هێزەکان شەڕ دەکەن بۆ بە دەستهێنانی داواکاریەکانیان , لەم ئاستەدا مرۆڤ وەك دڕندەیەك



هەوڵی ئەوە دەدات ئەو شتە لەناو بەرێت کە بە رێگری دەزانێت لەبەردەم ئارەزووەکانیدا . بەم شێوەیە کە هیچ جۆرە رێکخستن و سیستمێك نییە مرۆڤەکان لەسەری رێککەوتبن وەك چوار چێوەیەك کە هەموان پێکەوە و بەبێ ئاژاوە مافی ژیان و گوزەرانیان هەبێت , بەم پێیە هۆبز دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی پەیمان و رێککەوتنی مرۆڤەکان و خولقاندنی دەسەڵاتێك بە رێگە چارە دەزانێت کە دیسپلینی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەردی ئینسانەکان بکات , لە هەمان کاتدا دەسەڵات رۆڵی چاودێرێك ببینێت بەسەر کۆمەڵگاوە کە کۆنترۆڵی ئەو مەیلە شەڕانگێزیەی مرۆڤ بکات کە لە دۆخی سروشتیدا ئامادەیە (٧) .

بەم پێیە پەیمانی کۆمەلایەتی چاکسازی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەردی مرۆڤەکان دەکات وەك ئیرادەیەکی گشتی کە تاکەکان لەسەری رێکدەکەون , لەم ئاستەشدا ئازادی لە چوارچێوەی یاسایەکدا بوونی هەیە , کە لە دەرەوەی ئەم یاسایەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەشێت جۆرێك بێت لە ئاژاوەو پشێوی .

مۆنتسکیۆ لە چەمکی حکومەتی یاسادا هەموو چەمکە پێشینە کۆنەکان دەخاتە ناو کۆمەڵە یاسایەك کە دواجار وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت , ئازادی دەبەستێتەوە بە چەمکی یاساوە , کە لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا مایەی پەسەند کردنە , دەبێت یاسا مافی ئازادی بە هەموو کەس ببەخشێت دواجار پێیوایە ئازادی سیاسی بەبێ بوونی ئاسایش بوونی نییە , بوونی ئاسایشیش بەستراوە بە بوونی حکومەتەوە (٨) .

لێرەوە بیرۆکەی پەیمان , وەلا خستنی ئەو چەمك و پەیوەندیە کۆنانە بوون , کە باڵادەستبوون لە کۆمەڵگادا , بە پلەی یەکەم لاوازکردنی ئەو سیستمە ئاینیە بوو کە خاوەن هێز بوو بەسەر ئەوانی تردا , ئەم تیۆرەیە دواجار وایکرد

خولقاندنی حکومەتێکی سەربەخۆ و دڵخۆشکەر ببێتە خەون و ئامانجی بیرمەندانی رۆشنگەری , سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئازادیش جیاواز نەبوو لە سەرهەڵدانی چەمکی پەیمان , بەو پێیەی رەگوڕیشەی ئازادی دوای رێنسانس لە هەناوی سەرهەڵدانی پەیمان و گەشەی ئابوورییدایە .

ئەمەش وایکرد ئازادی تاك لە ناو کۆمەڵگادا ببێتە جێگەی مشتومڕو گرنگی پێبدرێت و ببێتە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی رۆشنگەری , ئەگەر کەمێك لەسەر چەمکی ئازادی بوەستین بە هەمان شێوەی پێشو کرۆکەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی رێنسانس و گەشەی ئابوری , وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد , بەر لە گەشەی ئابوری تاك پێکهاتەیەکی بچوك و نادیار بوو لە کۆمەڵگادا چونکە ناوەندێك ئامادەگی هەبوو لە دەرەوەی عەقڵی مرۆڤ کە هەموو ویست و ئیرادەی تاکەکانی کوشت بوو ئەویش دەسەڵاتی کڵێساو گریمانە ئاینیەکان بوون , وە رەنگرێژی ئەو سنورانەی کرد بوو لە بیرکردنەوە , کە سەرچاوەی چالاکی و داهێنانەکانی مرۆڤن , لە دیدی ئایندا تاك وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ و چالاك بەهێزی عەقڵیبوونی نییە , توخمێکە هەموو ئەو شوێنانەی بۆ دەستنیشانکراوە کە بیری لێدەکاتەوەو تێیدەچێت و ئەزمونی دەکات , ئەمەش وادەکات بڵێین شتێك نییە بە ناوی تاکەوە مانای هەبێت , مێژووی رۆژئاوا لەم رووەوە تا سەر ئێسقان لێوانلێوە لە هەوڵدانی گەورە بۆ بە دەستهێنانی تاکگەرایی و سەربەخۆی مرۆڤ , ژیوارێکە تەنراوە بە چەندین میتۆدی رەخنەیی و هەوڵدانی جیاواز بۆ دۆزینەوەی تاك و کەشفکردنی چەمکی (خود) هاوکات لەگەڵ گەشەی عەقڵانیەتدا ئەم چەمکانەش گەشە دەکەن و چەکەرە دەکەن کە راستەوخۆ پەیوەستن لەگەڵ یەکدا , گەشەی ئازادی جیاواز نییە لە گەشەی عەقڵ , لەم



رووەوە بە عەقڵانیکردنی تاك و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جیهان قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی مرۆڤی خۆرئاوایدا . گەشەی زانستی و فکری و سیاسی و فەلسەفی باوەڕهێنانە بە چەمکی عەقڵ و زاڵبوونە بەسەر دیدگا خورافی و ئاینی و سونەتیەکاندا , ئازادی و تاکگەرایش لەم رووەوە پەیوەستن بەهێزی عەقڵانییەوە کە رۆشنگەری بەرهەمیهێنا وەك هوشیاریەك بەرامبەر مرۆڤ و جیهان .

ئازادی بەدەر لەو گەشەکردنە ئابوریە , پرسیارێکی گرنگی ناو فیکرو فەلسەفەیە هەر چەندە مرۆڤ بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو هەوڵیداوە رۆژ بە رۆژ زیاتر ئازادانە مامەڵە لەگەڵ جیهان و دەوروبەریدا بکات و ئارەزووی برێك ئازادیی کردووە بۆ چالاکییە غەریزەیەکانی , بەڵام لێرەدا مەبەست لە چەمکی ئازادی ئەو پرسیارە بنەڕەتییەیە کە رۆشنگەری ئاراستەی قوڵاییەکانی مرۆڤی کرد , بە مەبەستی رزگاربوونی لە هەموو کۆت و بەندێکی سروشتی و ئاینی و تەنانەت مرۆیش بۆ زیاتر بە ئاگابوون و هوشیاربوونی دەربارەی خۆی جیهان و هەروەها بەخشینی شوناسێکی راستەقینە .

لە راستیدا مێژووی مرۆڤ لەو رووەوە شەرێکی بەردەوامە لە پێناو ئازادیدا , وەك فرۆم دەڵێت "مێژووی مرۆڤ هەوڵدانێکە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی " (٩) . تا ئەندازەیەکی زۆر ئازادی بەشێکە لەو مەسەلە گرنگ و فراوانەی کە پەیوەندیکردنە لەگەڵ بەرامبەرو جیهانداو جەختکردنە سەر چۆنایەتیەکی تایبەتە سەبارەت بە بوونی مرۆڤ .

لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە مرۆڤ توانی پەیوەندیەك بخوڵقێنێت لەگەڵ دەوروبەریدا کە بەند بێت لەسەر ئاگایی و ئەو هوشیاریەی بەرهەمیهێنا , کە بە وردی لە خۆی روانی وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ ئاستی هوشیاری فراوان بوو

هەوڵیدا خۆی لەو حاڵەتە رزگار بکات کە لە کۆیلەیەك یا بێدەسەڵاتێك دەچوو لە ناو قەفەزی کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەریتەکاندا , ئەم هەوڵدانەش سەرەتای سەرهەڵدانی تاکگەرایی بوو , کە ریفۆرمی ئاینی کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەرهەڵدان و گەشەو پەرەسەندنی ئەم چەمکە کە دواتر بووە هۆی پرسیارێکی حەیاتی و گرنگ لە ناو فکری خۆرئاوایدا . . .

فرۆید باوەڕیوایە "عەقڵ و ئازادی بەردەوام پشت بە یەك دەبەستن , ئەگەر مرۆڤ بە تەواوی وازی لە خواوەندی باوك هێنا واتە بەرەنگاری تەنیایی و پوچیەکانی خۆی بویەوە , ئەو کات وەك ئەو منداڵە وایە کە ماڵی باوکی جێهێشتووە , دەگاتە ئەو ئاستەی کە تەنها پشت بەهێزی خۆی ببەستێت , ئەو کاتە فێر دەبێت چۆن بە شێوەیەکی راست و دروست عەقڵی بەکاربهێنێت . ئەو مرۆڤەی ئازادی خۆی بەدەستدەهێنێت خۆی لەو دەسەڵاتە رزگار دەکات " (١٠) بەم پێیە سەرهەڵدانی چەمکی ئازادی و عەقڵانیەتی رۆشنگەری بریتی بوو لە رزگاربوونی مرۆڤ لە دەسەڵاتی سەرکوتکەری ئەو باوکە ئاینی و کۆمەڵایەتیەی کە هەر خۆی بەرپرسی هەموو بڕیارو هەڵبژاردن و دیاریکردنی سنورەکانی ژیان و جموجوڵی ئینسانەکان بوو , لەم رووەوە ئازادی خەون و یۆتۆپیاکان بوو لە هەمان کاتدا توانای مرۆڤ بوو بۆ گەڕان بە دووی شوناسی خۆیدا , وەك سارتەر دەڵێت "ئازادی شتێکە کە توانا بە مرۆڤ دەبەخشێت تاکو ماهیەتی خۆی دەستنیشانبکات و پێناسەیەك بۆ خۆی بدات , هەروەها توانای مرۆڤە بۆ ژیانێکی باشتر و جوانتر , هەروەها هێزی مرۆڤیشە بۆ سەرلەنوێ خوڵقاندنی مرۆڤێکی تر و جیهانێکی تر ...." (١١) , واتە خولقاندنی جیهانێك کە ئەزمون نەکراوە , قبوڵنەکردنی ئەو ساتە وەختەیە کە تاك تێیدا هوشیاری بەرهەمدێنێت دەربارەی بوونی خۆی لە دایکبوونی



هوشیاریش لە دایکبونی مرۆڤێکی نوێیە و بونێکی راستەقینە بەرجەستە دەکات , واتە خولقاندنی شێوازێکی تری ژیانە کە تاك نەخێرێك دەکات لە پێناو گۆڕان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر و تازەتر هەر وەك سارتەر لە شوێنێکی تردا دەڵێت : "مرۆڤ هیچ شتێك نییە جگە لەوەی خۆی هێناوەتە بونەوە " (١٢) , مرۆڤی کۆیلە ئەو بونەوەرەیە کە هوشیار نییە دەربارەی بوونی خۆی هەر وەك چۆن بەر لە سەدەی رێنسانس تاك بونەوەرێکی وونبوو بوو لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتەکاندا , گومانی تێدا نییە رەگوڕیشەی ئەم چەمکەش لە سەردەمی رێنسانسدایە , لەگەڵ شکاندنی سەدەکانی ناوەڕاستدا مرۆڤ ئاشکراترین قسەوباسی دەربارەی ئازادی کرد , وەك پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد , کە فراوانبوونی سنوری ئازادی هاوکات بوو لەگەڵ بونیادە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکاندا , کە بنەمای ئابوری خۆرئاوا لە دوای رێنسانسەوە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەردا هات کە هەمان گۆڕانی ریشەیش بوو لە پێکهاتەی مرۆڤی ئەوروپیشدا (١٣) .

بانگێشتی ئەم چەمکە بریتی بوو لە ئاینە تازەکان و مەزهەبە جۆربەجۆرەکان , کە گرنگترینیان ریفۆرمی ئاینی بوو , بەر لە رێنسانس هەر کەسەو بە شێوەیەك رۆڵ و چالاکی و ژیانی تایبەتی خۆی لە ستەمی ئاینی و کۆمەڵایەتیدا کوژرا بوو , هیچ کەسێك نەیدەتوانی سنوری ئەو جوگرافیایە ببڕێت کە تێیدا دەژیا بە مەبەستی خەڵقاندنی پەیوەندیەك لەسەر خواستی تاکە کەس و فراوانکردنی سنورو ئاسۆکانی ژیانی و چالاکی و بژێوی خۆی , جیهانی هەر کەسێك بریتی بوو لەو زادگایەی تێیدا لە دایکبووە و گەورە بووە , بە بچوکی سنورەکانیەوە تێیدا دەژیا , گۆڕینەوەی توانا و وزە بە هیچ شێوەیەك لە ئارادا نەبوو , وڵات و زادگاو نیشتمانی هەر کەسێك وەك

بڕیارێکی گشتی و کۆمەڵایەتیو ئاینی دەستنیشانکرا بوو بۆ هەر تاکێك , مرۆڤ وەك پەیوەندیەکی سەرەتایی پەیوەست بوو بە جیهانەوە , پێیوابوو سەرچاوەی حەقیقەت لە گەردون و لەسەروی دەسەڵاتی خۆیەوەیەتی , ئاسمان سەرچاوەو کانگای هەموو شتەکان بوو , مرۆڤ نەك تەنها دەربارەی ئەوانی تر , بەڵکو دەربارەی خۆیشی هیچ بۆچونێکی نەبوو , (یاکوب بۆرکهات) دەڵێت : " لە سەدەکانی ناوەراستدا هەر دوو لایەنی هۆشیاری مرۆڤ چ لەو لایەنەوە بە ئاراستەی ناوەوەی خۆی و چ بە ئاراستەی دەرەوە لە ژێر چارشێوێکی هاوبەشدا لە ئاستی خەون و خەیاڵ و بێداریدا ئارام و ئاسودە بوو , تەنها بە شێوەی ئەندامی یەك نەژاد و قەوم و دەستەو خێزان , واتە بە تەواوی لە ڕێگەی وتەزایەکی گشتییەوە دەربارەی خۆی بە ئاگا و هوشیار بوو " (١٤) .

واتە تا ئەو ئەندازە دەربارەی خۆی هوشیار بوو کە سەر بە چ قەبیلەو دەستەو تاقم و خێزانێکە لە دەرەوەی ئەم زانینەوە , شتێکی دەربارەی خۆی وەك تاکێك نەدەزانی . بەڵام دوای شکاندنی سنوری ئەم سەردەمە بە هاتنی بیرمەندانی ڕێنسانس پێکهاتەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنانەت کەسیەتی مرۆڤ خۆیشی ئاراستەیەکی تری وەرگرت یەکبونی سەنتەریزمی کۆمەڵگا لاواز بوو , تاکگەرایی شوێنی بەو شوناسە گشتیە چۆڵکرد , کە لەسەر ئاستی تایفەگەری و هێزێکی فرە کەسیدا بەخشرا بوو بە تاك , شوناسی تایبەت سەریهەڵدا لە ناو شوناسی گشتیدا , ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەموو بوارە کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتوریەکاندا تەنانەت هونەرو فەلسەفە و زانستی کەلامیش تا دەگاتە هەموو ئاستە حەیاتیەکانی دیکە (١٥) .



بەم شێوەیە لە سەدەی پانزدەهەم بە دواوە مرۆڤ هوشیاریەکی بەرهەمهێنا کە توانی لە ڕێگەی ئەو ئاگاییەوە هەموو شتەکان بناسێت , واتە پڕۆسەی ناسین تاکە ئامانجێك بوو کە مرۆڤ لە چوارچێوەی مەعریفەیەکی سەراپاگیریدا هەولێدا شوناس بە خۆی و جیهان ببەخشێت , ئەمەش بریتی بوو لە باوەڕهێنان بە هێزی فەردی خۆی لە بەرامبەر سروشتدا و ئاگایی دەربارەی لێپرسراوێتی خۆی وەك هێزێکی فەردی لە کایە کۆمەڵایەتیەکاندا , لێرەوە دۆزینەوەو کەشفکردن و روناککردنەوەی جیهان بوو بە ئامانجی مرۆڤ کە دواجار قسەوباسیش دەربارەی تاریکیەکانی خودی مرۆڤ کرا , هاوکات لەگەڵ دۆزینەوەی هێزێك بۆ بەرگریکردن لەو ئازادیەی مرۆڤ بەدەستیهێنا , لە بەرامبەر ئەو ترسەی هەیبوو لە سروشت , کاتێك ئاسمان پاکبویەوە لە ئەفسانە و خێو و وێنە سیحراویەکان و وێنەی یەزدان وردە وردە کاڵبویەوە لە زەینی مرۆڤی خۆرئاوایدا سەر زەوی بووە شوێنی ململانێی و جەنگ و ئومێد و پەیوەندی و تەنیایی , مرۆڤ هەموو ئومێدەکانی داگرتە سەر زەوی , هەولێدا هەموو شتەکان داگیر بکات و دەست بەسەر جیهاندا بگرێت , هەر شوێنێك و مانایەکی کەشف دەکرد هەولێدەدا دەستیشی بەسەردا بگرێت , کە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەستبەسەراگرتن بوو , مرۆڤ چاوی بڕییە زەوی و لە ئاستی پراکتیکدا ئەو زەوییانەی دۆزییەوە کە زانیاری دەربارەیان نەبوو , وەك دۆزینەوەی ئەمەریکا , کە دەتوانین بڵێین ئەمەریکا خۆی بەرهەمی رۆشنگەرییە , بەم پێیە کیشوەرەکانی کەشفکرد و شوناسی بە زەوی بەخشی , بەڵام رۆشنگەری هەر بەمەشەوە نەوەستا , هەولێدا دەستکاری ئەو ئاسمان و ڕێسمانەش بکات کە مرۆڤ هیچ شتێکی تێدا نەدەبینی جگە لە وەهمەکانی خۆی ئومێدە میتافیزکیەکانی , لێرەوە رۆشنگەری سەرگەرمی شوناس

بەخشین بوو بە هەموو شتێك تەنانەت خودی مرۆڤ خۆیشی هەر ئەوەش بوو وایکرد مرۆڤ ئینتیمایەکی ئێجگار بەتینی هەبوو بۆ زەوی و نیشتمانەکان , رۆحێك پەروەردە بوو کە زەوی خۆشبوێت ئەو رۆحە (دانتی )لە ژێر کاریگەریدا دەیووت : "نیشتمانی من هەموو جیهانە" (١٦) بەڵام هەر زوو ئەم پرۆسەی ناسین و کەشفکردنە گەیشتە ئەوجی خۆی . مرۆڤ هێندە لە خۆی روانی هەستیکرد جگە لە خۆی چیتر فریادرەسێك نەماوە پەنای بۆ بەرێت بۆ هەمیشە وێنە ئەفسوناویەکانی ئاسمان ونبوون .

سەرباری ئەمەش زانست و فەلسەفە و سیاسەت بەردەوام لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بوون شانبەشانی گۆڕانکاریە ئابوریەکان , سەرمایەداری کە بونیادێکی سەرەکی بوو لە گەشەی ئازادی و بیری مرۆڤ و تاکگەرایدا , دواجار بووە هۆی کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان و پەراوێزبوونی ئەو مەخلوقانەی هیچ سەروەتێکیان نەبوو بەشداربن لە بازاڕەکاندا , لێرەوە ململانێی چینایەتیش سەریهەڵدا , واتە ئەو ئازادیەی مرۆڤ بەدەستیهێنا لە پەنای هێزی ئابوریدا هەڵگری چەندین کێشەو ململانێی ناوەکی بوو , دواجار مرۆڤ هەستی بە تەنیایەکی گەورە کرد لە بەردەم پەیوەندیەکانی خۆیدا و لە ئاست ئەو کێشە و گرفتەی کە خۆی خولقاندویەتی و هەر خۆیشی لێی بەرپرسیارە , چونکە بە لەدەستدان و وێرانکردنی جیهانە پێشینەیە خورافیەکەی خۆی , سەرسام و سەرگەردان بوو لە تەنیایدا لەو ژیانە تازەیەی کە بەرهەمیهێنا بوو وەك (فرۆم) دەڵێت : "بەهەشت بۆ هەمیشە ون بوو مرۆڤ بە تەنیا رووبەڕووی جیهان بویەوە" (١٧) .

لێرەوە مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی قەیران و بەدبەختیەکانی خۆی پشتی بەهێزی عەقڵ قایمکرد و هەوڵیدا لە سایەی هێزە عەقڵانیەکاندا چارەسەری



کێشەو گرفتەکانی خۆی بکات و سەر لەنوێ خۆی و جیهان بە شێوەیەکی تر تەفسیر بکاتەوە , سەدەکانی شانزدەو حەڤدەهەم سەرەتای سەرهەڵدانی هێزە عەقڵانیەکان بوون تاکو لە سەدەی هەژدەهەمدا عەقڵباوەڕی بوو بە تاکە حەقیقەت و دوا ئامانجی مرۆڤ , کە ئەم باوەڕبونە بۆ خۆی پرسیارکردن بوو لە چەندین سەدەی بێدەنگی مرۆڤی خۆرئاوایی , زۆرینەی بیرمەندەکان لەو باوەڕەدان کە ریفۆرمی ئاینی کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە سەدەی شانزدەهەمدا و بە تایبەتی لە سەرهەڵدانی چەمکی تاکگەرایی و دواتر لە بزوتنەوەی رۆشنگەریدا چونکە ریفۆرمی ئاینی بانگەوازێك بوو بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی کلێسا و توندرەوی دەسەڵاتی کاسۆلیکی . کە (مارتن لۆسەر) لە ساڵی ١٥٧١ دا بانگەوازی ئەم شۆڕشەی راگەیاند , بووە هۆی سەرهەڵدانی دیدێکی نوێ بۆ ئاین و هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکان , کە چیتر تاك توانای رووبەڕوبونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت و ئازاد بێت لە هەموو کۆت و بەندێك جگە لە بەندایەتی یەزدان , ئەمەش بووە هۆی شکاندنی دەسەڵاتی پاپای کاسۆلیکی , مارتن لۆسەر لە شوێنێکدا و لە نامەیەکیدا بۆ پاپای لیۆنی دەیەم دەنوسێت : "پاپا بۆی هەیە هەڵە بکات چونکە ئادەمیزادە , کلێساش دەزگایەکی مرۆییە و پیرۆز نییە , بە جۆرێك کلێسای راستەقینە لە دڵی هەموو مەسیحیەکدا هەیە " (١٨) .

لێرەوە چیتر دەسەڵاتی کلێسا ئەو هێزو توانایەی نەما کە بەرپرسی هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بێت , بەڵام ئەمە هەروا ئاسان نەبوو کلێسای کاسۆلیکی بەهێزی خۆیەوە چەندین جار هەوڵی مانەوەی خۆی ئەداو لە ئاست ئەم بزوتنەوە ریفۆرمیەدا و بەرگری لە خۆی دەکرد , کە چەندین شەڕی خوێناوی بەرپا کرد , شەڕی ئاینی و ناوخۆیی لە ئەوروپا , بەڵام زۆری

نەخایاند بیرمەندانی رۆشنگەری ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەیان خستە ژێر پرسیارەوە و وردە وردە کۆتاییان بە دەسەڵاتی کڵێسا هێنا , کە گرنگترین بیرمەندی ئەو سەردەمە (ڤۆڵتێر) بوو هاوکات لەگەڵ بیروبۆچونە گرنگەکان (رۆسۆ , دیدرۆ و دالامبێر) دا . لێرەوە قسەکردن دەربارەی مرۆڤ و هەڵوێستی هیۆمانیستانە کۆتایی بەو دەسەڵات و دیدە خورافیە هێنا , بەم پێیە رۆشنگەری بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە رێنسانس هەڵگریان بوو واتە چەکەرەکردن و گەشەی ئەو چەمکانەی کە رەگوڕیشەیان لە هەناوی رێنسانسدایە بوونە هۆی سەرهەڵدانی رۆشنگەری و کامڵبونی مرۆڤ , هەر لە بۆچونەکانی (کۆپەرنیك)ەوە و لەو کەشفە گرنگەی کە مرۆڤی بۆ هەمیشە راچڵکاند لە خەونی چەندین ساڵەیدا "زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە" کە گورزێکی کاریگەر بوو لە سروشت ناسی (ئەرستۆیی) تا دەگاتە کایەی موگناتیسی و ئەلکترۆنی (گیڵبێرت) و زانستی پزیشکی (سالیۆس) و کەشفی سوڕی خوێن لە لایەن (هاروی)یەوە و بۆچونەکانی (نیوتن و گالیلۆ) و کەشفی چەندین بواری تری زانستی . بەم پێیە جیهان و سروشت و مرۆڤ مانایان بە شێوازێکی تر گۆڕا , مرۆڤ بریتی بوو لەو بونەوەرەی کە پێویست بوو هەموو شتێك بزانێت و هەموو نەزانراوێك ئاشکرا بکات , وەك (فرانسیس بیکۆن) دەیوت : "مرۆڤ هیچ نییە جگە لەوەی دەیزانێت" (١٩) بەم شێوەیە دابڕانێك لە نێوان مەعریفەی کۆن و مەعریفەی نوێدا رویداو مرۆڤ و زەوی بەهای خۆیان وەرگرتەوە .

لێرەوە رۆشنگەری بریتی بوو لە دیدی رەخنەگرانەی مرۆڤی خۆرئاوایی دەربارەی مێژووی خۆی بە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و کولتوریەکانیەوە , بەئاگاهاتنەوەی مرۆڤیش بوو لەبەردەم تاریکی فکری و



بێتوانایی ئەو دیدە ئەفسوناویەی کە پێشتر جیهانی پێ راڤە دەکرد , هەروەها رەخنەگرتن بوو لە بونیادی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و کولتوریەی کە ئاین وەك تاکە هێزێك تێیدا باڵادەست بوو , وە هەموو ئاستەکانی ژیانی داگیر کرد بوو , بە مانایەکی تر رۆشنگەری بریتی بوو لە کۆمەڵێك چەمك و هێزی مەعریفی بۆ قوتاربوون لەو تاریکیەی کە ژیان و ئازادی و عەقڵی مرۆڤی تێدا خەسێنرابوو , وێرانکردنی ئەو گریمانە ئاینیانە بوو کە دەسەڵات هێزی خۆی وەك سەرچاوەی حەقیقەت لێوەردەگرتن , واتە پرۆسەیەکی عەقلانی بوو بە مەبەستی هێنانە کایەی ئازادی و هەڵگرتنەوەی ئاین لە هەناوی دەسەڵات و ژیانی سیاسیدا , هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی چەندین ئۆرگانی سیاسی و شێوازی جیاجیای دەسەڵات و بەڕێوەبردن , گرنگترین دەستکەوتی سیاسی ئەم بزوتنەوەیە شۆڕشی فەرەنسی بوو کە کاریگەری بەسەر ئەوروپاوە هەبوو بە تایبەت گۆڕینی پێکهاتەی مرۆڤی فەرەنسی لە دنیایەکەوە بۆ دنیایەکی تر , بەم شێوەیە قسەکردن دەربارەی عەقڵ , پرسیار لە رۆشنگەری پرسیارە لەو زەمین و زەمانەی عەقڵ وەك هێزێکی سەربەخۆ تێیدا گەشە دەکات .

کانت باوەڕیوایە "رۆشنگەری بریتیە لە دەرچونی مرۆڤ لە حاڵەتی لاوازی و بێتوانایی خۆی کە هەر خۆیشی بەرپرسی مانەوەیەتی "(٢٠) بەم پێودانگە رۆشنگەری کۆتایهێنانە بە کەمتەرخەمی و بودەڵەیی و لاوازی مرۆڤ واتە سەردەمی رۆشنگەری گەورەبوونی تەمەنی مرۆڤ بوو لە منداڵیەتی مەعریفییەوە بۆ ئاستی گەورەبوون و کامڵبون , لە ئاستی مێژوویی و زەمەنیدا کامڵی ئەم مرۆڤە ئەگەر بریتی بێت لە گەشەی کۆمەڵێك قۆناغ لە ئاستە جیاوازەکانی فیکر و فەلسەفە و مەعریفەدا و هەستکردن بە لێپرسراویەت و فامکردن دەربارەی خۆی و جیهان , ئەوا دەبێت پیربوونی ئەم

مناڵەش ببینین و چاوەڕوانی دەرئەنجامی پیرەیتی ئەو عەقڵە بکەین کە هەڵگری هەموو مژدەکانی ئایندەش بوو .

ئەگەر مرۆڤ لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا بریتی بێت لە ساتەوەختی گەشەی عەقڵی و رزگاربوونی لە خورافەو ئەفسانەکان و عاقڵبونی بێت و رزگار بوونی بێت لە تاریکی و بێتوانایی , ئەوا هەموو پرۆسەیەکی ڕۆشنگەرانە , پرۆسەیەکی عەقڵانییە , باوەڕبوونی تەواوی مرۆڤە بە عەقڵ , واتە بە بێباوەڕبوون بە پێوەرو هەڵسەنگاندنی عەقڵ شتێك نییە ناوی ڕۆشنگەری بێت , کە ئازادیش بۆ خۆی چەمکێکە راستەوخۆ پەیوەستە بەهێزی عەقڵانیەتەوە .

هەر بۆیە سەدەی هەژدەی خۆرئاوا ناسراوە بە سەدەی عەقڵ کە مرۆڤ لە خۆی روانی و بە تەواوی پشتی بەهێزە عەقڵانیەکان بەست . هەر خۆی بوو بە خاوەنی جیهان و سروشت , هاوکات لەگەڵ گەشەی تەکنیك و ئاستەکانی تەکنەلۆژیا و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەیان چەمکی جیاواز , تاکگەرایی , ئازادی , کۆمەڵگای مەدەنی , یاسا تازەکان و شێوازی جیاجیای بەڕێوەبردن و ئۆرگانە تازەکان تا دەگاتە چەمکە نوێکانی دیموکراسی و عەلمانیەت هەروەها چەمکی ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی ... بەم شێوەیە عەقڵانی سازی دەستی خستە ناو بوارەکانی ژیانی مرۆڤەوە سەر لە بەری مانای شتەکانی گۆڕی , عەقڵانی سازی لە (گالیلۆ و دیکارت) ەوە دەست پێدەکات و دەوڵەت بە شێوەی ئۆرگانیکی مۆدێرن دەبێتە لێپرسراوو دابینکەری ئازادی و مافە مەدەنیەکان , هەروەها لە (کانت) ەوە سەردەمی تازەگەری لە فەلسەفەدا دەستپێدەکات , کە یەکەم کەسە جیهانی فیزیکی و جیهانی میتافیزیکی لە یەکتر جیادەکاتەوە . پێشیوایە جیهانی فیزیکی شایەنی بینین و بەڵگەی



زانستییە لە کاتێکدا جیهانی میتافیزیکی لە دەرەوەی تێگەیشتنی ئێمەوەیە (٢١) .

ئەم دیدە نوێیەی بۆ جیهان و سروشت وایکرد ماڵئاوایی یەکجارەکی لەو تێڕوانینە وەهمی و میتافیزیکیە بکات و پشت بەهێزی عەقڵی و ئەزمونی خۆی ببەستێت و باوەڕ بەهێزو توانای خۆی بهێنێت و هەستی بەوەکرد چیتر حەقیقەتی ئەو لە ئاسمانەکاندا نییە بەڵکو لەو شتانەدایە کە دەیانزانێت واتە هیچ شتێك بە راست نەزانێت بەبێئەوەی بە پالاوگەکانی عەقڵدا تێپەڕێت وەك دیکارت دەیوت : "نابێت هیچ باوەڕێك پەسەند بکرێت بەبێ بەڵگەیەکی عەقڵی " (٢٢) ئەمەش راستەوخۆ گرنگیدانێکی گەورە بوو بە مرۆڤ و جیهان , لێرەوە تاك بوو بە سەروەری جیهان و لە دنیایەکدا خۆی بینیەوە کە جگەلە خۆی هیچ فریادڕەسێك نەما پەنای بۆ بەرێت و ئازادانە رووبەرووی جیهان بویەوە , وەك کانت پێیوابوو "لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەری ئەوەی گرنگی بە ژیان دەدات بە تەواوەتی ئەمە نییە کە ئینسانەکان بیرکردنەوەی خۆیان لە هەموو جۆرە کۆت و بەندێك ئازاد بکەن بەڵکو ئەمەش بتوانن عەقڵی خۆیان بە ئازادانەو بە ئاشکرا بەکاربهێنن" (٢٣) , ئاشکرایە فەلسەفەی کانتی کاریگەریەکی ئێجگار لە رادەبەدەری بەسەر سەدەی نۆزدەهەمەوە هەبوو , هیچ رەهەندێکی فەلسەفی هێندەی ئەم فەیلەسوفە کاریگەری نەبووە لەم سەدەیەدا هەر چەندە یەکێکە لە گەورە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە هەمان کاتدا یەکێکە لە رەخنەگرەکانیش , کە گەورەترین بەرهەمەکانی لەم رووەوە (رەخنەی عەقڵی پەتی )و (رەخنەی عەقڵی عەمەلین) کە راستەوخۆ پرسیارکردن بوو لە خودی عەقڵ وەك هێزێکی ئەبستراکت (مجرد)و رووت و سەربەخۆ , هەروەها رامان لە چەمکی ئەخلاق و ئازاد کردنی لە کۆمەڵە ئیحساسێکی کۆمەڵایەتی و

بەرگریکردن لێی لە جێگەی عەقڵی پراکتیکی پەتی کە لە هەموو جێگایەکدا و لە هەموو کاتێکدا بەرامبەر مرۆڤەکان متمانەی پێبکرێت , هەوڵدان دەربارەی ماهیەتی هونەرو جوانی و رۆڵی مەبەستناسی لە زانستدا , وەك هێزێکی گەورە کە بریتیە لە ژیانی مرۆڤ و ئاکارو سروشت و جیهان , بە شێوەی دەرکەوتنی چاکەخوازی یەزدان و رێزو حورمەتی ژیان (٢٤) . رەخنەی کانتی لە عەقڵی پەتی رۆشنگەری , کرانەوەی کۆمەڵێك چەمکی داخراو بوون , فراوانی ئاسۆکانی بیرکردنەوە بوون , کە راستەوخۆ چەمکی عەقڵی خستە ژێر پرسیارەوە . لەوێوە عەقڵ توانی محاسەبەی خۆی بکات و لە گوناهەکانی رابمێنێت , واتە ئەم ئیشکردنە بەند بوو لەسەر رەخنەگرتنی عەقڵ لە خۆی وەك پێوەرێکی رووت ئەگەر عەقلانیەتی رۆشنگەری بریتی بوو بێت لە رەخنەگرتن لە سەدەکانی رابردووەوەو لە پێکهاتەی ژیانی مرۆڤ ئەوا لە سەردەمی کانتەوە ئەم وەزیفەیە دەگۆڕێت بۆ رەخنەگرتنی عەقڵ لە خۆیشی .

رۆشنگەری لە ئاستێکی تردا خودی مرۆڤ کەشفدەکات واتە دۆزینەوەی خود پرسیارێکی سەرەکی بوو لە سەردەمی رۆشنگەریدا کە رۆسۆ پێیوا بوو "شتێك بوو دەبوایە لە پێش هەموو شتێکەوە ئەزمون بکرایە " (٢٥) هەر چەندە لای کانت "چەمکی خود روانینێکی میتافیزیکی قوڵی هەبوو کە پێویست بوو لە رێگەی لێپرسینەوەی وشکی لۆژیکی پێوانەکاریەوە جەختی لەسەر بکرێت . کە باوەڕیشی وابوو هیچ چارەسەرێکیش لە میتافیزیکادا نییە" (٢٦) .

بەم پێیە ئەو پرسیارانەی کە لە رێگەی هێزی عەقڵی پێوانە کاریەوە وەڵامنادرێتەوە رەگوڕیشەی قوڵیان لە میتافیزیکای زەینی مرۆڤدا هەیە , کەواتە هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی رەهەندە میتافیزیکیەکانی زەینی مرۆڤ



وەك پرسیارە سەرەکیەکانی (هەڵبژاردن , خودا , مانەوەی رۆح ) هەوڵدانێکی بێهودەیە , چونکە زانستی پێوانەکاری بەندە لەسەر , خستنەناو چوار چێوەو پێناسەیەکی دیاریکراوی ئەو شتەی کە دەیزانێت .. سەرباری ئەمەش ئەو پرسیارانەی دەربارەی ماهیەتی خود و جەوهەریەتی رێگاکانی جیهان و شوێن / کات و راستیە دیارەکانی سەرمەدیەتی ماتماتیك و ئەندازەگیری پێکهاتەیەکن لە دیاریکردنی بنەما سەرەکیەکانی رەخنەی عەقڵی پەتی بۆچونێکی بنەڕەتی تێدا بەرجەستەیە , کە ناسینی جیهان لەو رووەوە مومکینە کە خود (خودی باڵا) واتە (Super ego) پێکهاتەی هەموو ئەزمونێکی ئێمە دەستنیشاندەکات , پرسیاری بەرجەستەی زانسناسی کانتیش ئەمەیە کە "بۆ ئاگایی ئێمە ناسینی جیهان بە چ شێوەیەك مومکینە مادامەکی جیهان لە دەرەوەی قەڵمڕەوی ئەزمونی ئێمەوە ئامادەیە هیچ چارەسەرێکمان بۆ گومانکردن نییە " (٢٧) .

لێرەوە خودی ئەم گومانکردنە بەخشینی هێزێکی بەردەوامە بە پرۆسەی ناسینی هەم مرۆڤ و هەم جیهانیش بە شێوەیەك کە جیهان بریتی بێت لە ئەزمونکردنی ئێمە بەو شێوەیەی لە رێگەی بینین و تاقیکردنەوەوە یان جیاواز لەم ئامادەگییە زەینییە , بەڵکو وەك هەبویەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ئەو پێناسە کردن و ئەزمونکردنە زەینیەوە کە ئێمە لە بارەیەوە دەیزانین , لێرەوە کانت لە بارەی ناسینەوە متمانەیەکی ئێجگار بە عەقڵ و ئەزمونکردەوە هەیە , کە تاك ئەتوانێت بە سود وەرگرتن لە توانای خۆی لە رێگەی بینین و تاقیکردنەوەو بیرکردنەوەی تەواوە , ئەوە ئاشکرا بکات کە دەربارەی ئەم جیهانە چ دیدو بۆچونێك راست و دروستە ..(٢٨) .

هەر ئەو پرسیارە کانتیانە جەخت لەوە دەکەن بە چ شێوەیەك جیهان بناسین . ناسین پرۆسەیەکی بەردەوامە لە دنیای کانتدا بۆ گەڕان بە دوای زانست و حەقیقەتێکدا کە دونیامان بە هەموو جوانیەکانیەوە بۆ بەرجەستە بکات هاوکات لەگەڵ فراوانکردنی ئاسۆکانی روانین و کرانەوەی ئاستەکانی رەخنەیە.

بەڵام عەقڵانیسازی لەگەڵ خولقاندنی هەموو ئەم چەمك و گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەدا بێگوناه نەبوو , بەڵکو دنیایەك گرفت و بەدبەختی توشی مرۆڤ کرد , واتە رۆشنگەری بە تەنها هەڵگری ئەو مژدەو ئاسۆیە نەبوو کە ئاییندەیەکی بێگرفت و جوان دەستەبەر دەکات بۆ مرۆڤ دوور لە ئەفسانەو خواکان , بەڵکو لە قولاییەکانیدا هەڵگری تەنیایەکی ئێجگار ترسناك بوو , هەڵگری مژدەیەکی شاراوە بوو بۆ تەنیاکردن و وێرانکردنی رۆحی مرۆڤ و بەهاکانی کە دواجار بە کۆنترۆڵ و دەستبەسەراگرتنی مرۆڤ و سروشت کۆتییهات .. لە دوای ئەم ووتەیەی دیکارتەوە کە بە دڵخۆشییەوە دەیوت : "دەبێ بە دوای حەقیقەت و زانستەوە بین تاوەکو خۆمان بکەینە فەرمانڕەواو خاوەنی سروشت " (٢٩) . دەسەڵاتی عەقڵانیەت ئاشکرا دەبێت و هێزی عەقلانی سازی دەبێتە هێزێك بۆ دەستبەسەراگرتن و دیسپلینکردنی سروشت . لەگەڵ لە دایکبونی ئەم هێزەدا سروشت خاڵی دەبێتەوە لە مانا و لە قاڵب دەدرێت و مانا جوان و ئەفسونایەکەی خۆی ونەدەکات , لێرەوە هاوئاهەنگی سروشت و مرۆڤ لە بەینبرا , مرۆڤ بوو بەو کائینە نامۆو تەنیایەی کە لۆژیکی پێوانەکاری و مەیلی لە رادەبەدەری کۆنترۆل و دەستبەسەراگرتن , نەهێڵن مرۆڤ بۆ ئەبەد ئاشت بێتەوە لەگەڵ سروشتدا , چیتر سروشت وەك سەرچاوەی حەقیقەت جوانیەکانی ونبوو .. بەڵکو تاکە شوناسی بوو بە یاساکانی و ئەو پێوانەیەی رۆشنگەری پێیبەخشی وەك گالیلۆ دەیوت (جیهان بە زمانێکی



ماتماتیکانە نوسراوە بە زانینی ئەم زمانە مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێك لە جیهاندا بەدەستبهێنێت) (٣٠) واتە مرۆڤ بۆ ئەوەی شتێك بەدەستبهێنێت پێویستە بە زمانێکی ماتماتیکانە قسە لەگەڵ خۆیو جیهاندا بکات , هەر بۆیە زمانی رۆشنگەری زمانێکی ماتماتیکانە بوو , ئەمەش دواجار بووە هۆی کوشتنی هەموو حاڵەتە مەعنەوی و رۆحیەکانی مرۆڤ .

بەم پێیە رۆشنگەری دوو ئاستی جیاواز و دژبەیەکی خولقاند ئاستێکیان ئەو دیدە دڵخۆشکەرو هیومانستییە بوو , کە هەڵگری دەیان مژدە بوو بۆ رزگارکردنی مرۆڤ . ئاستەکەی تری ئەو دەرئەنجامە ترسناك بوو , کە عەقلانیەتی رۆشنگەری لەگەڵ خۆیدا هێنانی کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا گوناهەکانی رۆشنگەری گەیشتنە ترۆپکی خۆیان , لە گەشەی تەکنەلۆژیاو بوونی بە شتی مرۆڤ تا دەگاتە جەنگە جیهانیەکان و سەرهەڵدانی نازیزم و فاشیسم و کورەکانی تواندنەوەی مرۆڤ .

بەم پێیە رۆشنگەری کەوتە بەر تەوژمی چەندین تیۆری رەخنەییەوە , چەندین قوتابخانەی ئەدەبی و هونەری و فیکری سەریانهەڵدا , هەر لە قوتابخانەی رۆمانسیزمەوە تا دەگاتە بێئومێدترین قوتابخانەی رەخنەیی دەربارەی عەقلانیەت کە قوتابخانەی فرانکفۆرتە .

سەرەتا ئەڵمانیا بە رۆمانسیزمی شۆڕشگێڕی وەڵامی جیهانگیری رۆشنگەری دایەوە , چونکە هێزی عەقلانی زاڵبوو بەسەر هەموو کولتورەکانی خۆرئاوادا , هەر ئەم زاڵبون و جیهانگیریە هەمە لایەنەی رۆشنگەری بوو وایکرد گۆتە بڵێ : "پێویستە کولتوری ئەڵمانیا وەك رۆحی ئەوروپا کار بکات" (٣١) .

ئەوەی رۆمانسیەکان خوازیاری بوون خودێکی دەرونی و ئەبەدی بوو , تەنانەت بانگێهشتی رزگارکردنی ئەو سەردەمە بوو لە عەقڵی پەتی رۆشنگەری , رۆمانسیزمی ئەڵمانی تەنها شۆڕشی بیروبۆچونەکان نەبوو , هەروەها بەیانکردنی هەستی مرۆڤ بوو لە رێگای وتارێکی ئەدەبیەوە گەرچی پەیڕەویکردن لەم بیروبۆچونانە لەو سەردەمەدا گۆڕانێکی سیاسی بەسەردا هات , وەك شۆبنهاوەر دەیوت : "ئەم تەوژمە گۆڕا بۆ کۆمەڵێك بیروبۆچون و بیرکردنەوە کە کاتی ئەوە هاتبوو " (٣٢) .

رۆمانسیەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە بوونی جیهان زۆر هەمەرەنگترە لەو شتەی کە فەیلەسوفانی بیرۆکراتی رۆشنگەری مەزەنەیان دەکرد و واتە ئەو یەکڕەنگی و سەنتەریزمەی عەقلانیەتی رۆشنگەری کە جیهانی کورتدەکردەوە بۆ تاکە پێناسەیەك و کە ئەویش لۆژیکی پێوانەکاری و بوونی یاساکانیەتی (٣٣).

دواجار بزوتنەوەی رۆمانسیزم هەوڵیدەدا جیهان بە رەنگاورەنگی ببینێت لە رێگای بەرهەمە ئەدەبی و هونەریەکانەوە تەڕوپڕییەك ببەخشێتەوە بە جیهان کە ئەویش بووە هۆی سەرەتایەکەوە یان سەرچاوەی رەخنەکانی سەدەی نۆزدەهەم , سەدەی نۆزدەهەمیش گرنگترین رەخنەکانی عەقڵباوەڕی رۆشنگەری لە ئامێزەو خاوەنی چەندین فەیلەسوفی گەورەیە کە گرنگترینیان (نیتشەیە) .

ئەم پیاوە بنەڕەتیترین و جەوهەریترین رەخنەی ئاراستەی عەقڵئامێری کرد , گرنگی ئەم دیدە رەخنەگرانەیەی نیتشە بوو وای لە هایدگەر کرد بڵێت "سەردەمی مۆدێرنە بە دیکارت دەستپێدەکات و لەگەڵ نیتشەدا کۆتاییپێدێت " (٣٤) .. هەر چەندە ئەم ووتەیە زیاتر جەختکردنە لەسەر مۆدێرنە ,. بەڵام زیاتر مەبەستم لەو چەمکە عەقلانیەیە کە رەخنەکراوە , لەسەر رۆشنایی ئەو قەناعەتەی (فۆکۆو هابرماس) کە پێیانوایە ئەندێشەی مۆدێرنە لەگەڵ رۆشنگەریدا دەستپێدەکات بە تایبەت سەرەتای ئەم دەستپێکردنە دەگەڕێتەوە بۆ کانت (٣٥) . نیتشە سەرلەبەری عەقلانیەتی رۆشنگەری بە هەموو دەستکەوت و ماناکانیەوە هەڵدەوەشێنێتەوە , بە هەموو بەهاو پێکهاتە ئەخلاقیەکانیەوە مرۆڤ رووبەرووی تراژیدیایەك دەکاتەوە کە پێیوایە حەقیقەتی مرۆڤ لەو حاڵەتە تراژیدیەدایە کە رووبەرووی دەبێتەوە ئەویش تراژیدیای ژیانە .. لەگەڵ سڕینەوەی یەزدان لە زەینی مرۆڤدا دەستپێدەکات , چونکە مرۆڤ هەموو خەون و هێزو ئیرادەی خۆی تەسلیم بەهێزێك کردووە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی , واتە تەسلیمی خواوەندی کردووە . هەموو هێزێك کە مرۆڤ پێیبەخشیوە و لێرەوە مرۆڤ دەکەوێت و رووبەرووی پوچی و بێدەسەڵاتی خۆی دەبێتەوە فریادرەسەکانی دەمردن .

لەم حاڵەتەدا و لەم دۆخە تراژیدیایەدا نیتشە دەیەوێت مرۆڤ باوەڕ بەهێزی خۆی بهێنێت ئەو دەسەڵات و ئیرادەیە وەرگرێتەوە بۆ خۆی , چونکە تاوەکو مرۆڤ ئەزمونی ئەو تراژیدیایە نەکات ویستی ئیرادەی نیەو ناتوانێت خۆی بەرهەمبهێنێت . بۆیە ئەم حاڵەتە بە پێویستی ژیان دەزانێت واتە تراژیدیکردنی ژیان بریتیە لە بەرهەمهێنانی ویست و ئیرادەو چەندین دەرئەنجامی جیاوازو چەندین جۆری هەڵبژاردن کە راستەوخۆ بەرهەمهێنانی هوشیاری و ئاگاییە , کە دەربارەی مرۆڤ وەك کائینێکی نامۆو تەنیاو بێخاوەن . هەر لێرەوە باوەڕبوون بە چەندین جۆری حەقیقەت لە روانینە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤدا سەرەکیترین دیدی نیتشەیە بۆ ژیان لە بەرانبەر شکاندنی ئەو سەنتەریزمە عەقڵییەی رۆشنگەری بەرهەمیهێناوە چ لە ئاستی سیستمێکی گشتیدا و چ لە ئاستی یەك جۆر روانین و پێناسەکردنی جیهان (٣٦) .

بە گشتی رەخنەگرانی رۆشنگەری و عەقڵباوەڕی مۆدێرن پێیانوایە چیتر عەقڵ وەك تاكە حەقیقەتێك ناتوانێت دوای خوڵقاندنی ئەو كارەساتە گەورە و نائومێدكردنەی مرۆڤدا , هەڵگری مژدەیەكی جوان بێت بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی دوای تاوانەكانی نازیزم و (مەقسەڵەكان) بۆ پەڕاندنی كەللەی ملیۆنەها مرۆڤ , ئەو هێزە تەكنۆلۆژیەی كە سەرسەختانە دەستیگرتووە بەسەر مرۆڤ و سروشتدا , سنورداركردنی ژیانی تاك و خاڵیبونەوەی لە هەموو بەهایەكی رۆحیو مەعنەوی , كە عەقڵئامێری لە راستیدا بەشتبوونی مرۆڤە لە ناو ئامێرەكاندا و كوشتنی هەموو هۆشێكی ئینسانیە , بەمپێیە عەقلانیەتی مۆدێرن چەند ئازادی بە مرۆڤ بەخشی لە سەرەتای گەشەكردنیدا , دواجار بەو ئەندازەیە ئازادی لە مرۆڤ سەندەوە هەر ئەم تەنیاكەوتنەی مرۆڤ بوو وای لە ماكس ڤیبەر كرد عەقلانیەتی جیهانی بە چەمكێكی بەناوبانگی دیپەوە ببەستێتەوە كە لە شیللەری شاعیری ئەڵمانی خواستبوو ئەو چەمكەش بریتیە لە (نائومێدی جیهان) پێیوابوو چەند پرۆسەی عەقلانیەت لە جیهاندا بەرەو پێش بچێت هێندە شالاو دەكاتە سەر بوارەكانی تری ژیان و كۆنترۆڵیاندەكات (۳۷) .

هەروەها ڤیبەر پێیوایە عەقڵباوەڕی ئێمە لە راستیدا باوەڕهێنانێكی تەواوە بە عەقڵئامێری , هەر بۆیە پێویستدەكات سەر لە نوێ بچینەوە بە بونیادی كاری زانستی و كاری ناسینی خۆماندا , چونكە لە رۆژگاری مۆدێرنەدا پێبەپێی گەشەی (رۆحی سەرمایەداری) واتای (رووكردنێكی تازە بوو بۆ جیهان) چونكە لێرەوە جیاوازیە كولتوریەكان دەستپێدەكەن لە زانستە جۆربەجۆرەكاندا وەك ئەخلاق , دین , هونەر , مەسەلە جنسیەكان و مەسەلەی خێزان و ...هتد , ئەمەش وادەكات جیاوازی بەهاكان بێتە ئاراوە , هەر



یەكێك لەم ووتەزایانە لە ناو كۆمەڵێك ئۆرگانی تایبەتدا دەردەكەون , كە بەندن لەسەر بونیادە تایبەتیە عەقلانیەكان , نەوەكو لەسەر یەك بنەمای عەقلانی , سیستمە بەهاییە جیاوازەكانیش خۆیان لەسەر بنەمای عەقلانیەتە جۆربەجۆرەكان نمایشدەكەن , كە ئەمەش لە بنەڕەتدا بریتیە لە ئامادەكردنی كۆمەڵێك چەمكی دژ بەیەك لەسەر بونیادە عەقلانیە جۆربەجۆرەكان , كە ماكس ڤیبەر ئەم ناهاوئاهەنگیو جۆربەجۆریە دەشوبهێنێت بە شەڕی خواوەندەكانی یۆنان لەگەڵ یەكدا ...(۳۸) .

ئەم شەڕە عەقلانیە كە لە بنەڕەتدا هەڵگری مەیلێكی فراوانە لە دەستبەسەراگرتنی بونیادە جیاوازەكان و شێوازە جۆربەجۆرەكانی ژیان و رۆچونی بۆ ناو كولتورەكانی دەرەوەی خۆی , لێرەوە عەقلانیەتی خۆرئاوا عەقلانیەتێكی چەوسێنەرە , چونكە بە پشتبەستن بەهێزی تەكنلۆژی و گەشەی تەكنیك مرۆڤ رووتدەكاتەوە لە خەونی شیعری و ئەفسوناوی لە بەردەم جیهاندا . گرنگترین ئالیەتی دەستبەسەراگرتنی سروشت بریتیە لە هێزی تەكنەلۆژیا كە بە گەشەی تەكنیك دەخوڵقێت , ئەمەش جگە لە وێرانكردنی پەیوەندی لەسەر ئاستێكی رۆحی هیچی تر نییە , لەگەڵ بە ئامێریكردنی مرۆڤ و بە كالاكردنی لە ناو ئامێرە تەكنەلۆژییەكاندا ..

ئەگەر ئاستێكی عەقلانیەتی رۆشنگەری لە دیدە هیومانیستیەكەیدا بریتی بێت لە بەخشینی ئازادی بە تاك و كەشفی خود و چاكسازی ژیانی كۆمەڵایەتی و خوڵقاندنی چەندین ئۆرگانی جیاواز و چەندین شێوازی سیاسی بۆ بەرێوەبردن یان بڵێین رزگاركردنی مرۆڤ بێت لەو دێو و درنجانەی كە لە ئاسمانی سەدەكانی ناوەراستدا دەژیان و زەینی مرۆڤیان داگیر كردبوو , یان مژدەبەخشی ئایندەیەكی روناك و پڕ مانا بێت و رزگار بوونی مرۆڤ بێت لە

تاریکییە پێشینەییەکان لە سروشت , ئەوا بە دیوەکەی تردا و لە ئاستە تەکنەلۆژییەکەیدا , بریتیە لە دەستبەسەراگرتنی مرۆڤ و جیهان و سروشت و کوشتنی هەموو ئەو پەیوەندیە ئینسانی و دۆستایەتیانەی کە خۆشەویستی مرۆڤی لەسەر بینا دەکرێت و سنوردارکردنی ژیان بە هەموو رەهەندە جوانیەکانیەوە خاڵیکردنەوەی رۆح لە جەستە و جوانی لە سروشت و هەروەها کوشتنی عەشق لە پەیوەندیدا ..

بەرهەمە ترسناك و جەنگە گەورەکانی سەدەی بیستەمی عەقلانیەتی خۆرئاوا رستێك لە گوناهەکانی بوون کە دوو بیرمەندی گەورەی کردە دژی عەقڵ و هەوڵدانەکانی رۆشنگەری , هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ کە خاوەنی تیۆرەی رەخنەیین دەربارەی رۆشنگەری , ئەم دوو بیرمەندە باوەڕیان وایە "عەقڵ نەیتوانی مرۆڤ لە ئەفسانەکان رزگار بکات بەڵکو خۆی شوێنی ئەفسانەکانی گرتوە بە جۆرێکی تر مرۆڤی گرفتار کرد , رۆشنگەری لەگەڵ شتەکاندا بەو شێوەیە رەفتار دەکات کە دیکتاتۆرێك دەیکات لەگەڵ ئینسانەکاندا , تا ئەو ئەندازەیە مرۆڤەکان دەناسێت کە بتوانێ بیانکاتە ئامێری دەستی خۆی " ... (٣٩) .

ئەم دوو بیرمەندە گەورەترین کتێبیان دەربارەی رۆشنگەری نوسی بە ناوی (دیالەکتیکی رۆشنگەری) سەردەمی نوسینی ئەم کتێبە هاوکات بوو لەگەڵ تاقیکردنەوەی چەکە ئەتۆمیەکان و جەنگە تازەکانی تەکنەلۆژیا هەر بۆیە گرنگیەکی ئێجگار زۆری هەبوو لەو سەردەمەدا , هەر بۆیە قسەکردنی بێئومێدانە دەربارەی عەقلانیەتی خۆرئاواو رەخنە توندەکانیان لە دەرئەنجامەکانی ئەو عەقڵە بووە جێگەی مشتومڕێکی بەردەوام . ئەم دوو بیرمەندە چارەنوسی رۆشنگەریان بە هەمان چارەنوسی (ئۆدیب) ناوزەند کرد



"وەڵامی ئۆدیب بە موعەمای سیفیکس وەڵامی موعەمای مرۆڤە , هەمان وەڵامی کلێشەی رۆشنگەریە " (٤٠) . وەك بینینەوە ئۆدیب لە ناو بێئومێدی و پوچییەکی گەورەدا لە دەرئەنجامی گەڕانیدا بەدوای حەقیقەتی خۆیدا هەر بەو شێوەیەش رۆشنگەری لە دوا گەڕان و کەشفکردنیدا گەیشتە وێرانەکانی خۆی , هەروەها ئەم دوو بیرمەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە رۆشنگەری بریتیە لە ترسێکی گەورە لە ئەفسانە واتا رەگی ئەم پرۆسە عەقلانیە لە ترسدایە , ترس لە تاریکی جیهان چونکە هەموو پرۆسەیەکی رۆشنگەرانە رۆشنکردنەوەی تاریکیە , بەم پێودانگە رۆشنگەری هەوڵیدا ئەو شوێنەی روناکی دەکاتەوە دەستبەجێ دەستیبەسەردا بگرێت بۆ ئەوەی نەبێتە جێگەی مەترسی , بەڵام دواجار مەترسیەکانی عەقڵ زۆر ترسناکتربوون لە سەر مرۆڤ تاوەکو ترسی تاریکیەکان . (٤١) .

بەمپێیە رۆشنگەری خاوەنی عەقڵێکی دژ بوو لەگەڵ خۆیدا لە هەمانکاتدا هێزێکی پەلهاوێژ بوو بۆ ناو کولتورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا , دەشێت پرسیاری ناو ئەو کولتورانە چی بێت کە ئاراستەی ئەو جیهانگیریەی عەقلانیەتی خۆرئاوای بکەن , پرسیاری چارەنوسازی ئەو رۆشنبیریانەی کە هێشتا رۆشنگەری نەبۆتە پرۆژە لە لایان , مەبەستم لەو کولتورانەیە کە هێشتا ژیانی ئەفسوناوی و خەونی دوورو درێژی چەندین ساڵەیان تێکنەچوەو کەچی لەناو ئامێرەکان و بەرهەمەکانی مۆدێرنەدا دەستنوێژ دەگرن و دڵیان بە ئەشکەوتەکان دەکرێتەوە , کولتوری ئێمەش هێشتا توشی ئەو خەوزڕاندنە نەبووە , بۆیە دەشێت گرنگترین پرسیاری ئێمە ئەوە بێت ئێمە بە شێوەیەك باس لە رۆشنگەری بکەین لە دەرەوەی عەقلانیەتی خۆرئاوا لە کاتێکدا خاوەنی هیچ یەکێك لەو ئەرشیفانە نین کە خۆرئاوا ئەزمونی کردون ؟ بە مانایەکی تر

دەكرێت باس لە پرۆژەیەكی رۆشنگەرانە بكەین و دەرئەنجامە سلبیەكانی ببینین و نەهێڵین بەو كەناڵانەدا تێپەڕن كە عەقلانیەتی خۆرئاوا پێشبینی نەكرد , كەناڵێك كە سەرچاوەی قەیرانە گەورەكان بوو ..؟

پێویستە گوتاری فیكریمان تەرخان بكەین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیكەو هەموو ئەو ئاڵۆزیو قەیرانە سەختانەی لە دونیای ئێمەدا ئامادەن .

وەرگێڕ

**پەراوێزو سەرچاوەكان :**


١- تاريخ فلسفه غرب - برتراند راسل - ت / نجف دريا بندری - كتاب دوم - چاپ چهارم - انتشارات سهامی فراكلين ١٣٥٣ ه لا ٢ - ٧ .

٢- فلسفەرۆشنگری - لوسيان گولدمن - ت , پژوهش / شيوا منصوره كاويانی - انتيشارات فكر روز - چاپ اول ١٣٧٥ لا ٥٣ .

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٤ .

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٧ .

٥- مدرنتەدیمكراسی روشنفكران - رامين جهنبەگلو - نشر مركز دوم ١٣٧٨ ل ٣١ -٣٢ .





٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢ .

٧- بڕوانە سەردەمی رۆشنگەری و هاتنەئارای كۆمەڵی مەدەنی - د. عەلی لیلە , و شوان ئەحمەد گۆڤاری نڤار ژمارە (٦) .

٨- مدرنتەدیمكراسی روشنفكران - رامين جهنبەگلو - نشر مركز دوم ١٣٧٨ ل ٣٣ .

٩- گريز از ازادی - اريك فرۆم - ت / عزت الله فولادوند .. چاپ هفتم ١٣٧٥ انتشارات مرواريد ل ١٠ .

١٠- ئاين و شيكردنەوەی دەرونی - ئەريك فرۆم . و / ئاوات محمد . چاپخانەی ژيار ل ١٨-١٩ .

١١- ادبيات چيست - ژان پل سارتر .. ت/ ابو حسن نجفی , مستفی رحيمی .. كتاب زمان ل ١٥ .

١٢- اگزستانسياليزم يا مكتب انسانيت .. ژان پل سارتر ت/ جواهر چی - انتشارت فرخی چاپ سوم ل ١٩ .

١٣- گريز از ازادی - اريك فرۆم ل ٥٧ .

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٢ .

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٣ .

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٤ .

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨١ .

١٨- وەرگیراوە لە - گيروگازی كۆمەڵگای مەدەنی - د. كريم ابوحلاوە - و / رەوشت رەشيد اسماعيل كوردە ل ١٨ .

١٩- تاريخ فلسفه - ويل دورانت .. ت / عباس زرياب , شركت انتشارات علمی و فرهنگی - چاپ چهادهم . ل ١٢٠ .

٢٠- رۆشنگری چيست , كانت , ليسينگ , هردر , هامن .. ت / سيروس ارين پور انتشارت اگاه - ل ١٧

٢١- مدرنها رامين جهانبگلو - ل ٩ .

٢٢- گزاز مدرنته , نیچه , فوکو , لیوتارد , دریدا , شاهرخ حقیقی ⁄ انتشارات اگاه - چاپ اول . ل ١٥ .
٢٣- فلسفه رۆشنگری - لوسیان گولدمن - ل ٣٣ .
٢٤- فلسفه اورپایی , از نیمه دوم قرن هجدهم تا واپسین دهه قرن بیستم , رابرت ك . سولومون , ت ⁄ محمد سعید حنایی کاشانی - انتشارات قصیده . ل٤٤ .
٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٥ .
٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٥ .
٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٦ .
٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٩ .
٢٩- دوو چەمکی مۆدێرنیتە , رامین جهانبەگلو , و ⁄ عومەر سەرگەتی . گۆڤاری روانگەو رەخنە - ژمارە -٢- .
٣٠- مدرنته و اندیشەی انتقادی , بابك احمدی , نشر مرکز - چاپ سوم . ل ٦٢ .
٣١- فلسفه اورپایی -سولومون ⁄ ل ٦٧ .
٣٢- هەمان سەرچاوە ل ٦٨ ز
٣٣- مقدمه بر روشنگری - روی پورتر . ل ١٧ .
٣٤- مدرنها , رامین جهانبگلو - ل ٢
٣٥- هەمان سەرچاوە ل٢ .
٣٦- زایش تراژدی , فریدریش نیچه , ت ⁄ رویا منجم , چاپ اول ١٣٧٧ -نشر پرسش .
٣٧- ئارکۆلۆژیای نوێگەری , هاشم سالح . و⁄ شوان احمد , گۆڤاری گوتار ژمارە -٦- .
٣٨- خاگرات ڤلمت , بابك احمدی , چاپ دوم ١٣٧٩ - نشر مرکز . ل ١٤٧ .
٣٩- ارغنون , ژمارە ١١-١٢ سال سوم , مفهوم روشنگری , ادرنو هورکهایمر . ت ⁄ مراد فرهادپور ز ل٢١٧ .
٤٠- هەمان سەرچاوە ل ٢١٥ .
٤١- هەمان سەرچاوە ل ٢٢٤ .



# بونیادی ڕۆشنگەری

## ئەنسکلۆپیدیا (زانستنامە)

لە سەدەی هەژدەهەمدا فەرەنسا شوێنگەی وردبینترین و کاملترین شێوەی رۆشنگەری بوو , ئەنسکلۆپیدیا"زانستنامە" بە سەرپەرشتی دلامبێرو دیدرۆ , هەم وەك جۆرە سومبلێك و هەم وەك بەرنامەیەك دەژمێردرا بۆ تەواوی ئەو بزووتنەوەیە . ئاشکرایە زانستنامە تەنها بەشێك بوو لەناو یەك بزووتنەوەی رۆشنگەرانەی فراوانتردا , زۆربەی بیرمەندە بەناوبانگەکانی رۆشنگەری وەك ڤۆڵتێر , رۆسۆ , هۆڵیسیۆس و هۆلباخ , یان تەنها جۆرە تەبایەك و هەڵوێستێکی لاوازیان لەناویدا هەبووە , یان بەهیچ جۆرێك بەشداریان تێدا نەکردوە , سەرباری ئەوەش ئەمان پەیوەندییەکی زۆرنزیکیان هەبووە لەگەڵ ئەو گروپەدا کە دامەزرێنەری زانستنامە بوون , گەرچی کۆمەڵێك جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا هەبوو , بەلام لەفکری ئەماندا هەمووئەو ناکۆکی و ناتەبایە تەنها ناوەندێکی بچوك و سنورداری داگیردەکرد , بۆیە نەیدەتوانی لەگەڵ پرۆژەی فیکری زانستنامەدا ببێتە زەمینەیەکی گشتگیرو بونێکی بنەڕەتی بۆئەو بزووتنەوەیە

دیارە زانستنامە تاکە سەرچاوە نییە , بەلام لە ناو هەموو ئەو کۆمەڵە تێکستانەی کەلە کلتووری مێژوویی و رەخنەیەوە دەسپێدەکەن تا کلتوری فەلسەفی ڤۆڵتێر , بە ناوبانگترین و گەورەترین کتێبێکە هاتۆتە ئاراوە , چونکە زانستنامە وەك شوناسێکی تایبەت دەژمێردرێ بۆ ناسینی بزووتنەوەکە , کە هەم ڕیزبەندیەکانیو هەم ئەو بنەمایانەش کە ڕێکخەری ئەو ڕیزبەندیانەن , دوو تایبەتمەندی بەرزو دیاری بیروبۆچونەکانی رۆشنگەرین :

أ- متمانەو گرنگیدان بەوخاڵەی کە بە پێی توانا مەعریفە گشتگیردەکات .

ب- ئەو مەعریفە گشتگیرە وەك ئاماژەمان بۆکرد کۆمەڵێك کورتە وتارە دەربارەی ئەوجۆرە هوشیاریەی کە پێویستە بگۆڕدرێت بۆ رێکخستنێکی "ئەلف... بێ" یی.

ئەمجۆرە لێکدانەوانە تەواو ڕێژەیین و لەیەکەوە نزیکن , بۆیە پێویستمان بە وردبینیەکی قوڵە بۆخۆپاراستن لەهەڵە , نوسەرانی رۆشنگەری هەمیشە ڕەچاوی ئەو پەیوەندیە نزیکەیان دەکرد کە لەنێوان زانست و پراکتیکدا هەیە , بەڵام ئەوان وەك ئەو کارکردنە زانستیە تەماشای ئاستی پراکتیکی مرۆییان دەکرد , کە دەسکەوتی عەقڵە, چ وەك کاریگەری لەسەر سروشت و چ وەك دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی , کە کرداری تاکە کەسی یان هەروەزی بێشوماری تاکەکانە .

زانست , چ دەربارەی سروشت و چ دەربارەی کۆمەڵگا چەمکێکی سەربەخۆیە و بوون و سنورەکانیشی وابەستەیە بە ئەزمونی پراکتیکی تاکە کەسەوە , بەڵام نابێت بەوشتە لەقەڵەمیبدەین کە لەرێگەی کرداری مرۆڤەکانەوە جەوهەری دیاریدەکەین لەمێژوودا .

بەم پێیە کرداری مرۆیی وەك بەکارهێنانی زانستێکی تیۆری و بنەماگەلێکی ئەخلاقی ڕەچاوکراوە کە گرنگیەکی کۆمەڵایەتی هەیە , نەك وەکو بونەوەرێکی سەربەخۆ کە بتوانێت گۆڕانکاری بەسەر جەوهەری زانستدا بهێنێت و دواجار لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاریەك بکات , بەگشتی بیرمەندانی رۆشنگەری هیچ جۆرە مەعریفەیەکیان دەربارەی پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان زانست و کردار و پەیوەندی نێوان خود ئاگایی و



پراکتیکدا نەبووە ," فەیلەسوفان "مەبەست فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریە , (و. ك) بەئاگابوون لەوەی کە بوارە جیاجیاکانی زانست پەیوەندیدارن بەیەکەوە , بەڵام بە بڕوای ئەوان ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکیەی نێوانیان بەوئەندازەیە ڕیشەیی نەبوو کە بتوانێت بیرکردنەوەیەکی سیستماتیزەکراو و یەکانگیری ناوەکی وەها پێشکەش بکات کە بەشێوەیەکی ڕەها یان وەك پێویست زاڵبێت بەسەرشێوازی کولتورناسی ڕیزبەندی ئاگاییەکان لەشێوە وتاری جیا جیادا .

بەبڕوای ئەوان , ئەو پەیامە مرۆییەی کە مانا دەبەخشێت بەژیانی مرۆڤ خۆی , هەمان هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی فراوانترین توانایی زانستی سەربەخۆو رەخنەیی , بۆئەوەی لە ساتەوەختە هونەریەکان لەسروشتدا و لەکردارە سیاسی و ئەخلاقیەکان لە کۆمەڵگادا بەکاریبهێنێت ,جگەلەوەش مرۆڤ لەپێناوی بەدەستهێنانی زانستدا نابێت بوار بەخۆی بدات کە هیچ جۆرە دەسەڵات و پێشداوەریەك زاڵبێت بەسەر بیروبۆچونەکانیدا , بەڵکو دەبێت تەنها بە عەقڵی رەخنەیی خۆی ناوەڕۆکی پێشداوەریەکان دیاریبکات .

## کانت

کانت ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانیەی کە زۆربەی بیروبۆچوونە بنەڕەتیەکانی رۆشنگەری پەسەندکرد و تەنانەت لەچەند لایەنێکی گرنگەوە ئەوانەشی تێپەڕاند , لە ووتارێکدا بە ناونیشانی وەڵام بە پرسیاری : رۆشنگەری چییە ؟ بەمجۆرە وتارەکەی دەستپێدەکات و دەڵێت :

رۆشنگەری دەربازبوونی‌مرۆڤە لەوبێ‌توانایی‌و بێ‌دەسەڵاتیەی کەخۆی سەپاندویەتی بەسەرخۆیدا , ئەوبێدەسەڵاتی و دەستەوەستانیەی‌مرۆڤ کە ناتوانێت بەبێ ڕێنمایی کەسانی‌تر هزری خۆی بەکاربهێنێت , ئەگەر هۆکاری

ئەم دەستەوەستانیە قەیرانی تێگەیشتن نەبێت و سەرچاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی جەربەزەیی‌و ترسی بڕیاردانی ئەومرۆڤە بەبێ ڕێنمایی کەسێکی‌تر‌و بەبێ‌متمانەکردن بەخۆی بڕیاربدات , ئەوا ئەودەستەوەستانیە لەلایەن خودی ئەو کەسەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت . بەم شێوەیە دروشمی رۆشنگەری بریتیەلە :"جەربەزەبەو بزانە ! , ئازابەو سود لە تێگەیشتنی خۆت وەرگرە" تەمەبەڵی و ترس , بەڵگەی ئەو دیاردەیەن کەکۆمەڵە کەسانێك هەن سەرباری ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی لە کۆتوبەند دەرچوون , بەلام خۆنەویستانە ,تاماون گیرۆدەو دۆشداماون , سەرئەنجام ڕێگە خۆشدەکەن کە بە ئاسانی بتوانن خۆیان بسەپێنن بەسەر ئەوانیتردا , دەستەوەستانی گەلێك لەبارو ئاسانە , ئەگەر من کتێبێکم هەبێت لەبری من بڕیاربدات , یان ڕاستگۆفتارێك لەبری ویژدانی من دان بەڕاستیەکاندا بنێتێت , یان پزیشکێك جۆری خواردنەکانم بۆ دیاریبکات , چیتر لەوە زیاتر پێویست ناکات خۆم ماندووبکەم , تا ئەو کاتەی کە ئەتوانم پارەبدەم , پێویستم بە بیرکردنەوە نییە , ئەوانیتر مەرامەکانی من بەدی دەهێنن , وەك ئاشکرایە کە ئەم جۆرە بیرکردنەوە پێش هەموو شتێك رۆشنگەری خستبوە سەنگەری ململانێوە دژبە کلێسای سونەتی , هەر ئاینێك کە لەسەر پشکنین ڕاوەستابێت , پێویستە جەخت لەسەر ئەو بنەمایە بکات کە : ئەقڵ و ئیدراك بەتەنها ناتوانن بەس بن بۆ پێشکەشکردنی مەعریفەیەك کە مرۆڤ لە هەموو مەسەلە گرنگەکانی ژیاندا پێویستی پێیەتی , ئەو مەعریفەی کە دەبێت یان چاکسازی تێدابکرێت یان بە هەر شێوەیەك بێت بە پشتیوانی زانستێکی‌تر کامڵ بکرێت کە پشت ئەستوربێت بە فەرمانی وەحی .



فەیلەسوفانی رۆشنگەری بەدڵنیاییەوەو بەباشی ئاگاداری ئەوحاڵەتەبوون کە زانستی‌مرۆیی خاوەنی کۆمەڵەسنورێکی دیاریکراوە , جیاوازی نێوان دیدی فەیلەسوفانی رۆشنگەری و دیدی ئایینی لەوگریمانەدا نەبوو کە بیروبۆچوونی رۆشنگەران توانایەکی ڕەهای هەیە و دەتوانێت پەی بە خودی هەموو شتەکان بەرێت , بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو جیاوازیە لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەوان باوەڕیان وابوو عەقڵی مرۆڤ پشت ئەستورە بەو پەیبردنە هەستەکییەی (ایدراك حسی)کە توانای بە دەستهێنانی ئەو ئەنجامە پۆزەتیڤانەی هەیە , کە بابەتگەلێکن خاوەنی گرنگیەکی بنەڕتین بۆ ژیانی مرۆڤایەتی , ئەنجامگەلێك کە بۆسەلماندنیان پێویستیان بە ئیمان نیە .

هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو کە بیرمەندە توندڕەوەکانی رۆشنگەری بە تایبەت لە فەرەنسا ئەو بانگەشەیان هێنایەئاراوە کە عەقڵی مرۆیی لەهەموو مەسەلە بنەڕەتیەکاندا توانای ڕکێفکردنی ئەوجۆرە ئەنجامانەی هەیە , ئەگەر بەو شێوەیە بێت , ئەوا تەواوی ئەو زانستەی کە دەرهاویشتەی توێژینەوەو کەشفکردنە , زیادەو چەواشەکارە , هەروەها بەبڕوای کانت مەترسی بۆ سەر گەشەکردن و کامڵبوونی مرۆڤ هەیە , پاشان کانت درێژە بەم بۆچونەی دەدات و دەڵێت :-

بەلای منەوە ئەو دەستەکەوتە بنەڕەتیەی رۆشنگەری , واتە دەربازبوونی مرۆڤ لەو بێتوانایی و دەستەوەستانیەی کە بەسەر خۆیدا سەپاندوویەتی , دەگەڕێنمەوە بۆ مەسەلەی ئایین , ئەم قەناعەتەی من لەو ڕوانگەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێمە لە بوارە هونەری و زانستیەکاندا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان نیە وەك چاودێرێك لە سەر هاوڵاتیان , سەرباری ئەوەش ئەم پشتبەستنە بە ئایین لە هەموو فاکتەرەکانی‌تر خراپترو زیانبەخشترە .

کانت کەمێك دواتر لەم وتارەدا و لەو شوێنەی کە خاڵی دەسپێکردن و مەبەستە لای ئێمە ئەوە دەخاتەڕوو دەڵێت : ئەوەی لە بزووتنەوەی رۆشنگەریدا گرنگە , ئەوە نییە کە مرۆڤەکان بیرکردنەوەی خۆیان لە هەموو جۆرە بەربەستێك رزگار بکەن , بەڵکو ئەوەشە کە بتوانن بیری خۆیان ئازادانەو بە ئاشکرا بەکاربهێنن و سوود لەو مافانەی خۆیان وەرگرن کە پێکهاتوون لە مافی نوسین و قسەکردن , یاخود دەربڕینی ئەنجامی بیرکردنەوەیان , لەلایەکیترەوە کانت پێماندەڵێت : دەتوانین چەند سنورێك بۆ ئەم مافانە دابنێین کە لەبری ئەوەی هەرجۆرە ئاستەنگێك بۆ رۆشنگەری دروستبکەن "لەڕاستیدا دەشێت لەگەڵ ڕۆشنگەریدا کۆك و تەبابن ", ئەو سنورانەش بریتین لەو بەربەستانەی کە دەسەپێنرێن بەسەر تاکەکەسدا و دەتوانێت لە ئاستێکی مەدەنی یاخود کۆمەڵایەتیدا " سوودێکی تایبەت لە هزریخۆی ببینێت" .

بێگومان دەنگدانەوەی تایبەتی ئەم وتارەی کانت لە ژێر کاریگەری مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیە بابەتیەکانی ئەو سەردەمەی کانت خۆیدا بەرجەستە بووبوو , بارودۆخێك کە تێیدا توندڕەوی ڕۆشنگەری ئەڵمانیا تا رادەیەك کەمتربوو لە رۆشنگەری فەرەنسا , ئەویش بە هۆی لاوازی چینی ناوەندەوە بوو لە ئەڵمانیا .

بیرمەندە سەردەستەکانی فەرەنسا بە زەحمەت دەیانتوانی دان بنێن بەو جۆرە جیاوازیەدا لە نێوان فکرو پراکتیدا , لەڕاستیدا کاتێك کانت ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات , یەکێك لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئاشکرا دەکات , گەرچی کانت خۆی ئەو خاڵەی بە لاواز نەدەزانی .



ئەوڕاستیەی بیروباوەڕی کانتی دەسەلماند , ئەو گرفتانە بوون کە رووبەڕووی فەیلەسوفانی رۆشنگەری دەبوونەوە کە بە هۆی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە بوو , ئەو گرفتانەش بەبێ هیچ دوو دڵیەك دەرئەنجامی ئەوحاڵەتەبوو کە هەوڵدانیان بۆ چەسپاندن و پراکتیزەکردنی بیرو بۆچوونەکانیان جیاوازبوو لەگەڵ ئەزمونی چالاکیە تایبەتیەکاندا , ژان ملیە نمونەیەکی دیارو بەرجەستەی ئەو حاڵەتەیە , هاوکارەکانی کڵێسایی پێیانوابوو شێوەی ژیانی ئەم کەسایەتیە , دەقاودەق شێوەی ژیانی قەشەیەکی نمونەییە و دوورە لە هەمووچەشنە بەدگومانی و ئیلحادی و بیرۆکەیەکی نوێ , کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پاش مردنی ئاشکرا بوو کە ژان ملیە نوسەری یەکێك لەو کتێبانە بووە کە لەسەردەمەکەی خۆیدا توندڕەوترین کتێبی ئیلحاد بووە دژی کەنیسە , بڵاوبوونەوەشی بووەتە مایەی هەراوهوریایەکی زۆر , پێدەچێت ئەو جیاوازییەی نێوان فکرو پراکتیك نیشاندەری یەکێك لە بیرۆکە بنەڕەتیەکانی رۆشنگەری فەرەنسی بێت – واتە وەك بۆچوونێك کە پێیوایە پێشکەوتنی بەردەوامی زانست و پەروەردەی گشتی بەبێ هیچ جۆرە چالاکیەکی تر , دەتوانێت ئازادی بەمرۆڤ ببەخشێت و کۆتایی بە هەموو نەهامەتیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە بهێنێت .

## ڕەخنەی دیالەکتیکی

### هیگڵ

ئەگەر وشەی "دیدگای ڕۆشنگەری" لە قوڵترین واتایدا وەك دیدگای تاکەکەس بەرامبەر بە جیهان , چ عەقلی بێت یان ئەزمونی , یاخود

ئاوێتەیەك لەهەر دووكیان(١) ڕەچاوبكەین , ئەوا لە مێژووی هاوچەرخی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا بەیەكێك لەچواركێشە گرنگەكەی فكر(٢) دەژمێردرێت.

لەڕۆژگاری ئێمەدا بەگشتی والێكیدەدەنەوە كە دیدگای ئایدیالیزمی ئەڵمانی سەبارەت بە ڕۆشنگەری , وەك جۆرە دیدگایەكی سنووردار بە زۆری لە لایەن سێ جیهانبینی گرنگەوە پەراوێز كراوە , ئەو سێ جیهانبینیەش بریتین لە (تراژیدی , ڕۆمانتیكی , دیالەكتیكی ,) ئەمەڕاستە كە لەدیدگای ڕەخنەی دیالەكتیكی و ڕەخنەی ئایینەوە بە گشتی كۆمەڵە پاساوێكی تایبەت هەن , بەڵام بە بڕوای من , ئەم جۆرە ڕەخنانە لە بەر ڕۆشنایی ئەزمونەكانی سەدەی بیستەمدا پێویستیان بە تازەكردنەوە هەیە .

من هەنگاوی یەكەم , بەكورتی لە ڕەخنەی دیالەكتیكی دەكۆڵمەوە و پاشان لێكدانەوەیەكی گشتی لەسەر ڕۆشنگەری دەخەمە ڕوو .

ڕەخنەی دیالەكتیكی بەشێوەیەكی نكۆڵیلێنەكراو لە دووكتێبی بەناوبانگی فەلسەفەی دیالەكتیكداخراوەتەڕوو , واتە كتێبی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح )ی هیگڵ و ( فاوست )ی گۆتە ..

هیگڵ لە بەشێكی ئەوكتێبەی كە تایبەتە بە ڕۆشنگەری , واتە كتێبی ( فینۆمینۆلۆژیا / بەشی نیگەرانی ڕۆح لە خۆی / بەشی دووەم / وەرگێرانی ج . ا . بیللی ) جەخت لەسەر ئەوخاڵە دەكات كە بابەتی گرنگ و سەرەكی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا تەنها دژایەتیكردنی ئایینە و بەم شێوەیە دەستپێدەكات :

"ئەو بابەتە دیاریكراوەی كە دیدگای پەتی بە هۆیەوە دەتوانێت ڕێنومایی هێزو توانای شێوەیەكی لۆژیكی بكات , بریتیەلە بیروباوەڕ .



بەڵام هیگڵ بەدڵنیایەوە دەڵێت : لەم قۆناغە پێشكەوتووەی مێژوودا بەهۆی وەرچەرخانێك لە ئاگایی مرۆڤدا ئەو "ئیمان"ەی كە ڕۆشنگەری دژایەتیدەكات , گۆڕدراوە بۆدەستەیەكی تەواو مەعریفی دەربارەی خوداو جۆرێك لەخوداناسی ( هەروەك چۆن ماركسیەكیش ئەتوانێت بڵێت هۆكارەكانی ئەو مەسەلەیە سەرهەڵدانی بورژوازیەت و شێوازە عەقلانیەكەیەتی ), سنوری فراوانی ئەو بیركردنەوەیەش هەربەهەمان واتای ئەو جۆرەكرانەوە گەمارۆدراوە كە دیدگای عەقلانی دژایەتیدەكات , ئەمەش هەرئەو چەمكەیە كە هیگڵ لەچركەساتی گواستنەوەی مەسەلەی باوەڕ وەك ( جۆرە ئاگاییەكی پەتی ) ڕەچاوی دەكات , كە وەك خودێك تەبایە لەگەڵ خۆیدا , لەهەمانكاتدا "دیدگای پەتی یان ڕۆشنگەری" لەگەڵ جەوهەرو خودی خۆشیدا (٣) لە دژایەتیدایە , بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا , ڕۆشنگەری جگەلە دژایەتیكردنی ئیمانێكی داڕووخاو لە چوارچێوەی خورافەدا , چەمكێكی ڕەخنەیشە , ئەو چەمكەش جۆرە تێڕامانێكە لە پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە , تێڕامانێك لە سەر بنەمای مەعریفەیەكی عەقلانی یان زانستێكی پەتی , بەڵام لە هەمان كاتدا زانستی پەتی پەیوەندیدارە لەگەڵ جیهانی واقیعدا , چونكە ئەو زانستە پەتیەش وەك بیرو باوەڕ دەبێتە گەڕانەوەیەك لە جیهانی واقعەوە بەرەو ئاگاییەكی پەتی .

بەرلە هەموو شتێك پێویستە لەوە تێبگەین , چالاكیەكانی دیدگای پەتی چۆن و بەچ شێوەیەك لە بەرامبەر ئامانجە ناشیرین و وێنە سەرەوخوارەكانی دیدگای باودا لە جیهانی واقعدا دەستیان پێكردووە ...

ڕۆشنگەری هەرلە سەرەتاوە وەك ڕۆحێكی ڕەخنەگرانە یاخود وەك بیركردنەوەیەكی زەینی پەتی دەردەكەوێت , هەر شتێكیش ببێتە بەربەست

تێکیدەشکێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا خۆی وێراندەکات و دواجارخۆشی لەناودەبات.

دەسەلاّتی کلتور تارادەیەك زۆرترین هەستی ئازاراوی و ڕاستگۆترین دیدگای ڕاستەقینەی هەیە بەرامبەر بە خۆی , هەستکردن بەوەی کە هەمووئەو شتانەی تۆکمەو یەکانگیربوون , ئێستا پارچە پارچە بوون و هەریەکەیان لە توخمە وجودیەکانی خۆی وەك تۆزوغوبارێك بەسەر یەکدا تێکڕژاوون و پەرشووبلاّوبوون , ئێسقانەکانیشی یەك بەیەك وردووخاش بوون , سەرباری ئەوەش کلتور بەو پەڕی ووشیارییەوە لە ڕێگەی ووشەکانەوە ئەم هەستە دەردەبڕێت و داوەری لێدەکات ، هەموو ئاستە وجودیەکانیشی لە چوارچێوەی قسەکردنێکی ئاشکرادا دەخاتەڕوو :

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا , دیدگای ئەقلاّنیەت ناوەڕۆکە ڕەسەنەکانی مەعریفەی مێژوویی لەدەستدەدات , واتە زانست دەربارەی پرۆسەی مێژوویی‌خۆی , یان (بەو مانایەی کە زیاتر مارکسیێتی‌یە تاوەکو هیگڵی) ئاگاییەکە سەبارەت بە کامڵبوونی مرۆڤ لە مێژوودا وەك دەرهاویشتەی چالاکیە مرۆییەکان .

بەهەمان شێوە , ئەو دیدگایە فەرامۆشکەری ئەو ناوەڕۆکەیە کە دەیتوانی ماهیەتی مەعریفەی مێژووی بگۆڕێت لە دۆخێکی قەتیسکراوەوە بۆ دۆخی بیرکردنەوەیەکی بزۆك و چالاك , هەروەها زانست لە بارەی شتە زانراوەکانەوە بگۆڕێت بۆ ناسینی زەینی مرۆڤ و ئاگایی دەربارەی ماهیەتی کەینونی مرۆیی.

بەم پێیە, دیدگای پەتی ناتوانێت هیچ جۆرە چالاکی و ماهیەتێکی خۆی هەبێت , تاوەکو ببێتە زمانحاڵی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی ئەو دیدگایە بە



--- هێز و ئەفراندنی جیهان و زمانێکی هەڵبژێردراو بۆخۆی , بۆیە بەناچاری دەتوانێت تەنها تێڕوانینێکی ڕواڵەتی لەخۆبگرێت , ئەگەر زانست سست و دۆگما بێت و هەموو جۆرە ماهیەتێکی مێژوویی لەدەستبدات , ئەوا هیچ کاریگەریەکیشی نابێت , بۆیە زانست تەنها لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین تێیدا لە ڕاستیەکی شاراوە تێبگەین ئەوەیە کە ئارەزووی هەڵکشان وبالاّ بوونی هەیە .

ماهیەتی شاراوەی ڕۆشنگەری , هەمان پێناسەی دامەزراوی سروشت و بەکارهێنانە دەستکردەکەیەتی , دەرکەوتەی کۆگیری ڕەنگدانەوەی ئەو زانستەیە کە یارمەتیدەربووە لە گۆڕانی کۆمەڵگادا و بەوجۆرەش بووەتە مایەی ئامادەگی و دەرکەوتنی بکەرێکی ڕەسەنی مێژوویی , هەرچۆن ئەم زمانە , زمانێکی تێکشکاو و داخراوە , ئاخاوتنێك , سەرابی چاوتروکانێکە کە بەهەمان خێرایی زمان لەبیردەچێتەوە , تەنها ئاگایی سێهەم ئەو زمانە وەك گشتێك دەناسێت , کەواتە کاتێك دەتوانین ئەم ئاگایی سێهەمە ناوبنێین دیدگای پەتی کە بتوانێت بەرهەمە پارچە پارچەکانی لە چوارچێوەی وێناکردنێکی گشتیدا کۆبکاتەوەو پاشان ئەم دیدگایە گشتگیر بکات بۆ هەموان .

لەڕاستیدا هیگڵ لەم قسانەیدا ئاماژە بە ئینسکلۆپیدیا دەکات لە سنوری ڕۆشنگەریدا , ئەمە هەنگاوێکی ڕاستەقینەیە بۆ کردارێکی کاریگەر کەبەرەو ئەودیوی زانستێکی تیۆری پەتی تێدەپەڕێت , یەکەمین کەسێکیش لەم بوارەدا و لەڕێگەی بەرهەمەکانیەوە هەنگاوی ناوە دیدرۆیە , ئەوهەنگاوەیە کە بەناسینی ماهیەت کۆتایی هات , ئەویش بریتیەلە :

چالاکیە ڕاستەقینەکانی بیری مرۆڤە یان (بە مانا مارکسیەکەی) هۆشیاری مرۆڤە وەك ئەرکێکی مێژوویی خۆی .

ئینسکلۆپیدیا , هەوڵ و تێکۆشانێکی هەرەوەزی گرنگ بوو , کۆمەڵێك کەس بەڵێنیان دابوو بڕێکی زۆر زنیاری تەواو کۆبکەنەوەو بیخەنە بەردەستی هەمووان , سەرئەنجام گەیشتە ئاستێك هەر( وتەیەك )کە موڵکی تاکەکەس بوو بکرێتە موڵکی هەمووان و گشتی بکرێت بۆ ئاستێکی مێژوویی .

بەم پێیەو بەپشتیوانی ئەم کەرەستە سادەیە , چیتر دیدگای پەتی دەبێتە خاوەنی هێزێك کەئەتوانێت ئارامیو ئاسودەیی ببەخشێتەوە بە ئازارەکانی ژیان و سەرلەنوێ جیهان ڕێك بخاتەوە , چونکە ئێمە لەوە تێگەیشتووین کە لەبری ئەوەی ڕەگەزە لاوەکی(جزئی)وچەمکە دیاریکراوو تاکەکەسی--یەکان ماهیەتێکی بنەڕەتیبن بۆ ئەو واقعە , کەچی جەوهەرو پایە بەردەوامەکانی ئەو واقعە تەنها لەو ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەهەمووجۆرێك بەهۆی توێژینەوە و بەڵگاندنەوە زیندووە , ئەو ئارەزووکردنەش بۆ بە دەستهێنانی ماهیەتی ئەو بەڵگاندنە , ئامادەبوونە بۆ بەرەنگاربوونەوەیەك کە گشتیبوون و بەشە جیاجیاکان سەقامگیر دەکات , خود ئاگاییەکیش لەنێو ئەوزمانەدا کە دیدگای پەتی هەڵیبژاردووە هێشتا خود ئاگاییەکی تایبەتە ، خودێکە لە ناو خۆیدا بوونی هەیە , بەڵام ڕووتبونەوە لە ماهیەت , لە هەمانکاتدا ڕووتبوونەوەیە لە خود ئاگایی , ئەمەش واتە هۆشیاری دەربارەی بێ بەهایی و پووچی ماهیەت , ئاگاییش هەرکاتێك بەئارامی لە تەواوی ئەم دەرکەوتە ڕۆشنە تێگەیشت لە سەر پووچی ماهیەت , ئەوا کۆمەڵێ دەستەواژەی گرنگ و بە پێزو بزوێنەر بۆ (ئینسکلۆپیدیا) بونیاد دەنێت , واتە ڕۆحێکی گشت(کل)ی و بێهودەییەکی ڕەخنەیی عەقلانی بەرجەستەدەکات و



هەوڵدەدات بێهودەیی ئەنتۆلۆژیانەی پێشوتر لەگەڵ شێوەکانی تری بێهودەیی لە ناو بەرێت , ئەو کۆمەڵە دەستەواژانەش بیرکردنەوە و تێگەیشتنێکی قوڵتر دەبەخشن بە جەماوەر , یان تائەندازەیەك عەقڵێکی جیاواز پێشکەش بە هەمووان دەکەن جیاوازتر لە عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆیان , هەروەها ئەوەش نیشاندەدەن کە زانست و دادوەری و هەڵسەنگاندی ورد , کاروباری گشتین و مافی هەموو کەسێکە و ئەم حاڵەتانەش تاهەنوکە بەناوبانگن , بەم جۆرە ئەو هۆگربوونە تایبەت و تاکەکەسیەی کە هێشتا لەئارادایە لەناودەچێت , دیدگای تاکەکەسی لەناو دیدگایەکی گشتی و سەراپاگیردا گۆڕانی بەسەردادێت .

تاکگەرایی نامێژوویی , بەشێوەیەکی هوشیارانە و لۆژیکی و ڕەخنەیی گونجاو , ئینسکلۆپیدیای کردە کەرەستەیەك بۆ بەیانکردنی مێژووی ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆی , ئەم شێوە خۆبەیانکردنە گشتگیر بوو , لەو ڕووەوە وەك بەرهەمی کۆگیریەکی هەرەوەزی دەژمێردرا , لەڕوویەکیترەوە لەگەڵ ئەوچین و توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرانەدا گفتوگۆی دەکرد کە دەیویست هەموویان لە ژێر ئالآیەکی هاوبەشدا یەك بخات .

تاکە شتێکیش کە بەو شێوەیە لە بەرامبەر ئینسکلۆپیدیادا ڕاوەستابوو بیروباوەڕی کلێسا بوو , ئەو بیروباوەڕەی کە لەمێژوودا مۆری پوچەڵبوونەوەی لێدرابوو هەرلە هەناوی خۆشیدا پوکابووەوە , ئەو بیروباوەڕەی کلێسا ماهیەتەکەی دابەزاندبوو بۆ ئاستی زانیاری لەسەر خودا .

لەو ڕۆژگارەدا , ئەوە کۆنترۆڵی زانستی و زاڵبوون بەسەرسروشتدا نەبوو کە وەك جەنگێك دژی بیروباوەڕ و چالاکیەکی مێژوویی و واقعی سەردەمی ڕۆشنگەری گرنگ نمایشی دەکرا , بەڵکو زانستیکی ڕاستەقینە هەروا لەسەروو

زانستێکی بێ ناوەرۆك و تێگەیشتنێکی پەتی ڕاوەستابوو , بۆ یەکەمجاریش کە لەگەڵ ئیماندا دەرگیردەبێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێت .

لەمبارەوە , بەشەکەی تری ئەم کتێبە , تایبەت دەبێت بە قسەکردن دەربارەی "جەنگی ڕۆشنگەری و خورافە" .

## گۆتە

ئێمە لەدەقی "فاوست"ی گۆتەدا , ڕووبەڕووی کۆمەڵێك دیدگای چوونیەك دەبینەوە , هەرلە سەرەتای شانۆگەریەکەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ململانێی نێوان بالآترین ئامانجەکانی ڕۆشنگەری و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بیری "دیالەکتیکی" نوێ نمایش دەکات , ئەو بیرمەندە بەساڵاچووەی کە ئێمە لە سەرەتای دیمەنی یەکەمی شانۆگەریەکەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە , دروست ئامانجە مرۆیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەرجەستە دەکات , بەڵام بەپێیئەوەی زانستەکەی "عەودالی پراکتیزەکردنی ئەم ئامانجەیە" بەتەواوی سەربە ئینسکلۆپیدیایە , بۆیە فاوست خۆی هەست بە کۆمەڵێك سنوری دیاریکراو دەکات و لە پێناو بە دەست هێنانی ژیانێکی ڕاستەقینەدا دەیەوێت ئەو سنورانە ببەزێنێت , ناوەڕۆکی ئەو شانۆگەریە بریتیەلە : سەفەرێکی مەعنەوی فاوست لە مرۆڤێکی زانست خواز و ڕەخنەگرو لێکۆڵیارو دڵنیاوە بەرەو مرۆڤێك کە عەودالی دۆزینەوەی مانای ڕاستەقینەی ژیانە , مانایەك کە گۆتە خۆی بەبێ ئەوەی مەسیحی بێت , بەشێوەیەکی شاعیرانە وەك "ڕێگایەك بەرەو خودا" باسی کردووە , ئەگەربانگەشەی ئەوەبکەین و بڵێین : یەکەمین



ووتەکانی فاوست بەتەواوی ئامانجە مرۆییەکانی ڕۆشنگەری ڕادەگەیەنن , پێم وایە زیادەڕەویمان نەکردووە .

**"من ئێستا... فێری فەلسەفە بووم**
**فێری زانستی مافەکان و زانستی پزیشکی ,--**
**بەڵام بەداخەوە ! تەنانەت ئیلاهیاتیش فێربووم**
**بە بێ وچان .. هەرلە سەرەتاوە تا کۆتایی ".**
**(لەوەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی بیرد تایلۆر , وەرگیراوە)**

فاوستی بیرمەند بەهۆی لێکۆڵینەوەکانیەوە بەجۆرێك لە مرۆڤە ئاساییەکان تێگەیشتووتربووە کەنەك تەنها لە کۆت و بەندی کڵێسا قوتاربووە , بەڵکو لە هەموو ئاینەکانی تریش خۆی ڕزگار کردووە .

**"لە ڕاستیدا من**
**لەو مامۆستا و پزیشك و پەروەردەکارو**
**وتاربێژە گەمژانە زیرەکترم ،**
**چیتر لەمەودوا,نە دڵەڕاوکێ ئەخلاقیەکان دەتوانن بەسەرمدا زاڵ بن و نە بەدگومانی ،**
**ئیتر نە دۆزەخ دەمترسێنێ و نە ئیبلیس."**

لە راستیدا هەر ئەم ئەزموونەیە وای لە فاوست کردووە دیدێکی ڕەخنەگرانەشی دەربارەی خۆی هەبێت , هەروەها سنورەکانی زانستی پەتی سەرلەنوێ بناسێتەوە و لە کەموکوڕیە بنەڕەتی و پوچەکانی تێبگات , بێهودە گەڕاوە بەدوای مانای راستەقینەی ژیاندا و هەنوکەش لێرەدا پەنا دەباتە بەرسیحروجادوو ....

**هیچ سەگێك نابێتە دیلی ئەم ژیانە نەفرەتیە !**
**چیتر لێرەوە هانا دەبەمە بەر سیحرو جادوو**
**لەوانەیە بە پشتیوانی هێزی ڕۆح و نزاکان .**
**دەستم بگاتە زۆرینەی ڕاز و نهێنیەکان و**
**ڕزگاربیم لەو ئەرکە قورسەی قسەکردن**
**دەربارەی ئەو شتانەی کە نایانزانم**
**تا ڕۆژێك... ڕەنگە بتوانم ئەو هێزە پەنهانەی "ڕۆح " چنگ بخەم**
**کە جیهان دەبەستێت بەیەکەوە**
**ڕیتمەکانی ئەو جیهانەش ڕێکدەخات .**
**ڕەنگە" شەتڵ "ەکان و هێزەکانی پیتاندنی سروشت بدۆزمەوە**
**چیتر دەستبەرداری تێڕامان وگەڕان ببم لەناو دەستەواژە پوچەکاندا !.**



لێرەدا هێشتا لەوباوەڕەدایە کە زانستی پەتی نامۆیە بە ژیان و بە جیهانی بابەتی :

**تف لە من ! کە هێشتا ئەم چارە ڕەشیە دەبینم**
**ئەم ساختمانە بەردین و دڵتەنگ و دزێوە،**
**شوێنێك کە تیشکی پیرۆز**
**بەپرشنگێکی خامۆش و نوتەکەوە**
**لە پەنجەرە موشەبەکە ڕەنگینەکانەوە ,**
**بەدوای ڕۆشنایی ڕۆژدادەگەڕێ**
**دەوروپشتم...خەرمانێکی پڕە**
**لەداخزانی ئەو هەموو کتێبە کرم خواردو ڕزیوانە**
**ئەو کتێبانەی تا بنمیچی ژوورەکە هەڵچنراون**
**شوشەکان و باوڵەکانیش شانیان داوەتە سەر ئەو کاغەزە تاریکانە**
**بوخچەی هەڵڕژاو و تۆزوغوباری باوباپیرانی مردوو**
**هەموو جێیەکی پڕ کردۆتەوە**
**ئەمە دنیای منەو , دنیایەکی سەیرو سەمەرەشە**
**من هێشتا سەرسامی ئەوەم...**
**بۆچی دڵێکی بێ ئۆقرە لە سینەمدا**
**بۆ ئارەزویەکی نەزانراو لێدەدات ؟**

**بۆچی مەراقێکی پەنهان و نەووتراو ,**

**لەبوونمدا شەپۆلی ژیان خامۆش دەکات ؟**

**بەڵام ئەفسوس ,لە باتی ژیان لە ئامێزی ئەو سروشتەی**

**کەخودا کردیە مەنزڵگای بوونەوەرێکی وەك مرۆڤ**

**کەچی لە ناو دوکەڵ و مشەخۆریی‌و ناپاکیدا**

**لەناو ئێسك و پروسکی مردووەکان و**

**پەیکەری جرۆجانەوەراندا گەمارۆدراوم**

نابێت ئەم ڕووبەڕووبونەوەی فاوست لەبەرامبەرجادوگەریدا بە گۆڕانێکی "ڕۆمانتیکی" ی بزانین لەعەقڵەوە بەرەو ئاستی عیرفانی mysticism , یان لە عاقڵانیەتەوە بەرەو ناعەقڵانیەت .

ئەو ڕۆحانەی کە فاوست لە لێکۆڵینەوەکانیدا گرنگ تەماشایان دەکات و گفتوگۆیان لەگەڵدادەکات سمبولی دوو دیدگان لە سەر جیهان و ململانێی نێوان ئەو دوو دیدگایەش ناوەڕۆکی شانۆگەریەکە پێکدەهێنێت , ئەم دوو دیدگایە لەلایەك باشترین سیمای ئەو عەقلانیەتەیە کە لە ڕۆشنگەریدا بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا بەرجەستەبووە , کە هەمان جیهانبینی سپینۆزایە , لە لایەکیترەوە , دیدێکی دیالەکتیکیە لەڕوانگەی خۆیەوە سەبارەت بە مرۆڤ کە سنورەکانی ڕۆشنگەری و هەموو جۆرە عەقڵانیەتێك دەبەزێنێت , دوو ڕۆح واتە "جیهانی مەزن و ڕۆحی زەوی ", کەلە ڕاستیدا سیمای ئەم دوو دیدگایەن , واتە عەقڵی پەتی و کرداری مێژوویی .



سپینوزا یەکەم فەیلەسوف بوو عەقڵی وەك بنەمایەك بەکارهێنا بۆ بە ئاگابوون لە کۆمۆنێتی و مەعریفەی (گشتی) , واتە ئەو چەمکەی کە کەم تا زۆر لای فەیلەسوفانی تاکگەرایی نامۆو نەناسراو مایەوە .

بەم پێیە , فەلسەفەی سپینوزا لە دیدی بیرمەندە ووتووێژخوازەکان (جەدەلیەکان)و شاعیرەکانەوە وەك باڵاترین شێوازی عەقڵانیەت دەرکەوت , لە باڵاترین ئاستێکدا کە عەقڵی پەتی دەیتوانی پێی بگات .

عەشقی عەقڵانی بۆ خودا بەمانای یەکسان بوونی خودا و سروشت , لە ڕاستیدا عەشقێکی عەقڵانییە بەرامبەر بە (گشت) (کل) .

یەکەمین کاریگەریەك کە جیهانی مەزن (عالم کبیر) لە سەر فاوست داینا ,کاریگەریەکی بەهێزوو سەراپاگیرە :

**ئاه...چۆن لەسنوری دەسەلاتی" گشت "دا جەوهەری هەر شتێك**

**لە ناو شتی دیکەدا لە جوڵەو ژیاندایە !**

**وەك چۆن ڕۆحە ئاسمانیەکان لە هەڵبەزین و دابەزیندان و**

**دەست بەدەست کاسە زێڕینەکان دەگێڕن**

**بەو باڵانەوە کە بەهرەمەندی دابەشدەکەن**

**لەئاسمانەوە تازەوی**

**دەیانبینم کە بە نهێنی و دڵنیاییەوە**

**بە هاو ئاهەنگییەکی ناکۆتا**

**کاسەی هەمووان پڕدەکەن**

**بەڵام ئەو خێرا سنورەکانی زانستی پەتی دەناسێتەوە :**
**چ نمایشێکی تازەیە ! بەڵام ئەفسوس , تەنها یەك شانۆگەرییە**
**ئەی سروشتی ئەزەلی , چۆن دەتوانم لەم نمایشەدا دەستەمۆی خۆمت کەم ؟**
**ئێوە لە کوێن , ئەی مەمکەکانی سروشت**
**لە کوێن ئەی سەرچاوە پرشنگدارەکانی هەموو ڕۆح لەبەران**
**ئەی ئەو کانیە هەڵقوڵاوەی**
**خۆزگەکانی زەوی و ئاسمان بەسەرتەوە ئاوێزانی یەك بوون و**
**دڵە غەمبارەکانمان پڕ بوون لە تۆ**
**تۆ هەمیشە بە خوڕیت و تێر ئاومان دەکەی :**
**ئایا من بێهودە عەودالّی تۆم ؟**

پێدەچێت زانستێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ڕەوتی مێژوویی , بۆ خودا ئاسان دەست بدات , بەڵام تەنانەت لە باشترین حاڵەتیشدا ئەو زانستە سەربەخۆیە ناتوانێت ماهیەتێك یان واتایەکی بنەڕەتی بەرجەستە بکات کە مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەیەوە ژیانی خۆی پێ کامڵ بکات , لێرەوە فاوست ڕوودەکاتە ڕۆحی زەوی کە خودی ئەو ڕەوتەیە (هەرلەبەر ئەو هۆکارەشە کەلە زەمەندا سەفەر دەکات , لە کاتێکدا عەقڵگەرایی سپینوزا , لە"گشت"دا وێناکردنێکی دەرەکات دەخاتەڕوو ).

**لە هەڵکشان و داکشانی دەریای ژیاندا ,**
**لە تۆفانی کردەوەدا**



**وەك شەپۆلێکی بێ ئۆقرە ,**
**یان وەك گەڕیدەیەکی سەرگەردان**
**لە نێوان ژیان و مەرگدا**
**وەك دەریایەکی ئەزەلی**
**لە جوڵەیەکی بەردەوام و ڕەواندا**
**ژیان لە هەموو شوێنێکدا پرشنگدارە .**
**دەستەکانی من لە کارگەی پڕ ئاوازی زەمەندا**
**لەو کوتاڵە دەچنن بۆ ژیان کە خودا لە بەریدایە ! ٠**

فاوست تێدەگات لەوەی کە تەنها ئەم پەیامە دەتوانێت مانای ڕاستەقینەی ژیان و ڕێگەی گەیشتن بە خودا بدۆزێتەوە :

**تۆیەك.. بە چواردەوری جیهانی بەریندا دەگەڕێیت**
**تۆ... ئەی ڕۆحی جەنجاڵ**
**چەند هەست بە نزیکیت دەکەم لە خۆمەوە !**
**بەڵام وەڵامێکی , تێکشکێنەرە !**

**تۆ...نەك لەهاوشێوەی من**
**بەڵکو هاوشێوەی ڕۆحێکیت**
**کە تەواو هەستی پێدەکەیت !**

لێرەدا دەبینین هێشتا لە نێوان فاوست و ڕۆحی زەویدا ڕەهەندێکی قوڵ هەیە , تەنها گۆڕانکاریەکی ڕیشەییلە سەرچاوەدا  دەتوانێت هێزو توانایەك بدات بە فاوست بۆ دەربازبوونی لەو ڕەهەندە قوڵە , ئەم" سکۆلاریست" و بیرمەندە مەزنە ی ڕۆشنگەری , تا وەکو نەتوانێت سنوری جیهانبینی خۆی ببەزێنێت , ئەوا بۆ بەدەستهێنانی جەوهەری ژیان و ڕەوتی مێژوویی لەودیو سنوری عەقڵ و بەڵگاندنەوە , دەستەوەسان و بێتوانا دەمێنێتەوە .

ئامانجی ئەم شانۆگەریەش بە تەواوی دەرخستنی چۆنیەتی تێپەڕین و دەربازبوونە لەو ڕەهەندە قوڵە . واتە ڕێگای دەربازبوونی بیرمەندێکی ڕۆشنگەریە , لەو ڕۆحە مەعریفیەوە کە لە سەرەتادا دەیخستەڕوو , بەرەو ڕۆحێکی پراکتیکی کە  ڕێگای گەیشتن بە ڕەها "مگلق" یاخود گەیشتن بە خودا , دەخاتەڕوو .

لەگەڵ دەرکەوتنی هاوکارەکەی فاوستدا , واتە "ڤاگنەر "کە نیشاندەری نمونەی سنوردارترین ڕۆحی ڕۆشنگەرییە , جارێکی تر ڕەخنەگرتن لەڕۆشنگەری سەرهەڵدەداتەوە , بەو شێوەیەی کە ڤاگنەرخۆی دەڵێت : ئەو ئارەزوومەندانە خۆی بۆ توێژینەوە تەرخانکردووە , سەرباری ئەوەی زانیاریەکی زۆری لەم بارەیەوە کۆکردۆتەوە , بەڵام هێشتا ئاواتەخوازە کە هەموو شتێك بزانێت , بەڵام ڤاگنەر نیگەرانی ئەوەیە کە تەمەنی مرۆڤ زۆرکورتترە لەوەی بتوانێت ئارەزووی هەر شتێك بکات فێری ببێت"٤".

چونکە مرۆڤ لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە داهێنەرانەی خۆیدا زۆرجار هەستدەکات (لە ناو مێشك و دڵدا شتێکی نابەجێ هەیە ) چ دژوارە ئاوێزان بوونێك مرۆڤ بەسەرچاوەکان بگەیەنێت!



ئاشکرایە ئەویش وەك هەموو بیرمەندانی تری ڕۆشنگەری تامەزرۆی ئەوەیە مەعریفەکەی بۆ بەڕێوەبردنی جیهان تەرخان بکات , بەڵام لەوە تێدەگات کە ئەو توانایە لە دەستی ئەودا نییە :

**ئای... ئەو کاتەی مرۆڤ لە قولەیەکی دەرگا داخراودا**
**وەك بونەوەرێکی دیلکراو ,**
**دەیەوێت جیهان بخوێنێتەوە ,**
**زۆربەکەمی و تەنها لە ڕۆژە تایبەتەکاندا ,**
**جیهانیش دەبینێت**
**واتە زۆر بەسەختی لە چەند چرکەساتێکی نایابدا**
**لەودیوچاویلکەی بینینەوە ,**
**بەو شێوەیە ئەو , چۆن داکۆکی و ڕێنمایی جیهان دەکات؟**

ئەم "شەوگەردە بێ ڕۆح "ە شتێك لە پشکنینەکانی فاوست تێناگات لەگەڵ ڕۆحەکاندا ,بۆیە  بە بیستنی دەنگی فاوست کە لە تەنیایدا قسە دەکات , بە جلی ناو ماڵ و شەبقەکەیەوە , (کە سمبولی بیروباوەڕێکی ڕزیوە )و چرایەك بە دەستیەوەو دەچێتە ژوورەکەی فاوستەوە , بەو خەیاڵەوە کە فاوست سەرگەرمی خوێندنی پارچە مۆسیقایەکی تراژیدی یۆنانیە , ئەو هونەرەی کە ئەو دەتوانێت بە دڵخۆشییەوە "چێژێکی قوڵ" ی لێ وەربگرێت (وەك پەیوەندی زانایەك کە سەرگەرمی پەرەپێدانی زانستەکەی خۆیەتی) .

بەم پێیە , ئەگەر پێمانوابێت گۆتە بە تەنها لایەنی نێگەتیڤی ڕۆشنگەری دەبینێت , کارێکی بەجێ و دروستمان نەکردووە , چونکە کاتێك کە گۆتە قسە لەم مەسەلەیە دەکات , لە هەمان کاتدا کەموکوڕیەکانیش دەخاتەڕوو ,

دوایی لە دوو دیمەنی تری شانۆگەریەکەدا ,لایەنە پۆزەتیڤەکانی ڕۆشنگەریش دەخاتە بەرچاو ,(هەروەك هەڵوێست و ڕووبەڕوو بونەوەی هیگڵ).

لە دیمەنی یەکەمدا لەسەر " دەروازەی شار" پیرێکی لادێنشین , سوپاس و پێزانینی لادێنشینەکان پێشکەش بە فاوست دەکات , لەبەرئەوەی لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوندا فاوست دەرمانی بۆ دابینکردوون و هاوکاری کردوون , دیمەنی دواتر دیمەنێکە لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا , فاوست دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژوورەی کە پێشتر تێیدا خەریکی خوێندنەوە بووە , لەوێ ڕووبەڕووی قوتابییە کۆنەکەی دەبێتەوە , واتە ڤاگنەر , کە بوەتە جێنشینی فاوست و کارەکانی بۆ بەڕێوەدەبات , ڤاگنەر ئێستا جێگەی ڕێزو حورمەتی خەڵکیەو پیرو بەڕێزو بەناوبانگە .

بەئەندازەیەکیش لە بواری زانستیدا پێشکەوتووە کە توانیویەتی مرۆڤی ئاوێتە (هۆمون کۆلۆس) بخولقێنێت .

لەم بوارەشدا سنورە دیاریکراوەکانی زانستی پەتی بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت , ڤاگنەر دەتوانێت ژیان بە هۆمون کۆلۆس ببەخشێت , بەڵام توانای بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو مرۆڤەی نیە , هەرکە هۆمون کۆلۆس سەرەتای ژیانێك دەستپێدەکات خێرا ئامادەیە لە ژینگەیەکی داخراوەوە پێ بخاتە دنیایەکی کراوەو بەرینەوە , کاتێك ڤاگنەر بە تاسەوە دەپرسێت , "ئەی من ؟ "

لە وەڵامدا دەبیستێت :

**تۆ .. لە ماڵەوە دەمێنیتەوە بۆ ئەنجامدانی کارە گرنگەکان ,**
**تاوەکو پەڕە پەڕە بچیتەوە سەر دەسنوسەکانی خۆت**



بەپێی ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە تایبەتە بە چەمکەکانی ڕۆشنگەری چیتر زۆردرێژە نادەم بە لێکۆڵینەوەی کتێبی فاوست , ئەو چەندخاڵەی لەو کتێبە باسکران و خرانە ڕوو بە ئەندازەیەکی پێویست ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکەن , کە بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوە نیشاندەدات کە بەرهەمهێنانی مەعریفەی پراکتیکی وەك تاکە ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە خودا , جێگەی ڕۆشنگەری دەگرێتەوە , بۆ ئەو مەبەستە دیمەنێکی تری ئەو شانۆگەریە دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەم خاڵە روونبێتەوە ....

لەم دیمەنەدا , پاش جیابوونەوەی فاوست لە ڤاگنەر , فاوست مرۆڤێکی تەنیایە بەو پێیەی کە لە لایەن ڕۆحی زەوییەوە پەسەند نەکراوە , بۆیە بێ ئومێد بووەو لە بەردەم دەروازەی خۆکوشتندایە , بەڵام لەم کاتەدا زایەڵەی زەنگی جەژنی پیرۆز پەشیمانی دەکاتەوە لەو کارەی .

ئەم پەرەگرافە زۆر بەناوبانگە :

**بۆچی لێرە بە ئەفسونی خۆت لەسەر ئەم زەوییە دەمخەیتە داوی خۆتەوە .**

**تۆیەك.. ئەی هاواری بە هێزو ئارامی مەلەکوت ؟**

**لەو شوێنەدا زیاتر بهەژێ کە مەنزڵی جەنجاڵی گێرە شێوێنەکانی لێیە .**

**پەیامی تۆ دەبیستم , بەڵام ئیمان نە بەخشراوە**
**ئازیزترین کۆرپەی ئیمان , موعجیزەیە .....**
**ئەو سەرکێشییەم نیە , تاوەکو بفڕم بۆ ئەودیو سنورەکانی تر .**
**بۆئەو شوێنەی مژدە خۆش و تازەکان بە ئاسمانیەوە سەما دەکەن**

**لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا**
**لە منداڵیمەوە تا ئێستا لەگەڵ پەیامێکدا ئاشناین**
**ئێستا ژیان هەستێنن و پەیمانی دێرینە تازە بکەنەوە**

پەیامەکەت دەبیستم , بەلاّم ئیمان بەمن نەبەخشراوە , فەلسەفەی رۆشنگەری لەبنەڕەتەوە رەخنەگرو دژ بە کلێسابوو , ئەم فەلسەفەیە بە تەنها وەك خورافەیەك سەیری ئایینی نەدەکرد , بەڵکو گەشتبوە ئاستێك کە پێگەی سووربوون لەسەر تێگەیشتنی ئایین و لەوەش گرنگتر ناوەرۆکی ئایینی مەسیحی لەدەستدا بوو , لەوەدەچوو زەنگەکانی کلێسا تەنها بۆ (سروشتە شەڕانگێزەکان) (Menschen Weiche) . واتە بۆخەڵکانی ئاسایی لێدەدرێن .

بەم شێوەیە فاوست گەرچی ئامانجی رۆشنگەری فەرامۆشدەکات , بەلاّم لە هەمانکاتدا کەسێکی مەسیحیش نییە , لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا , فاوست هەلومەرجی تێگەیشتن لە ماهیەت و مانای ئایینی بۆ مرۆڤ ڕەخساند , ئەوەی کە فاوست پەی پێدەبات لە ڕاستیدا مەیلێکە بۆ وەلاّمدانەوەی گرفتەکانی ئەو ئایینەی کە رۆشنگەری لە ئاستیدا بە تەواوی چاوی داخستبوو , لێرەوەیە کە تەنها زەنگەکانی جەژنی پیرۆز دەتوانن جارێکیتر فاوست بگێڕنەوە بۆ ناو ژیان , ئەو ژیانەی کە فاوست تێیدا بتوانێت لە مانای راستەقینەی پەیام تێبگات , ئەو مانایەش هەمان ئەو کردارەیە کە دیوی ڕاستەقینەی چاکەو خراپە بەرجەستە دەکات , تەنهالە ڕێگەی جەنگەوە لەگەڵ ئیبلیسدا "کردار دەتوانێت ڕێگای مرۆڤ بەرەو لایخودا بکاتەوە ".



## زەمینەی ئابوری و کۆمەلایەتی

ئەو رەخنەیەی کە هیگڵ و گۆتە گرتیان لە رۆشنگەری , زۆربەی نوسەرانی دوای خۆیان چەندین جار دووبارەیان کردەوە , هەر چەندە ئەم دووبارەکردنەوەیە نە ئەو ڕەونەق و دڵگیرییەی هەبوو نە ئەو ڕۆچون و دەوڵەمەندیە فکریە , ئامانجی ئەم ڕەخنەگرتنە جەختکردن بوو لەسەر ئەو مەسەلە بنەڕەتییەی نێوان پەیوەندی زانست و کرداری مێژوویی و پەیوەندی نێوان رۆشنگەری و دیالەکتیك , پاش ئەو کورتە باسەی لە مەڕ رۆشنگەری خستمانە ڕوو , ئەوەی لەمەودوا ڕووبەڕووی دەبینەوە و جەختی لەسەردەکەین , بریتیە لە توێژینەوە سەبارەت بە ماهیەتی ئەو زانستەی کە پەیوەندی بە رۆشنگەریەوە هەیە , یان بە مانایەکی دروست تر , لێکۆڵنەوەیە دەربارەی ئەو ووتەزا بنەڕەتیانەی رۆشنگەری , کە ماهیەتی رۆشنگەری دیاریدەکەن .

زۆر پێشتر و بەرلەمە , بە درێژایی مێژووی کۆمەلاّیەتی بیروباوەڕەکان (عقائد) ئێمە فێری ئەوە بووین کە هەموو حاڵەتێکی بیر کردنەوە و هەستی مرۆڤ , بە هۆی ئەو ستراکتورە زەینیانەوە دەستنیشان دەکرێت کە بە تەواوی وابەستەن بە ژیانی بابەتی کۆڵگایەکی تایبەتەوە و هەرلە وێشدا پەرەیان سەندووە , بەم پێیە , بۆ خوێندنەوەیەکی زانستی نوێ دەربارەی بزوتنەوەیەکی فکری , بە تەنها ئەوە بەس نییە کەدەستکەوتە بەهادارەکانی یان سنورەکانی ئەو بزوتنەوەیە , لە خشتەیەکدا بئاخنرێن و جێگەیان بکرێتەوە , بەڵکو

پێویسته هەوڵی ئەوە بدرێت تاکو ئەو تایبەتمەندیانە بکرێنە زەمینەی -- بونیادی کاتیگۆری -- (ساخت مقولی ) بۆ سەرجەمی بزوتنەوەکە , تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانین لەو هۆکارانە تێبگەین کە دەبنە بەرهەمێنەری ئەو دەستکەوتانەن و لەهەمانکاتدا ڕێگرن لە بەردەم پەرەسەندنی سنورەکانیدا .

به درێژایی مێژووی بیروباوەڕەکان , تەنها چەند بابەتێکی دەگمەن هەن بەئەندازەی وتەزای ڕۆشنگەری بەوردبینیەوە بەردەوام گفتوگۆیان لەسەر کرا بێ , لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك هەوڵی تاکرەوانەی به نرخیش هەن دەربارەی لایەنە تایبەتیەکانی ئەم بزوتنەوەیە , کەچی هێشتا هیچ جۆرە خوێندنەوەیەکی سەراپاگیرو بەسود لەو بارەیەوە لە گۆڕێ نییە .

بۆ ئەم کەموکورتیە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە :-

یەکەمیان (بە شێوەیکی نائاسایی "استثناء" کە دواتر قسەوباسی لەسەردەکرێت), ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا شێوازێکی تازەی توێژینەوەی بونیادیی و پێکهاتەیی , دەربارەی ڕۆشنگەری بەکارنەهێنراوە , کارێکی وەهاش چەند ساڵێکی دەوێت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردبینانە , لەم نوسینەشدا جگەلە ڕێکخستنی هەندێ گریمانەی گشتی و کاتی , کە دواجار بتوانرێت وەك خاڵی دەستپێکردن سودیان لێوەربگیرێت بۆ لێکۆڵینەوەکانی دوایی , ناتوانین کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدەین .

هۆکاری دووەم ئەوەیە : زۆربەی ئەو بەرهەمە گرنگانەی دەربارەی ڕۆشنگەرین لە سەردەمێکدا نوسراون , لە ژێر دەسەڵاتی ئەو بەهایانەدا بوون کە ئەمڕۆ ئەزمونی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی ئێمەی ناچارکردووە ئەو نرخ و بەهایانە بخەینە ژێرگومان و پرسیارەوە , هەرچۆن ئێستا ئێمە دەربارەی ڕۆشنگەری و مەسیحیەت وتووێژدەکەین , بەجۆرێك ڕووداوەکانی سی ساڵی



ڕابردووش چەندین گۆڕانکاریان بەرامبەر بە سەردەمەکانی پێشوتر هێناوەتە گۆڕێ  کە ئەتوانین بە دیدێکی واقع بینانەوە  هەموو شتێك جیاوازتر ببین .

بە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەو سنورانەوە , ڕەنگە ئێشتا پانتایی بابەتەکەمان تائەندازەیەك سنورێکی دیاریکراوی بەدەستهێنابێت , ئاشکرایە ئەو پێناسە دروستەی لەمەڕ زانستی سروشتی هەیە , ناتوانێت لە بواری مێژوویی هزردا بونی هەبێت , لە ڕاستیدا لە بواری زانستە عەقلیەکاندا  ئەو جۆرە پۆلێنکردنانە بونیان نییە , تاوەکو بتوانین بە هۆی ئەوانەوە خەسڵەتی تایبەتی هەر یەك لە ئەندامەکانی ئەو پۆلێنانە پێناسە بکەین , مێژووی زانستی ئەندێشەکان بریتیە لە یەك پێناسەی پێکهاتەیی و بونیادی کە دەبێتە ئاوێتەیەك لە رونکردنەوەو شیکردنەوە .

لەم ئاستەدا , تەنها کاتێك دەتوانین , بانگەشەی وردبینی زانستی بکەین , کە شیکردنەوەکەمان وەك پێویست وردوو درووست بێت ....

بۆ لێکۆڵینەوەی سەردەمی ڕۆشنگەری وا پێویست دەکات نەك تەنها دەبێت توێژینەوەیەکی بونیادی دەربارەی سەرجەم بزوتنەوەکە ئەنجامبدەین , بەڵکو بە بەهەمان شێوە پێویستە تاوەکو ڕیزبەندی زنجیرە بونیادی دیدگا جیاوازەکانیش سەر لەنوێ باسبکەینەوە , ئەم هەوڵدانە لە ئاستی ئەزمونیدا چەندین جار بە ئەنجام گەیەنراوە , بەڵام لەسەر ئەم بنەمایە و لە ئێستادا ناتوانین بە شێوەیەکی گریمانەیی پێشنیارێك دەربارەی ماهیەتی سەرەکی بیرکردنەوەی سەردەمی ڕۆشنگەری بخەینەڕوو .

مانای پەسەندکراوی "ڕۆشنگەری" هەموو ئەو پرۆسەو ڕوداوە ئەزمونی و عەقڵی و بیرکردنەوە جۆراوجۆرانەی سەدەی هەژدەی ئەوروپا دەگرێتەوە بە تایبەت فەرەنساو ئینگلستان , لە ڕوانگەی مێژووی "فکر"ەوە سەرچاوەی ئەم

ڕووداو پرۆسانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی رابردوو , لە کاتێکدا کە پەرەسەندنی ئەم جۆرە پرۆسانە تا ئەم سەردەمانەی دوای ئێمەی خایاندووە , بە مانایەکی تر , وەك ئەوەی کە هیگڵ ئاماژەی بۆ کردووە , گروتهوزن , بە درێژی لە بەرهەمە پرشنگدارەکەیدا سەلماندوویەتی پەیوەندیەکی بنەڕەتی هەبووە لە نێوان فەیلەسوفانی دژبە کلێساکانی سەردەمی رۆرشنگەری و ئەو کۆمەڵە بیرمەندەی سەدەی هەژدە کە لە فەرەنسا بەرگریان لە مەسیحیەت دەکرد دژی هێرشەکانی رۆشنگەری .

لە پانتایی مێژووی کۆمەڵناسیدا ڕۆشنگەری قۆناغێکی گرنگی مێژووییە لە گەشەی بیری (بورژوازی) خۆرئاوادا , کە بە گشتی بە شێکی بنەڕەتی و تایبەت بە تاکەکەس پێکدەهێنێت لە مێژووی فکری مرۆڤایەتیدا , بۆ تێگەیشتن لە ئەندێشە سەرەکیەکانی رۆشنگەری , پێویست بوو تاکەکەس لە شیکردنەوەی ئەو چالاکیانەوە دەستپێبکات کە گرنگی و کایگەریەکی زۆریان بۆ کاملبونی کۆمەلایەتی و عەقلی بورژوازی هەبوو , ئەو چالاکیانەش پێکهاتبوون لە گەشەی ئابوری و لە هەموشیان گرنگتر ئەوڕەگەزە سەرەکیەبوو , کەپێیدەوترا کردەی "ئالوگۆڕ " .

بە زمانی کۆمەڵناسی , مێژووی بوژوازیەت بە پلەی یەکەم هەمان مێژووی ئابوریە , بەلام ئەم زاراوەیە واتە (ئابوری) لێرەدا بە مانایەکی تایبەت و سنوردار بەکار هاتووە , واتە "ئابوری" لەسەر ئەم بنەمایە لە کۆمەڵگا مرۆیەکان و لە هەموو سەردەم و سەرزەمینەکاندا بەهەمان شێوە بەکارنەهاتووە , بەڵکو چەمکێکە بۆ ئەو سیستەمانە بەکارهێنراوە کە بەرهەمێنان و دابەشکردنی کالا , بە هیچ شێوەیەك کۆنترۆڵکراو نیین , جا ئەوە گرنگ نییە کە ئەم (کۆنترۆڵ) کردنە عەقلی بێت یاخود ئیداری یان



ئاینی بێت , بەم شێوەیە لە ناو خێزانێکی لادێنشینی سەدەکانی ناوەڕاستدا ناتوانین ئەم زاراوەیە بدۆزینەوە کە بەرهەم تەنها بۆ مەسرەفی تایبەتی خۆی دەچێنێ , یان لە موڵکێکی "تیولی" دا کە پشت ئەستورە بە بەرهەمی ناوخۆو بەرهەمێکی سروشتی کە بەبێ چاندن بەرهەم هاتووە , یان لە نیزامێکی سیستماتیزەکراوی وەك یەکێتی شورەوی ئێستا , ناتوانین هیچ نیشانەیەکی ئابوری لەو جۆرە چەمکە بە دەستبهێنین , لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا کالاکان بە پێی ئەو بنەمایانە لەژێر یاسای نرخی مەسرەف و چۆنایەتی واقعی کالاکاندایە , بە شێوەیەکی مرۆڤانە یان نامرۆڤانە و بە ویژدان یان بێ ویژدانانە بەرهەمدەهێنرێت و مەسرەف دەکرێت .

ئەو ئابوریەی کە ئێمە مەبەستمانە , تەنها لە سیستەمێکدا ئامادەگی هەیە کە چالاکی ئابوری لە ژێر دەسەلاتی یاسای نرخی ئەو کالایانەدایە کە بەرهەمهێنراون و مەسرەفی ئەو کالایانەی لە لایەن خەڵکیەوە چ تاکەکەسی یان کۆمەلایەتی --- نەبێت , بەڵکو دەبێت تەنها لەسەر بنەمای فرۆشتنی توانای کالاکان لە بازڕداو بە ئاگابوون لە نرخی ئالوگۆڕ بە ئەنجام بگەیەنرێت .

ئێستا بەوشێوەیە کە رێکخراوی بەرهەمهێنان و دابەشکردن پشت ئەستور بە نرخی ئالوگۆڕ , لە چوارچێوەی شێوازێکی جێگیری بەرهەمهێنانی رابردوودا پەرەدەسێنێ و لە حاڵەتی گەورە بوون و زاڵبوندایە بەسەریدا , لە پەنای ئەوەشدا , گۆڕانکاریەکی ئاشکراش لە شێوەی ژیانی بیرکردنەوەی خەڵکیشدا روودەدات , ئەوەندەش ئاسان نییە کە شێوازە گەورەو سەرەکیەکانی ئەم ڕەوتی گۆڕانکاریە دیاریبکەین لە خشتەیەکدا , هەر وەك چۆن لە ناو ڕەوتی مێژوویەکی دیاریکراودا ئەم شێوازانە دەردەکەون , لەگەڵ رێکخستنی

سیستەمی دیاریکراوی تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی ئەمجۆرە شێوازانەدا ڕێکناکەون , لەو ڕووەوە کە ئەم کتێبە بەرهەمێکی مێژوویی نییە , کەواتە تەنها دەتوانین لێرەدا تایبەتمەندیەکانی بە دروستی باسبکەین و بەو تایبەتمەندیانەش دەستپێدەکەین کە دەشێ تەنها لەو ئابوریانەدا دەرکەون کە خاوەنی ئالوگۆڕێکی پێشکەوتوون , بەلام لە ڕاستیدا خۆی بونیادی تایبەتمەندیەکانی ترە و ڕێگایەکی ڕاستتر دەگرێتەبەر کە لەو ڕێگایەوە تێگەیشتن لە مێژووی فکری بورژوازی ئەوروپایی خۆرئاوا ئاسانتر دەکات .

## خودموختاری تاکە کەسی

گرنگترین دەرهاویشتەی پەرەسەندنی ئابوری بازاڕ, ئەوەیە کە ئەو تاکە کەسەی لە ڕابردوودا تەنها توخمێکی لاوەکی بوو لە هەموو ڕەوتە کۆمەلایەتیەکانی دابەشکردن و بەرهەمهێناندا , لەوەبەدواوە لە هەردوو زەمینەکەدا هەم لە ویژدانی خۆیی و هەم لە ویژدانی مرۆڤەکانی تردا وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆو جۆرێك لە جەوهەری تاکەکەس و خالّی دەستپێکردن دەژمێردرا , بێگومان ڕەوتی کۆمەلایەتی بەردەوام بوو و هەلّگری بنەمایەکی تایبەت بوو لە ئالوگۆڕو بەرهەمهێناندا , ئەم ڕەوتە نەك تەنها بە شێوەیەکی تایبەت لە بونیادی کۆمەلایەتی پێشودا دەرکەوت , بەلّکو ئاگایانە لەو باسە عەقلّی و ئایینی و سونەتیانەشدا ڕەنگی دایەوە کە زالّن بەسەر ڕەفتاری خەلّکیدا , ئەم جۆرە یاسایانە دواتر لە پرۆسەی هۆشیاریدا نەمان , یاسای بازاڕ کە لەوکاتەدا لە هەناوی ئابوریدا پەنهان بوو , بە هێزە کویرەکانی وەك



(داواکاری پێشکەشکردن ) ڕێنمایی دەکرێت , بەم جۆرە ڕەوتی کۆمەلایەتی بە گشتی و بەدەر لە خواستی تاکە کەس بە شێوەیەکی (میکانیکی) هاوڕێی ژمارەیەکی زۆر تاکەکەسی سەربەخۆیە لەگەلّ یەکدا , کە تا ئەو پەڕی ئەندازە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان لۆژیکیانە ڕەفتاردەکەن و کارەکانیان لەسەر بنەمای ناسینی بازاڕ دیاریدەکەن , بێ سەرنجدان و گوێدانە هیچ دەسەلاتێك یان ئەو بەهایانەی کە لە سەرووی دەسەلاتی تاکە کەسەوەن .

بەم جۆرە گەشەی ئابوری بازاڕ کە شانبەشانی سەدەی سیانزەهەم دەستی پێکرد , ناچار بوو شێوازی بیرکردنەوەی خۆرئاوا بە شێوەیەکی دیاروبەرچاو بگۆڕێت , ئەم گەشەکردنەشی لە ڕاستیدا بونیادی کۆمەلایەتی دوو جیهانی گەورەبوو , کە تێڕوانینی ئەوروپایی دیاریدەکات , تاوەکو ساتەوەختی باسکالّ و کانت و تەنانەت تا دوای ئەوانیش بالادەست بوو , لە پەنای تێڕوانینی (دیالەکتیکی) و (ڕۆمانتیکی) و (تراژیدی) یدا بەردەوام بووە , ئەم دوو جیهانبینیەش هەمان نەریتەکانی ئەزمونگەری و عەقلانیەتن , کە ڕۆشنگەری فەرەنسا نمونەکەیەتی .

هەر لە سەرەتاوە وا دێتە پێشچاو کە هەر یەك لەم دوو جیهانبینینیە , واتە عەقلانیەت و ئەزمونگەری , لە ڕووبەروبونەوەی ئاستی فەلسەفیاندا دژایەتیەکی زۆریان لەگەلّ یەکدا هەیە , ئەوەندە وەلامی دژبەیەك و ناتەبا بە هەموو جۆرە مەسەلە فەلسەفیەکان دەدەنەوە , کە ئەو پرسیارە لەبەرامبەر مرۆڤدا خۆی قوتدەکاتەوە : چۆن دەکرێت ئەم دیدگا دژبەیەکانە لەئەنجامی گەشە و پەرەسەندنی بوژوازیدا سەریانهەلّدا بێت ؟ چۆن زۆربەی نوسەرانی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەی فەرەنسا , توانیویانە بەبێ هیچ کێشەو گرفتێکی تایبەت شوێنێك لە نێوان توندڕەوی و فەرامۆشکردندا داگیر بکەن؟ .

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئەم دوو فەلسەفەیە لە یەك چەمكی بنەڕەتیدا پێكەوە هاوبەش و چونیەكن , كە ئەوەش ڕووبەڕوو بونەوەیە لەگەڵ هۆشیاری تاكە كەسدا , وەك خواستی ڕەهای زانست و كردار , عەقلانیەتی پەتی ئەم خواستە لەو وێناكردنە خۆڕسكانەدا فەراهەم دەكات , كە لەو دیوی ئەزمونەوە بونیان هەیە , بەڵام ئەزمونگەری پەتی تەواوی ئەو چەمكانە ڕەتدەكاتەوە كەخاوەن مەزەنەكردنێكی خۆرسك (فطری)ن , ئەم خواستانەش بەو تێگەیشتنە هەستی "حسی" یانە دەزانێت كە كەم تا زۆر لە بیركردنەوەی میكانیكیدا ڕێكخراون .

زۆربەی بیرمەندانی ڕۆشنگەری فەرەنسا لە نێوان عەقلانیەت و ئەزمونگەریدا ڕێگای سێیەمیان هەڵبژارد , ئەم بیرمەندانە بە توندی دژی دیكارت بوون و سروشتگەرایی دیكارت--یان بەگاڵتەجاڕی گرتبوو , (كە بە "ئەفسانەی گەردەلولەكان" ناویان دەبرد ) هەروەها باشترین نمونەی فكری خۆیان لە (نیوتن و لۆك) وە بەدەستدەهێنا و شان بەشانی لۆك و تەواوی ئەزمونگەراكانی تر , بوونی واتایی یان هەموو مەزنەكردنێكی خۆرسكیان ڕەتدەكردەوە , پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت كە وشیاری تاكەكەس بەبێ هیچ دوودڵیەك لەسەر بنەمای ئەزمون ڕاوەستاوە , سەرباری ئەوەی ئەم بیرمەندانە بە گشتی و بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بڕوایان بە گرنگی و ڕۆڵی عەقڵ هەبوو لە پرۆسەی وەرگرتندا كە لە یادەوەریدا پارێزراوەو لە چوارچێوەی بیركردنەوەو زانستدا ڕێكخراوە و لەژێر كارتێكردنی هەستدا كردار ئامادە دەكات بۆ جێبەجێكردنی زۆرترین ڕەزامەندی و خۆشحاڵی تاكە كەس .

ئاشكرایە لەگەڵ بوونی تەواوی ئەو جیاوازیانەی كە لە نێوان ئەم سێ سیستمە فەلسەفیەدا هەیە , بێ هیچ دوو دڵیەك ڕووبەڕووی سێ شێوازی



چونیەكی تاكگەرایی دەبینەوە , كە باڵادەستی هەر یەكێك لەوانە زیاتر لە مەرجە بابەتیە كۆمەڵایەتیەكانی وڵاتە جۆراوجۆرەكاندا لە سەردەمە جیاوازەكاندا دەستنیشاندەكرێت .

بەم شێوەیە پەیوەندیەكی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان پەرەسەندنی ئابوری بازاڕو (كە تێیدا هەموو تاكێك وەك بونیادێكی سەربەخۆ بڕیارو كارەكانی خۆی جێبەجێدەكات) , لەگەڵ گەشەكردن و كامڵبونی دیدگا فەلسەفیە جیاوازەكاندا دەربارەی جیهان , ئەمانەش هەموویان وشیاری تاكەكەس وەك خواستی ڕەهای زانست و كردار تەماشا دەكەن , بەم جۆرە لە نێوان بەرپابوونی هەموو مەرجە باڵاكانی هوشیاری تاكە كەسدا كە سامان بەخشی بەرهەمهێنان و دابەشكردنە , لەگەڵ بانگەشەی هەموو ئەو نوسەرانەی ڕۆشنگەریدا یەكدەگرێتەوە كە دەیانەوێت عەقڵی تاكەكەس وەك باڵاترین دادوەر بناسێنرێت و سەر بە هیچ دەسەڵاتێكی باڵاتر نەبێت , دیارە بەتەنها ئەم خاڵە تاكە خاڵی پەیوەندی نیە لە نێوان ڕۆشنگەری و بورژوازیەتدا , هەموو ووتەزا بنەڕەتیەكانی بیری ڕۆشنگەری , بونیادێكی سەرەكی هەمە جۆریان هەیە لەگەڵ ئابوری بازاڕدا , كە ئابووی بازاڕخۆی بونیادی كۆمەڵایەتی كامڵبونی بورژوازیەت پێكدەهێنێت .

لێرەدا تەنها ئەوە بەسە كە گرنگترین ئەو ووتەزایانە باس بكەین :

## پەیمان

هەموو جۆرە پرۆسەیەكی ئاڵوگۆڕ لانیكەم پێویستە دوو لایەنی بەشداربوو لە خۆ بگرێت , كۆمەڵێك پەیوەندی سەربەخۆ و تایبەت لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە كە ئەتوانین بەم شێوەیە پێناسەیان بكەین :-

ڕێکەوتنی خواستی دوو تاکە کەسی سەربەخۆ , ڕێکەوتن نامەیەکی دوولایەنەی گرێدراو دێنێتە ئاراوە , ئەم ڕێکەوتنامەیە تەنها لەکاتێکدا ئەگەری ئەوەی هەیە بگۆڕدرێت , کە ڕێکەوتنامەیەکی تازەتر ببەسترێت , یان بسملێنرێت کە خواستی یەکێك لەو دوو لایەنە بەشداربووە لە کاتی بەستنی ڕێکەوتنامەکەدا بە هۆی فێڵ و تەڵەکەوە (کە ڕێگرە لە بەردەم هۆشیاری و زانستدا) یان بە هۆی فشارێکی جەستەییەوە (کە کار سنوردار دەکات) ئازاد و سەربەخۆ نەبووە , ئەم پەیوەندیە , بەشێکی جیانەکراوەی هەموو شێوازێکی ئاڵوگۆڕەو پەیوەندیەکی ڕووت و پەتی لە نێوان ئەو تاکە کەسانەدا دێنێتە ئاراوە کە بەو مامەڵە کردنە هەستاون , ئەمەش ئەو پەیوەندیەیە کە پێی دەوترێت پەیمان .

کەواتە ئەگەر هەموو بیرمەندانی تاکگەرا بەتایبەت بیرمەندانی ڕۆشنگەری , کۆمەڵگایان وەك پەیمانێك دەبینی کەژمارەیەکی زۆر تاکەکەسی ئازاد لەپێناو بونیادنانی یەك کۆمەڵگا , یەك میللەت و یەك دەوڵەت , تێیدا کۆبونەتەوە , بێگومان وەك پرۆسەیەکی سروشتی دەردەکەوت.

پەیمان وتەزایەکی بنەڕەتی بوو کەڕۆشنگەری لەچوارچێوەیدا , بیری لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی دەکردەوە بەتایبەتی دەوڵەت ,ئێمە ڕووبەڕووی ئەم چەمکە دەبینەوە لای کۆمەڵێك بیرمەند کە دیدوبۆچونی جۆراوجۆرو تەواو جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە

لەوانەش هۆبز و لۆك و گروتیۆس و دیدرۆ , لەهەموشیان گرنگتر پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕۆسۆیە .



# یەکسانی

لێرەدا پێویستە بپرسین , بۆچی ڕاوبۆچونی ڕۆسۆ دەربارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی , هەموو بیرمەندانی تری لە بنەڕەتەوە ڕیشەکێشکرد ؟, بۆچی لە دوای بڵاوبونەوەی "پەیمانی کۆمەڵایەتی " نمونەکانی تری وەك ئەویان فەرامۆشکردو تەنها وەك فەرهەنگێکی مێژوویی تەماشادەکران . وەڵامی ئەم پرسیارەش لە بیروو بۆچوونە سیاسی و مێژوویەکانی ڕۆشنگەریدا پەنهانە و دەشێ بدۆزرێتەوە .

لێرەدا دەتوانین بەخێرایی ئەوە بڵێین , کە زۆربەی ئەو تیۆرانەی تر لەبارەی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە , چ ئەوانەی کە لە فەلسەفەی سیاسی سەدەی حەڤدەهەمەوە سەرچاوەیان گرتووە , چ ئەوانەی کە لە بیروبۆچونەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریەوە سەرچاوەدەگرن و گرنگی دەدەن بە حکومەتی پاشایەتی لە سەدەی هەژدەهەمدا , پەیمانی کۆمەڵایەتی بە پەیمانێك دەزانن کە دەوڵەت تێیدا بە هۆی ملکەچی ئەندام و تاکە کەسەکانیەوە دادەمەزرێت , بەلام لە بەرامبەرئەوەدا و هەرلە سەرەتاوە ڕۆسۆ چەمکی "پەیمان"ی لە پەیوەندیەکی نزیکدا دەبینی بە بەهایەکیتری بنەڕەتی ڕۆشنگەریەوە , کە ئەویش چەمکی "یەکسانی" بوو .

بە بڕوای ڕۆسۆ , پەیمانی کۆمەڵایەتی , پەیمانی نێوان تاکەکەسە یەکسان و ئازادەکانە ئەوانەی بڕیاردەدەن خۆیان بخەنە خزمەتی ئیرادەی گشتیەوە , بەم پێیە بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسە کراوە "هەر یەکێك لە ئێمە , بوونی خۆی و هەموو هێزو توانایخۆی , بە هاوبەشی پێکەوە دەخاتە ژێر ڕکێفی ڕابەری باڵای ئیرادەی گشتیەوە , لە بەرامبەر مافە یەکپارچەکانی

خۆماندا , هەر کەس و ئەندامێك وەك بەشێکی جیانەکراوە دەزانین لە گشت" (کتێبی یەکەم , بەشی شەشەم) .

پەیمانی کۆمەڵایەتی , ئیرادەی گشتی دروستدەکات کە لە سایەیدا "هەموو هاوڵاتیان ئازادن " (کتێبی سێیەم , بەشی شەشەم) , لەم ڕوەوە ئیرادەی گشتی شێوازی حکومەت دیاریدەکات , سەرباری ئەمەش , ڕۆسۆ یەکەم کەس بوو کە تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی وەك جیاکاریەك لە نێوان ئیرادەی تاکەکەس و ئیرادەی گشتیدا ڕاگەیاند - هەر چەندە ئەم کارەی بە شێوەیەکی ئەبستراکت ئەنجامدا - ئەم جیاکاریە لای هیگڵ و مارکس بە شێوەی شیکردنەوەی لایەنە تایبەتی و دەوڵەتیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی نێوانیان لە کۆمەڵگای تازەدا بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی داگیردەکات .

بۆ بەردەوامی شیکردنەوەکەمان دەربارەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ ئەتوانین بڵێین : کە بێگومان لە کاتی دانوستاندا , یەکسانی هەریەکێك لەو دوولایەنە(ئەو دوو لایەنەی بەشدارن لەمامەڵەکەدا , و-ك) بە مەرجی سەرەکی پەیمان دەژمێردرێت , تەنانەت ئەگەر جیاوازی چینایەتی یان دەوڵەمەندی زیاد بە هەرئەندازەیەك بێت هەردوو لایەنی بەشداربووی مامەڵەکار لە بەشەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە یەك جیابکاتەوە , دووبارە هەردوو لایەنی مامەڵەکار لە پرۆسەی دانوستاندا , وەك فرۆشیارو کڕیار (تەنانەت لە کاتێکیشدا کە کاڵا بە شێوەیەکی سەرەکی پارە بێت) هەر بەتەواوی یەکسانن .

بەم شێوەیە , پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لە ناوەرۆکدا پرۆسەیەکی دیموکراتیە , دیارە لێرەدا پێویست بەو ڕونکردنەوەیە ناکات کە توخمی دیموکراسی ئاڵوگۆڕ بەتەواوی لە ئاستی فۆڕمدایەو هیچ شێوە دەلالەتێك ناکاتە سەر ناوەرۆکی



واقعی ئاڵوگۆڕ (لێرەوەیە کە ڕەخنەی مارکس جەخت دەکاتەسەر دیموکراسیەتی فۆرماتیکی <صوری> بە شێوەیەکی گەورەوگران لەسەر پرۆسەی نایەکسانی ئاڵوگۆڕ واتە کڕین و فرۆشتنی هێزی کاری مرۆیی) . بەڵام لە چوارچێوەی دانوستاندا , هەموو جیاوازیە ئابوریەکانی نێوان لایەنەکانی مامەڵەکردن ڕەچاوناکرێت , یەکسانی هەموو لایەنەکانی – بەزەبر و بەکردار (بالقوە , بالفعل) مەرجی سەرەکی بە ئەنجامگەیاندن و بەستنی پەیمانە .

## گشتگیری (عمومیت)

پرۆسەی ئاڵوگۆڕ , لە دوا قۆناغیدا بونێکی ڕاستەقینە بە چەمکی گشتگیری دەبەخشێت , کڕیار سود لە بازاڕ وەردەگرێت , بۆ دۆزینەوەو بە دەستهێنانی فرۆشیارو بە پێچەوانەشەوە , بەڵام ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندیەکی بە سەرچاوەی تایبەتی لایەنی بەرامبەرەوە نییە , لە بنەڕەتدا ئەگەر پەیماننامەی ئاڵوگۆڕ بە ئەندازەیەکی پێویست پێشکەوتوو بێت , ئەوا ڕەفتاری هەر لایەنێکیان لەگەڵ ئەویتردا لەسەر بنەمای یاسا گشتیەکان دیاریدەکرێت و سەربەخۆ لەوەی کە دوو لایەنی بەشداربوو لە واقعدا چۆنن و کێن (٥).

لەم ڕووەوە واتەزای گشتگیری (کە لە هەموو ئەو خشتانەدا بە پەنهانی هەیە کە کاڵاکان بە نرخێکی دیاریکراو بۆ فرۆشتن لای کڕیار دەخەنە ڕوو ) بە شێوەیەکی بەرفراوان هەم دەبێتە هۆکارو هەم دەبێتە مەرجی ئاڵوگۆڕی کاڵا .

## گونجاندن (مدارا)

چوارەمین ووتەزای فیکری , کەهەم بەرەنجامی ئالۆگۆڕەو هەم هۆکاری پەرەسەندنیەتی ووتەزای "گونجاندن "ە سەلماندنی ئەم چەمکە بەڵگەو تێڕامانێکی ئەوتۆی ناوێت , ئالۆگۆڕ هیچ پەیوەندیەکی بە بیروباوەڕی ئایینی و ئەخلاقی لایەنەکانەوە نیە .

هەر وەك چۆن پەیوەندی بە هیچ چۆنایەتیەکی بابەتیشەوە نییە , ئەم بیروباوەڕانە هیچ پەیوەندیەکیان بە پرۆسەی ئالۆگۆڕەوە نییە , هەربۆیە نرخدانان بۆ ئەو بیروباوەڕانە لەمبارەوە کارێکی بێ هودەیە , لایەنی مامەڵەکار چ مەسیحی یان یەهودی یان موسڵمان بێت هیچ جیاوازیەك دروست ناکات لە توانای ئەولایەنە لە بەرەو پێشبردن و بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی ئالۆگۆڕ بە شێوەیەکی متمانەپێکراو , مێژووش ئەم ڕاستیەی سەلماندووە کە پەرەسەندنی پەیوەندی بازرگانی لەو قۆناغانەدا کە دەمارگیری و جەنگی ئایینی بەردەوام بووە چالاکتر بووە .

## ئازادی

لێرەدا دەگەین بە دوو ووتەزای زۆر گرنگ , کە وەك ووتەزاکانی تر هەم مەرج و هەم دەرەنجامی پەرەسەندنی پرۆسەی ئالۆگۆڕن , واتە ئازادی و موڵکایەتی .

پرۆسەی ئالۆگۆڕ تەنها لە نێوان دوو لایەنی بەرامبەرو ئازاددا ڕوودەدات , هەر جۆرە سنوردانانێك لەسەر ئازادی ئیرادە و کردار , خۆبەخۆ ئەگەری ئەنجامدانی پرۆسەی ئالۆگۆڕ لە ناودەبات , چونکە کۆیلەیەك یان کۆیلەیەکی



وابەستە بە زەویەوە ناتوانێ داراییەکانی خۆی بە ئارەزوی خۆی بفرۆشێ , لە لایەکیترەوە , بۆ بازرگانێك ئەستەمە هەموو جارێ کە دەستدەکات بە کڕین و فرۆشتن , پرسیار لە ژیانی ڕابردوو و پایەیکۆمەڵایەتی و ئاستی یاسایی کڕیارەکەی خۆی بکات , ئەم مەسەلەیە خۆی بە شێوەیەکی بابەتی , لە سەدەکانی دوازدە و سیانزەدا هاتەپێشێ , واتە لە ئەوجی قۆناغی کشتوکاڵی و ئابوری ئەوروپادا , لەو کاتەدا کە شارەکان سەرەتای پەرەسەندنیان بوو , چەندین گرفت و ئاڵۆزی سیاسیان لەگەڵ خۆدا هێنا , پێکهاتەی دەرەبەگایەتی لە گوندەکاندا , بەردەوام ئەو چالاکیە بازرگانیەی توشی وەستان و لاوازی دەکرد , کە بونیادی شارە تازەو پەرەسەندووەکانی پێکدەهێنا , بۆ نمونە پەسەندکردنی ئەو مامەڵانەی کە لە شارەکاندا ئەنجامدرا بوون , تەنها لەبەرئەوەی کە کڕیار بەندەیەکی دەربەدەرو پەرتەوازەیە و مافیکڕین و فرۆشتنی نییە و لاواز و بێمتمانە دەژمێردرا , ڕۆژ بە ڕۆژ سەختر دەبوو , دواجار چەند یاسایەکی تایبەت بۆ بازاڕ دانرا بە ناوی "یاسای بازرگانی ئازاد" لەو ڕێگەیەوە شارەکان سەرەتای بە دەستهێنانی ئازادی خۆیان دەستپێکردەوە , گەرچی زۆری بەدەستهێنانی ئەم ئازادیە لە دوای ململانێیەکی سەخت و بەردەوامەوە بە دەست دەهات , ئەم ووتانەی خوارەوە ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەو ئازادیە دەکەن .

"هەوای شار بۆنی ئازادی لێدێت" ئەمەش بەو مانایە بوو کەبەگشتی بەدەستهێنانی مافی دانیشتوانی شارێك , یان هەندێ جار مانەوەی درێژخایەن لە سنورەکانی شاردا , دەیتوانی تەواوی پاشماوەی کۆیلایەتی پێشوتر لە ناوبەرێت . . .

## موڵکایەتی

سەرئەنجام ئاڵوگۆڕ تەنها کاتێك دەتوانرێ بەئەنجام بگەیێنرێ , کە هەردوو لایەنی بەشداربوو , مافی ئەوەیان هەبێت , کە ئەو کالاّیانەی دەیانەوێت ئاڵوگۆڕی پێبکەن , بە ئاسانی بیگۆڕنەوەو بیگوازنەوە , بە مانایەکی ووردتر , مافی بێسنوری موڵکایەتیان هەبێت بە پێی یاسای خەرجکردن و خەرجنەکردن (مەسرەف و عدم مەسرەف) .

بەم شێوەیەو بە باسکردنی بنەمای موڵکایەتی , کۆتایی بە خشتەی ووتەزا زەینیە سەرەکیەکان دێنین , کە پێویستن بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگای پشت بەستوو بە ئاڵوگۆڕ . ئەو وتەزایەی کە پەرەسەندن زیاترو فراوانتر دەکات . واتا تاکگەرایی , فەراهەمکردنی زەمینە بۆ لە ناوچوونی هەموو دەسەلاّتێك لە سەرووی دەسەلاّتی تاکەکەسەوە , پەیمانی فۆرمەلەکردنی بونیادی هەموو پەیوەندیە مرۆیەکان , یەکسانی , گشتگیری , گونجاندن , ئازادتی , موڵکایەتی .

## تیۆرەی ئەخلاقی

هەر کەسێك شارەزایی دەربارەی سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسا هەبێت دەزانێت کە ئەم خشتەیە لەگەڵ ووتەزا سەرەکیەکانی بیری رۆشنگەریدا چونیەکە (ئەویش نەك بە رێکەوت).

لەگەڵ بوونی هەموو ئەو جیاوازیانەی کە لە مەسەلەکانی ترداو لە نێوان فەیلەسوفانی رۆشنگەریدا هەبوو , زۆربەیان ئەم ووتەزایانەیان (جگە لە چەند مەسەلەیەکی نائاسایی , کە لە لاپەڕەکانی دواتردا لەو بارەیەوە ئەدوێین)



پەسەند کردو وەك نرخە سەرەکیەکانی سروشتی مرۆڤ و بوونی کۆمەلاّیەتی سەیریان دەکردو بڕوایان پێی هەبوو , هەروەها دەتوانین ووتەزاکانی وەك تاکگەرایی ڕەخنەیی , ئازادی , یەکسانی نێوان هەموو مرۆڤەکان , گشتگیری یاسا , گونجاندن و مافی موڵکایەتی تایبەت, بە گەشە و هێڵە هاوبەشەکانی بیری رۆشنگەری بزانین . ئەو پشکوتن و هێڵە هاوبەشانەی کە تەنها لە یەك بابەت یان دوو بابەتدا جێگای ووتوێژوو ڕای جیاواز بوون , بۆ نمونە کەسانی وەك , "مۆرلی" و "مابلی" کە ئەندامانی توندڕەوی بزوتنەوەکە بوون , بە توندی دژی چەمکی مافی موڵکایەتی تایبەت هەڵوێستەیان کرد , بیرمەندانی رۆشنگەری لەسەربنەمای ئەم نرخە سەرەکیانە ,کە بە گشتی هەمویان باوەڕیان پێیان هەبووە , کۆك و تەبابوون و ئەم مەسەلانەیان لە ڕێگا جۆربەجۆرەکانی تاکە کەسەوە بردە پێشێ تاوەکو جیهانبینی و چەمکە تایبەتەکانی خۆیان دەربارەی جیهان بونیاد بنێن , ڕەهەندی زانستی ئەم چەمکە , پێشتر و لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەسەر دەستی "گالیلۆ و دیکارت و نیوت "نەوە پەرەیسەند و بلاّبوبۆوە , بزوتنەوەی رۆشنگەری فەرەنسا لە سەدەی هەژدەدا بە گشتی باوەڕی تەواوی بە دەرئەنجامەکانی ئەم دیدگایە کردبوو , هەر چەندە لە مەبەستی باسەکەمان دوور دەکەوینەوە , بەلاّم یادهێنانەوەی ئەم خاڵە گرنگی زۆری هەیە , بەو پێیەی پێشکەوتنی زانستی سروشتی نوێ ، یەکێکە لەو سەرکەوتنە گەورانەی کە بە هۆی بیرکردنەوەی عەقلاّنی و ئەزمونگەریەوە ، بەدەست هێنرا ، ئەو بۆچونەی کە پێیوایە ، (جیهان کتێبێکەو بەزمانێکی ماتماتیکی نوسراوە و هەموو جیهان بە هۆی یاسا گشتیەکانەوە بەرێوەدەچێت و هیچ حاڵەتێکی نائاسایی (استپنائی ) لەخۆناگرێت ، سڕینەوەی هەموشتێکی ڕەمزئامێزو و سەرسورهێنەر و نهێنی

ئامێزە ، یان نائاسایی دەردەکەوێت و سڕینەوەی بەزەبری موعجیزە (گەرچی زۆربەی بیرمەندان لە ڕاگەیاندن و ئاشکرابونی ئەم خاڵە , لەدیدو بۆچونی خۆیان بەئاشکرا ڕایاندەکرد) گریمانەی ئەو یاسا سروشتیانەی کە جێگیرو نەگۆرە و لە گەڵ عەقڵدا دەگونجێ (بۆنموونە ما لبرانش ، کەهەم قەشەو هەم فەیلەسوف بوو ڕایگەیاند کەخودا تەنها لەڕێگەی یاسا گشتیەکانەوە کاردەکات ) , بەڵگاهێنانەوەش بۆئەوەی کە یاساکان پێویستیان بە سەلماندنی ئەزموونی هەیە ، هەموویان لە پێشکەوتنە زانستیەکانی سەدەی حەڤدەهەمن ، کەوەك میراتێك بۆسەردەمی ڕۆشنگەری مانەوە ........

سەرئەنجام ،لەگەڵ ئەوەشدا کەلەنێوان بیرمەندانی سەدەی هەژدەهەمدا چەندین زانای بەناوبانگی وەك " بوفون و دالامبێر" هەبوون ، کەچی ڕۆشنگەری فەرەنسا بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی دەدا بەمەسەلەکانی فەلسەفەی ئەخلاق و ئاین وسیاسەت لەڕاستیدا ئەرکی ئەم بزوتنەوەیە دۆزینەوەی وەلاٚمێك بوو بۆ ئەو پرسیارانە لەسەر ڕۆشنایی ئەو بەهایانەی کە باسمانکرد. ....

مەسەلەی یەکەم : مەسەلەی ئەخلاقە , کاتێك گەشەی فکری وپایەی سەربەخۆیی عەقڵی تاکەکەسی بەڕەسمی دەناسرێت و هەموو دەسەلاٚتێکی سەرو دەسەلاٚتی تاکەکەس نکۆڵی لێدەکرێت . ئەوکاتە مەسەلەی سەرەکی دەبێت بەداڕشتنی زنجیرەیەك یاسا بۆ ڕابەریکردن کەجێبەجێکردنیشی تەنها پشت بەدانپیانان و ڕێزگرتنی هۆشیاری تاکەکەس دەبەستێت ، گەرچی پێشکەوتن و پەرەسەندنی مێژوویی , بەردەوام پێویستی (ضرورت) چارەسەرکردنی ئەومەسەلە ئەخلاقیەی زیاترو بەرفراوانترکردوە ، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم



مەسەلەیە تائێستا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە ، ئەم مەسەلەیەش لەخوێندنەوەی تازەی دنیای هاوچەرخدا ،هەمان مەسەلەی نهیلیزمە .

بیرکردنەوەی نەریتگەرای مەسیحی ، ئەو یاسایانەی کە فەرمانڕەوایی ڕەفتاری مرۆڤ دەکەن لەسەر بنەمای ئیرادەی خودا یان (بەشێوە نیوە عەقلاٚنیەکەی ئەم دیدگایە ) لەسەر بنەمای ئەو عەقڵە سروشتیە هەڵدەسەنگێنێ کە خواوەند لەسەر ڕۆحی مرۆڤ دایناوە ،

فەیلەسوفە پێشڕەوەکانی قوتابخانەی دیالەکتێك ، واتە "هێگڵ , لوکاچ , مارکس , هایدگەر" سەرباری هەموو ئەوجیاوازیانەی کە لەمەسەلەکانی دیکەدا هەیانە , کەچی لەو خاڵەدا هاوبەشن کە مرۆڤ بەشێکی چالاکە لە گشت (گشتگیری یان ئەنتۆلۆژیا ) لەم ڕووەوە بەها مرۆییەکان بەشێکی واقعین لە کەینونە و لەوێوە سەرچاوە دەگرن ، بەم پێیە واقع خۆی هەم بەهایەو هەم پێوەری بەهاکانیشە .

لەماوەی نێوان ڕۆژگاری مەسیحیەتی نەریتگەرا و سەرەتای فەلسەفەی دیالیکتیدا ، ئەو نەریتە تاکگەراییە گرنگانەی کە هەنوکە بەردەوامن پەرەیان سەند و گەشەیان کرد , وەك: عەقلاٚنیەت و ئەزمونگەری و ڕۆشنگەری , ئەم نەریتانە هەموو مەزەنەکردنێکی "بالاٚترلە تاکەکەس"یان فەرامۆشکرد وەك ڕەهایی و کۆمەڵ و گشتی بوون , لەم پرۆسەشدا جیاکاریان کرد لەنێوان دووشێوە لە هۆشیاری (تاکەکەسی )دا ئەویش ناسینی ڕاستیەکان و هەڵسەنگاندنی بەهاکان .

لەسەدەی حەڤدەوە زانست لەڕووی ئەخلاقیەوە بێلایەن بووبوو ، مەسەلەیەکیش لەبەرامبەر ڕۆشنگەریدا خۆی قوت کردبوەوە , بریتی بوو لە

دۆزینەوەی زەمینەیەك یان بوونیادێکی بەرجەستەتر بۆهەڵسەنگاندنی بەهاکان.

دیدگا "تاکەکەس"یەکانیش تەنها سێ وەڵامی گریمانەیی بۆ مەسەلەکە پێشنیار دەکات :

(ا) نکۆڵی کردن لەو بۆچونەی کە پێیوایە : حوکمە بەهاییەکان یاخود یاساگشتیەکان ناتوانێت لەسەربنەمای ویژدانی تاکەکەسێك دابمەزرێ ، تێڕوانینی تاکەکەسی پێیوایە ئەگەر هەموو تاکەکەسێك بەشێوەیەکی لۆژیکی بەدوای بەرژەوەندی شەخسی و دوائاسودەیی خۆیدا بگەڕێت , ئەوا کۆمەڵگا چیتر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ڕەفتاردەکات ...

(ب) دەرخستنی ئەو خاڵەی کەدەشێ ئەویاسایانەی لەگەڵ خێروبێری گشتیدا دەگونجێن لەسەربناغەی عەقڵی مرۆڤ دابمەزرێت کەلای هەموو مرۆڤەکان وەك یەکە .

(ج) بەرجەستەکردنی ئەوگریمانەی کە پێیوایە گەڕانی هەر تاکەکەسێك بەدوای خۆشبەختی خۆیدا ، دەتوانێت ببێتە بنەمای دامەزراندنی ژمارەیەك یاسای زۆر کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچونی خێروبێری گشتی , گەرچی ئەم یاسایانە بەهیچ شێوەیەك خاوەنی متمانەیەکی گشتی نین , بەڵام بەلایەنیکەمەوە پەیمانە پراکتیکیەکان ئامادە دەکەن و چالاکیە گونجاوە کۆمەڵایەتیەکان مسۆگەر دەکەن .

جیاوازی لەنێوان وەڵامی یەکەم و دوو وەڵامەکەی تر لەوەدایە : وەڵامی یەکەم بەئاشکرا ئەگەری ئەو پێوەرانەی دەکەونە سەروی تاکەکەسەوە و لەلایەن خەڵکیەوە پەسەندکراوە فەرامۆشدەکات , دوو وەڵامەکەی تر ئەرکی ڕەهای



بنیادنانی ئەم جۆرە پێوەرانە لەعەقڵی تاکەکەسدا یان پەیڕەوی تاکەکەس لە زۆرترین ڕازی بووندا لەئەستۆ دەگرن .

وەڵامی یەکەم کە وەڵامێکی زۆرتوندڕەوانەیە ، سەرەتا لەشیکردنەوەیەکی شاراوەی چڕدا و لەسەدەی حەڤدەهەمدا لەفەرەنسا بەهۆی "دیکارت"ەوە و دواتر بەهۆی "کورنی" شاعیری تاکگەراوە بەووردبینیەکی زیاترەوە ڕێکخرا .

مەبەست لەمەش سەلماندنی ئەم بۆچونەیە کەجیاوازی نێوان زانست و هەڵسەنگاندنی بەهایی ، هەمووجۆرە ئەگەرێکی ڕەوایەتی بەها ئەخلاقیە گشتی و پێویستەکان لەناو دەبات .

کاتێك کەشازادە "ئەلیزابێت " حوکمڕانی "بالاتینا" داوای لە دیکارت کردبوو چەند یاسایەکی گشتی شیاو و متمانەپێکراو بۆ فەرمانڕەواکەی پێشنیار بکات , لەمبارەوە سەرەتاییترین وەڵامی دیکارت بەمجۆرەبوو: "ڕاستیەکی ترهەیە بە بڕوای من زانینی ئەو ڕاستیە گەلێك گرنگ و بەسودە , ئەویش ئەوەیە هەرچەندە هەریەکێك لە ئێمە تاکێکی جیاوازە لەتاکەکانی تر و بەرژەوەندیەکانی ئەو تاکەجیاوازەش وەك پێویست و تائەندازەیەکی زۆر جیاوازە لەبەرژەوەندیەکانی تری تاکەکانی دنیا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەبیرنەچێت کە هەر یەکێك لە ئێمە ناتوانێت بەتەنیا بۆخۆی بژی ، چونکە لەڕاستیدا هەر یەکێك لەئێمە بەشێکە لەبەشە بێ شومارەکانی جیهان بەتایبەت بەشێکە لەگۆی زەوی , دەوڵەتێك یان کۆمەڵێك یان خێزانێکین بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بوونمانەوە یان بەهۆی زادگەو شوێنی لەدایك بونمانەوە وابەستەو گرێدراوی ئەو شوێنەین ، هەروەها هەریەکێك لەئێمە بەشێکەلە بەرژەوەندی گشتی , بۆیە پێویستە هەمیشە

بەرژەوندی گشتی گرنگتر لەسەروی بەرژەوەندی تایبەتی هەریەکێکمانەوە بێت ". (١٥ سێپتەمبەر ١٦٤٥ ).

دیکارت لەو باوەڕەدایە کە پێویستە ئەم یاسایە "بە وریایی و وردبینییەوە "جێبەجێ بکرێت .

شازادەی هوشیار , لەوەلاّمدانەوەی "دیکارت" دا ووتی : سەرباری ئەوەی کە ناتوانیّ گومان لەگرنگی و ڕاستی ئەم یاسایانە بکات , بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هێشتا لەوە تێناگات کە چۆن ئەم یاسایانە لەگەلّ فەلسەفەکەیدا ڕێك دەکەون , یان چۆن لەگەلّ بیروبۆچونەکانی تریدا هاوئاهەنگیان بکات ، ئەم پرسیارە هێندە پرسیارێکی ورد بوو "دیکارت" ی ناچارکرد پاشگەز بێتەوە , پاش سیّ هەفتە دیکارت وەلاّمێکی بۆ ناردەوە کەبەتەواوی گوزارشت لەشێوازی تێروانین وبیرکردنەوەی خۆی دەکات بەم شێوەیە :

"من دان بەو ڕاستیەدا دەنێم کە بەزەحمەت دەتوانین بە وردبینیەوە ئەو ئاستە دیاری بکەین , کە عەقلّ فەرمانمان بەسەردا دەدات تاوەکوخۆمان تەرخان بکەین بۆبەرژەوەندی گشتی ، بەلاّم گرفتەکە تەنها ئەوە نیە کەئێمە چاوەڕێی ووردبینیەکی زیاتربکەین ، ئەوەندە بەسە کە ویژدانی تاکەکەس ڕازی بێت ، لەدەرئەنجامی ئەم حالّەتەشدا هێشتا ئەگەری گۆڕان بەئەندازەیەکی پێویست لە ئارەزوی شەخسیدا لەگۆڕێیەو بەردەوامە , چونکە خوداوەند سیستمی کارەکانی بەوشێوەیە ڕێکخستوە و هێندە مرۆڤی لەکۆمەلّگادا هۆگری یەکترکردوە , تەنانەت ئەگەر هەرمرۆڤێکیش بیەوێت تەنها لەپێناوی بەرژەوەندیە تایبەتەکانیخۆیدا کاربکات و هیچ هەستێکی هاودەردی نەبێت بۆ ئەوانیتر ، کەچی هێشتا لەژیاندا چەند سود بەخۆی دەگەیێنێت ئەوا بەو ئەندازەیە سود بەکەسانی تریش دەگەیێنیّ و دەست لەو سودو بەرژەوەندیە



هەلّناگریّ ، بەلاّم بەمەرجێك ئەو کەسە مرۆڤێکی عاقلّ بێت و بەتایبەت لەتەمەنێکدا بێت کە هێشتا ئەخلاقی تێك نەچوبێت و بەدڕەوشت نەبوو بێت "١٦ ی ئۆکتۆبەری ١٦٤٥" .

ئێمە لێرەدا چوارچێوەیەك دەدۆزینەوە کە بەردەوام لە ڕۆشنگەریدا دووبارە دەبێتەوە ، ئەویش هەمان هێزی بەیەك گەیشتنی بەرژەوەندیە تایبەتی و گشتیەکانە , ئەمەش ئەو پرۆسەیە کە ڕۆشنگەری بەشێوەیەکی ناوەکی و نهێنی هەلّگریەتی نەك بەشێوەیەکی ئاشکرا , دواتریش دەبێتە یەکێك لە چەمکە بنەڕەتیەکانی ئابووریناسانی کلاسیك ، کە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان بەڕاست و ڕەوا دەزانێت بەبیّ ئەوەی ڕەچاوی بەرژەوەندیە گشتیەکان بکات .

تیۆریزەکەرانی ڕۆشنگەری بە بەراوورد لەگەلّ "دیکارت" دا بەقولّی دژی سیستمی سیاسی باو-- بوون ، بەبەراووردیش لەگەلّ ئابوریناسانی کلاسیکدا , هێشتا وازیان لەو تێکۆشانە نەهێنابوو کەبەناوی بەرژەوەندی گشتیەوە ئەنجام دەدرا ، تێکۆشانێك کە بواری دەرەخساند چەمکێکی واگرنگ لە تێڕوانینی ئەواندا بەتەواوی مانای خۆی لەدەست بدات . سەرباری ئالۆگۆڕی ئەونامانەی باسمانکردن ،

دیکارت باوەڕی بەئەخلاقێکی کاتی هەبوو , هیچ هەولّ و کۆششێکی ئەوتۆی نەبوو لە بلاّوبوونەوەو و پەرەسەندنی سیستمێکی ئەخلاقی دیاریکراودا _ سیستمێك کەلەسەر بنەمای فەلسەفەکەی خۆی دامەزرابێت .

ئەخلاقی ئازادیخوازانە ، تەنها ئازادی ئیرادەی بەپێویست دەزانی و هیچ جۆرە بنەمایەکی تایبەتی بەپێویست نەدەزانی بۆ ڕێنماییکردنی ئەوانیتر.

هەر بەم جۆرە "کورنی" گەورە شاعیری تاکگەرایی فەرەنسی , پاش داهێنانی چوار شانۆنامەی پرشنگدار بەپاڵەوانە "ئازادەکان" یەوە ( سید ، هوراس ، سینا , بولیدکیت) لەناکاو بۆی دەرکەوت کە بەدخویی و خۆپەرستی پاڵەوانانی نمایشەکەی هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەم بونیادە "دراماتیك" یەدا , کورنی بەرلە نوسین و پۆلێنکردنی ئەم جۆرە شانۆنامانە , بۆنمونە وەك " ئاتیلا " دوو درامای لە شێوازی -- نەریتگەرایی نوسی بەناوی "ڕودون " و "هیراکلیس" کە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ئەو دوو درامایە بریتین لە چەمکی: چاکە و خراپە ، کەلەڕووی ئەخلاقیەوە وەکویەك قسەوباسیان لەسەرکراوە .

لێرەدا مەبەستمان ئەوەنیە کەتێڕوانینی تاکگەرایی لەگەڵ هیچ جۆرە سیستمێکی ئەخلاقیدا ناگونجیٚ , بەڵکو بە پێچەوانەوە ،ئەم تێڕوانینە لەگەڵ هەموو ئەخلاقەکاندا دەگونجێت و بەناچاری بێلایەن دەمێنێتەوە ، دەرئەنجامی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە ناتوانێت لەسەر بنەمای تاکگەرایی هیچ جۆرە سیستمێکی نرخاندن بونیادبنێت , کە وەك پێویست جێگەی ڕێزو متمانە بێت .

ئەم مەسەلەیە لەکۆمەڵگای پیشەسازی خۆرئاوادا زیاد لەهەموو ساتەوەختەکانیتر بەرچاو دەکەوێت ، لەو کۆمەڵگایەدا گەشەو پەرەسەندنی فراوانی زانست توانایەکی سەرسوڕهێنەری بەمرۆڤ بەخشیوە بۆدەست بەسەراگرتنی سروشت ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم زانستە عەقلانیە زیاتر دەردەکەوێت کە بەردەوام لەڕووی ئەخلاقیەوە بێلایەنەو ناتوانێت یارمەتی بونیادنانی هیچ جۆرە سروشتێکی ئەخلاقی و پێوەرەکانی نرخاندن بدات .



بەهەمان شێوە کە پێشتر لەم بارەیەوە دواین , پرۆسەی ڕێگیری لە بەردەم بونیادنانی هەرجۆرە بەهایەکی داسەپاو لەجیهانبینی عەقلانیەتی بالادەستدا , خۆبەخۆ بونیادی پێکهێنانی نیهلیزم (العدمیە) یلە ناوخۆیدا هەڵگرتوە .

پێویستە بەردەوام پیٚ لەسەر ئەوخاڵە دابگرین , "بێلایەنی ئەخلاقی" کە بونیادی دیدگای تاکگەراییە تەنها بە نرخە جەوهەریەکانی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە , واتە پەیوەندیەکانی عەشق و جودایی و نایەکسانی لەگەڵ ئەوانیتردا .. لەبەرامبەر ئەم بەهایانەدا , ئەو بەها ڕەمزیانە ئامادەن کەپێشتر لەبارەیانەوە دواین واتە : ئازادی ، یەکسانی ، گونجاندن , چەمکی عەدالەت ، کە پەیوەندیەکی نزیکیان بە بەهاکانی ترەوە هەیە , دواتر لەمبارەوە قسەوباس دەکەین.

" ئەم چەمکانە" لەمێژوودا خۆبەخۆ پەیوەندیان بەتاکگەراییەوە هەیە ، تا ئەوکاتەش بەردەوامدەبن کە بتوانن بیٚ هیچ گرفتێك بالادەستی خۆیان لەکۆمەڵگای سەرمایەداری ڕۆژئاوادا بپارێزن ، بەڵام لەبەر ئەوەی تاکگەرایی لەدواشیکردنەوەدا لەڕووی ئەخلاقیەوە سەرچاوەیەکی سەربەخۆو بێلایەنی هەیە , هەمیشە ئەمجۆرە بۆچونە لەئارادایە , کە لەقەیرانە سەختەکاندا بەهادژەکان جێگەی ئەوانە(ئەو بەهایانە لەسەرەوە باسکران, و,ك) بگرنەوە ، ناسیۆل -- سۆسیالیزم لەئەڵمانیادا سەرەکیترین و ترسناکترین نمونەی ئەم دیاریدەیە بوو ، هەرچەندە بەداخەوە ئەمە بەتەنها تاکە نمونە لەوبارەیەوە ...

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ، ئەم نوسینە باس لەکۆمەڵگای هاوچەرخ ناکات ، بەڵکو تێڕامان و قسەکردنە لەسەر دیدی تاکگەرایانەی سەدەی هەژدەهەم و سەردەمی ڕۆشنگەری فەرەنسا .

بیرمەندەكانی ئەو ڕۆژگارە , دووچاری ململانێی و كێبەركێیەكی سەخت بوون لەگەڵ خورافەو ستەم و سەركوتكردندا .

لەم ڕووەوە بۆئەوان گرنگ بوو ئەوە نیشانبدەن , كە ئەو بەهایانەی كە لەئاستێكی پراكتیكیدا لەلایەن بۆرژوازیەتی ئەو سەردەمەوە پەسەند كرابوون ، بە تەواوی سەربەخۆن لەنەریتی ئەخلاقی و لەعەقڵی تاكەكەسەوە سەرچاوە دەگرن , جێگەی سەرسوڕمان نیە كە بیرمەندە گەورەكانی ئەو سەردەمە , هەموویان لەئاست تێگەیشتنی مەسەلەی بونیادنانی ئەم بەها گشتیانە لەسەر بناغەی هۆشیاری تاكەكەسی دەستەوەستان بوون , تەنها حاڵەتی نائاسایی "ماركی و دوساد" ە كە دەكەوێتە پەراوێزی ڕۆشنگەریەوە , كاردانەوەیەكی تەواو ئورگانی و عەقلانی نیشاندەدات بەرامبەر بەجیهانێك كە لەسەر بناغەی سوكایەتی و نەفرەت دامەزراوە .

لە باڵی توندڕەوی بزوتنەوەكەدا , نوسەرانی وەك "مابلی" و "مورلە" بونیادە بەهاییەكانی خۆیان لەسەر بنەمای عەقڵ دامەزراند .

هەندێك لە ئەندامانی زانستنامە (ئینسكلوپیدیا) وەك هولباخ و هولسیوس بەسادەیی ڕایانگەیاند كە یاسا ئەخلاقیەكان لە ئارەزووكردنی (تاكەكەس)ەوە بۆخۆشبەختی خۆی سەرچاوە دەگرێت ، هەروەها لەبەرژەوەندی خودی تاكەكەس خۆیدایە كە بەرژەوەندی گشتی بەهێز بكات , چونكە خۆشبەختی تاكەكەسیش بەستراوە بەخۆشبەختی كەسانی ترەوە ، بەم پێیە كاتێك مرۆڤەكان ئەخلاقی نین (واتە وابەستە نین بە ئەخلاقەوە , و-ك) , لەبەر ئەوەیە كالڤامن و دیدێكی نادروستیان هەیە دەربارەی بەرژەوەندیە ڕاستەقینەكانی خۆیان .



(هولسیۆس ) یەكێك بوو لەبونیادنەرانی بیری كۆمەڵناسی ، تێڕوانینێكی ڕوونتری سەبارەت بەمەسەلەكان هەبوو ، هەربۆیە لەئاڵۆزی و گرفتی مەسەلەكان تێگەیشت ، ئەم بیرمەندە لەگەڵ ئەم بۆچونەی هولباخ دا تەبابوو كەپێیوایە : یاسا ئەخلاقیەكان لەبەرژەوەندیە تایبەتیەكانەوە سەرچاوە دەگرن , بەلآم لە هەمانكاتدا سەرنجی ئەوخاڵەشی دا : كە بەرژەوەندیە تایبەتیەكانی گروپێكی كۆمەلآیەتی تەواو جیاوازن لەگەڵ بەرژەوەندیەكانی گروپێكی تری كۆمەلآیەتیدا ، لەبەر ئەوە هولسیوس باوەڕی بەو جیاوازیە هەبوو : لە نێوان كۆمەڵگا وەك گشت (كل) ێك و گروپەكانی تردا كەبەشێكن لەو كۆمەڵگایە , لێرەدا دەتوانین بەشێك لەكتێبەكەی بەنمونە وەرگرین , بەناونیشانی"دەربارەی رۆح" , وتاری دووەم "زەین لەپەیوەندیدا بەكۆمەڵگاوە" .

گرفتێك لەم كتێبەدا پێویستە شیبكەینەوە و بیخەینەڕوو , ئەوەیە كە هەمان ئەو بەرژەوەندیانەی كەكاریگەریان دەبێت لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنانەی لەكارەكانمانەوە سەرچاوە دەگرن و ناچارمان دەكەن سەرنجبدەین كە كردارەكان لەئەنجامی پەیوەندیان بەگشتەوە , سودبەخشن یان دەمارگیرن یان بێلایەنن , ناویان بنێین چاكە یان خراپە , یان گونجاو نالەبار.

هەمان ئەو بەرژەوەندیانە بەشێوەیەكی یەكسان كاردەكەنە سەر ئەو هەڵسانگاندنانەی ئێمە كە لە وێناكردنەكانمانەوە سەرچاوە دەگرن .

ئەم مەسەلەیە چ لەڕووی بابەتە ئەخلاقیەكانەوە و چ لەڕووی ئارەزوە شەخسیەكانەوە ، تەنها بەرژەوەندیەكانن كە ڕێنمایی هەموو هەڵسەنگاندنێكمان دەكات , ئەمە ئەو حەقیقەتەیە كە بەبێ ڕەچاوكردنی كەماڵ و ئارەزووی شەخصی و پەیوەندی نێوانیان , ناتوانین بەڕاستی لێی تێبگەین .

یەکەم : سەبارەت بە تاکەکەسێك ، دووهەم : سەبارەت بەکۆمەڵگایەکی بچوك ، سێهەم : سەبارەت بە نەتەوەیەك , چوارەم : وڵاتە جیاوازەکان , پێنجەم : هەمووجیهان .

هولسیوس بەتوێژینەوە دەربارەی پەیوەندی نێوان بەرژەوەندیەکانی گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقێکی باڵادەست تیایدا ، بنەمای زانستی کۆمەڵناسی دارشت ، ئەگەر ئەو تا باڵاترین ئاستی شیکردنەوەکەی بەردەوام بووایە , ئەوکاتە دەیتوانی بیری ڕۆشنگەری بەرزبکاتەوە بۆئاستێك کە بگات بە ( فەلسەفەی مێژوو ), بەڵام ئەو لە هەمووشتێك زیاتر ، پیاوێکی وابەستەبوو بەسەردەمەکەی خۆیەوە ، لەوەش زیاتر لەژێرکاریگەری ڕۆشنگەریدا مایەوە تاوەکو بتوانێت لەو نیوە ڕێگەیە زیاتر بڕواتە پێشێ ، بەم شێوەیە لەوباوەڕەدا بوو کە لەبوونی هەموو مرۆڤێکدا ، سەرباری سیستمێکی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی بەهایی کە بەرئەنجامی پەروەردەکردنی خۆیەتی و لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتیەکەیدا دەگونجێ ، ئەگەری هەڵسەنگاندن و نرخاندنێکی بابەتی زیاتریش هەیە بۆمرۆڤ , کە لە دواشیکردنەوەدا توانای هەڵبژاردنی دەداتێ تاوەکو بەرژەوەندیە گشتیەکانی مرۆڤ , بەگرنگتربزانێ و بیانخاتە سەروی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی گروپە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیەوە , لەم ڕوانگەیەوە هولسیوس جیاکاری دەکات لەنێوان "چاکەی دەمارگیرئاسا" و "چاکەی ڕاستەقینە " دا , چاکەی یەکەم ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی گروپە تایبەتەکانە و چاکەی دووهەمیش گرنگی دەدات بە بەرژەوەندیەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی ، بەم شێوەیە لەگەڵ ئەم ڕێچکەدا ناڕاستەوخۆ دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوەی "هولباخ" .



دیدرۆ چەند بنەمایەکی وێکچوی هەڵبژارد , بەڵام هۆشیاریەکی زیاتری سەبارەت بەسنورەکانی ئەم بنەمایانە هەبوو ، ئەویش خۆی لەنێوان تێڕوانینە جیاوازەکاندا ناجێگیر بوو , بەبڕوای ئەو گەرچی هەموویان لەگەڵ یەکدا ناتەبابوون , بەڵام وەکو یەك جێگەی باوەڕبوون ، بیرمەندە میانڕەوەکانی تری ڕۆشنگەری بەتایبەت ڕۆسۆ و فەیلەسوفە ئینگلیزەکان باوەڕیان وابوو کە هەستێکی خۆرسك (فگری) ی مرۆڤدۆستی یان خۆشویستنی کەسانیتر لە مرۆڤدا هەیە و ناچاریان دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لەو تاکەکەسە سەربەخۆیانە دروست بکەن کەلە ڕووی ئەخلاقیەوە بەدوای خۆشبەختی خۆیاندا دەگەڕێن یان بەلانیکەمەوە ڕێگایان پێدەدات کەلە هەلومەرجی تایبەتدا ئەم مەسەلەیە بەدروست و ڕەوان بزانن , واتە هەر تاکەکەسێك چ جۆرە دیدگایەك هەڵدەبژێرێت بۆخۆی , ئەو مەسەلەیە کە دەمێنێتەوە بریتییەلە بونیادنانی ئەخلاقی بۆرژوازی باڵادەست لەسەر هۆشیاری تاکەکەس ، بەڵام ئەم کێشەیە بە چارەسەرنەکراوی مایەوە ، بیرمەندانی ڕۆشنگەری کە لەناو هەوڵەکانی خۆیاندا دژی خورافەو ستەمکاری نوقم ببون , هەرگیز بەگشتی ئاگاداری ئەو واقعە نەبوون .

پەروەردەی ئەخلاقی ئەوبیرمەندانە , بەپێچەوانەی ئەوجیاوازیانەی کەلە سیستمەکانیاندا هەبوو ، خاوەنی چەند ڕەگەزێکی هاوبەش بوون ، چونکە ناوەڕۆکی ئەو پەروەردەیە ڕەنگدانەوەی دیدی ئەخلاقی چین و توێژی سەروو ناوەڕاستی بۆرژوای ئەو سەردەمەبوو (٦), بەڵام جیاوازیەکی تایبەتی هەبوو کە ڕۆسۆ و توندڕەوەکان بڕوایان پێی بوو ، ئەویش جیاوازی نێوان بەرژەوەندیەکانی تاك و کۆ و بونیادنانی ئەو بەهایانە بوو کەئەوان لەگەڵ " ئەقڵ " و "سروشت" دا دەیانگونجاند , لەکاتێکدا کە هولباخ و ئەندامانی

"زانستنامە" مەیلیان بۆ ئەو  دیدگایە هەبوو ، کە پێیوایە: خێرو بێری گشتی هاوئاهەنگە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسدا .

## ئاین

لێرەدا کە دەگەینە سەر بیرو باوەڕە ئاینیەکانی ڕۆشنگەری ، پێویستە باسەکەمان بەجیاکردنەوەی دوو مەسەلە دەست پێبکەین ، کە بەجیا لەهەریەکەیان دەکۆڵینەوە .

(ا) ئەو بیرو بۆچوونە ئاینیانەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری کە لە وتەزا "کاتیگۆر"ە زەینیەکانی خودی ئەو نووسەرانەوە سەرچاوەی دەگرت .

(ب)  پەیوەندی نێوان ڕۆشنگەری و کلێسا .

نووسەرانی ڕۆشنگەری سەرباری هەموو ئەو جیاوازیانەی کە دەربارەی مەسەلەی ئاین لەنێوانیاندا هەبوو , (لێرەدا پێویست ناکات باس لەو جیاوازیانە بکەین کە سنورێکی بەرتەسکیان داگیر دەکرد ), بەڵام لە هەڵوێستگیریان دژی کلێسا تەبا و چونیەک بوون.

هەرچەندە ئێمە جارێ کارمان بەسەر ئەم خاڵەوە نیە , بەڵکو ئیشکردنی ئێمە دۆزینەوەی باوەڕە ئاینیەکانی خودی  فەیلەسوفەکانە ، هەرلە تێڕوانینی یەکەمماندا ئەوەمان بۆئاشکرا دەبێت کە لێرەدا سێ چەمکی بنەڕەتی هەن :

* بێ ئاینی نوسەرە گەورەکانی زانستنامە (ئینسکلۆپیدیا).
* خوداناسی سروشتی (deism) ڤۆڵتێر.
* خوداناسی(theism) ڕۆسۆ و مابلی.



ڕەنگە پێتانوابێت کە "خودا ناسی" و "خودا ناسی سروشتی" لەناوەڕۆکدا دیوە جیاوازەکانی  یەک جیهانبینی خودا نەناسیەکی بنەڕەتی بن ، کە دروستکراین بۆ خۆبەدەستەوەدان لە بەرامبەر بیروباوەڕێکی باڵادەستدا .

مەسیحیەتی سونەتیش بەزۆری وەک ئەم چەشنە گوزارشتکردنەی سەرەوە ئەو چەمکانەی هەڵسەنگاندبوو , کەسانێکی وەک " باسکاڵ" و "گاراس" و زۆربەی  بەرگریکەرانی ئاینی مەسیحی لەسەدەی هەڤدەهەمدا هەر بەوشێوەیە بوون ، بیروبۆچونێکی تر کە تاڕادەیەک بەبەڵگەوە خراوەتەڕوو ، پێیوایە خوداناسی سروشتی و خوداگەرایی , دروستکراوی یەکەمین دەستکەوتە ئایدیۆلۆژیەکانی چینی بۆرژوایە ئەویش بەهۆی ئەو ترسەوە کە هەیانە لە جەماوەر . گەرچی گوتاری ئاین بۆ گوێگرە پەروەردەکراوەکانی چالاکی و توانای خۆی لە دەستدا بوو , بەڵام هێشتا بۆ جەماوەرە هەژارو پەروەردە نەکراوەکەی کەپێویست بوو کۆنترۆڵ بکرێت ، نەک هەر سودبەخش بوو بەڵکو زۆر پێویستیش بوو .

بەڵام پێدەچێت خودای "ڤۆڵتێر" و "ڕۆسۆ" زۆربەکەمی وێنەیەکی هاوبەشی هەبووبێت لەگەڵ خودای بەرز و مەزنی کلێسادا , گەرچی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بەپێیئەوەی چینە پەروەردەکراوەکان یان ئەوخەڵکانەی پەروەردەنەکران گوێگری گوتارەکانیانن ، زۆرجار پێویسیان بە پێوەرێکی دوولایەنە هەبوو  بۆ مەزنەکردنی حەقیقەت ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەئاشکرا دیارە کە بیرکردنەوەی ئاینی ئەم بیرمەندانە ڕەگ و ڕیشەی لە جۆرە تێگەیشتنێکی فەلسەفیاندایە بۆ جیهان .

پێشتر باسی ئەوەمان کرد , کە هەموو ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ژیانی کۆمەڵگایەکیان بەبەرئەنجامی کۆی دەستەیەک یان بەرهەمی پێکهاتی

فكری و كرداری بێشوماری تاكەكان دەزانی كە هەریەكێكیان خاڵێكی بزاوتی سەربەخۆو ئازادی پێك دەهێنێت .

ئەم جۆرە دیدگایەش بەناچاری مەسەلەیەك دەخاتەڕوو كەچۆن دەتوانین بگەین بەو ئاستە هاوئاهەنگییە تاوەكو لەسەر ئەوبنەمایە و بەپشتیوانی پرۆسەیەكی وەها كۆمەڵگایەك بونیاد بنێین ، كەبتوانێت نەك بەشێوەیەكی كامڵ و ڕەها بەڵكو بەشێوەیەكی ڕێژەیش هاوئاهەنگانە كاربكات , هەموو فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بەدەرلەوەی كە تا چ ئەندازەیەك ڕەخنەگرانە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ سیستمی سیاسی باو و كۆمەڵگادا دەكرد ، لە سەرئەو جۆرە بیرو باوەڕە یەك دەنگ و تەبا بوون كەبە ئەندازەیەك ئەگەری بونیادنانی سیستمێكی كۆمەلآیەتی نموونەیی لەسەر بنەمای ئازادی ، یەكسانی و پێكەوە ژیان هەیە . ئەم بیرمەندانە جیهانی سروشتی و جیهانی كۆمەلآیەتیان بەماشێنێكی گەورە دەزانی وەك پێكهاتەیەك لە كەرتی جیاوازو تەنیاو سەربەخۆ كە كەم تا زۆر بەباشترین شێوە پێكەوە گرێدراون , ئەم ماشێنە وەك شتێكی زۆر نامۆ تەماشانەدەكرا ئەم تێڕوانینەش بەتەواوی ڕەنگدانەوەی پێناسەكردنێكی سادەتربوو دەربارەی ئەو ماشێنانەی كەلەو سەردەمەدا لەئارادابوو و كاریگەریەكی زۆری بەسەر دۆستانی ئینسكلۆپیدیاوە جێهێشتبوو.

لە هەمان كاتدا ئەم "ماشێن"ەش وەك هەموو ماشێنێكیتر , ئەگەر تەنها بەدەستی میكانیكیەكی شارەزا و بە نەخشەیەكی ئامادەكراوەوە دروستكرابێت ئەوا دەتوانێت كاری خۆی ئەنجام بدات ، بۆیە وێناكردنی خودا -- وەك سەعات سازێكی مەزن , وەك نەخشەسازو بونیاد نەری جیهان و دووبارە



كردنەوەی بەردەوامیشی لەئەدەبیاتی سەردەمی ڕۆشنگەریدا ، هەر لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ .

بەم شێوەیە خودا لەڕوانگەی خوداناسێكی سروشتی یان خوداگەرایەكی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری ، نە بەتەواوی مانای بەهابەخشینە بەسونەت و نە دیوێكە بۆ تۆقاندنی چینی بێ كلتور ، بەڵكو لەڕاستیدا بەشێكی بنەڕەتی و جیانەكراوەی دەروونی هەموو جیهانبینییەكی عەقلآنی یان نیوە عەقلآنیە ( ئەزموونگەرەكانیش ڕووبەڕوی هەمان مەسەلە بونەوە ، بەلآم ئەوان بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ جۆرە دژایەتیەك ببنەوە , دەیانتوانی ئەم مەسەلەیە وەك مەسەلەیەكی چارەسەرنەكراو پشت گوێی بخەن ).

پێشتر لەسەدەی هەڤدەهەمدا مەسەلەی خودا هاتبوە گۆڕێ , تەنانەت پاش ئەوەش فەیلەسوفە تاكگەراكانیش بۆدۆزینەوەی سەرچاوەیەك كە بەشە پێك هێنەرەكانی جیهان دەبەستێت بەیەكەوە , ناچار بووبوون لە جێگەیەكی ترو لەدەرەوەی ئەم جیهانەوە لەئیرادەی خودایەكی مەزن و بالآدەستدا بۆی بگەڕێین .

بونیادی هارمۆنی پێشین -- ی "لایبنیتز"و هۆكاری كرداری تاكانەیی "مالبرانش" كە بەتەواوی لە ڕێگەی یاساگشتیەكانەوە كاردەكات , هاوسەنگی جەستەیی _ ڕۆحی "سپینۆزا" , ئەمانە هەموویان وەلآمی فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە بوو بۆ مەسەلەیەك كە بەردەوام تا سەدەی هەژدەهەم زەینی ئەو فەیلەسوفانەی بە خۆیەوە سەرقاڵ دەكرد , سەرئەنجام لە شێوازە گشتیە كراوەكەیدا بووبە هۆی دروست بوونی مەزەنەكردنی (سەعات سازی مەزن) , { دەربارەی خودا}.

پێویستە لێرەوە ئەوە بڵێین کە ئەم وێناکردنە لای زۆربەی فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکان تێکەڵ بوو بەجۆرە خۆشبینییەك , ( سەعات سازی مەزن ) ماشێنێکی ئاسایی دروست نەکردووە بەڵکو ماشێنێکی سەرسوڕ هێنەری دروستکردوە ، ماشێنێك کە دەرفەتی ئەوە بە خەڵکی دەبەخشێت ئەگەر بە ئەندازەیەکی پێویست هۆشیاربن دەتوانن ژیانێکی ڕەزامەند و شادمان بەسەربەرن , دیارە ئەم خۆشبینییە پەیوەندی بەو هەلومەرجە دیاریکراوەوە هەبوو کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری تێیدا خەبات و ململانێی خۆیان پێشدەخست , سەرباری ئەمەش ، ڕەوتێکی بیرکردنەوە هاوشێوەی ئەم ڕێچکە فکریە لە نێوان بەرگری کەرانی مەسیحیەتیشدا ئاشکرا دەرکەوتووە ، ئەم حاڵەتەش .... گشتگیری و پەرەسەندنی سەرسورهێنەرانەی بورهانی سروشتی _ خودای سیستم ڕادەگەیەنێت .

## سیاسەت

لەیەکەم تێروانیندا ، بنەما یاساییەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری وەك حاڵەتێکی سادە دێتە پێش چاو ، ئازادی ، یەکسانی ، یاسای گشتی وەلاخستنی حکومەتی ستەمکاری ، پێکەوە ژیان و ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی ، لایەنی گشتی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری پێکدەهێنن ، تەنانەت ئەگەر لەم حاڵەتەدا ناکۆکی و ناتەباییەکیش لە ئارادا بێت ، توندڕەوەکان خوازیاری یەکسانیەکی ئابوری و سیاسی لەم جۆرە بوون و کەسانێکی وەك "مورلە" و "مابلی" بەرگریان لە ڕەتکردنەوەی موڵکایەتی تایبەت دەکرد و "ڕۆسۆ"ش



لە سنوردار کردنی بەرگریدەکرد ، لەلایەکی ترەوە عەدالەت خوازەکانیش تەنها پەیوەندی داربوون بەچەمکی یەکسانیەوە لەبەرامبەر یاسادا ، بەڵام لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە زۆر لەمە ئاڵۆزترە , لە کاتێکدا کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بەو سیستمە سیاسیەدا دەچوونەوە کەلە ئارادابوو ، هەروەها ئەم پرسیارەیان هێنایە گۆڕێ : دەشێ ئەم سیستمە چۆن و بە چ شێوەیەك بێت ؟ لە هەمان کاتیشدا خۆیان ڕووبەڕووی ناکۆکیەکی تر کردەوە کە سەرچاوەی ئەو ناکۆکیەش لەناو پێکهاتەی فکری خۆیاندا پەنهان بوون ، چۆن دیدگای ئەندێشەی تاکگەرایی بەتایبەت لەناو بزوتنەوەی ڕۆشنگەریدا سەبارەت بەمرۆڤ دۆشداماوەو بەشێوەیەکی گشتی ڕەهەندە مێژوییەکەی فەرامۆشدەکات. ئەم دیدگایە تەنها شێوازێکی کۆمەڵگای دەناسی ئەویش لە جۆری دۆخە "سروشتی"یەکەیدا (٧) ، لەچاوی ئەم دیدگایەوە هەموو ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە لەناو ئەو پێوەرەدا بە ئاگاهاتوون و بەڕوی لادانەکانیاندا داخراوە , وەك وێرانەیەك تەماشا دەکرێن ، ئەم وێرانەیە کاتێك زیاتر ئاشکرا دەبێت کە ئەو وێناکردنە "میکانیکی"یەی دەربارەی سروشت و کۆمەڵگا کە لەلایەن فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریەوە بەتایبەت دۆستانی ئینسکلۆپیدیا پەسەندکرابوو ، بیرۆکەیەکی لەزەینی ئەوانەدا دەبزواند کە گوایە ئیرادەی مرۆڤ پابەندە بە ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەیەوە ، لەلایەکی ترەوە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری کاتێك لە ململانێ و کێبەرکێدا بوون لەگەڵ سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ، کەم تا زۆر بەهۆی ئەو وێرانە بنەڕەتیەی ئەوسیستمەوە خێرا ڕەتیاندەکردەوە .

بەم پێیە ئەم فەیلەسوفانە بەناچاری ڕووبەڕووی کۆمەڵێك مەسەلەو گرفت دەبوونەوە ، کەسیستمی فکریان توانای ئەوەی نەبوو لەو بارەیەوە

ڕێگەچارەیەکی سادەوگونجاو بدۆزێتەوە ، چ ئەوانەی پەیڕەوی "ڕۆسۆ"یان دەکرد حاڵەتی سروشتیان لەسەر ئاستی مێژوو دەبینی یان وەك بونەوەرێکی عاقڵ بە بەشێکیان دەزانی لە خودی مرۆیی ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیانده توانی لەوروژاندنی ئەم پرسیارەدا ڕێگەیەك بۆ خۆدزینەوەو هەڵهاتن بدۆزنەوە کە: چۆن و بە چ شێوەیەك مرۆڤایەتی لە حاڵەتی بەرەو "کامڵبوون" دوورکەوتەوە و توشی ئەم وێرانیە بووە؟.

بەگشتی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری یەك وەڵامی سادەیان بۆ ئەم پرسیارە هەیە ، چونکە لەو باوەڕەدا بوون هۆکاری ئەم حاڵەتەش ئەو ترسە پەنهانە بوو لە دڵی مرۆڤی ڕابردودا کە بواری بۆ ستەمکاران و قەشەکان دەرەخساند تاوەکو ئازادیان زەوت بکەن و بەهێشتنەوەیان لە نەزانین و کۆنەپەرستیدا و بە پشتیوانی دەمارگیریان , فریویان بدەن و لەڕوی ئەخلاقیەوە وێرانیان بکەن , تەنها بە لەناوبردنی دەمارگیری و پەرە سەندنی زانست دەیانتوانی ئەو هەلومەرجە نالەبارە بگۆڕن .

(زۆربەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە یاخیگەرەدا ناکۆك بوون کە ماهیەتی کۆمەڵگای دەگۆری ، نەك تەنها لەبەرئەوەی کە ئەوان خۆیان سەرمایەداربوون , بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەبوە تێبینەری چەمکی مێژوویی لە بنەڕەتدا لەگەڵ بونیادی بیرکردنەوەیاندا ناتەبابوو).

پێویستە گرنگی بەوخاڵەش بدەین , ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیەی کە جێگەی خۆشبینی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بوو , بریتیبوو لەو گەشەکردنە بابەتیەی کۆمەڵگای فەرەنسی کە بە خێراییەکی بەربڵاو بەرەو شۆڕش پەرەیدەسەند , ئەو خاڵەش کە مێژوو بەچ شێوەیەك پێشدەکەوێت ، پرسیارێك



بوو فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری دەیانتوانی بەئاسانی چاوپۆشی لێبکەن یان بە وەڵامێکی سادەوساکار ڕازی بن ، چونکە لەو سەردەمەدا چارەسەری ئەم گرفتە بۆ کۆمەڵگای فەڕەنسی ئەوەندە گرنگ نەبوو . لەبەرامبەرئەوەشدا دا دۆزینەوەی فەلسەفەی مێژووی سیستماتیزەکراو لەقوتابخانەی ئایدیالیزی ئەڵمانیدا (لەنوسینەکانی کانتەوە دەربارەی فەلسەفەی مێژوو بیگرە تا فەلسەفەی مێژووی هەقیقی لەبیری هیگڵدا ) زیاد لە هەمووشتێکیتر ڕەنگدانەوەی ئەو واقعە بوو کە بورژوازیەتی ئەڵمانی ، لەوە لاوازترە کە بتوانێت شێوازی کۆمەڵگا بگۆرێت و ئەو کۆمەڵگا گۆڕدراوە بکاتە هاوڕای بەرژەوەندیەکانی خۆی .

پرسیارێکی دیکەش لەئارادا بوو کە ئێجگار گرفتئامێزتر بوو , ئەویش ئەوەبوو کە : دەبێت چۆن و بەچ شێوەیەك لەو شوێنەدا زاڵبیت بەسەر دەمارگیریدا , کە بیروبۆچونی وێرانبوی سەردەمەکەی خۆت لەژێر دەسەڵات و کاریگەری دەمارگیریدا بێت؟ ، دەرئەنجامی ناچاری هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی وێران بوو کە دەیتوانی تەنها بەهۆی بیرکردنەوەیەکی تەندروست و دوور لە دەمارگیری بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست و دوورلەوێرانە .

لەم قۆناغەدا بیروبۆچوونی زۆربەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لەبازنەیەکی بەتاڵدا گرفتار بوو بوو ، کە دەربازبوون تێیدا هەروا ئاسان نەبوو ، بەگشتی ئەم فەیلەسوفانە خەویان بە"موعجیزەیەك" , "فێرکارێك" , "یاسادانەرێك" لەسەروی هەمووشیانەوە بەیەك حکومەتی پەروەردەکارو ڕۆشنگەرەوە دەبینی کە لەسەر *بنەما ی یاسا هاتبێتە ئاراوە و ئەو مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیە تازانە بهێنێتە گۆڕێ کە پێویستن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا.*

*بێگومان ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ناکۆك لەفەلسەفەکەیاندا دەردەکەوت , چۆن دەکرا سیستمێکی فێرکردن یان یاساگوزارەییەکی باش لەسەردەمێکدا* بێتەئاراوە کەهەرلە بنەڕەتەوە بەشێوەیەکی خراپ و وێران دەبینرێت ؟ *مەگەر* فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری خۆیان چەندین جارئەوەیان دەرنەخستبوو کە مرۆڤەکان بەهۆی هێزو دەسەلاّتی بێ سنوری خۆیانەوە وێران بوون ؟ بەلاّم مێژووی کۆمەلاّیەتی هاوکاریەکی باشدەکات لەشیکردنەوەی ئەم ناکۆکیەدا ! هەروەها لە حکومەتە میرنشینەکانی ڕۆشنگەری , بەتایبەت حکومەتە کەم گەشەکردوەکانی ئەوروپا وەك ، بروسیا و ئەتریش لەگەلّ ڕوسیا ,کە ڕۆلێکی تازەو پێشکەوتوخوازیان لە ئەستۆگرتبوو و بەتوندی بەرگریان لە گەشەی چینی ناوەند دەکرد دژی شێوازە سونەتیە کۆنگەراکانی کۆمەلّگا .

ئەم بانگەشەکردنە ئەوە نیشان دەدات کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لەچرکەساتی خۆئامادە کردن و لەسەرە ڕێی هەلّگیرسانی شۆرشی فەرەنسیدا بوون ، چۆن هەستان بە پشتیوانیکردن لە فەرمانڕەوایانی ڕەهای سەنتەری ئەوروپای خۆرهەلاّت و ئومێدێکی زۆریان بە فریدریکی دووهەم و کاترینی گەورە و تەنانەت ماریاتزا هەبوو و هەروەها پەیوەندیە نزیکەکانی نێوان "ڤۆلتێر"و "فریدریك" وەك پەیوەندی نێوان "دیدرۆ" و "مەلیکە کاترین" دیارو بەناوبانگن .

بێگومان دواتر هەم "ڤۆلتێر"و هەم "دیدرۆ" ناچاربوون ئەوە قەبولّبکەن کە سیاسەتە واقعیەکانی ئەو پاشایانە کە پێشتر وەك تەواوی خواستەکان لەدیدی خۆیاندا دەردەکەوت , بەسەختی دەیتوانی لەگەلّ بۆچوون و بنەمای بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفانەدا هاودەم بێت بگونجێت ، بەلاّم جگە لەو بۆچوونەی کە لەزەینی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریدا بوو , ئەگەری هیچ جۆرە



ڕێگە چارەیەکیتر نەبوو ، وەك چۆن بیری فەلسەفی دەستی خستبوە چەمکی تاکگەراییەوە و کەچی پێش نەدەکەوت بەرەو ئاستی "دیالێکتیك" ی مێژوویی.

"یەکێتی" فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لەگەلّ خود پەرستیەکدا جێگیربوو وەك شتێکی سواوی مێژوویی , سەرباری پچڕانی پەیوەندی دواتری " ڤۆلتێر" و "فریدریك" بەهۆی دواهەمین بەرهەمی "دیدرۆ" وە بەناونیشانی ( نامەیەك دەربارەی حکومەتەکانی کلۆدیۆس و نیرۆ ) ، کە بەرگرییەکی بێ ئومێدانە بوو لە "سەنکا"ی فەیلەسوفی ڕۆمی کە وەك ئەندامی شورای میرنشینی "نیرۆن" مایەوە لەناو بەدکرداریە ستەمگەرەکانیدا , دروست تائەو ڕۆژەی کە ئیمپراتۆر فەرمانی خۆکوشتنی بەسەردا سەپاند ، بەلّگە هێنانەوەی دیدرۆ لەم نامەیەدا کە زۆر دووبارە دەبێتەوە بەم جۆرەیە :

ئایا لەڕاستیدا بۆ سەنکا ئەوە باشتربوو کە پلەوپایەی خۆی بەهۆی نەبوونی ڕوانگەیەکی ئومێد بەخشەوە بختاتەلاوەو بانگەشەی لەناو بردنی سیستمی ستەمکاری نیرۆ nero بکات ؟ ئەگەر لە پلەوپایەی خۆیدا دەمایەوە ، بۆ ئەوە بوو کە هێشتا ئومێدی پشتگیری هەبوو لە هەندێك تاوانکاری نیرۆ .

سەرئەنجام ، ناکۆکیەکی بنەڕەتی لەئامانجە کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکانی ڕۆشنگەریدا هەیە ، کە کۆمەلّێ دەرئەنجامی گرنگی هەم بۆ بونیادی ناوەکی بزووتنەوەکە و هەم بۆ پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئاییندەی *ئەوروپای هێنایە ئاراوە . ئەمەش ئەو ناکۆکیەیە کە لەکۆمەلّگایەکی دامەزراو لەسەرمولّکایەتی تایبەت و لەئەنجامی جیهانبینیەکی تاکگەرایانە و لەنێوان دوو وتەزای گرنگی زەینی ڕۆشنگەریدا بوونی هەیە , واتە ئازادی و*

*یەکسانی , لەکۆمەڵگایەکی وەهادا هەریەك لەو بەهایانە ، ئەگەر بەشێوەیەکی تەواو پەسەند بکرێت , سنورێکی تەواو دیاریکراو بۆ چەمکی دووهەمیان بەدوای خۆیدا دەهێنێت ، ئازادی تەواو بێ ئەوەی کە بەهۆی هەندێك سنورداری سیاسیەوە دیاری نەکراو بێت ، ئەوا دەبێتە هۆی هێنانە ئارای نایەکسانیەکی توندی ئابوری و کۆمەلاّیەتی -- وەك پێویست سیاسی ، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگای تاکگەرایی توانای ئەوەی نیە کەیەکسانی کۆمەلاّیەتی بەبێ سنوردار کردنێکی توندی ئازادی سەرمایە یان ڕەتکردنەوەی تەواوی موڵکایەتی تایبەت بێنێتە ئاراوە .*

## بونیادی ناوەکی بزوتنەوەکە

ئەو خاڵەی باسیدەکەین , پێناسەیەکی گشتی و فەزا سەرەکیەکانی ڕۆشنگەری و هەلومەرجە ناوەکیەکانی کامڵتردەکات ، ئاشکرایە بزوتنەوەی ڕۆشنگەریش وەك هەموو بزوتنەوە ئایدۆلۆژیەکانیتر ، خاوەنی بونیادێکی ناوەکی بوو کە تێیدا مەیل و ئارەزووە جیاوازەکان لێکدی جیادەبنەوە ، جێگەی داخە کە ئێمە هێشتا بێ بەشین لە زانستێکی شایستە بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵناسی و بونیادی ئەم جۆرە مەیل و ئارەزوانە , بەلاّم تارادەیەك دەتوانین بڵێین بونیادی بزووتنەوەکە بەگشتی , وەك چۆن پێشتر باسمانکرد , نموونەی خۆی لە ناکۆکیە ناوەکیەکانی ناو بیری بزوتنەوەکە بەدەست دەهێنێت [(٨)].

یەکەمین گروپێکی گەورەی بیرمەندانی ڕۆشنگەری فەرەنسا , بریتی بوو لەو کەسانەی کە بیرۆکەی یەکسانی پاڵپشتی سەرەکیان بوو , ئەم لایەنگیریە بەدیدگایەکی خۆشبینانەوە ڕێنومایی بیرمەندانی دەکرد سەبارەت بەگەشەی



مێژوویی تاوەکو لەو ڕێگەیەوە لایەنێکی زۆر ڕەخنە ئامێز سەبارەت بەسیستمی کۆمەلاّیەتی تاکگەرایی هەڵبژێرن .

بەم پێیە ئەو دەستەیە لەپێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئامانجگەرادا کاریاندەکرد کە بەندبێت لەسەر عەقڵ ,

ئەو گروپەش *کەباڵێکی* توند ڕەوبوون واتە "مابلی" و "مورلە" و "ملیە"ش کەبەمەبەستی ڕەچاوکردنی *یەکسانی* مەیل و *ئارەزووەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا ، نەك تەنها خوازیاری سنوردارکردنە سەرەکیەکانی ئازادی بوون ، بەڵکو یەکێك لە بیرو بۆچونە* بنەڕەتیەکانی ڕۆشنگەریشیان فەرامۆشدەکرد .... واتە *"موڵکایەتی تایبەت" کەوەك شەڕێکی گەورە تەماشایاندەکرد لە سەرزەوی .*

ئەم حاڵەتەش ڕەوایە کە لە ناو ئەم دیدگایەدا جۆرە لێکچونێك هەیە لەگەڵ سۆسیالیزمی نوێدا ، بەلاّم لەهەمان کاتدا جیاوازیەکی بنەڕەتیش هەیە لەنێوان ئەم *دوو دیدگایەدا* , یەکەمین جیاوازی ئەوەیە کە *فەیلەسوفانی* ڕۆشنگەری هیچ جۆرە هەوڵدانێکی *خۆبەدەستەوەدانیان* لەو جۆرە شیکردنەوە مێژووییەدا نەخستەبەردەست کە ڕۆشنگەری خودی ئەو هێزە *ڕاستەقینانە بێت* و کاربکاتە سەر *چارەنووسیان* ، مەسەلەی دووهەمیش ئەوەبوو کە تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفانە دەبوە هۆی ئەوەی کە *ئامانجە کۆمەلاّیەتیەکانی خۆیان* لەسەر ئاستی " سروشت" یان "عەقڵ" بونیاد بنێن ، لەم ڕووەوە بوو *کە لە بنەڕەتەوە وەك* باوەڕدارانی "ڕۆح" دەژمێردران لە کاتێکدا کە ڕێچکەی بیری سۆسیالیزمی نوێ لەجەوهەردا باوەڕداری مادەگەراییە , بەم پێیەش پەیوەندیەکی نزیکتری لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆشنگەریدا هەیە بەبێ زیادەڕۆیی .

ئەو جیاوازیە گەورانە (ڕەوتی فکری) کەسایەتیەکی وەك "مابلی" یا "مورلە" لە فکری سۆسیالیزمی نویێ جیادەکاتەوە لێرەدا ئەوە ڕونتردەبێتەوە کە مابلی ئامانجی کۆمەلاٚیەتی خۆی *لەسەر پێکهاتی حکومەتی* بالاٚدەستی *سپارئا بونیادنابوو* و بەتوندی ڕەخنەی لە دیموکراسیەتی پریکلیسی ئاتن دەگرت ، لە کاتێکدا کە "مورلە" لەبەرهەمەکانی خۆیدا بەناوی (یاسای سروشت) ئەوەی پێشنیاز کرد کە تەواوی ئەولێکۆلّینەوەو بۆچونانەی کە وابەستەن بەجیهانبینی و ماهیەتی ڕۆحەوە یاساغ بکرێن ، بەئومێدی ئەوەی کە لەم ڕێگایەوە بەپێی بنەماکانی خۆی بۆ هەمیشە حکومەت بونیاد بنێت .

پێشتر لەڕێگەی بابەتەکانی ئەم کتێبەوە ئەوەمان ئاشکراکرد کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە عەقلّگەرایی دیکارتەوە سودیان وەرگرتوە و ئارەزووی ئەوەیان کردووە سەرنج بدەنە دیدی ئەزمونگەریانەی لۆك ، قسەکردنی ئێمە وردتردەبێت ئەگەر بلّێین ئەو فەیلەسوفە توندڕەوانەی کەلەسەرەوە باسمانکردن ، هەمان ئەو گروپە بوون کەلەدیدی خۆیاندا بۆ جیهان لەگروپەکانی تر زیاتر هەلّگری گەورەترین بیری دیکارتی بوون , ئەگەر دوالیزمی , ئیدراك ⁄ عەقلّ یان جەستە ⁄ ڕۆح , بەیەکێك لەم قۆناغانەی بژمێرین ، ئەوا لەسەر ئەم بنەمایە ڕۆسۆش پەیوەست دەبێت بەم لایەنە توندڕەوانەوە , ئەگەرچی ڕۆسۆ دانی بەڕەتکردنەوەی مولّکایەتی تایبەتدا نەدەنا ، بەلاٚم لەجێگەیدا جەختێکی زۆری لەسەرچەمکی یەکسانی دەکردەوە و یەکێك لەسەرسەخترین ڕەخنەگرەکانی نایەکسانی بوو لە کۆمەلّگای نوێدا , لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا ڕۆسۆ بەپێچەوانەی توندڕەوەکانەوە ، بیرۆکەی ئازادی کە ڕۆسۆ خۆی تیۆرەی پەیمانی کۆمەلاٚیەتی لەسەر دامەزراندبوو و مافی مولّکایەتی تایبەتی ڕەدنەکردەوە , بەلاٚم ڕۆسۆش وەك ئەوانی تر لەگەلّ



مەسەلەی پەیوەندی نێوان مولّکایەتی تایبەت و ئازادی و نایەکسانیدا دەرگیربوو و بەمجۆرە ناچاربوو بۆیە توانای تەواوی خواستی ڕۆسۆ وەك جۆرە کۆمەلّگایەك دەبینرێت , کە بەندە لەسەر دیموکراسی وردەبورژوا کە ئەندامەکانی هەم ئازادن و هەم یەکسانن نە زۆردەولەمەندن و نە زۆرهەژاریشن , بەم پێیە ڕۆسۆ دەکەوێتە نێوان دوو گروپەوە واتە : بالّی ڕادیکالّی ناکۆك بە مولّکایەتی تایبەت-- لەلایەك و هاوڕێیانی ئینسکلۆپیدیا و ڤۆلّتێر لەلایەکی ترەوە , سەرباری سەرنجدان لەو جیاوازیانە , ڕۆسۆ زۆرترین هاوبەشی بیروڕای لەگەلّ توند ڕەوەکاندا هەبوو دەربارەی مادەگەرایی و سیستمێکی کۆمەلاٚیەتی ئامانجگەرا کە بەندبێت لەسەر عەقلّ و دیدێکی ڕەخنەیی سەبارەت بەڕێڕەوی گەشەی مێژوویی , کە بەسەرهەلّدانی نایەکسانی گەیشتە ئەنجام و ئارەزووی لاوازکردنی بەرهەمی ئابوری ئەم نایەکسانیەی هەبوو , بەلاٚم ڕۆسۆ لەلایەکی ترەوە لەگەلّ ڕەوتی بنەڕەتی بزوتنەوەی ڕۆشنگەریدا تەباو هاوڕابوو , واتە لەگەلّ ڕەوتی ڤۆلّتێر و ئینسکلۆپیدیا , بۆ پەسەند کردنی ئەو سنوردارکردنە بنەڕەتیانەی بەسەر ئامانجی یەکسانیەوە بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە ئازادی .

بالّی پێشەوایانی گروپی ئینسکلۆپیدیا پێکهاتبون لە"دیدرۆ" و "هولباغ" و هەروەها "هۆلسیۆس" یش ( گەرچی هاوکاری ئەوان نەبوو بەلاٚم بەبەشێك لەو گروپەی ئەوان دەژمێردرا ) کە زیاد لە هەموو شتێك بریتیبوون لەو ئەزمونگەرانە کە ئارەزوومەندی یەکتاگەرایی مادی Meterialist monism بوون , نمونەی تەواوی ئەمانەش "لۆك" بوو نەك "دیکارت" ، ئەم گروپە بابەتێکی پۆزەتیڤیان دەربارەی گەشەی مێژوویی پێشنیارکرد بە تایبەت دەربارەی پیشەسازی , بە پێی کۆمەلّە بەلّگەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا

، دەبوایە هەر لەناو ئەو گروپەدا بەدوایی خوداناسە توندڕەوەکاندا بگەڕێین ، ئەو بیرمەندانەی کە خاوەنی توندڕەوترین شێوازی بیری کۆمەڵایەتی بوون بۆ شوێنگەیەك دەگەڕان کەتێیدا کۆمەڵگا ئامانجگەراکەیان ( کەخاڵی بەرامبەر بوو بۆ ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیان ) بدۆزنەوە , بەرئەنجامی ئەم حاڵەتەش ئەوەبوو کە " هەموو گروپێك" دەستبخاتە ڕوانگەی خودا باوەڕی سروشتی دییسم و تەنانەت خوداناسی "یەکتاپەرستی"یشەوە. گرنگی لێکۆڵینەوە دەربارەی بیر و بۆچونە ئاینیەکانی گروپی ئینسکلۆپیدیا لەوەدایە کە جیاوازی بکەین لەنێوان دیدگای فەرمی (ڕەسمی) پەسەندکراوی ئینسکلۆپیدیا و بیروبۆچونی ڕاستەقینە خودی خۆیاندا .

ئینسکلۆپیدیا لەڕووی فکریەوە هێرشێکی بەهێزبوو دژی دەمارگیری و کۆنەپەرستی سیستمی ڕابردوو , بەلاَم لەهەمانکاتدا بە پێشکەوتنێکی ئابوری و پێوەرێکی بەرفراوان دەژمێردرا , کە خواستی سەرمایەگوزاریەکی فراوان و باوەڕ بە پشتیوانی ئەم گروپە بوو لە پلەو پایەی ڕەسمیدا , کە هاوسۆز لەگەڵ بیروبۆچوونە پێشکەوتوخوازەکان و ئامادەی بەرگریکردن بوون لەبلاَوکردنەوەو پەرەسەندنی ئەو بیروبۆچونانەی دژی بەدگومانیەکانی پلەوپایەی حکومەت , چونکە ئینسکلۆپیدیا ناچاربوو تا ئەندازەیەکی زۆر تاکەکەسە هاوبەشەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و هەروەها بۆ هەڵهاتن لە دەسبەسەراگرتن و سانسۆر پێویستی دەکرد پشتیوانی دەزگای حکومەتی بکردایە بۆ کۆمەك کردنی دۆستەکانی ( بەو شێوەیەی کە دووجار دەستی بەسەرداگیراو هەردووجاریش ئازاد بوو) , هەم پشتیوانیکردنی بەشداربوان و هەم گونجاندنی پلەوپایەکان بوو بوە هۆکاری هاوسەنگی ئەو ڕاگەیاندنانە ، لێرەدایە کە فرەیی وتارەکانی ئینسکلۆپیدیا بەتوندی جەختیان لە حەقانیەتی



کەنیسەو تایبەتمەندی لایەنی پۆزەتیڤی حکومەتی پاشایەتی فەرەنسا دەکردەوە لە شێوازی هەنوکەیدا , ئەم حاڵەتە بە هیچ جۆرێك خوێنەرانی بەئاگای لەتێگەیشتنی ئەوخاڵەدا دانەدەمرکاند ، ئامانجی واقعی ئەو وتارانە لەگەڵ بەرپرسیاریەتی دەرکەوتنی تاکەکان و بزواندنی بیرو بۆچونەکاندا ناکۆك بوو ، ئەمەش چارەسەرێکی نوێ نەبوو , بەڵکو بایل (Bayle ) ئەم شێوازەی لەفەرهەنگی (Dictionnaive) خۆیدا بەکارهێنابوو و پلەو پایەدارەکانیش لەگەڵیدا ئاشنابوون ، لەم ڕووەوە لەمەزیاتر ئەوتوانایەی نەبوو کە بەو ئالۆزی و جەنجاڵیەوە سودلەم جۆرە چارەسەرە وەربگرێت , تەنانەت لەگەڵ بوونی هەموو "سنوربەندیەکان"دا دووبارە هەر ئەو ئینسکلۆپیدیایە بوو کە هاوڕا بوو لەگەڵ نووسینەکانی هولباغ و ڕۆسۆ و هولسیۆس دا ( زۆرترین بەرهەمە ڕەخنەییەکانی دیدرۆ لەماوەی ژیانی خۆیدا بەنەناسراوی مانەوە ) کاریگەرترین هەنگاوی نا لە هەڵتەکاندنی نەریتە فکریە کۆنەکانی مرۆڤی بۆرژوازی نەریتگەرادا و کۆمەڵێك وتەزای زەینی تازەی بونیاد نا ، کە ڕێنیشاندەری ڕەوتی شۆڕشی فەرەنسی بوون .

جیهانبینی و بیروبۆچونە فەلسەفیەکانی ڤۆلتێر دەربارەی جیهان لەبارترو گونجاوتربوون ، بەلاَم پێدەچێت دروست بەم ڕێگەیە بیروباوەڕی ڤۆلتێر و ڕووبەروو بونەوەی لەگەڵ هەلومەرجی واقعی ئەو سەردەمەدا زیاتر چارەسەرکەر و "جەدەلی" بووبێت , گەرچی بیرو بۆچونە توندڕەوەکانی مابلی و ڕۆسۆی لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە و فەلسەفەی ماددە گەرایی دیدرۆ و هولباغ و هولسیۆسی ڕەتدەکردەوە , بەمەش ئاسانتر لەوانیتر ستەمکاری هۆشمەندانەی "فریدریکی گەورە"ی پەسەند دەکرد و تەنانەت زۆر جار هەستی بەوە دەکرد کە دیدگای خۆی لەگەڵ دیدگای فریدریکدا تەباو هاوئاهەنگە , هەرچەندە (

بەوشێوەیە کەلە کتێبەکەیدا بەناوی , خۆش گوزەرانی Lemondain نوسی ) باوەڕی بەبەهەشت ( Paradise ) هەبوو ( ئەم چەمکەشی لەچەمکی بەهەشتی ڕاستەقینەوە گۆڕی بوو بۆ چەمکی پاریسی ئەو رۆژگارە ) سەرباری ئەو شێوازە ڕۆشن و جوان و پاراوەی کە هەیبوو ، بەیەکێك لە سەختترین تێکۆشەرانی ( دژی دەمارگیری) و نەگونجانی مەزهەبی و کلێسای کاسۆلیکی دەژمێردرێت ، بەرهەمەکانی ڤۆلتێر تەنها بەشێکی بچوك لەنوسین ودیدگای ڕۆشنگەری دەخاتە ڕوو , بەلاّم جارێکی تر وەك بەشێکی بنەڕەتی ئەم ململانێیە دەژمێردرێت ، هەم بەهۆی ئەو بەرفراوانیەوە و هەم چۆنیەتی ئەو پایە بەرزیەی بۆ ئەم لایەنەی بزوتنەوەکە یەکێکە لە بەهرەمەندە گرنگەکان .

"ئابووری ناسەکان" یان بە واتایەکی تەواوتر ( فیسیۆکراتەکان ) Physiocrats پەیوەندی داربوون بەباڵی یەکسانخوازەکانی بزوتنەوەکەوە , هاوسۆزیان بۆ بزووتنەوەکە کەمتر بە هۆی ناوەڕۆکی واقعی بیروبۆچونەکانیانەوە بوو , بەهۆی ئەو وتەزا زەینیانەوە کەئەم بیروبۆچونانەیان تێدا نوێ دەبوەوە بەرگریان لە "ستەمکاری" دەکرد ( ئەوناوەی کەئەم گروپە بەحکومەتی پاشایەتی ڕەهای دەبەخشی ) بەلاّم لەبەرامبەر دیدی کۆنگەرای مافی ئیلاهی ( میرنشینەکان ) و ڕێزگرتن لە نەریت و دۆزینەوە , برەویاندا بە "تیۆرەی میرنشینی ڕەها" کە لەسەر بنەمای وتەزا زەینیەکانی عەقلانیەتی ڕۆشنگەری دامەزرابوو ، هەر بەزمانی ئەو وتەزایانە واتایان پێدەبەخشی ، ئەم گروپە لە مێژووی زانستە کۆمەلاّیەتیەکاندا گرنگیەکی زۆریان هەیە ، نەك تەنها لەبەر ئەوەی کەئابووری سیاسیان وەك زانستێکی بابەتی دامەزراندوە ، بەڵکو لەبەرئەوەش کە یەکەمین نموونەی تەواوی ڕێڕەوی



گشتی ئابووریان وەك (خشتەی ئابووری ) داڕشتوە ا ئابووری ناسانی (کلاسیك) سەرمایەداری کە هێشتا بەوجۆرە لەگەڵ پێکهاتی بنەڕەتی تاکگەرایی کاریان دەکرد نەیاندەتوانی لە گرنگی ئەم ڕێڕەوە گشتیە تێبگەن ، ئەم نموونەیە زەینیە لە کتێبی " سەرمایە "ی مارکسدا ، لە بەرهەمی مارکسیەکانی دواترو لەسەردەمی چۆمپیتردا schumpeter ، لەبەرهەمی ئابووری ئاکادیمی بۆرژوازیدا ، دووبارە ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەگێرێتەوە .

بیرو بۆچونی سەرەکی (فسیۆکراتەکان ) ئەوەبوو لە ولاّتێکدا کە سەرمایەداری بەشێوەیەکی گەورەوگرنگ لەبەشی کشتوکاڵیدا دێتەئاراوە نەك پیشەسازی ، بەرزکردنەوەی تەواوی سنوربەندیەکان لە موڵکایەتی تایبەت و سەرهەڵدانی ئابووریەکی تەواو ئازاد , تائەندازەیەك دەرامەتێکی نەتەوەیی فراوانی بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم جۆری سێهەمی دارایی بێتە ئاراوە کە لە دەرامەتدا دەبەخشرێت و دەبێتە سودمەندی خۆراك , هەم چینێکی خاوەن زەوی و دەسەلاّتدار ( مەبەستیان لە خانەدانەکان بوو ) کە ژیانی پابەندبێت بە زیادبوونی کرێ نشینەکانەوە , پاش ئەوە پێکەوە ژیانی سەرمایەدارێکی دەسەلاّتدارو خانەدانێکی بەتونا دەیتوانی بنەمای حکومەتێکی ڕەهای عەقلاّنی دابمەزرێنێت لەڕاستیدا"فسیۆکراتەکان" موی سەری توند ڕەوەکان بوون بەتایبەت مابلی کە ( ئابووری گەرایی ) بەناوی "رۆح " و "فەزیلەت" وە تەواو ناشرینی دەکردن , ئەمەش دووبارە دەرخستنەوەی ڕەوتی فکری "سۆسیالیزمی دواخراو"وە , هەروەها جەختکردنە لەسەر نیازێکی ووردبین لەخستنە ڕووی ( وێکچوەکان ) و بە پەپرەویکردنی ئەو جیاوازیانەی لەم زەمینەیەدان .

ئەوەی تائیێرە باسکرا ، لە ڕاستیدا هەوڵدانێك بوو بۆ بەدەستهێنانی باسێکی سەرەتایی لەمەڕ پێکهاتەی بونیادی ڕۆشنگەری فەرەنسا ، لە ڕاستیدا هەریەك لە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بۆخۆی شیکردنەوەیەکی تایبەت دەربارەی ئاستەکانی بیرکردنەوە لەم بونیادە گشتیەدا دەخاتە ڕوو ، گەرچی لەپشت چوارچێوەی ئەم نوسینەوە باس وخواستی دیارو کراوەی هەریەك لەو شیکردنەوانە بەشێوەی جیاواز ئامادەیە , بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە بڵێین کە دوو بیرمەندی ناسراوی بزوتنەوەکە واتە ڕۆسۆ و دیدرۆ بە بەراوورد لەگەڵ بیرمەندەکانی تردا زیاد لە هەموو شتێکیتر لایەنە نەگەتیڤ و ناکۆکیە ناوەکیەکانی بزوتنەوەکەیان ناسیوە و تێیگەشتون , ڕۆسۆ جەخت لەسەر ئەو گیروگرفتانە دەکات کە پەیوەستن بە کۆمەڵگای سەرمایەداریەوە ، دیدرۆش لەسەر گرفتەکانی خودی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ، ئەمەش ئەو خاڵە ئاشکرادەکات کە چۆن "کانت" و "گۆتە" و "هیگڵ" سەردەستەکانی قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی , بوون بە جێنشینی فەلسەفەی ڕۆشنگەری و لەپێناو ڕۆڵی گرنگی ئەو دووانەدا واتە (ڕۆسۆ و دیدرۆ) باوەڕیان بەگرنگترین بەهاکان هەبوو.

لەڕاستیدا کۆمەڵگای ئامانجگەرا لەڕوانگەی زۆرینەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریەوە بەتایبەت لە کۆمەڵە گروپی هولباخ و هولسیۆس و لە میانڕەوەکانیشدا وەك ڤۆڵتێر , هەر هەمان شێوازی ئامانجگەری سەرمایەداری بوو , دواجار کۆمەڵێك لەم گروپانە , ( بۆنمونە وەك هولباخ) ئەم جۆرە ئارەزوانەی (کۆمەڵگا سەنتەری)یان تائەو شوێنە بردە پێشیٚ کە خۆیان سەر سەختانە دەیانتوانی ئەگەری ناکۆکی و جیاوازی نێوان بەرژەوەندی تایبەتی و چاکەی گشتی بەدەست بهێنین , بەهەر شێوەیەك ڕۆسۆخۆی بەدیدێکی



ڕەخنەییەوە و سەرسەختانە لەو کۆمەڵگایەی دەڕوانی کەلەسەر بنەمای بەرژەوەندیە شەخسیە لێکدژەکان ڕاوەستاوە .

ڕۆسۆ لە دوو بەرهەمی بەپێزیدا بەناوی "گوتار دەربارەی زانستەکان و هونەرەکان" و "گوتار دەربارەی سەرچاوەی نایەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا" بەڵگەگەلێك بەکاردەهێنێت و پشت ئەستور بەو بەڵگانە , ژیانی تەباو بێ گرفتی ئەو مرۆڤانەی کەلە کۆمەڵە مەرجێکی سروشتی و سەربەخۆ ( بەمانایەکی تر کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی قۆناغی شوانکارەیی ) دا دەژین ، بەراورد دەکات لەگەڵ ژیانی ناو کۆمەڵگایەکی هەنوکەییدا کە لەسەر بنەمای چاودێری , ململانێ , ستەمکاری و خۆپەرستی بێ سنور دادەمەزرێت , ئەم حاڵەتە ( بەراوردکردنە )ش — واتە بەو مانایەی کە لەدیدی ئەخلاقی مرۆییەوە پەرەسەندنی کۆمەڵگا , گەشەکردن نیە ، بەڵکو پێچەوانەی ئەو حاڵەتەیە , خودبونێکی چەقبەستوی جیهانبینی ڕۆسۆ پێك دەهێنێت .

ڤۆڵتێرو فەیلەسوفەکانی دیکەی ڕۆشنگەری لەسەرحەق نین کاتێ ڕەخنە لەڕۆسۆ دەگرن , کە خوازیاری گەڕانەوەی کۆمەڵگایە بۆ قۆناغی سەرەتایی ، چونکە ڕۆسۆ زۆربەباشی لەوە بەئاگابوو کە ئەگەری ئەوحاڵەتە شتێکی مەحاڵە ، بەلاّم لەگەڕان و بەدواداچونەکانیدا بۆ بەدەستهێنانی جێگۆڕکێیەك بۆ ئەو وەرچەرخانە نەگەتیفە ، نەیتوانی جۆرە شیکردنەوەیەکی مێژوویی هەڵبژێرێت کە بتوانێت ئەو هێزانە نیشانبدات دژی گەندەڵی کۆمەلاّیەتی کاردەکەن یاخود تاڕادەیەك دەتوانن ڕەوتی مێژوو بەئاڕاستەیەکی شیاو پێشکەوتوتردا بگۆڕن , بەلاّم لە کتێبی "پەیمانی کۆمەلاّیەتی )دا پێناسەی کۆمەڵگای ئامانجگەرا دەکات کە لەسەر بنەمای وتەزا سەرەکیەکانی ڕۆشنگەری واتە "ئازادی , یەکسانی ، گونجاندن "بونیاد نراوە ، ڕۆسۆ پێیوابوو ئەگەری

بەرجەستەبوونی کۆمەڵگایەکی لەوشێوە بەهۆی هێزی ئەخلاقی پەنهانی ناخی مرۆڤەکانەوە بوونی هەیە و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەش لەژێرچاودێری حکومەتێکی چاکەخواز و پەروەردەکاری ڕەوشت بەرزدا دێتەئاراوە.

لەو قۆناغەدا ڕۆسۆش وەك فەیلەسەفەکانیتر دووچاری گرفتێکی چونیەك دەبێت , چونکە کۆمەڵگا دووركەوتوەتەوە لە چاکەکاری(فچیلت) و هەرەسیهێناوە , بۆیە ڕۆسۆ ناتوانێت بڵێت : دەبێت لەچ شوێنێکدا بەدوای پەروەردەکاری چاکەخواز و یاسا ڕاستەقینەکاندا بگەڕێین , بەلاّم لە هەمانکاتدا سەرفرازی ئەو لەوەدایە کە بیروباوەڕە سەرەکیەکانی خۆی لەمەڕ"دیموکراسی" ناچاریانکرد گرنگتر بێت کە بەبێ وەلاّم دەست لەو مەسەلەیە هەڵگرێت , بەلاّم نەك وەکو ڤۆڵتێر و دیدرۆ وەك چاکەکارێك تەماشای"فریدریکی گەورە یان مەلیکە کاترین" بکات بەو ئومێدەی لەناو فەرمانڕەوا ڕەهاگەرەکاندا ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە وەك ئەوان (واتە ڤۆڵتێر و دیدرۆ , وك)

باسکردنی ئەم خاڵەش زۆر گرنگە , کە ئاماژەکردنە بە جیاوازیەکی ئەبستراکتی و تەواو ئەندازەیی کە ڕۆسۆ دەیکات لە نێوان ئەندامانی تەواو "خراپەکار" وخۆپەرستی ئەو کۆمەڵگایە و هاووڵاتیانی "چاکەکار"دا ، واتە ئەو هاووڵاتیانەی کە بەشدارن لەگەڵ ئیرادەی هەمووانـدا و ئامادەن بەتەواوی خۆیان بخەنە خزمەتی کۆمەڵگایەکەوە کە بەندەلەسەر پەیمانی کۆمەلاّیەتی . ئەم جیاوازیکردنە ، وایکرد کە ڕۆسۆ بە بەراوورد لەگەڵ فەیلەسوفەکانی تری ڕۆشنگەریدا ، بتوانێت بەشێوەیەکی ووردتر دابەشبوونی تاکەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بەتاکەکەسی تایبەتمەندی خودگەرای دیاریکراو(معین) لەلایەك و "هاوڵاتی" سەربەخۆ یان دیارینەکراو کە خزمەتی بەرژەوەندیە گشتیەکان



دەکات لەلایەکی ترەوە پۆلێنبکات , ئەم پۆلبەندیە خەسڵەتی دیاریکراوی مرۆڤی هاوچەرخە ، بەلاّم ڕۆسۆ لە چوارچێوەی وتەزاکانی ڕۆشنگەریدا پەرەی بەم جیاوازیەدا , ڕۆسۆ توانی بەراوردێکی کۆنکرێتی لەنێوان دوو ڕۆڵی تاکەکەسدا دیاری بکات ، بەلاّم توانای تێگەیشتنی ئەو گرفتەی نەبوو کەئەم دووانە لەسەریەکتر کاردەکەن و لە ڕاستیشدا دووبەشن _ لەهەمانکاتدا تەواوکەری یەکن و بەیەك ناکۆکن _ لە گشتێکدا یەکەیەکی بابەتی پێکدەهێنن .

تەنها لە قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا کە بە"کانت" دەست پێدەکات ، شیکرنەوەی ڕۆسۆ دەربارەی پەیوەندی نێوان مرۆڤی تایبەتمەند و"هاولاتی" ، بەرژەوەندی تایبەتی و بەرژەوەندی گشتی "خراپەکاری" و "چاکەکاری" , (رژیلت و فچیلت) بۆ یەکەمین جار مەزنی بەدەست دەهێنێت ، گەرچی کانت شێوازی سەربەخۆی ئەم جیاکاریە هەڵدەگرێت , بەلاّم چیتر وەك ڕواڵەتی دوو شێوەی جیاوازی کۆمەڵگا , واتە واقعی و ئامانجگەرا تەماشای ناکات , بەڵکو وەك ناکۆکیەك دەیبینێ کەلە ویژدانی کەسێتی هەرمرۆڤێکدا لە نێوان خواستی دەروونی خۆی و ئەخلاقدا ئامادەیە ، ئەو ڕاستیەی کە ئەم دوو فەیلەسوفە بیروبۆچونی خۆیان لەسەرئەم جیاوازیە کۆنکرێتیە بونیادناوە ، پێدەچێت یەکێك لە بەڵگە سەرەکیەکانی ئەم هەلومەرجە بێت کە چۆن کانت بەچاوی ڕێزەوە تەماشای ڕۆسۆ دەکات .

ئەم ئەرکەش بەپەیمانی بیری دیالێکتێکی دانراوە بۆئەوەی شیکردنەوەیەکی واقعی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگای سەرمایەداری و دەوڵەت ، نێوان مرۆڤی تایبەتمەندو ( هاولاتی ) بەدەست بهێنێت و ئەوەش ئاشکرا بکات کە

گەرچی ئەم دووانە تەواو جیاوازن ، بەڵام لە ڕاستیدا دوولایەنی مەرجداری شێوازێکی تایبەتی کۆمەڵایەتین.

## دیدرۆ

من لەو باوەڕەدام لە مێژووی فکری خۆرئاوادا پێدەچێت دیدرۆش هەروەك ڕۆسۆ _ و بگرە لەویش گرنگتر , پلەوپایەیەکی گرنگی هەبوبێت .—لەبەر ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا , دیدرۆ بەرگریەکی سەرسەخت و بێ چەندوچونی لەیەك بەیەکی بەهاکانی ڕۆشنگەری دەکرد , لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا کە بە کردەوە لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دژایەتی سەرمایەداری و رەخنەگرە تیۆریەکانی سەرمایەداریان دەکرد ، بەڵام سەرباری ئەمە , دیدرۆ چ لە بەرهەمە بچوکە بڵاوکراوەکانیدا و چ لەو بەرهەمە گەورانەیدا کەخۆی دڵنیا و دڵخۆش نەبوو بە بڵاوکردنەوەیان ، نەك تەنها بەهاکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ئایدۆلۆژیاکانی ئەو کۆمەڵگایەی دەخستە ژێرپرسیارەوە ، بەڵکو بەهەمان شێوە بڕێکی زۆر لە وتەزا بنەڕەتیەکانی خودی ڕۆشنگەریشی دەخستە ژێر گومان و نیگای ڕەخنەوە , ئەم جۆرە هەڵویستەش هەلی بۆڕەخساند کە بتوانێت لە هەمانکاتدا هەم ئۆرگانیزەکاری ڕۆحی ڕێنماییکردنی "ئینسکلۆپیدیا"یەك بێت کە بەتەواوی هەڵگری ناوی دیدرۆیە و مرۆڤ بەسەختی دەتوانێت ئەم دووانە دابڕاو لە یەك وێنابکات , هەم یەکێك بێت لە دیارترین وتارنوسەکانی مێژووی بیرکردنەوەی ئەوروپای خۆرئاوا .

ئەڵبەتە پەیوەندیەکی یەکتربڕ لەنێوان ئینسکلۆپیدیا و فۆرم و جۆرە پەیامێکدا هەیە ، لەمە بترازێت بوونی کەسایەتیەکی تری وەك دیدرۆ بێ



وێنەبوو , بەڵام بەو جۆرەی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ناکۆکیەکی تەواو لەناو دڵی ئەم پەیوەندیەدا هەیە ، تائەندازەیەك ئەگەرێکی تەواونیە , لەو شوێنەدا کە دیدرۆ وەك یەکێك لەو سێ چوار وتارنووسە مەزنەی بواری مێژووی ئەدەبی گرنگتر تەماشابکەین و بەشێوەیەکی تاکرەوانە بیرلە وتارێك بکەینەوە دەربارەی هولباخ یان هولسیۆس , ئەوکاتە چۆن دەتوانین جیاوازیەك لەوبارەوە بخەینەڕوو؟

ئینسکلۆپیدیا بەستراوە بە جەوهەری راستەقینەی ڕۆشنگەریەوە , وتارنوسی بۆیەکەم جار وەك بوونی پەیامێکی ڕاستەقینە لەسەرەتای دەرکەوتنی بیری تاکگەراییەوە بە قەڵەمی "میشل دومۆنتنی" دێتەئاراوە ، کەسایەتیەك کە نمونەیەکی بێ وێنەی وتارنوسەکان و خانەدانە گەورەکان و ئەندامی "ئەنجومەنی ڕاوێژکاری" بوو هەموو بەهاکانی جیهانبینی نەریتگەرایی خستەژێر پرسیارەوە , لە کۆتاییەکانی ئەو ڕۆژگارەدا ، کاتێك کە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری بەرەو بیری دیالەکتیکی یەکەمین هەنگاوەکانی دەستپێکرد ، وتارنوسی دیار و کارامەی ئەوسەردەمە "دنی دیدرۆ" ، کوڕی خاوەن کارگەیەکی بچوکی (چەقۆسازی)بوو , توانی بە جیهانبینییەکی سەرمایەداریەوە لەناو ئینسکلۆپیدیادا بانگەشەیەکی گرنگ بۆئەو جیهانبینییە مسۆگەربکات , بەڵام دواتر خۆشی کەوتە گومان و پرسیارکردن لەو جیهانبینییە .

جیاوازی گەورەی نێوان ئینسکلۆپیدیاو وتارنوسی وەك جیاوازی نێوان ئەو زانستەیە کە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە ، ئەو جۆرە پرسیارانەی کە هێشتاو لە ئێستادا زانست توانای وەڵام دانەوەیان نیە , ئینسکلۆپیدیا زیاد لە هەموو شتێکیتر ئۆرگانێکی بە کۆمەڵە و پێویستە ئەو ئەرکەی سەرشانی

جێبەجێبکات تاوەکو کۆمەڵە زانستێکی ئامادە بخاتە بەردەستی خەڵکی و نەوەی داهاتووەوە ، بێگومان هاوڕێیانی ئینسکلۆپیدیاش خۆیان بەرامبەر ئەو گرفتانە بە ئاگابوون کە ئەم زانستە تەنها بەشێکی بچوکە لەو شتەی کە نەوەکانی داهاتو بەپێی ئەوبڕە زانستەی تا هەنوکە کۆکراوەتەوە پەرەی پێدەدەن , وەك چۆن پێشکەوتنی زانستی ئاست و سنورێك ناناسێت . ئاماژەکردنی ڤاگنر لە کتێبی "فاوست" یشدا کە دەڵێت ( هەرچەندە زۆر نازانم , بەڵام خوازیارم هەموو شتێك بزانم ) , تەنها وتەیەکی ناکۆکە parody بەرامبەر دروشمەکانی هاوڕێیانی ئینسکلۆپیدیا ( هەرچەندە دەستەواژەیەکی بێ ویژدانانەش نیە ) کە دەیتوانی بەدەربرینێکی ڕاستر بیگوتایە ( گەرچی شت گەلێك دەزانم ، بەڵام حەزدەکەم زۆر زیاتر بزانم و بەپێی توانا لەو ڕێگەیەوە پێش بکەوم کەتێیدا جێنشینانی ئێمە زیاترلە ئێمە پێشڕەوی بکەن ) شێوەی ڕاستەقینەی چەمکی عەقڵانیانەی زانست ، هەروەك ئەو نمایشکردنە بەناوبانگەی سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەکانی دواتر وایە دەربارەی ئەو مرۆڤە کورتەباڵایانەی کە سواری پشتی مرۆڤە زەبەلاحەکان دەبن و بەهۆی بچوکیانەوە دەتوانن تەنانەت لە دووریشەوە مرۆڤە زەبەلاحەکان ببینن .

بەهەرحاڵ ، ئینسکلۆپیدیستەکان ، ئەو وتەزا سەرەکیانەی کە پێشتر لەم بەشەدا باسمان کردن ، ناوزەدیان دەکەن بە دەستکەوتێکی حاشاهەڵنەگری زەینی مرۆڤ , ئەم وتەزایانەش ، واتە هەستی تاکەکەسی وەك داوەری حەقیقەت ، گشتگیری یاساکان ، ئازادی سروشتی , یەکسانی تەواوی مرۆڤەکان , سروشتی مرۆڤ وەك ژێرخانی موڵکداریەتی تایبەت-- یە , کە دیدرۆ هەموو ئەمانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە .



لێرەدا پێویستە قسەوباسێك دەربارەی پۆلبەندی ئەدەبی وتارنوسی بێتەکایەوە , ئەگەر وتارێك جگەلە پشکنینێکی تیۆری دەربارەی ڕاستی گەلێکی تایبەت شتێکی زیاترنەبێت ، ئەوا لەوحاڵەتەدا وەك فۆرمێکی ئەدەبی ناژمێردرێت و وەك جۆرە وتارێکی فەلسەفی پۆلێندەکرێت , پەیڕەوانی "قوتابخانەی گومانگەرایی" لەسەردەمانێکی زۆر دێرینەوە لەو باوەڕەدا بوون ، کە هێزی گومانگەرای توندڕەو ناتەبایە لەگەڵ خود Self_ contraaictory دا , ئەگەر هارمۆنی بێت ، ئەو کاتە ناتوانێت بانگەشەی ڕاستی بوونی بکات ، ئەگەر بڵێن هیچ شتێك راستەقینە نیە ، ئەوا لەو حاڵەتەشدا ناتوانن تەنانەت بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو وتەیەی ئێوەش ڕاستی تێدایە.

گەرچی کەشفکردن بە شێوەیەکی گشتی جێگەی گومانە ، بەڵام خاڵی بزواندنی ئەو کەشفکرنەش لە جۆرە ئارەزویەکدا شاراوەیە کە زۆردوورە لە گومانگەراییەوە . ئەوەی لای وتارنوس گرنگە ڕەوتی کرداری پشکنینی بنەمای تیۆری حەقیقەتەکان و بەها تایبەتەکان نیە ، بەڵکو لە بەرامبەردا "وتارنوس" سەرقاڵی ئاشکراکردنی خاڵێکە کە پشکنینی خاڵێکی وەها -- هەم لەتوانادایە و هەم پێویستە , لە هەمانکاتدا وەلآمدانەوەشی هەم گرنگە و هەم لەتوانادا نیە ، ئەو بۆ بەدەستهێنانی وەلآمگەلێکی تیۆری دوای کۆمەڵە مەسەلەیەك کەوتوە کە پێویستن لەژیانی مرۆڤدا , بەڵام پێدەچێت لەدیدی ئەو " وتارنووس"دا هیچ جۆرە ناوەرۆکێك بۆ وەلآمدانەوەیان لەئارادا نەبێت , ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە بە شێوازی وتارنوسی ڕەسەنایەتیەکی تایبەت دەبەخشێت .

بەرهەمە ئەدەبییەکان بریتین لە چەند دنیایەکی ئالۆز کە بەهێزی خەیاڵکردنی نوسەر لەسەر بنەمای شتەکان و مرۆڤەکان و مەرجە تایبەتیەکان دروست بوون و دامەزراون , تێکستە فەلسەفیەکان بریتین لە فۆرمە ئەبستراکتەکان و چەمکی جیهانبینیەیە تایبەتەکان ، بەلاّم وتارنوسی هەم کۆنکرێتی و هەم بابەتیە و خاوەنی ماهیەتێکە وەك ماهیەتی فەلسەفە ، هەمان ئەو بزوێنەرەیە بۆ پرسیاری چەمکە تایبەتیەکان کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێرێت لەژیانی مرۆڤدا ، بەلاّم وتارنوسی بە پێچەوانەی زۆربەی فەلسەفەکانەوە نە -- خوازیاری وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانەیە و نە -- توانای ئەوەشی هەیە ، "وتارنوسی"ش هەر وەك ئەدەبیات لە "کۆنسێپت" ێکدا ئەو پرسیارانە ئاراستەناکات ، بەڵکو ئەو مەسەلانە گرێدەدات بە شوێنگەی تاکەکەسێکەوە یان هەلومەرجێکی بابەتیەوە کە هەم لە ئەدەبیات و هەم لە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانە پێکهاتوە ( بەو شێوەیە کە وتارنوسە گەورەکان ئەنجامیدەدەن) لەم ڕووەوە وتاری ڕاستەقینە ڕاگەیەنەری دوو دنیای (جۆراو جۆرە ) و وەك پێویست کۆمیدی و سەرزەنشتکارە ، بەڕوکەش وادێتە پێشچاو کە دەربارەی خەڵك و هەلومەرجە تایبەتیەکان گفتوگۆ دەکات ، بەلاّم ئەم حاڵەتە بەتەواوی وەك شوێن "غەنیمەت" ێکە بۆ ووتارنوس کەتێیدا کۆمەڵە مەسەلەیەکی کۆنکرێتی تەواو بخاتە ڕوو ، دیدرۆ ڕاهاتبوو کە بەهەمان شێوە هەلومەرجە بابەتیەکان وەك زەمینەیەك لەچوارچێوەی ئەو پرسیارانەدا بەکاربهێنێت کەلەخودی خۆیاندا بیری ڕۆشنگەری وەك گرفتێك ئاراستەدەکەن .

وتارە بەناوبانگەکەی دیدرۆ بەناوی"برازایی ڕامۆ" ئەو بەرهەمەیە کەلەماوەی ژیانیدا بلاّوی نەکردەوە ، ئەو بەرهەمە پاش مردنی دیدرۆ لەرێگەی



"گۆتە"وە ئاشکرابوو , گۆتەش بەزمانی ئەڵمانی بلاّوی کردەوە و پاش ئەویش لای هیگڵ لەکتێبی دیاردە گەرایی "فینۆمینۆلۆژیا"دا وەك یەكێك لە وێنەکانی زەین بەکارهێنرابوو.

فەیلەسوف لە قاوەخانەیدا ڕوبەڕوی برایەکی مەزنی مۆسیقاژەن دەبێتەوە کەخاوەنی بەژنوبالاّیەکی بەرزو نامۆ , ئەندامی باریکەلە , پشت ئەستور بە بورژوایەتی سامانداری و بەچاوێکی سوکەوە تەماشای ئەوانیتردەکات و هەستێکی بێبایەخ و لاوازی هەیە بۆئەوانیترو وەك مشەخۆرێك دەژی , هەروەها بێ ڕیاکاری پلەو پایەی خۆی لەکۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنێت , بۆ ئەنجامدانی کارێکی وەهاش لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆیدا تەواوی ڕاستەیە جێگیرەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەخاتە ژێر پرسیارەوە , لەم پرۆسەی ڕاگۆڕینەوەدا . بەزەحمەت دەتوانین ئەوە دیاری بکەین کە حەق لای کامیانە : فەیلەسوف بە -- بەرگریکردن لە "بنەماگشتیەکان"ی سیستمی سەرمایەداری و ئاکارەکانی ، لە هەموو کات زیاتر دووچاری ڕاڕایی دەبێت ، یان ئەو مشەخۆرەی کەلە بەرامبەردا ئەزموونی واقعی خۆی دەربارەی ئاکارەکانی ئەم سیستمە بەرجەستەیە دەخستەکار تاوەکو ئەوە نیشان بدات کە ئەم سیستمە لە ئاستێکی تایبەتدا , لەڕاستیدا بەچ شێوەیەك دەبینرێت , هەروەها ناتەواوی ئەو سیستمە بۆ ئێمە ئاشکرا بکات و تەنانەت لە زۆر ڕووەوە نادروستی تەواوی ئەو ڕاستیانە بسەلمێنێت کە بەڕووکەش جێگیرن .

بۆئەم مەبەستە باشتروایە قسەکانی هیگڵ خۆی بەکاربهێنین ، هەتاوەکو سنورەکانی بیری ڕۆشنگەری و ڕێگەیەك کە تێیدا بۆ ئاستێکی ترانسێندنتاڵ دەگەرێت باشترئاشکرا ببێت .

لەلایەك ئەوەی لەبەردەستماندایە :

ناوەرۆكێكە كە بە هۆی رۆحەوە پێكهاتووە و دەربارەی خۆی دەردەكـەوێت ، ئـەم شـێوازی دەربڕینـە نیـشانەی دێوانـەیی مۆسـیقا ژەنێكـە " شـتێك كـە نزیكەی سی ملیۆدی ، لە ئیتالی ، فەرەنسی ، تراژیدی ، كۆمیـدی , لـە هـەر جۆر و پێكهاتەیەك" تێكەڵاو و ئامێتە كردووە ، سـەرەوخواركردن و ناراسـتی دەركـەوتنی تـەواوی چـەمكەكان و هەقیقەتـەكان ، فریـودانی گـشتی خـودو ئەوانیتر ، دەركـەوتنی بـێ شـەرمی لـە سـەلماندنی ئـەم فریودانـە دا ، لەسـەر هەمان بنەما بەگەورەترین حەقیقەت دەژمێردرێت .

لەلایـەكی تـرەوە , فەیلەسـوف ئـەو ڕۆحـە خۆڕاگرەیـە كەبـە ڕاسـتگۆیی و دڵێكـی پاكـەوە هـەڵگری ئیرادەی چـاكەكاریو حەقیقەتـە ، تـاوەكو ئەوانەلـە هاوئاهەنگی سەدا و یـەكبونی ئـیرادەدا یـەك بخـات ....هـەروەها ئـەم شـێوازە دەربڕینە وەك " شەهوەتێكی بێبنەمای هۆشمەندی و ناهۆشمەندی ، ئاوێتەیـەك لە بەهرەیەكی كارامە و فێڵبازییەكی سـاختە ، پێكهاتەیـەك لـەو ئەندێـشانەی كە هەم دروست و هەم نادروستن" لە پێش چاو دەگرێت.

بەڵام ئەو شێوازە دەربڕینە دەربارەی " ئاگاییەكی سادە و پتـەو لـە ڕاسـتی وچـاكەكاری" ، ناچـار بـە بـەراوورد لەگـەڵ دیدگایـەكی تـردا جۆرێكـە لـە "بەدگوفتاری" ManosYLLabic (چونكە ناتوانێت هاودەنگ و تەبابێت لەگـــەڵ لایەنەكـــەی تـــردا , ئـــەو لایەنـــەیتر كـــە نازانێـــت و دەڵێـــت... بەدگوفتاریەكانیشی "نادروست" و "نەگونجاون" و تائەو ئاسـتە ناعـەقڵانیـە ، بیركردنەوەی ناعەقڵانی لەو ڕووەوە كە كەسێك شـتێك دەڵێـت و بـەلای كەسـی قسەكەرەوە وەك شتێكی تازەو نامۆ ڕەچاودەكرێت كە"تا هەنوكە ئەوە دەزانێت لەبارەی خۆیەوە" .



بەهـەمان شـێوە ئـەمجۆرە وەڵامـە : ( لـەو ڕووەوە كـە چـاكەكاری دەشـێ پەیوەسـت و تێكـەڵ بێـت بـەو شـتەی كـە خراپەیـە و نابێـت بـەهای خـۆی لەدەسـتبدات ، چـونكە یـەكێتی چـاكەكاری لەگـەڵ خراپەكاریـدا مـەرج و پێویـستی ئـەم حاڵەتەیـە و دانـایی سروشـتیش هەرلـەم ڕاسـتیەدا شـاراوەیە ) وەڵامێكی مسۆگەرنیە ، بەڵكو تەنها "كینایە" یەكی بێ نرخە لە بەڵگـەكانی لایەنەكەیتردا , وەك دەڵێت : ( هەر شتێك وەك واتـا چـاكەكارو بنەرەتیەكـەی لەخودی خۆیدا دەبێتـە دژێـك بۆخـۆی ، بەمانایـەكیتر ئـەوەی كـە خراپـە , بـە پێچەوانەوە شتێكی مـەزن و پایەبەرزە ) بەم شێوەیەش ئەوبەڵگانـەی باسـكران ناتوانن وەڵام بە سەلماندنی ئەم مەبەستە بدەنەوە كە (حەقیقـەتی ئەوشـتەی كـە بالایە ، كاتێك وەك ڕاستیەك دەردەكەوێت ، كە بتوانێت نموونەیەك لە بالابوون چ وەك مەسەلەیەكی خەیاڵی و چ وەك چیرۆكێكی ڕاستەقینە بەرجەستەبكات و دواجار ئەوە نیشانبدات و ڕونیبكاتەوە كە تەنها ناوێكی پوچ نیە ).

وەك چـۆن فەیلەسـوفێك كاتێـك ناچـارە بـە پـشتگیریكردنی حاڵـەتێكی نموونەیی ، جەخت لەسەرئەوە دەكات كە ئەو حاڵەتـە بـارودۆخێكی نائاسـاییە , بەدڵنیایەوە ئەفرێنەری شتێكە تەواو تایبەت و تاكەكەسیە ، بێگومـان جـۆرە شتێكە"espece" دەركەوتنەوی بوونێكی چاك و ڕەسەن وەك حیكایەتێكی Anecdote تایبـەت و تاكەكەسـی ، چ خـەیاڵی و چ ڕاسـتەقینە ، تـەم ومـژاویترین شـتێكە كـە دەتـوانین لەبارەیـەوە بڵـێین ، ئەوسـا هیگـڵ ئـەوە نیـشاندەدات كـە دیـدرۆ لـە نوسـینی ئـەو ووتـارەدا ، بـۆ ئـەودیوو دیدگایـەك تێپەڕیوە كە مەبەستی بووە ئەو دیدگایە بەرجەستە بكات .

دیدرۆ لە وتارەكانی تریدا ... بـۆ نموونـە لـە وتـاری "سـەرگەرمی بـاوك و فرزەندەكانی" سودلە "خواستنی" مەسەلە بابەتیە تایبەتیـەكان وەردەگرێـت ،

تاوەکو شێوازی ئەم جۆرە پرسیارانە بخاتە ڕوو : بەوشێوەیە کە خۆبەخۆ یاسایەکی گشتی پێویست و یەکسانخواز بناسرێت ، لەوحاڵەتەدا ئایادەکرێت لە هەنوکەشدا پەیڕەوی لە هەر دۆخێکی تایبەت بکرێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە نیە کە ئەم جۆرە ملکەچ بوونە نایەکسانیەکی زۆر بهێنێتە گۆڕێ ؟ یاسا پێویستە گشتی بێت .

بۆ نموونە ئەوە بوونی حاڵەتێکی ویژدانیە کە نابێت ژن و مێرد سەروەت و سامانی یەکتر بەرن بە"میرات", چونکە ئەم ڕێگیریە تەنها ڕێگەی هاوئاهەنگی بەخشینە بە پەیوەندی هاوسەریەتی ، بەلاّم ئەگەر پیاوێك تەواوی ·سەروەت وسامانەکەی خۆی لەپشت چاودێری ژنە نەخۆشەکەیەوە شاردبێتەوە و پاش مردنی ژنەکەی موڵك و ماڵەکەی بهێنێت تەنانەت ئەوەش کە پەیوەندی بە ژنەکەوە هەبووە ، هیچ کەسێکی تر لەو حاڵەتە ئاگادار نەبێت , ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێت دووبارە پیاوەکە پەیرەوی لە یاسای گشتی بکات و سەروەتەکەی بداتەوە بەکەس و کارە دەوڵەمەندەکەی ژنەکە و خۆی بە هەژاری بژی ؟ یان بەم شێوەیە دەکرێ ئەو پیاوە مافی دیاری کردنی ئەو بڕە سەروەتەی ببێت کە ئەو بەشە جێگەی ئەو سەروەتەی بۆ بگرێتەوە کە پێشتر لەوپەیوەندیەدا هەیبوەو لەدەستی داوە ؟ دیدرۆ باس لەو هاوسەنگیەدەکات لەگەڵ ئەویتردا ، بەلاّم هیچ جۆرە وەلاّمێکی ئەوتۆ ناداتەوە , لەنامەی "دوو دۆستی بۆربۆنی" دا Bourbone وێنەی کەسایەتی دوو مرۆڤ دەکێشێت لەبەرامبەر ئێمەدا , کە لەئاستی پەیوەندیان بە یاساوە دووچاری ڕووبەڕوو بوونەوە و گرفت و کێشمەکێش بوون ، ڕەفتاری ئەم جۆرە کەسایەتیانە لە ئاستی یەکتردا بەتەواو لە عەشق و"خۆشەویستی بۆ ڕەگەزو جۆرەکانی تر" ەوە سەرچاوە دەگرێت , لەوڕووەوە کە هەردووکیان خاوەنی دووسەرچاوەی بەرزو



سەرەکی و ڕەسەنن ، بەلاّم کۆمەڵگا وەك دووتاوانباری بێنرخ مەحکومیان دەکات.

گشتیترین وتاری دیدرۆ بەناونیشانی "Jacques e fataliste" پێکهاتووە لە گفتوگۆیەکی دوورو درێژ لە نێوان ژاکی خزمەتگوزاری دەسەلاّتگەرا لەگەڵ پەروەردەکەرانیدا . ئەمانە دەستدەکەن بەئاڵوگۆڕی سەرگوزشتەی خۆیان لە لێکدانەوە دووروودرێژەکانیاندا , ئێمە هەمیشە گەواهی دەدەین کە چۆن هەلومەرجی واقعی لە بەرامبەر "عەقڵی متعارف" و خۆئامادە کاریدا ئامادەگی هەیە ، چۆن خزمەتگوزار زۆرجار بەشێوەیەکی واقعی پەروەردەکارە و پەروەردەکاریش وابەستەی خزمەتکارە .

دیدرۆ تاکە فەیلەسوفێك بوو کە لەوە تێگەیشت , هەرچەندە ڕەفتاری مرۆڤەکان پێدەچێت لە ژێر کاریگەری مەرجە کۆمەلاّیەتیەکاندا دەست نیشان بکرێن ، بەلاّم لەهەمان کاتدا مەرجە کۆمەلاّیەتیەکانیش بەرهەمی کردەوەکانی خودی مرۆڤن .

لەگەڵ ئەوەشدا کە دیدرۆ بە پەیکەربەندی و بەرجەستەکردنی فەلسەفەی دیالەکتیکی پێشی بە ڕۆسۆ نەگرت (لەڕاستیدا پێش کانت هیچ توخێك لەم جۆرە فەلسەفەیە بەدیناکەین) بەلاّم لە هەموو فەیلەسوفەکانی تر زیاتر لەم بارەیەوە بەئاگابوو کە دنیای کۆمەلاّیەتی تا چ ئەندازەیەك ئاڵۆزە ، بەم پێیە تەواو لە جێگەی خۆیدایە کە نەك تەنها "لسینك" بەڵکو "هیگڵ" و "گۆتە"ش بەیەکێك لە سیما دیارو بەرجەستەکانی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەهەمیان زانیوە .

## ڕۆشنگەری و بیروباوەڕی مەسیحی

لە ڕاستیدا قسەکردن دەربارەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنگەری و مەسیحیەت ، هەم ئاسانە و هەم گرفت ئامێزە , بێگومان ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی کارێکی سادەیە ، چونکە ئێمە لە زەمینەی شیکردنەوەی دیاردە گەرایی – کۆمەڵایەتیدا بەرهەمە درەوشاوەکەی "گروتهوزن"مان لەبەردەستدایە , لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی نوسەر لە نووسینی ئەو بەرهەمەدا بێگومان جگە لەپێشەکیەك بۆ کارێکی مەزنتر شتێکیتر نەبوو , کە بەهۆی مەرگی نووسەرەوە ئەو بەرهەمە بە ناتەواوی مایەوە ، بەڵام نووسەر لەم پێشەکیەدا توانیویەتی ڕاڤەکردنی ئەم ڕووبەڕووبونەوەو کێشمەکێشە تاوەکو خاڵی پێشکەوتن بەردەوامی پێبدات . گرفتی مەسەلەکە لەو ڕاستیەدایە کە بەئاسانی ناتوانێت بەپێی مێژووی کۆمەڵایەتی هەلومەرجی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری لە کامڵبونی جیهانبینی تاکەکەسیەوە دیاری بکات .

من لە توێژینەوەکەی خۆمدا لەبارەی باسکاڵ---- ە وە نووسیومە , کە سێ قۆناغی گرنگ لە مێژووی عەقلانیەتی فەرەنسا بوونیان هەبوە کەهەر یەکەیان ڕۆڵی چۆنایەتیەکی جیاوازی هەبووە دەربارەی بەکارهێنانی کردەی پراکتیکی گریمانەیی Theory هەروەها ئاماژەم بەوە کردووە کە ئەم قۆناغانە بە سنورێك دیاریکراون کە تێیدا هەریەکێك لەو قۆناغانە پەیوەندیەکی دەرکپێکراو لە نێوان بیرکردنەوەی عەقڵی و پراکتیکدا بەرجەستە دەکات. ئەم مەسەلەیە لای دیکارت هیچ کێشەیەکی دروست نەدەکرد : لای دیکارت بیری عەقلانی خۆبەخۆ کردارێکی دروست دێنێتە ئاراوە ، لە ئەنجامدا فەیلەسوف لەبەردەم ئەومەسەلەیەدا تەنها پابەندە بەو هەڵوێستگیریەی خۆیەوە کە عەقڵی خۆی بەدروستی بەکاربهێنێت , ڤالری لەکاتی ڕوودانی یەکێك لە



گەورەترین قەیرانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا شتێکی دەنووسی ، گەشتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی نێوان عەقڵ و کردار "پراکتیك " گرفتێکی گەورەو چارەسەرنەکراوە . بەبڕوای ئەم بیرمەندە ، عەقڵ خاوەنی شوێنگەو پایەیەکی زۆر باڵاو بەرینە ، بەڵام ئەو شوێنگەیە لە ناو دەسەڵاتێکی فکری پەتیدایە و تا ئەندازەیەك هیچ کاریگەریەکی لەسەرجیهانی دەرەکی نیە و مرۆڤی بیرمەند تەنها لەرێگەی شیعرەوە دەتوانێت زاڵبێت بەسەر سمبولە هەستپێکراوەکانی جیهاندا . ڕۆشنگەری لە نێوان ئەم قۆناغانەدا عەقلانیانە ڕوبەرێك داگیردەکات و تایبەتە بە ڕوانگەیەکەوە کە عەقڵ وەك چەکێکی پەرگیر لەململانێی پراکتیکیدا دژی ستەمکاری و خورافەو دەسکەوتەکانی سیستمی کۆنگەراو کەنیسە لە پێش چاودەگرێت , ئەم مەسەلەیە پێویست بەوە دەکات کەڕۆشنگەری بەلانیکەمەوە لە دوو ڕوانگەوە سەرلەنوێ بخوێنرێتەوە تاوەکو بتوانین شوێنگەی دیاریبکەین لە کامڵبوونی فکری خۆرئاوادا .

لەلایەن عەقلانیەت و ئەزموونگەریەوە دوو شێوازی سەرەکی تاکگەرایی هەیەن کە جیهانبینیەکی تەواو ڕاوەستاو بەرجەستەدەکەن ، جیهانبینیەك کە شتێکی ئەوتۆ لە چەمکی گەڕانەوەی مێژوویی نازانێت ، بەم پێیە ئەگەر ئێمە پەیرەوی لە هیگڵ و گۆتە و مارکس بکەین کە مێژوو و کرداری مێژوویی وەك تاکە ناوەرۆکێکی ڕەسەنی ئاگایی مرۆڤ دەدەنە قەڵەم ، لە ڕاستیدا... پێدەچێت ئەوکاتە باوەڕ بەم بیرو بۆچونە بهێنین کە جیهانبینییە تاکەکەسیەکانی ڕۆشنگەری بە تەواوی وێنەیی(صوری) بوون و خاوەنی هیچ جۆرە ناوەڕۆکێکی دروست نەبوون ، ئەوە ئاگایی مێژوویی بووە کە دواجار بەتەنیا خزمەتی بزوتنەوەکەی کردووە , بەڵام لە بەرامبەردا ، ئەگەر ئێمە ئەم راستیە لە

پێشچاو بگرین کە ململانێ دژی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنوکەو دەستکەوتە لە ناوچوەکانیان و لە وەش گرنگتر دژایەتیکردنی کڵێسا کردەیەکە بەرەو ئاستیی باڵاتر و پرۆسەیەکی مێژوویی ڕاستەقینەیە ، ئەوا لەوە تێ دەگەین کە تەنانەت ئەگەر بزووتنەوەی ڕۆشنگەری هیچ کاتێك ئایدیایەکی دیالەکتیکی بەدەست نەهێناوە دەربارەی سروشتی خۆی ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دیدگای تاکگەرایی ڕۆشنگەری سەرباری هەموو سنوورداریەتیەکانی , خۆبەخۆ وەك هێزێکی ناوەکی لەجەوهەردا بەهرەمەند بوو.

وەك چۆن باس لەوەکراوە کە جیهانبینی تاکگەرایانە لەم ڕۆژگارەی ئێمەشدا بە زیندویی و پایەداری دەمێنێتەوە , ئەگەر ئێمە ئەو بنەمایە بەم شێوەیەی خوارەوە پەسەندبکەین کە : دیدگایی تاکەکەسی تەنیا لە کۆمەڵە مەرجێکی مێژووی دیاریکراودا جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی بەدەستدەهێنێت , ئەمەش دەبێتە وردەکاریەکی زیاترو وەك حەقیقەتیش دەژمێردرێت , بەوشێوەیە کەلە سەدەی هەژدەهەمدا خاوەنی ئاستێکی گرنگ و مەزن بوو ، کەچی هێشتا لە ڕۆژگاری ئێمەدا هەرباوەڕێکی بەها بنەرەتیەکانی ( واتە ئازادی , یەکسانی ، گونجاندن ) بکەونە مەترسیەوە و بتوانێت بەرگریان لێبکات ، دەبێتەوە خاوەنی جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، هەرکاتێك ئەم بەهایانە حاکم بن لەناو کۆمەڵگادا و ڕاستەوخۆ نەکەونە بەردەم هیچ جۆرە هەڕەشەیەکی سەختەوە ، ئەوا لەوحاڵەتەدا تاکگەرایی خوازیاری ئەوە دەبێت کە بگەرێتەوە بۆ دۆخە تەواو وێنەییەکەی(صوری)خۆی و توانای خۆی لەدەستدەدات بۆ مانا بەخشین بەژیانی مرۆڤ .



ئێمە لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ هەردوو ئەو بارودۆخە خاوەنی چەندین نمونەین ، دۆخی یەکەم دەوڵەتە سۆسیالیستەکانە ، ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایانەی کە تێیدا بەهاکانی تاك لەبەردەم مەترسیدان ، دۆخی دووهەمیش کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانە کە لەو کۆمەڵگایانەشدا ئەو جۆرە بەهایانە هەرچی زیاتر بەشێوەیەکی وێنەیی و ڕووت و خاڵی لە ناوەڕۆك دێنە پێش چاو .

هەمیشە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی ململانێی ڕۆشنگەری لەگەڵ کڵێسادا پێویستە ئەوەمان لە بیرنەچێت کە هێرشەکانی ڕۆشنگەری بۆسەر بیروباوەڕی مەسیحی لە ڕاستیدا هێرشکردن نەبوو دژی ئاینی بەرلە بۆرژوازیەت ، ئاینێك کە کڵێسا پڕشکۆکان ژێرپێیان دەخست و جەنگەکانیان (جەنگی خاچپەرستی) بەرپادەکرد ، جەنگی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری دژی ئاینێك بوو کەلە جولەی ئەو پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتیەدا جەوهەری خۆی لەدەست دابوو کە گەشەی تاکگەرایی بەهێزدەکرد ، چۆن ئەم بیرو باوەڕە وەك ڕۆشنگەری ، پێکهاتەی بونیادێکی زۆر هاوشێوەی دەست خۆی خستبوو ، ئەم ڕووداوە ئەگەر ڕیتمی لۆژیکی خۆی دەبڕی ، ئەوکات ئەو بیرو باوەرە لاواز--بوووە دواجار دەیتوانی بە جۆرە خودا ناسیەك ، خودا گەراییەکی سروشتی یان تەنانەت بە ناخودا ناسی کۆتایی بێت ، بەڵام لەو شوێنەدا کەبیرکردنەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی فێرکارانە نەبوە ، ئەوا لە ئەنجامدا ئەم ڕەوتە خورافەت و دەمارگیری هێناوەتە ئاراوە ، بەو جۆرەی کە هیگڵ پەی پێبرد ، ئەم حاڵەتە ئاراستەیەکی مێژوویی پێویستی بۆ ڕۆشنگەری دەستەبەرکرد لەو هێرشە ڕەخنەییەی خۆیدا دژیخورافەت ، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت ، کە بیروباوەڕی مەسیحی هەرچەندە لاوازکراویش بوبێت ، بەڵام جارێکی تر تەنانەت لەسەدەی هەژدەهەمدا جەوهەرێکی دیاریکراوی بە کۆمەڵێك کردار و

ئەندێشەی مرۆیی بەخشی و لە هەمانکاتدا سەلماندیی کە ئەو جەوهەرو ناوەڕۆکە پێویستە . ئەمەش ئەو پێویست بوونەیە کە فەیلەسوفە جەدەلی و ئایدیالیستە ئەڵمانیەکانی ناچارکرد ئەرکێکی سەرەکی لە دۆزینەوەی سیستمێکی تەواو متمانە پێکراو وەك جێنشینی تاکگەرایی لە ئەستۆ بگرن .

من دووبارە لە دوابەشی ئەم وتارەدا ، لەم مەسەلەیە دەدوێم تاوەکو ئەوە نیشانبدەم کە ئەو هەوڵدانە تا چ ئەندازەیەك لە کامەرانیەوە نزیك بووە .

پێشتر هەرلەم کتێبەدا ، تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی شیکردنەوەی هیگڵ--مان دەربارەی ڕۆشنگەری لە کتێبی : دیاردەگەراییدا خستە بەرباس و ئەوەمان نیشان دا کە ئەم شیکرنەوەیە خۆی بەتەنها ڕاگەیەنەری ئەو حاڵەتەیە کە دیاریکردنی شوێنگەی ڕاپەرینی ڕۆشنگەری لە مێژووی بیرکردنەوەکاندا تا چ ئەندازەیەك گرفت ئامێزە ، پێدەچێت (لە هەندێك ڕووەوە سەلێنراوە) ئەم بزوتنەوەیە وەك قۆناغێك لە گەشەی جیهانبینی تاکگەرایی نامێژوویی تەماشا بکەین , بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەم بزوتنەوەیە بەهۆی جەنگ و ململانێی حاشاهەڵنەگری دژی سیستمی کۆنی دەسکەوتە شەخسیەکان و کڵێسا ، بە سەرەتایەك بزانین لە ئاگایی مرۆڤ دەربارەی خۆی وەك فاکتەرێکی چالاك لە دامەزراندنی کۆمەڵگای مرۆیی و گۆرانکاریەکانیدا بەشدارە لە پێناوی ئازاد بوون لە کۆت و بەندی تەواوی هێزە میتافیزیکیەکان ، لە هەمان کاتدا ، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ هێڵی فکری ئەو بیرمەندانەی کە بە دیکارت دەست پێدەکات و لە ڕێگەی ڤۆلتێرو پێدەچێت لە هولباخەوە بە والری بگات , کە لەڕاستیدا بەرامبەربە دیدگای تراژیدی باسکاڵ و سیستمە جەدەلیەکانی کانت و هیگڵ دەوەستێت , ئەڵبەتە کاردانەوەیەکی تریش هەیە



کە سەرەتای بیری نا--تراسیندنتاڵ (غیراستعلای) هەنوکە لە بیرکردنەوەی کەسانێکی وەك دیکارت و ڤۆڵتێرو دیدرۆدا دەبینێت و دەیەوێت لە ڕێگەی قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیەوە گەشەبکات .

## کڵێساو کۆمەڵگەی عەقڵانی

بەرهەمە بەناوبانگەکەی گروتهۆزن کە باسکرا ، گەرچی تەنها بەشی یەکەمی تەواو بوو لەگەڵ ئەوەشدا , دەبێتە خوێندنەوەیەکی پرشنگداری مێژووی — کۆمەلاّیەتی دەربارەی هەلومەرجەکانی ڕۆشنگەری لەگەڵ کڵێسای ئەو ڕۆژگارە . ئەم بەرهەمە زیاد لە هەموو شتێك پەیوەندیدارە بە بابەتی ئەم وتارەوە ، چونکە لەسەر ناکۆکی بەرهەمێکی تر کە دەربارەی ململانێی نێوان عەقلاّنیەت و ئاین نوسراوە (بۆ نموونە کتێبەکەی پۆل هازارد ) ئەم بەرهەمە بەباسکردنی کێشمەکێشەکانی دژبە کلّسای ڕۆشنگەری بەناوی ( موحاکەمەی کڵێسا ) وە خۆی سنوردار ناکات , پێدەچێت گروتهوزن ئەو مەبەستەی هەبووبێت کە ناوەرۆکی ئەم باسە تایبەت بکات بەبەشی دواتری بەرهەمەکەیەوە ، لە هەموو لایەنێکەوە , ئەو گوتارە هاوچەرخەکان و هەموو جۆرە ئەدەبیاتێکی تری "گوتاری" یان بەرگریکاری (دفاعی) بەکاردەهێنا ، تاوەکو لەم رێگەیەوە پێکهاتە گشتیەکان و نوێ بونیادی زەینی بیری سەرمایەداری بخاتە ڕوو ، بەو شێوەیە ، ئەو نیشانیدەدات کە ئەو بونیادانە نەك تەنها هێرشەکانی دژە مەسیحی ، بەڵکو بیرکردنەوەو ڕێچکە نووسیی بەرگریکەرانی مەسیحیەتیشیان خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە ، لە ئەنجامدا -- بە دەرلە ژانسینیستەکان jansenists کە لەگەڵ

ڕەتکردنەوەی دنیای نوێی ئەو ڕۆژگارەو تەواوی بونیادە زەینیەکانی کە وابەستەو ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆژگارەبوون , بە توندی پەیڕەویان لە نەریتی ئۆگەستینی دەکرد --- ئەتوانین بڵێین کە قسەو باسی نێوان کڵێساو ڕۆشنگەری لە زۆر ڕووەوە بە دیدگا هاوبەشەکان ڕێنمایی دەکرا ، یان بەواتایەکی تر ئەو قسەوباسە بوو کە بونیادی وتەزا زەینیەکانی ڕۆشنگەری دارشت ، پەسەند کردنی ئەوقسە و باسانە ، خۆبەخۆ ئەنجامی ئەو ململانێیەی بەتەواوی بەرەو پێشبرد

بیرو باوەڕی ترادسیۆنی مەسیحی کە بەمیراتی سەدە دێرینەکان دەژمێردرا ، لە کۆمەڵگایەکدا گەشەی کرد کە ئۆرگانەکانی بە ئاشکرا عەقلانی بوو بوون , ئەو کۆمەڵگایە بەند بوو لەسەر کۆمەڵێ هەلومەرجی چۆنایەتی تایبەت کە تێیدا باوەڕی مەسیحیەتی ڕۆڵێکی تەواو سەرەکی هەبوو لە دیاریکردنی پلەو پایەی مرۆڤەکاندا لە ژینگەی سروشتی و کۆمەلآیەتیاندا .

لەلایەکی ترەوە لەسەدەی هەژدەدا ، کێشمەکێشی نێوان کڵێسا و ڕۆشنگەری ، ئەو کۆمەڵە مەرجە مێژوویەی بردۆتە پێشێ ، کە تێیدا گرنگترین گروپی کۆمەلآیەتی , واتە چینی ناوەند ، بەئاراستەی ئەقلآنیکردنی بەشێکی گەورەی ژیانی خۆیوو ئۆرگانیزەکردنی ئەو گروپە وەرچەرخا لەسەر بنەمای مۆدێلێکی تەندروست ، لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا , هاولآتی.. چیتر پلەو پایەی کۆمەلآیەتی خۆی بە دەستکەوتی مەرحەمەت و دەسەلآتی خودایی نەدەزانی ، بەڵکو ئەو دۆخەی ( ئەو بارودۆخە کۆمەلآیەتیەی کەتێیدا دەژی , و, ك ) بە بەرئەنجامی ڕەفتاری conduct خۆی لە قەڵەم دەدا ، کردەوەکانیشی چ ڕاست و سودمەند بوونایە یاخود بێ سودو بێ سەمەر, بەلآم ئەم کردەوانە



تائەندازەیەك لەڕووی ئەخلاقیەوە لە هەلومەرجە ئابووریەکاندا بۆ ڕاوێژکردن لەسەر بنەمای پێوەرەکانی چاکەو خراپە بێلایەن و کەنارگیربوون .

لەسەدەکانی ناوەراستدا ، دەکرا دەربارەی نرخە "یەکسانی خوازەکان" و "نا یەکسانی خوازەکان" قسەو باس بکرێت ، بەلآم لەسەدەی هەژدەهەمدا تەنها بەتەواوی ئەو نرخانە -- دروست یاخود نادروست -- ڕەچاودەکران کە جێگەی لێپرسینەوە بوون , نرخی دروست , نرخێك بوو کە جیاوازی نێوان خەرجکردن و نرخی فرۆشتنی بەجێگیری دیاریدەکرد بە شێوازێك کە زۆرترین قازانج بەرهەم بهێنرێت ، نرخی نادروستیش نرخێك بوو کەلە دابینکردنی زۆرترین قازانجدا دڵخۆش نەبێت .

لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریدا , ئەم جۆرە ڕەفتارە عەقلآنیە ، لەناو کۆمەڵگادا گرنگترین پلەو پایەی بەدەستهێنا و ململانێی نێوان ئیمان و عەقڵی بەواتایەکی تەواو بنەڕەتی و جیاوازتر لەو شێوازە بانگەشەکردنەی سەدەی سیانزەهەم یاخود کۆتایی سەدەکانی ناوەند پێشدەخست , لەو ڕۆژگارە سەرەتاییانەدا ، بابەتی سەرەکی دەربارەی پەرەسەندن وگەشەکردنی شارە نوێکان و دەسکەوتێك وەك هەڵگری تێڕامان و کرداری عەقلآنی لە گشت بوارەکانی ژیاندا پشت ئەستور بوو بە ئیمان , بەلآم لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەو بەشەی کەلە ناو ژیانی سەرمایەداریدا لەژێر دەسەلآتی بیرکردنەوە و کرداری عەقلآنیدا بوو ، ئەوەندە گەشەی کردبوو کە ماهیەتی مەسەلەکەی تەواو گۆڕیبوو , هەنوکە چیتر مەسەلەیەك بەناوی دیاریکردنی پایەی عەقڵ لە ژیاندا کە پشت ئەستوربێت بە ئیمان لە گۆڕێدا نەبوو ، بەڵکو زیاتر ئەو مەسەلە لە ئارادابوو کەلە دیدی هاوولآتیەکی چینی ناوەندەوە خودای مەسیحی و مەسیحیەت بەگشتی دەیتوانی چ واتایەکی هەبێت , چ جۆرە

ئیمانێك دەیتوانی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا بگونجێت . لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە خۆی زەمینەیەکی فکری و کۆمەڵایەتی تازەی بۆ ململانێی ڕۆشنگەری لەگەڵ کڵێسادا بونیاد دەنا , ئەو ململانێیەی کە هازارد بە "موحاکەمەی کڵێسا " ناوزەدیکرد , پێویست بەوتن ناکات کە بەرگریکەرانی کڵێسا ناچاربوون ئەم بارودۆخە جدی وەربگرن و بەگشتی وەك ڕاستیەك پەسەندی بکەن کە نەیدەتوانی چاوپۆشی لە جەنگ و ململانێ بکات .

لەیەکێك لە پەرەگرافە بەناوبانگەکانی دیدرۆدا ( ئەندێشە فەلسەفیەکان pensees philosophiquse ، بەشی شانزەهەم ) ئەم پرسیارو وەڵامە دەخوێنینەوە کە جێگەی تێڕامانە : " کاتێك لە کەسێکیان پرسی ئایا بێباوەڕی "ملحد" ێکی ڕاستەقینە بوونی هەیە ؟، وەڵامەکەی ئەمە بوو :" ئایا ئێوە مەسیحیەکی ڕاستەقینە دەناسن ؟", بەبێ سەرنجدان لە بیروباوەڕە تایبەتەکانی تاکەکەسێك ئەوەی پێویستە ئەوەیە , کە ئەگەر ئەو کەسە بیەوێت لەسەدەی هەژدە یاخود لەکۆمەڵگای نوێ تێبگات ، پێویستە سەرنجی ئەو خاڵەبدات کە ئەم قسانەی دیدرۆ گاڵتەجاڕی نیە بەڵکو شیکردنەوەیەکی تەواو ڕاستە و جەوهەری ڕاستەقینەی ئەو شیکردنەوەیە لەگەڵ گەشەی دواتری کۆمەڵگای خۆرئاواییدا متمانەیەکی بەردەوامی بەدەستهێناوە . ئەم حاڵەتە ئەوە دەسەلێنێ کە گەشەی سەرمایەداری نەك تەنها بۆ یەکەم جار لە مێژوودا چینێکی هێناوەتە ئاراوە کە یەکسەر ئیمانی خۆی دۆڕاندوە ، بەڵکو زیاد لەوەش چینێکە کە ڕەفتارو بیرکردنەوەی هەرچەند ئاوێتە بێت بەبیرو باوەڕی وێنەیی بەڵام لە ناوەندی ڕەخنەیدا هەر لە بنەڕەتەوە بێ باوەڕەو بەتەواوی نامۆیە بە وتەزای پیرۆزکردن.



باسکاڵ ناکۆك بوو بەم وەرچەرخانەی دوایی , لە پەرەگرافێکی بەناوبانگیدا , ژیانی مرۆڤی لە پەیوەندیەکانیدا بە بوون و نەبوونی خوداوە , وەك "مەرجی هەڵهاتنێکی مەحاڵ لەو پەیوەندیانە" پێناسە کرد ، لەڕاستیدا مەبەستی ئەوە بوو کە کرداری هەرمرۆڤێك لە پێکهاتە دەرونیەکەیدا ، بە سەرنجدانی ئەو ڕاستیە دیاریدەکرێت کە ئایا (ئەو مرۆڤە , و, ك) وەك پەیامێکی "مومکین" تەماشای ئیرادەی خودایی کردوە , یاخود هەرگیز وەك توانایەك باوەڕی بە ئیرادەی خودا نەبووە .

لە بیرکردنەوەی ئادەمیزادی کۆمەڵگا دێرینەکاندا ( ڕەوتێکی فکری کە لەسەدەی هەژدەهەمدا باڵادەست بوو بەسەر تێڕوانینی لادێ نشینەکان و کرێکاراندا واتە"هەمووان بەگشتی",) هێزی دەستێوەردانی خودا — وەك ڕەحمەتی پەروەردگار لەم جیهانەدا و سزاو پاداشت لەو دنیادا ، یاخود بەزەیی و نەفرەتی خودا وەك فاکتەرێك لە کردەوەی هەر مرۆڤێك و هەر ڕووداوێکدا تەواو ئاسایی بوو , لەم ڕووەوە ئەم فاکتەرە بونیادی دەروونناسی بیروباوەڕی نەریتگەرای پێکدەهێنا.

لەسەدەی هەژدەهەمدا ، قەڵەمڕەوی ئابووری نوێ و ڕوڵە کامڵبونی ژیانی سەرمایەداری , لەگەڵ ئەم چۆنایەتیەدا دیاریدەکرا , کە پێدەچێت بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤدا ، بەشێکی گرنگ لە چالاکیەکانی چینێك کە کاروبارە کۆمەڵایەتیەکانی لە ئاستی گەشەکردندا بوو ، بەمانا باسکاڵیەکەی مەرجدار بوو بە نەبوونی چەمکی میتافیزیکاوە , ژیانی ئابووری سەرمایەداری کەلەڕاستیدا — یان تا ئەندازەیەك لە ئارەزووەکانیدا-- سەربەخۆ لە ڕووی ئەخلاقیەوە بێ لایەن بوو , تەنها بە پێوەرە دەروونیەکانی کامەرانی یاخود شکست دەچوو بەڕێوە و سەربەخۆ بوو لە پێوەرە ئەخلاقیەکانی "چاکە" یان

"خراپە " و سەربەخۆ بوو لە پێوەرە ئاینیەکانی هەستی "خۆشنودی خودا" یان " گوناهکاری "(٩) .

لەو شوێنەدا کە ڕەوتی مێژووی – کۆمەڵایەتی خاوەنی ئاڵۆزیەکی لە ڕادەبەدەرە , کەواتە تەواو گوناهێکی گەورەیە کە ئەو قۆناغی گەشەکردنە بە قۆناغێك بزانین کە تێیدا سەرمایەداری بیرو باوەڕی یەکپارچەی خۆی لە دەست دا و ململانێی تەواوی دژی سیستمی فکری نەگۆڕی بیرو باوەڕی مەسیحی دەست پێکرد .

بەو شێوەیەی پێشوو کە باسمانکرد , لەلایەك مەسیحیەت خۆی لە پرۆسەی ئەم ڕەوتە فکری وکۆمەڵایەتیەدا گۆڕانی بەسەردا هاتبوو ، لەلایەکی ترەوە تەنها بەشێکی بچوك لە سەرمایەداری کەرەستەی ڕاگەیاندنی جیهانبینیەکی نوێی لە چوارچێوەیەکی گونجاوی لۆژیکیدا بەدەستهێنا , ئەم حاڵەتەش تەنها لە قۆناغی کۆتاییدا و پێش دەرکەوتنی ئەوترسە کۆمەڵایەتیە تازەیە هاتە پێشێ کە ئەنجامەکەی ڕاپەڕینی سەرتاسەری شۆڕشی فەرەنسی بوو .

بەڵام دوای ئەوە ، لەبەرئەوەی سەرمایەداری بە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیخۆی گەیشت , کلێسای وەك " بەربەستی کۆمەڵایەتی " سودبەخش پێناسەکرد .

بەو جۆرە ، بونیادی سۆسیۆلۆگیای ڕۆشنگەری بریتیبوو لە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی گرنگ , کە پێویست بوو بۆ گەشەکردنی بونیادە زەینیەکانی دژبە کلێسا , لەم ڕووەوە گۆڕانێکی بونیادی لە بیروو باوەڕی مەسیحی هاوکات لەگەڵ فۆرمە ڕواڵەتیە کۆنەکانیدا هێنایە ئاراوە ، ئەم وەرچەرخانە نەك تەنها تایبەتمەندیەکی سەدەی هەژدەیە ، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر



نیشاندانی تایبەتمەندی کۆمەڵگای خۆرئاواییە لەسەردەمی ئێمەدا: بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو وێناکردنە ، پێدەچێت سودمەندتربێت بەوشێوەیە هەندێك لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی ئەو ڕەوتە بخەینەڕوو , یاخود بەو جۆرەی کەلە دنیای ئەمڕۆدا بەردەوام بوون لەگەشەکردنی خۆیان.

یەکەمین گۆڕانکاری حاشاهەڵنەگر لەبیروباوەڕی مەسیحیدا , بریتییە لەو گۆڕانکاریەی کە "گروتهوزن" بە (لەدەست چوونی ڕۆژگاری هێزو حوکمڕانی ) کلێسا ناوزەدیکردووە ، چەمکی ئیرادەی لەزەمینەی سەرەکی ژیانی سەرمایەداری و تەماشاکردنی بۆ جیهان فەرامۆشکرا , ئەم چەمکە نەك تەنها لەژیانی ئابووری ئەودا , بەڵکو بەهەمان شێوە لەو وێناکردنەشیدا دەربارەی دنیایەك کە بەهۆی یاساگشتی و نەگۆڕەکانی سروشتەوە بەڕێوەدەچوو کرایە دەرەوە , خەڵکانێکی زۆر ئەو واتایەشیان دەربارەی "میکانیزم" ی کۆمەڵایەتی لە بۆچونەکانیان کردە دەرەوە , لە کاتێکدا کەهەرلە سەرەتای تێکەیشتنیان لەو واتایە تا هەنوکەش لەگەڵ ئەو چەمکانەدا دەرکەوتبون کە هاوشێوەی ڕەوتە سروشتیەکان بوون .

ئەم وەلاخستنە بوو بە مایەی ئەوەی کە زۆربەی , سونەت و نەریتەکان , لەگەڵ ئەو چەمکە زەینیانەی کەلەهەناوی ئەوانەدا پەردەپۆشکرابوون ، لەتێڕوانینێکی تازەدا بۆ جیهان بەگشتی واتای باوەڕپێکراوی خۆیان لەدەست بدەن, ئەم نەریت و سونەتانە بە بوونی خواستی ئیرادە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا دەبووژانەوە ، بەڵام لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەکاندا ئەم ڕەوتە فکریە لە چوارچێوەی ژیانی گوندنشین و کرێکارەکاندا نەپوکایەوە و بەگشتی لە چوارچێوەی خورافەدا مایەوە و لە ناکۆکیەکی بێ ئەنجامدا لەگەڵ باوەڕی (پەتی و مادی) بۆرژوازیدا مایەوە ، ئەم حاڵەتە بووبە هۆی دابەش بوونی

مرۆڤەکان بەسەر دووگروپدا " خەڵکانی نەزان " و "چینی خاوەن کلتور " ( ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە سەرمایەدارە گەورەکان gentry )ە ئەم دابەشبوونە یەکێکە لە چۆنایەتیە زۆر تایبەتەکانی ڕۆشنگەری .

دروست ئەم بارودۆخە تەنانەت شێوازە سنوردارەکەی ئاینیشی لە چوارچێوەی گەشەکرنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا کردەدەرەوە و بووبەمایەی لەدەستدانی دەسەڵاتەکەشی , ئاین گۆرا بۆ جۆرێك لە " بانگەشەی ڕفتار"ی کە هێشتا کاریگەری هەبوو لەسەر ژیانی خێزانی و هەندێك پەیوەندی تری کۆمەڵایەتی ، بەڵام هیچ جۆرە تواناو کاریگەریەکی نەبوو لەسەر چالاکیە زۆر گرنگەکانی تاکەکەس .

بەم شێوەیە "لەدەستدانی دەسەڵات"ی ئاین ، لەگەڵ خۆیدا گۆرانکاریەکی بنەڕەتی لە چۆنایەتی ناوەرۆکیدا هێنایە ئاراوە ، گروتهوزن لەپەیوەندیەکانیدا بەم بابەتەوە لەوە ڕادەمێنێت لە هەمانکاتدا باوەڕبوون بە ئیمانی مەسیحیەت هەرگیز هەڵگری وەرگرتنێکی ڕاستەوخۆ و ئاگایەکی تەواوی پایەکانی باوەڕ نەبووە , بەڵام کۆمەڵە بیروباوەڕێکی ڕاستەوخۆی ڕاگەیەنرا و لە ڕابردوودا ، ڕوکاری ناوەرۆکێکی جەوهەری زۆر بەرفراوانتری بیروباوەڕ بوە ، بەڵام ئەگەر لەسەردەمەکانی ڕابردوودا بابەتی دەرکەوتنی باوەڕ کە جێگەی وەرگرتنێکی گشتیتر بوو ، کێشەیەکی ئەوتۆی دروست نەدەکرد ، لەسەدەی هەژدەدا ئەمە خۆی مەسەلەیەك بوو ، مەسیحی بوون , چیتر پەیرەوکردنی تەواوی ئەو بیروباوەڕە گەندەڵە جێگیرو باوەڕپێکراوانە نەبوو کە کڵێسا بانگەشەی بۆ دەکردن ، کڵێسا ئەندامیەتی تاکەکەسی تەنها پەیوەست دەکرد بە پەیرەویکردن لەو بەشەی دەرکەوتە و پایەکانی ئیمان کە خودی تاکەکەس ڕاستەوخۆ بە ڕەسمی دەیناسی .



پێشتر ، تاکەکەس بێ باوەڕبوو لە ئاست تاکەکەسی دا ، بەڵام باوەڕێکی دەستە جەمعی هەبوو . بە پێی ئەوەی کە ، گومانگەرایی گۆرا بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، باوەڕ خوازیاری ئەوە بوو ببێت بەمەسەلەیەکی "تاکەکەسی" ئەم مەسەلەیە چیتر بریتی نەبوو لەوەی کە "ئێمە باوەڕدارین" بەڵکو مەسەلەکە گۆڕابوو بە وتەزای "من باوەڕدارم" ئەم (من)ە بۆرژوای خاوەن کلتوربوو کە خوازیاری ئاینی ماتریاڵ و "عەقڵانی"بوو .

لە هەموو حاڵەتێکدا ، ئەم وەرچەرخانە دابەشبوونێکی لە نێوان زەمینە ئاینی و نا ئاینیەکانی ژیاندا هێنایە ئاراوە . لە ڕابردوودا , ژیانی ڕۆژانە لە ژێرکاریگەری دیدگا ئاینیەکان و پێکهاتە زەینیەکاندا بوو ، بەڵام هەنوکە جۆرە ژیانێکی ئابووری گەشەی کردبوو , کە خەسڵەتی بەرجەستەی ئەو جۆرە ژیانەش بریتی بوو لە ماهیەتە مادی و " ناڕۆحانی بوو "وەکەی.

چالاکی ئابووری " ڕۆڵێك " گرنگتر لە سنوری سەرقاڵکاریەکی بەرفراوان لە ژیانی ڕۆژانەی سەرمایەدارێکدا دەگێڕێت ، لە ڕاستیدا ئەم چالاکیە سنوری تێپەڕاند و فراوانتر لەو دیوو سنورەکانی خۆیەوە پەرەی سەندوە و کۆمەڵە چالاکیەکی بێ شوماری تری ژیانی ڕۆژانە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە ، سەرئەنجام , قەڵەمڕەوی ئاین لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەسدا دەبێتە بەشێکی تایبەت و سنوردار .

پێکهاتنی ئیمان و ژیانی ڕۆژانە و ئاوێزان بوونیان لەگەڵ یەکدا , بەشێوەیەکی بەرین چینی بورژوازیان پەلکێش دەکرد بەرەو کۆنەپەرستی و خورافیات ، لایەنگیری ئەوانەش شانبەشانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی تازە گەشەی کردبوو , بەڵام ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە نەریتی پێشووی ئومێدبەستن

بە میهرەبانی و ترس لە هێزە میتافیزیکیەکان لەناو چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانەدا ناجۆرو نایەکسان بکات .

ئەگەرێکی زۆرهەیە : کە ئەم "مەسەلە" یە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی گۆڕانی مێژوویی ، هەتاکو ئەمڕۆش لەوە ناچێت بتوانرێ لەوبارەوە وەلامێکی پۆزەتیف بەم پرسیارەی دیدرۆ بدرێتەوە کە : ئایا مەسیحیەکی ڕاستەقینە بوونی هەیە ؟

بەڵگەی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کەلە ڕاستیدا پرسیارێکی وەها دێتەپێشێ کە لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا , مرۆڤێك دەتوانێت لە ژیانی ئابووری و کارکردنی ڕۆژانەیدا مەسیحی بێت و بەلام لە ڕاستیدا مرۆڤێکی نارۆحانی بێت ؟.

تەنها ئەوەندە بەسە کە چالاکیەکانی بازرگانێك یاخود خاوەن کارگەیەك بخەینە بەر باس ولێکۆڵینەوە تاوەکو بزانین وەلامی ئەو پرسیارە دەبێت چی بێت , بێگومان کەسێکی وەها دەتوانێت بە سادەو ساکاری بژی و تەنانەت دەتوانێ دەستبەرداری چێژو هەواو هەوەسەکانی بێت و تەواوی سەروەت و سامانەکەی بەکلێسا و هەژارەکان ببەخشێت ، بەلاّم ئەوەی ئەو بە ئەنجامەکەی ناڕازیە ، گوزەرانی ژیانیەتی لە ڕێگەی "مەسیحی بوون" یان "گوناهباربوون" ەوە --- چ "ئەخلاقی" و چ "نائەخلاقی".

ژیانی ئابووری نارۆحانیە و لە ئەنجامدا ڕاستەوخۆ بە وتەزای "دروست" و "نادروست" هەروەها "مەسیحی" و "نامەسیحی"ناسازە (١٠), بەلکو وتەزا بنەڕەتیەکانی ئەو جۆرە ژیانە تەنها "کامەرانی" و "شکست"ە .

ئەلبەتە دەکرێت بە شێوەیەکی کاتی بەهۆی بوونی ئەو بەهایانەوە دامرکێت کەلەبەردەم چرکە ساتی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی خوو و نەریتەکانە ,



بەلاّم ژیانی ئابووری , ئەم جۆرە "بەها گرنگانە" ، لە یەکەمین دەرکەوتن و ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ دەسکەوتی ئابووریدا ، فرێدەداتە دەرەوە .

ئەم مەسەلەیە ، جەخت لەسەر بەڵگەکانی گروتهوزن دەکات کە بورژوا ئەو مەیلەی هەیە تاوەکو هەموو بیروباوەڕەکانی بە "تێگەیشتن" ەوە بخاتە ڕوو , بەلاّم پێویستی ڕەچاوکردنی بڕیارە تایبەت و وردبینەکانی ئەو بیروباوەڕە زیادتر لەپێشترەوە ڕەچاو نەکات ، بەم پێیە بورژوا چیتر وەك کۆمەڵگای ئاینی خۆی سەیری کلێسا ناکات و بەو شێوەیەش بیرناکاتەوە کە قەشە هۆکارێك بێت لە نێوان ئەو و خودادا ، بەڵکو قەشە و کلێسا دەگۆڕێن بە ڕێکخراوێك کەتەنها وابەستەن بەبەرگریکردن لە بیروباوەڕی ئاینی ، ئەم ڕێکخراوەش خۆی دەکاتە پراکتیزەی هەڵسەنگاندنەکانی تاکی بورژوا , یان دەتوانێت بەشێوەیەك پەیوەست بێت بە پەسەندکردنی بنەماکانیەوە وەك جۆرێك لە حەقیقەت , یان پێدەچێت بەتەواوی بیرلەوە بکاتەوە کە ئەندامیەتی ئەو تاکە بەگشتی لەم ڕێکخراوەدا سود بەو کۆمەڵگایە دەگەیەنێت ، ئەو تاکەکەسە دەتوانێت پەیوەندی بەو ڕێکخراوەوە بکات بەبێ ئەوەی وەك پێویست خاڵ بەخاڵی بنەماکانی یاخود ڕێنماییەکانی پەسەند بکات .

بەلاّم خاڵێکی سەرەکی هەیە کە دەبێتە مایەی ئەوەی بورژوای عەقلانی لەئاستی پەسەندکردنی بیروباوەڕی کلێسادا خۆی ڕابگرێت هەڵگری هەمووئاستەکانی بێت ، ئەم بنەمایەش گوناهێکی سروشتی(فگری) مرۆڤە ، ئەم بنەمایە لەسەر جۆرە دیدێکی ناعەقلانی ڕاوەستاوە دەربارەی ژیان و کۆمەڵگای مرۆیی ، بەلاّم ژیانی بورژوا لە ئاستێکی بەرفراواندا عەقلانی بووە ، چیتر بورژوا خۆی بە قەدیس -- یك یاخود گوناهکارێك نازانێت بەڵکو وەك مرۆڤێك لەخۆی ڕادەمێنێ کە دەشێ بەشێکی کردەوەکانی جێگەی

خۆشنودی بن لایخودا و کردەوەکانی دیکەشی مایەی گوناهباری بن ، بەهەمان شێوە گروتهوزن-- یش لە یەکێك لە ناونیشانی بابەتەکانی ناوکتێبەکەیدا دەڵێت : چەمکی "گوناهکار" جێگەی چەمکی "گوناه" ی گرتۆتەوە .

لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین مرۆڤی سەردەمی ڕۆشنگەری لەسەر بنەمای وتەزا گشتیەکانی زەینیخۆی , واتە "یەکسانی ، ئازادی , ڕێزگرتنی ئەخلاقی لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ ", خودای کلێسا هەڵدەسەنگێنێت , ئەم خودایە دادەنرێت بە دەسەڵاتێك , کەتەنها بەکۆمەڵە ڕۆحێکی هەڵبژاردەی کەم مافی بەشداربوون لە "تەوفیقی ئیلاهی" دەبەخشێت , تاکەکانی تر دەخاتە بەرنەفرەتێکی ئەبەدیەوە ، ئەم خودایەی کلێسا توانای هەموو کارێکی هەیە ، بەڵام جیهانێکی خوڵقاندوە کە تێیدا مرۆڤەکان هەموویان ناتوانن شاد و چاکەخوازبن , ئەو خودایەی کەلە "دیدی ئۆگەستین"ەوە مافی خۆپاراستنی لە گوناه بە زۆربەی مرۆڤەکان ڕەوا نەبینیوە و لە هەمانکاتدا وەك خودای خۆشەویستی وێناکراوە ، بەڵام بێوێنە سەبرو توانای بۆ گوناهکردن بە ملیۆنەها کەس بەخشیوە ، تەواوی سروشتیە کە ئەو خودایەی کلێسا بەو شێوەیەی میرنشینێکی ستەمکار وێنای دەکات تەنها دەیتوانی خورافات بخولقێنێ , لە ڕاستیدا خودای کلێسا نەیدەتوانی هیچ سیمایەکی هاوبەشی هەبێت لەگەڵ خودای ڕاستەقینەی ئاینی ڕۆشنگەری و مادیگەرای سروشتیدا .

قسەکردن دەربارەی زاتی خودا ، بەباشی پەیوەندی نزیکی نێوان بیری یەسوعیەکان Jesuits و لایەنگرەکانیان-- کەدیدگای خۆیان هاوئاهەنگ کردبوو لەگەڵ کۆمەڵگای نوێدا -- بیرکردنەوەیەك بەرجەستەدەکات دژی مەسیحیەتی ڕۆشنگەری ، لە کاتێکدا کە "ژانسنیستەکان" بەرگریان دەکرد



لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئۆگستین دەربارەی خودا وەك سیمای دەسەڵاتێکی ڕەها کە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوە و پەیوەندی مرۆڤیش بەو دەسەڵاتە خودایەوە تەنها دەبێت لەسەربنەمای تەسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان کامڵ بێت ، لەبەرامبەردا یەسوعیەکان ئەوەیان دەخستەڕوو , کە ئەو جۆرە تێگەیشتنە دەربارەی خودا لە ڕاستیدا بەخشینی ماهیەتێکی ستەمکارانەیە بە خودا کە ناکۆك و دژە عەقڵ دەردەکەوت ، ئەمەش هەمان ئەو ڕەتکردنەوەیە کە فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەهەم باوەڕیان پێی هەبوو و دژایەتی هەموو چەمکێکی خودای کلێسایان دەکرد .

دوو پەرەگرافی گرنگ لە ئەدەبیاتی ئەو ڕۆژگارە بەئەندازەیەکی تەواو پێویست ئەم خاڵە ڕوندەکەنەوە ، یەکەمین پەرەگراف لە کتێبەکەی گروتهوزن-- دایە ( هەمان کتێب ، ب١، ل١٤ تا ١٤٣ ) کە باسی وتاری یەسوعیەك دەکات دژی وێناکردنی خودای ژانسنیستەکان .

ئەم خودا وێناکراوە ، خودایەکە نەپیرۆزە و نە بەخشندەیە ... بەڵکو کەسێکە جگە لە ستەمکارێکی توڕەو بێ بەزەیی ناتوانێت شتێکی تربێت ، کەسێك.. کە شایستەی زۆرترین نەفرەتە ، سەرباری ئەمەش ئەمە ئەو خودایەیە کە ژانسنیستەکان بە جەختکردنێکی زۆرەوە لەسەر"فەرمانی ئیلاهی", پێمان دەڵێن : دەبێت ئەو خودایەمان خۆشبوێت .... بەڵام ئێمە چۆن ئاوا دەتوانین خودای ئەوانمان خۆشبوێت , لە ڕاستیدا چۆن دەتوانین خودایەکمان خۆشبوێت کە "کۆزنێل" Quesnel لەڕیزی دەستەیەکدا وێنایدەکات کە بەشێوەیەکی ترسناك دەردەکەون و بە لێپرسینەوەیەکیتەواو لەسەر من سزاو نەفرەتی سازدەکات ، پاش ئەم هەموو گفتوگۆ دڵگیرە ، ئاشکرا دەبێت ئەو خودایەی کە ئاشق بوونی چاکەکاری "فچیلت" یەکی

تەواوە ، کۆزنێل ڕێگری لەو ترسە دەکات کە ئێمە لەو خودایە هەمانە ، چونکە لە چاوی کۆزنێل خۆیەوە ئەوە ستەمکاریە کە کۆمەڵە فەرمانێکی نادروست دەسەپێنێت و بەوانەش دانامرکێت , سەرەڕای ئەوەی تەواوی ئەوکەسانە بە ناشیرینی و بێ ویژدانترین شێوە سزادەدات کەئەو فەرمانانە جێبەجێ ناکەن ، وەرن ئەگەر بۆ یەکجاریش بووە با ڕاستگۆبین و بزانین ، ئایا ڕاستە دەکرێت عەشقمان بۆ ئەو جۆرە خودایە هەبێت؟.

هاوشێوەی ئەم چەشنە هەڵوێستە بۆچونێکیتر لەکتێبی "ئەندێشە فەلسەفیەکان" ی دیدرۆدا هەیە , نوسراوی ڕۆژگارێکە کە هێشتا خودا لەبەردەم باوەڕێکی گومانکاردا بوو :

کام قریشکە ! کام شین و زاری و نیگەرانی ! کێ ئەم جەستە ناسکانەی لەم کونجە تاریکەدا دیل کردوە؟ ئەم هەمووە ، ئەم بەدبەختانە ، چ گوناهکارێك بوون ؟ هەندێك بە بەرد سەرسنگی خۆیان دەکوتن ، هەندێك بە مێخی ئاسنین جەستەی خۆیان هەلاهەلا دەکەن ، چاوەکانیشیان پڕاوپڕە لە غەم و مەرگ و نیگەرانی , چ کەسێك مەحکومیکردوون بەم ئەشکەنجە و سزایە ؟, خودایێکەو ئەمانە سەرپێچیان لە فەرمانەکانی کردووە ... بەلاّم ئەمە چ جۆرە خودایەکە؟ ، ئایا خودای چاکەو ڕەحمەت دەتوانێت چێژلە نغرۆبوونی وەرگرێت لەناو ئەو هەموو فرمێسکانەدا ؟ ئایا ئەم وەحشەت و دڕندەییە سوکایەتی نیە بە ڕەحمەتی خودا ؟ ئەمانە ئەگەر ئەو تاوانبارانە بوون کە لەسەرخووی دڕندانەی ستەمکاری دەسوتان , ئەی لەمەزیاتر دەیانتوانی چ کارێکیتر بکەن ؟



# (هاوپێچی حەوتەم)

بە پێی ئەم بەڵگانە ، بەهانەی حاشاهەڵنەگری کلێسا واتە بەهانەی مەرگ ، گرنگی خۆی لەبەرامبەری مرۆڤی بورژوادا لە دەستدەدات ، بەهانەیەك کە فەلسەفەی بوونگەرایی ( اگزستانسیالیزم ) هاوچەرخ لە چوارچێوەی سروشتی خۆیدا دووبارە زیندوی کردۆتەوە ، ئەم تێزەش چەمکی خودای سونەتی دەگۆڕێت بۆچەمکێکی تەواو جیاواز ، واتە چەمکی "سەعات سازی دادوەر و باش" کە دەزگای سەرسوڕهێنەری ئەم جیهانەی ئەفراندوە ، خودایەك کەبە یەکسانی سۆزوبەزەیی هەیە بۆ هەموو مرۆڤەکان و ئازادیان پێدەبەخشێت لە گوناهکردن و خۆپاراستن لەگوناه , تەنها بە هۆی ڕەفتای ئەو گوناهکارانەوە کە تەوبە ناکەن سزای داناوەو لەسەریان جێبەجێ دەکات ، ئەو مرۆڤەی کەبە ئەندازەیەکی زۆر ژیانی ئارەزوومەندانە نەبووە و تەوبەی کردووە لەگوناهەکانی ، چیتر مردن لەلای شتێکی سەیر و ترسناك نیەو بێباکە بەرامبەر بەمردن .

ئەم جۆرە ڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ترس لەمردن هەرچی زیاد و زیاترە حاڵەتی فۆبیای تاکەکەس دروست بکات ، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی کە بەتەواوی خۆیان لە کلێسا ڕزگارکردووە ، مەرگێکی بێ ترس و ئارام بە شایستە ترین کۆتایی ژیانێکی دلێرانەو جدی دەزانن ، بەلاّم ئەو بۆرژوایەك کە هێشتا هەروەکو مەسیحیەك ماوەتەوە ، بە شێوەیەك ئامانجی خۆی وێنادەکات کە پەیوەندی کاروکردەوەکانی لەگەڵ خودا بەشێوەیەك ئەنجامبدات کە "مەرگێکی مەسیحی"یانە بمرێت , لە گوناهەکانی تەوبە بکات ، دواهەمین

چرکەساتەکانی خودایی قەبوڵ بکات ، هەرچی زیاترە حیسابەکانی یەکسان جێبەجێبکات و لە فشاری ئارەزووەکانیدا بێتە دەرێ .

لێرەدا هەڵهاتنی کۆتایی وەك پێویست دەردەکەوێت , ئەگەر پێمانوابێت پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە نێوان تاکگەرایی و ئاوابونی ترس لە مەرگ بوونی هەیە , یاخود بە پێچەوانەوە , دەرکەوتنی تازەی ئەم ترسە وەك گەڕانەوەیەك بۆ مەسیحیەتی تاکگەرای سونەتی پێشین تەماشا بکەین ئەوا کەوتوینەتە هەڵەوە , لە هەمانکاتدا ئەگەر تاکگەرایی وەك ئایدۆلۆژیای چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ بمایە , هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا , بێ ئارامی گشتی بە تایبەت ترس لە مەرگ , ئەگەر بتوانین وابڵێین – تەنها جیگایەکی سادەی بچوکی لە بیری تیۆریسینی بۆرژوادا داگیر کرد , بەڵام لە قەیرانی گەورەی کۆمەڵگای تاکگەرادا - دروست ساڵەکانی نێوان ١٩١٤ و ١٩٤٥ لە خۆدەگرت ،کە دواتر لەمبارەوە زیاتر دەدوێین , باوەڕبوون بە بەڕێوەبردنێکی دروست و لۆژیکی جیهان و کۆمەڵگای مرۆیی تێکشکابوو و مەسەلەی مەرگ ، گرنگیەکی بنەڕەتی بەردەوام و پەرەسەندووی داگیرکرد , چ لەزەمینەی کۆمەڵایەتی و چ لە زەمینەی ئەزمونی تاکەکەسیدا , ئەم مەسەلەیە شتێکی تەواو نامۆ جیاواز بوو لەگەڵ ترسان لە مەرگ لەسەدەکانی ناوەراستی مەسیحی و سەدەکانی پێشووتردا ، لەوە بەدواوە مەرگ وەك ئەو چرکەساتە وەردەگیرا ، کە خاوەنی بالاترین ئاستی گرنگیپێدان بوو لەپێناو حاڵەتی دەروونی تاکەکەسدا وەك هەڵگری هەموو ڕزگاریەك ، لە کارەساتی "قەیرانی کۆمەڵگای تاکگەرا"دا , تاکەکەس وەك خاڵی دەستپێکردن دەژمێردرا بەو شێوەی کەلە سەدەی هەژدەهەمدا تەماشادەکرا ، بەڵام ژیان و کرداری تاکەکەسی مرۆڤەکان ، لای خۆیان بوو بەمەسەلەیەك پێویست بوو ئاراستە



بکرێت و ئەو بەهایانەش کە ئەم توخمانەیان لەسەردروست دەبوون خرابوونە ژێر پرسیارەوە ، چیتر هەنوکە...مەرگ وەك کۆتایی ژیانی تاکەکەسی تەماشانەدەکرا , بەڵکو وەك ویرانەی ئەو بەهایانەی کە تەواو لەسەر بنەمای ژیانی تاکەکەسی پێکهاتبوون , لە ناکاو وەك واقعێکی سامناك و حاشاهەڵنەگر دەردەکەوت .

ئەم "پێشهاتە" دەبووە مایەی دەرکەوتنی شێوازێکی زەینی لە دیدگای تاکگەراییدا بەرامبەر بە ژیان ، کە بەند بوو لەسەر چەمکەکانی "بێ باوەڕی" و "بەدگومانی" و "هەڵوێست" , دواجار نزیکبوونەوەشی لەگەڵ شێوە زەینیەکانی خودا نەناسی و مەسیحیدا , زیاتربوو لە نزیکبوونەوەی هەریەکێك لەو (چەمکانەی سەرەوە باسکران, و- ك) لەگەڵ دیدگای مەسیحیەتی سەدەکانی رابوردودا .

خاڵێکی گرنگترلە شیکاری "گروتهوزن"دا هەیە کە زۆر پێویستە باسیبکەین ، تیۆرەکەی گروتهوزن لەهەمانکاتدا گوزارشتی لەسەرئەوەی کە وتەزا گونجاوەکان لە جیهانبینینی نوێدا (وتەزاکانی وەك , خودا , گوناه , ژیان و مەرگ) زۆر جیاوازبوو لەگەڵ ئەو وتەزا سونەتیانەدا کە بەهەمانشێوە لە ژێرئەم جۆرە ناونیشانانەدان , لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دیدی ڕاستەقینەی کلێسا دەربارەی کۆمەڵگا , بە شێوەیەکی بەربلاو ناچاری هەلومەرجێك بوو کە مرۆڤی بۆرژوا بجوڵێنێ بۆئەوەی بەشداری چالاکیە ئابوریەکانی دنیای نوێ بکات , تەنانەت ئەگەر هیچ پەیوەندیەکیشی بە شێوازی ژیان و ئەخلاقی ئەوجۆرە مرۆڤەوە نەبێت.

دیدگای کلێسای سونەتی دەربارەی کۆمەڵگا ، پشت ئەستوربوو بە دابەشبونی مرۆڤەکان بەسەر گروپی "دەوڵەمەند" و "هەژار" و "خانەدان" و

"خەڵکانی تر" دا , ئەم چەمکانە کۆمەڵێك وتەزان پەیوەستن بە کۆمەڵگایەکی نەریتگەراوە کە تێیدا چەمکی بەرهەمهێنان ، بە فاکتەرێکی سەرەکی دەژمێردرێت لە دیاریکردنی پێگەی کۆمەلآیەتی مرۆڤەکاندا , سەروەتی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە ، بەدەستهێنانی لێپرسراوێتی و پەیمان ، مەترسیەکی گەورە بوو بۆ تاکی مەسیحی ، کەسایەتی دەوڵەمەندو دەسەلآتداری کۆمەڵگا زیاد لە خەڵکانیتر لە سەکۆی دڵەڕاوکێی دەسەلآت و چێژوەرگرتن ئامادەبوو و ئەرکێکی مەترسیداری گرتە ئەستۆ بۆ جێگای خۆقایمکردنی لە بەرامبەر ئەوانیتردا , سەرباری ئەمەش ، پلەوپایەیەك کە خواوەند لەپێناو ژیانی زەمینی لە کۆمەڵگادا بەوانی بەخشیبوو ، هەڵگری هەستی لێپرسراوێتی بەرامبەر بە هەمەجۆری مرۆڤ و ئەرکی کۆمەککردنیشیان بوو ، هاوکاریکردن و کۆمەك بەخشین یەکێك بوو لە گرنگترین دەرکەوتەکانی سیمای ئەم جۆرە کۆمەککردنە و ئەنجامدانی ئەم کارەش بۆ ڕزگاربوونی رۆح گەلێك پێویست بوو .

ئەوانەش وەکو بێنەواکان ، بە شێوەیەکی ئێجگارگرنگ پابەندی ئەوەبوون کە بۆئەوەی بەرگەی "بەدبەختیەکان"ی خۆیان بگرن ناچار بەناوی "ئەزموونی ئیلاهی"یەوە وەك دڵخۆشی ملکەچیان دەبوون و لەپێناوی ئەوەی وەباوەڕیان بەبێگەردی دڵ و دەروون و ڕۆشنایی باوەڕ هەبێت وەك ڕێگای دڵنیابوون بۆ گەیشتن بە بەهەشت .

بەلآم ئەم جۆرە تێڕوانینە لە کۆمەڵگا ، چیتر لای بۆرژوای سەدەی هەژدەهەم مانایەکی نەبوو ، چونکە ئەم جۆرە مرۆڤە سەروەت و سامان و ئاسایشی لەسەروی هەموو شتێکیترەوە وەك بەرهەمی ژیانێکی چالاکانە و خوشنود دەبینی و هەژاری و ناکامیشی بەگشتی بە--بەرهەمی کالفامی و



تەمبەڵی دەزانی , دەستگرۆیی و یارمەتی بەخشین بەو شێوەی کەلە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەنجام دەدرا ، بە ئەندازەیەکی زۆر دەبووە مایەی کەمبونەوەی "میراتی" خێزانی ، لەو ڕۆژگارەدا و لە دیدی بۆرژواوە مانایەك نەبوو جگە لە بێبەشکردن (محروم)ی فەرزەندەکانیخۆی لەو سەروەتە و چاوپۆشی لە تواناکانی پێشکەوتنی داهاتووی ئەو ژیانەی ئەم مرۆڤە ئێجگار رووناك و بە نرخ تەماشایدەکرد , ئەمەش هەمووی لە پێناوی کۆمەککردنی ئەو کەسانەدا بوو کەلە دیدی بۆرژواوە کەمتر لەو نازونیعمەتەی خاوەنی بوون خۆیان ماندوکردووە و ژیانیشیان بێگەرد نەبووە لە عەیبە و ڕەخنە ، پێدەچێت هەژاری چیتر بە شێوەیەکی گشتی وەك گوناهێك تەماشانەکرابێت و وەك مەرجی خۆشنودی خوداش ڕەچاونەکرابێت . ئەم حالەتە کۆمەکی دەکات لە شیکردنەوەی ئەو کێشمەکێشانەدا کە دەرئەنجامی لایەنگیری کلێسا بوون لە مەسەلەی بازرگانی و پیشەسازی و بەتایبەت حکومی یاساغکردنی کتێبی پیرۆز دەربارەی قازانجی خراپ ، لە بیرو بۆچونی نەریتگەرای ڕابوردوودا بەرهەمی قازانج و سەروەت وەك کردەیەکی خۆپەرستانەو ناجۆر لەگەڵ خێری گشتی و بەرژەوەندی ئەوانیتردا لە قەڵەم دەدرا . ئەم جۆرە ژیانە بەشێوەیەکی تەواو عەیار parexcellaance نامەسیحی بوو ، سەرەتای کۆمەڵگای تاکگەرایی بۆرژوا ، بونیادێکی زەینی تەواو ناکۆکی تازەی – سازگارکردنی بەرژەوەندی تایبەتی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا – هێنایە ئاراوە ، کە دواتر تایبەتمەندیەکی سەرەکی ڕۆشنگەری و هەروەها ئابووری ناسانی کلاسیك بوو(١١)

بازرگانێك یاخود خاوەن کارگەیەك کەلە ڕوو ی ئابوریەوە چالاك بوو – بەدەر لە هەندێ گوناهی تایبەت – بەتەواوی دەیزانی کە نەك تەنها دوای

ژیانێکی بێ غەلوغەش و شەرافەتمەندانە کەوتوە ، بەڵکو هەستێکی واشی هەبوو کەبە دەوڵەمەندتربوون و بەرزبونی پلەو پایەی خۆی ، کارێکی سودبەخش ئەنجام دەدات و بەئەندازەی سودبەخشیەکانی خۆی , خزمەتی بەرژەوەندیە گشتیەکانیش دەکات .

لەدیدی ئەو جۆرە بازرگانەوە ، ئەو شارانەی کە ئابوریان پێشکەوتوتر بوو ، ئەو شارانە بوون کە ژیان لەوێ باشترو خۆشبەختانەتر بووە ، هەروەها لە ڕاستیدا مرۆڤی سەردەمی نوێ خۆشبەختتر بووە لە مرۆڤی سەرەتایی و بێ ژیار .

ئەم مەسەلەیە تێگەیشتنی ململانێی ئاسانترەکرد دژی یاساغکردنی قازانجی ناڕەوا ، ئەو قەرزەی کە چارەسەری سونەتی بە چاکەکاری و دروست دەینرخاند و کتێبی پیرۆزیش هەموو نیازێکی سودوەرگرتن لەو حاڵەتەی یاساغ کردبوو ، لەڕاستیدا بریتی بوو لە بڕە پارەیەك کە پێویست بوو بۆ کەسێك خەرج بکرێت کەلە ئەنجامی نەخۆشیەك یاخود ڕووداوێکی خراپدا لەو ڕۆژگارە سەختەی خۆیدا ڕووبەڕووی بووەتەوە ، بەمەبەستی کۆمەککردن بەوکەسەش هاوکاریکردنی بوو لە تەواوی ئەو ماوە سەختەی سەرەتاکانی دەورانی ئاگابوونەوەی , داواکاری و تەقەلای سود وەرگرتن لەو قەرزە بەواتای دەسکەوتی مرۆڤێك بوو بۆسود و بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆی .

لە کۆمەڵگای نوێی سەدەی هەژدەهەمدا ، قەرزدان وەك مەسەلەیەکی تەواو جیاواز دەژمێردرا ، قەرزدانی پارە بۆ خەرجکردن , بە قەرزدانی لایەنی سەرمایە گوزاری لە حاڵەتی بەرهەم هێناندا گۆڕانی بەسەردا هاتبوو ، ئەم حاڵەتە بووبە هۆی ئەوەی کە قەرز بۆ بژێوی , لە ئابوریدا وەك فاکتەرێك لەقەڵەم بدرێت ، لەم حاڵەتەدا چیتر بە شێوەی قەرزدان پارە نەدەدرا بە



خەڵکانی بێچارەو هەژار بەمەبەستی دەستگیرۆیی و کۆمەککردنیان لە کاتی ناڕەحەتیدا ، بەڵکو دەدرا بە خەڵکانی دەوڵەمەند بۆ سود وەرگرتن لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و سەرمایەگوزاری لە پیشەسازیدا ، تەنانەت زۆرجار ئەو خەڵکانەی بەئەندازەیەکی کەم دەوڵەمەند بوون ، لەڕێگەی جۆرە واستەیەکی تازەوە یاخود بانق وەك ناوبژیکەرێك ، قەرزیان دەدا بە خەڵکی دەوڵەمەند و لە ڕێگەی بەشداریکردنی ئەوقەرزەوە بەشێك دەرامەتیان بەدەستدەهێنا ، ئەم حاڵەتە حوکمی قەدەغەکردنی نەریتی مەسیحی , بەئاشکرا دژی کۆمەلاّیەتی دەربارەی سود وەرگرتن لە کۆمەڵگای نوێ بەشێوەیەکی بێمانا دەخستەڕوو .

تەواوی ئەم بارودۆخە ، بریتیەلە نیشاندانی ئەوکۆمەڵە گرفتەی کە مرۆڤی تاکگەرا لە کۆمەڵگای نوێدا و لە ڕەوتی هەوڵدانەکانیدا ڕوبەڕویان دەبووەوە لەپێناوی گونجاندنی ژیانی خۆی بە وتەزاکانی مەسیحیەتی سونەتی و ڕێکخستنی ئەو جۆرە بنەمایانەش لەگەڵ جیهانبینی خۆی وەك ڕێنماییکردنی بیرکردنەوەو رەفتارەکانی .

ڕەنگە مایەی نیگەرانی بێت کە کلێسا ئەو هێرشانەی بەرزترکردووەتەوە کە لەم قۆناغەدا لە ژێرناوی "مەحاکەمەی کلێسا" دا ئاراستەدەکران و توانیویەتی دەسەلاّتی ڕۆحانی خۆی لە کۆمەڵگای خۆرئاوایدا تاوەکو ئەمڕۆ بپارێزێت ، بێ گومان ئەم ناڕەزاییە تا ئەندازەیەك ڕاستی تێدایە ، بەلاّم لە ڕاستیدا مەسیحیەت تەنها بەم بیانوە توانیویەتی بمێنێتەوە ، کە بیرو باوەڕی مەسیحی گۆڕانکاری بەسەرخۆیدا هێناوەو لەگەڵ گەشەی "پیرۆزی داماڵین"ی دەسەلاّتدار بەسەر ژیانی ئەمرۆدا , سازگارو گونجاو بووە ، لە هەمان کاتدا بیری بۆرژوازیش سەدەی قارەمانیەتی و وەرچەرخانیخستۆتەلاوە و خۆی لەبەردەم ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵە مەسەلەیەکی جۆراوجۆردا بینیوەتەوە ,

که به ئەزموونکردن , ئاین دەتوانێت له چارەسەری ئەو مەسەلانەدا سودمەندبێت , بەلاّم ئەم مەسەلانە تەواو تایبەتن به قسەکردن دەربارەی "سەدەی قارەمانێتی" واته جەنگ و ململانێی ڕۆشنگەری تایبەته به دژایەتی کلێسا ، که دەکەونه دەرەوەی ئەم بەشه لەم کتێبەدا .

## بزوتنەوە و مەسیحیەت

گەرچی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری دەربارەی برێکی زۆر له بابەتەکان دیدی جۆراو جۆریان هەبوو , که کۆی بیرو بۆچونەکانیان ئاینیشی دەگرتەوە ، هەموویان یەکسان بوون له ڕووبەڕوو بوونەوەی کلێسادا ، بەلاّم هەمویان لەڕێگەی کارکردنیانەوە به ناوی عەقڵی تاکەکەس و بەهانه بنەرەتیەکانی ئازادی و یەکسانی مرۆڤ و گونجاندن و عەدالەتەوە کلێسایان وەك گشتێك پەلکێشکردە بەردەم دادگایکردنەوە .

فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری , هەرناوێك که دەکرا بیسەپێنن بەسەرخۆیاندا ، چ خودا نەناسی ، خودناسی سروشتی یان تەنها خودناسی , مەسەلەیەکی وەهاش که هەر ئاینێکی تایبەت , دەبوایه وەك باوەڕێکی حەقیقی وەربگیرێت و مافی ئەوەی بەخۆیداوە که بانگەشەی باڵبوون بەسەر ئاینەکانی تردا بسەپێنێت , وەك کردارێك دەیانبینی لەدەرەوەی عەقڵ ، لەم میانەدا برێکی زۆر لەو فەیلەسوفانه که هێشتا خودا نەناس نەبوون ، یان هەر نەبووبوون به خودا نەناس , نیازی ئەوەیان هەبووە که ئاینێکی "حەقیقی" پێویسته بەئاشکرا ئاینێکی ڕاستەقینه بێت بۆ تەواوی مرۆڤەکان ، دواجارنابێت دەست بۆ ئەو وانانه بەرین کەپشت به پشکنین و کانگانی ئەو دیو عەقڵ ببەستن ، بەو



پێیه ئەم وانانه نابێت دژی بیرو بۆچونی عەقلاّنی و ئەخلاقی لۆژیکی بۆرژوایی بن ، ئەم بانگەشه تا ئەو شوێنەی پێشڕەوی دەکرد که دانی بەوەدا دەنا ، هەر کلێسایەك که بەرگریکەری ئاینێکی تایبەت بێت ، پێویسته جێگەی گومان و دوودڵی بێت و ئەمەش وەزیفەی حکومەتێکی چاکەخوازە که بێبەشیبکات له هەموو متمانەیەکی سیاسی ، لەبەرامبەردا , ئاینی "ڕاستەقینه"ی مەسیح "لای ڤۆڵتێر" یاخود وتووێژکارەکان "لای ڕۆسۆ" کەم تا زۆر له پەیوەندی نزیکدا به ئاینی "ڕاستەقینه"وە لەسەر بنەمای عەقڵ ڕادەوەستان .

ئێسته ئێمە وتەکانی ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و دیدرۆ بەکاردەهێنین تاوەکو بیرو بۆچونیان لەبارەی مەسیحیەت و کلێسا وە بخەینەڕوو ، ئەم بیرمەندانه له هەمان کاتدا هەم نەناسراوترین نوێنەرانی ڕۆشنگەری بوون و هەم نوێنەری سێ دیدگای بنەرەتی ئاینی بوون که وابەسته بوون به بزوتنەوەکەوە ، دواتر جەختێکی سەرەکی لەسەر بیروبۆچوونەکانی دیدرۆ دەکەین تاوەکو زیاتر تێبگەین که چۆن دیدی ئەو دووچاری گۆڕانکاری بووە دەربارەی ئەم جۆره مەسەلانه ،

## ڤۆڵتر....

ڤۆڵتێر خوداناسێکی سروشتی Deist بوو , باوەڕی به ئەفرێنەرێکی چاکەکارو نەخشەسازێکی جیهان هەبوو که به دۆستی مرۆڤی دەزانی ، تێڕوانینی ئەم بیرمەنده لەچوارچێوەی مەسەلەکانی "جەنگ دژی ناتەبایی و کاریگەری سیاسی کلێساو قەشەکانی " دا بووبوو به نێوەندێکی سەرەکی ، لەهەمان کاتدا ، ڤۆڵتێر دژی تەواوی دابڕانه نالۆژیکیەکانی کلێسا دەجەنگا کەله ئەخلاق و باوەڕە لۆژیکیەکانی ئاینی سروشتی لایاندابوو ، مرۆڤ

دەتوانێت بێ هیچ کۆت و بەندێك ، لەبەرهەمی "کلان" ی ئەودا دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە کلێساوە هەڵوێستە بکات . ئەو پەرەگرافە هەڵبژێردراوانەی کەلەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت لەبەرهەمەکانی ڤۆلتێردا بەناوی "ڕووبەڕوو بوونەوەی گومانکار لەگەڵ ئیماندار" دا وەرگیراون , کە تێیدا ڤۆڵتێر دیدگای خۆی لە سەرزمانی مرۆڤی ئیمانداروە دەگێڕێتەوە :

**گومانکار :** چۆن دەتوانی بوونی خودا بسەلێنی ؟

**ئیماندار :** لەڕاستیدا هەربەوشێوەیە کە بەکردنەوەی چاوەکانم بوونی خۆرەتاو دەسەلێنم .

**گومانکار :** ئایا تۆ باوەڕت بەبوونی هۆکاری دوامەبەست هەیە ؟

**ئیماندار :** ئەو کاتەی کەمن ڕووبەڕوی بوونی بەرکارێك (معلول) دەبمەوە , تێدەگەم کە دەبێت هۆکارێك (علت)ی تەواویش هەبێت , خودا بمبەخشێت ، ئەگەر لەو گەمژەیە بچم کە بانگەشەیدەکرد بوونی سەعات "دال"ە لەسەر بوونی سەعاتساز .......

**گومانکار :** ئایینی تۆ چییە ؟

**ئیماندار :** ئاینی من تەواو ئاینی سوقرات نیە کە ئەفسانەی خواوەندەکانی یۆنانی گاڵتەجاڕانە وەردەگرت ، بەڵکو ئایینی مەسیحە کە مونافقەکانی تێکدەشکاند ، مەسیح خۆی بنەمای گروپەکانی وەك بەندەیەکتانی و پرێمونستارینی premonstarians یەکان یاخود یەسوعیەکانی دادەنا .

**گومانکار :** تۆ لەوباوەڕەدای ئەوکەسەی کە ڕۆژە پیرۆزەکانی هەینی گۆشتی مەڕ بخوات و لە ئایینی "عیشای ڕەبانی"دا بەشداری نەکات ، دەتوانێت خزمەتی خودا بکات ؟



**ئیماندار:** بەدڵنیاییەوە من ئەو کەسە بەمەسیحی دەزانم , چونکە مەسیح خۆی هەرگیز شتێکی وەهای نەگوتوە دەربارەی عیشای ڕەبانی و قەدەغەکردنی خواردنی گۆشت لە رۆژانی هەینی و شەمەدا .

**گومانکار :** پاشان تۆ لەو باوەڕەدای کە ئایینی مەسیحی بەئاشکرا ئایینی تەواوی حەکیمەکانی ڕابووردوش بووە , بەدخوو و خراپەکاریش ؟

**ئیماندار:** من پێموایە هیچ شتێك لەمە یەقینتر نەبووە , بەدڵنیاییەوە ئەو هۆشمەندبووە و دژی قەشە ڕیاکارەکان و خورافەتەکانیان قسەیکردووە ، بەڵام کۆمەڵێك شت وابەستەبوون بەوەوە ، کە هیچ مرۆڤێکی هۆشمەند نەیتوانیوە لەوبارەوە هەڵوێستە بکات و شتێك ئەنجام بدات .........

دواجار قسەو باسەکە بەم هەڵوێستەی ئیماندار کۆتایی دێت :

ئاینی من ، ئایینی تەواوی مرۆڤەکانە ، ئاینی سوقرات ، ئەفلاتون ، سیسرۆن ، ئەریسیتید , کاتو ، تیتۆس ، ئانتۆنینۆس ، مارکۆس ئۆرلیوس ، ئوپیکتۆس و ئاینی مەسیحە ، من لە خۆمدا , تەواوی ئەو خەسڵەتانەم تێکەڵاو کردووە کەهەر یەکەیان لەسەر من ئەرکێك خێبەجێ دەکەن ، من مرۆڤێکم ، هاووڵاتیەکی جیهان , فەرزەندێکی خودا ، برایەکی هەموو مرۆڤەکان ، مێردێك ، کوڕێك , باوکێکم ، هەموو ئەم ناوانە شوهرەتێك بەمن دەبەخشن و هیچ یەکێکیان مایەی سوکایەتی نین ، ئەرکی من ئەوەیە کە بەهۆی هەموو شتێکەوە ستایشی خودا بکەم ، ڕازیم بە هەموو شتێك و لە هەموو ڕۆژەکانی ژیانمدا سوپاسی خودا دەکەم ... سەدان وتەی ئەخلاقی دیتراوی ئەو جۆرە بانگەشەکردنە ، لە ئاست (موعقە)ی بەرزی کێوی مەسیح و ئەم پەندە جوانەی ئەودا بێنرخن کەدەڵێت : " لە ڕۆحدا خۆزگە بە حاڵی هەژاران " ، دوا قسەش من خزمەتی خودایەك دەکەم نەك ئەفسون و فریوی

مرۆڤەکان : من ستایشی خودا دەکەم و نەك یەك "کنسول خالکدون" council of chalcedon یان "کنسول لە ترولو" council in trullo من دەبمە دژی خورافاتی "درۆ" و تادواهەمین هەناسە پەیڕەوکارێکی بێگەردی ئاینی ڕاستەقینەم .

وتاری "قەشە" لە فەرهەنگی فەلسەفی ڤۆلتێردا بەم شێوەیە دەست پێدەکات : ڕۆڵی قەشەکان لە یەك دەوڵەتدا ، نزیکە لە ڕۆڵی پەروەردەکارێکی منالان لە خێزانێکی تایبەتدا , سەروکاری پەروەردەکاری منالان بریتییە لە فێرکردن , دوعاکردن و نمونە هێنانەوەیە , ئەوان بە هیچ شێوەیەك دەسەلاتیان بەسەر سەرۆکی خێزاندا نییە , مەگەر تەنها کاتێك بتوانرێت ئەوە بسەلێنرێت کە ئەو کەسەی مافەکان دیاریدەکات , دەبێت ملکەچی مافی وەرگرەکانیش بێت , لە نێوان هەموو ئاینەکاندا , ئەو ئاینەی کە لە هەموویان زیاتر بە شێوەیەکی ڕەسمی قەشەکان لە دەسەلاتی سیاسی دەپارێزێت , ئاینی مەسیحە " ئەوەی کە قەیسەر مافی خۆیەتی بیدەنێ .... لە نێوان ئێوەدا هیچ یەکێك لەویتر مەزنتر نییە ... من مافی حکومکردنی ئەم جیهانەم نییە " ڕووبەڕوو بونەوەی نێوان قەشەکان و ئیمپڕاتۆرەکان کە زیاد لە شەش سەدە ئەوروپای لەناو خوێن و خۆڵدا گەوزاند , دواجار لای قەشەکان هیچ شتێك نەبوو جگەلە ڕاپەڕینی هاوسەردەمی ئەوان دژیخودا و خەڵکی و گوناهێکی بەردەوام دژی ڕۆحی پیرۆز ... تورکەکان لەم بارەوە عاقلانە هەڵسوکەوت دەکەن , ڕاستە لە ڕووی ئاینیەوە دەڕۆن بۆ زیارەتی مەکە , بەلام بوار نادەن بە "شەریف "ی مەکە-- کە بڕیاری کافربوون بەسەر ڕابەرەکەیاندا بدات , ئەوان نە بواردەدەن بە-- بەجێهێنانی مەراسیمی مانگی ڕەمەزان و نەمافی حەلاڵکردنی کوڕو کچی مامی یەکترو



ئامۆزای خۆیان لە مەکەوە وەردەگرن , ئەوان لەدیدی ئەو ئیمامانەوە "شەریف"ە کانیان هەڵناسەنگێنن کەدەیانەوێت بۆیان هەڵبژێن , خەرجی سالانەش ناخەنە دەستی شەریفەکانەوە , بەسەرنجدانی ئەمجۆرە خواستانە , ئیتر دەتوانین چی بڵێین ؟ خوێنەر خۆی سەرپشك دەبێت لەهەڵسەنگاندندا .

ڤۆلتێر لە وتارێکی خۆیدا دەنوسێت :

پوچترین و بودەڵەترین و کوشندەترین جۆری ستەمکاری بۆ سروشتی ئادەمیزاد , لە قەشەکاندایە , هەروەها لە نێوان دەسەلاتی قەشەییدا , دەسەلاتی قەشەی مەسیحی بێ چەندو چوون تاوانبارترین دەسەلاتیانە , ئەم کردەوەی ئەوان , لە بنەڕەتدا پێچەوانەی دەقی ئینجیلە , چۆنکە مەسیح لە بیست شوێنی جیاوازوو لە ئینجیلدا دان بەوەدا دەنێت کە " هیچ یەکێك لە ئێوە بالادەستتر نییە بەسەر ئەویتردا , من مافی فەرمانڕەواییکردنی ئەم جیهانەم نیە , فرزەندی خودا بۆ ئەوە نەهاتووە کە ئێوە خزمەتکارو ملکەچی بن , بەڵکو ئەویش خۆی بەندەیەکی خودایە "

## (هاوپێچی پێنجەم)

کاتێك کە پێشەوای ڕۆحانی ئێمە , ئەرکی _نەك خزمەت کردنیەتی _ بەڵکو خزمەتکردنە لەپێناو ئاسودەکردنی هەژاراندا , نەك شێواندن و ناشیرینکردنی جەوهەری هەژاران , پەروەردەکردنی دەستورەکان و ڕێنماییە دینیەکان بەوانەیە , نەك سەپاندنی دەسەلات بە سەریاندا , لە کاتی بێ سیستمیدا ئەوەندە جەربەزەیە کە خۆی بە شازادەی شارێك دابنێت کە تێیدا

رابەرێکی رۆحانی بێت . بەم کارەش ئەو ( رابەری رۆحانی / و-- ک ) گوناهی لادانێکی زۆر و ستەمکاری لەئەستۆ دەگرێت و دەیخاتە گەردنی خۆی

## (هاوپێچی شەشەم)

بەم پێودانگە رابەرە رۆحانیەکانی رۆم یەکەمین کەسانێك بوون ئەم مۆدێلە کوشندەیان دارشت و هەم دەسەلات و هەم دەستەوتاقمەکانیان لە نیوەی ئەوروپادا لە خۆیان تۆراند , بەم شێوەیە برێکی زۆر لە رابەرە رۆحانیەکانی ئەلمانیا لە هەموو کەس زیاتر بەرامبەر ئەو خەڵکانە ستەمکارتربوون کەدەبوو باوکێکی پیرۆزبن بۆیان .

## (هاوپێچی حەوتەم)

لە کتێبی کلتوری فەلسەفی / بەشی رێنماییە دینیەکان , پێکهاتووە لە چەند وتارێك : لە یەکێك لەو وتارانەدا بە ناوی "رێنمایەکانی ئاینی ژاپۆنی " , ڤۆڵتێر ئاینە جیاوازەکان بەراورد دەکات بە شێوازە جیاوازەکانی خۆراکسازی , خاڵی سەرەکی لای ڤۆڵتێر ئەوەیە هەرکەسێك ئازادە بەو شێوەیەی کە چێژ وەردەگرێت خۆراکسازبکات , سوڵتانێك لەسەر ئەو زەویەی کە فەرمانرەوایی‌دەکات , یەك شێوازی رەسمی خۆراکسازی هەیە , بەڵام ئەو نابێت



شوێنکەوتوانی خۆی تا ئەو کاتەی سەرپێچی و شۆرشیان نەکردووە یاخود هەرەشەیان لە سیستمی گشتی نەکردووە , بێبەش بکات لە بەکارهێنانی ئەو شێوازە تایبەتەی خۆی , وتارێکی تری بە ناوی "رێنماییە ئاینیەکانی باخەوان " بە پرسیارێك کە توکتان "Tuctan" بورژوازی ئامانجگەرا لە کارپۆس Karpos ی باخەوانی دەکات کە بەم شێوەیە دەستپێدەکات: "فەرموو ئێستە بڵێ چ بیروباوەرێکت هەیە ؟ " کارپۆس وەڵامی دەداتەوە :" درکاندنی خۆشبەختی من بۆ ئێوە بەراستی گرفت ئامێزە ... لەراستیدا باخەوان لە ژێر دەسەڵاتی یۆنانیەکان و "نێزە وخودەکان "دا ژیاوە و فێرکراوە کە باوەری هەبێت بە کۆمەڵە وانەیەکی جیاوازی ئاینی کە هەموویان تەمومژاوی و بە هەمان ئەندازە ناچیزو سوواون و بە شێوازی جیاجیاش ستایشیان بکات " .

## رۆسۆ

لە نێوەندی بیری رۆشنگەریدا , رۆسۆ بەتەواوی جەمسەرێکە بەرامبەر ڤۆڵتێرو بیرمەندانی زانستنامە "ئینسکلۆپیدیا"دا , بەپێی ئەوەی بیروبۆچوونێکی‌تر دەخاتەروو سەبارەت بە زۆربەی مەسەلەکان و هەندێجاریش بەشێوەیەکی جیاوازو ناتەبا رووبەروویان دەبێتەوە , بۆیە قسەکردنی رۆسۆ دەربارەی ئاین و کڵێسا بەراورد بە ڤۆڵتێر , ئاراستەیەکی تەواو جیاواز لە خۆدەگرێت , رۆسۆ خۆی بە خوداناسێکی راستەقینە دەزانێت و رێزوو هاوسۆزیەکی زۆری بۆ مەسیحیەتی "راستەقینە"ی جێگیری ناو ئینجیلەکان و ناوەرۆکی "دروست" ی تەواوی ئاینە رەسمیەکان هەیە تەنانەت بۆ

قەشەکانیش لەکاتێکدا کە ڕۆشنبیر بن , لەمەش بترازێ , لەجەوهەردا تیۆری بیروبۆچونەکانی دەربارەی ئاین و مەسیحیەت و کلێسا , پەیوەندیەکی نزیکی هەبوو لەگەڵ بیروباوەڕی دیدرۆو ڤۆڵتێردا , ڕۆسۆش هەر وەك ڤۆڵتێرو دیدرۆی لاو , باوەڕی بە ئاینی سروشتی بوو , هەر چەندە بۆچونی ڕۆسۆ دەربارەی بوونی خواوەندیەتی نەدەهاتە ئاستی چەمکی سەعاتساز یاخود بیناساز "معمار" ئەویش هەروەکو ئەوان توانای پەیبردنەکانی مەسیحیەتی ڕەددەکردەوە بە بیانوی ئەوەی لەگەڵ عەقڵدا ناکۆکە .

ڕۆسۆش هەروەکو ئەو دوو بیرمەندەی تر , ڕەخنەگرێکی توندبوو دژی هەرجۆرە "دژە گونجاندن"ێك و کردەوە کاریگەرەکانی کلێسا لە بەرێوەبردنی ولاّتدا .

ڕۆسۆ لەدوابەشی بەرهەمە پرشنگدارەکەیدا بە ناوی " Profession Of faith Of a Savoyard Vicar" ڕەخنەیەکی شیکاری دەربارەی پەیبردنی کلێسایی دەخاتەروو , من هەندێ لە بەشە جیاوازەکانی ئەم بەرهەمە بە نمونە دێنمەوە :

پێشەوای رۆحانی , ئاشکرا ئیمیل Emile لە متمانە بەخشین بە قسەکانی ئەو ڕادەگرێت , جگەلەوەی جەخت لەسەر عەقڵ دەکاتەوە , بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت :

**مەزنترین ئایدیاکانی ئێمە دەربارەی زاتی ئیلاهی , بە هۆی عەقڵەوە بۆ ئێمە بەرجەستەدەبن , تەماشای سروشت بکەن , گوێ لە ئاوازی ناخی خۆتان بگرن , ئایا ئەمە ئەوەنییە کە خوداوەند هەموو شتێکی بە چاوو و هەست و عەقڵی ئێمە وتووە , ؟ ئایا مرۆڤەکان دەتوانن لەوە زیاتر چ شتێك بە ئێمە بڵێن ؟ ئیلهامی ئەوان وەك بەڵگەی بەخشینی دەرکەوتەو خەسڵەتە مرۆیەکان بە خودا , تەنها مایەی لاوازکردنی ئەوە ... ئەگەر ئاینێك هەبێت لەجیهاندا بێباوەڕان مەحکوم بکات بە دوا سزای ئەبەدی و ئەگەر تەنها ئیرادەیەکی چاکەکارو ناجاوید بوونی هەبێت و بەند نەبێت لەسەر حەقیقەتیخۆی , ئەوا کلێسایەکی وەها دەبێتە کانگای توندڕەوترین و دلڕەقترین ستەمکاران ... "خودا" ی ئەمجۆرە کلێسایە کە زۆربەی بەندەکانی خۆی مەحکوم دەکات بە سزایەکی ئەبەدی , ئەو "خودا بەخشندە و میهرەبانە" نییە کە عەقڵ پێی ناسندووم و نیشانی منی داوە ..**

**کاسۆلیکەکانی ئێمە , متمانەیەکی زۆریان بە کلێسا هەیە , بەلاّم ئەوانە لەم کارەدا چ شتێکیان لە ئەستۆدا دەبێت ؟... کلێسا بڕیار دەدات , چونکە لە دیدی خۆیدا مافی بڕیاردانی هەیە , ئەمە ئاراستەیەکی باشە بۆ سەلماندنی دەسەلاّتداریەتی !... کۆمەڵە کەسێك هەن زیاتر بۆئەوە هەوڵدەدەن کە خودا بە ناڕاست "ناعادل", نمایشبکەن و منالاّن بەهۆی گوناهەکانی باوکیانەوە سزابدەن بەومەبەستەی خۆیان پاکبکەنەوە لەو خووە شەڕانگێزەی کە هەیانە .**

قەشە لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی شێوەی ئەنجامی سەختی کارەکەی خۆی باس لەوە دەکات کە ئەو لە ڕێنمایەکانیدا زیاتر پشت بە ئینجیل دەبەستێت تاکو قاموسی کلێسا چونکە " وانەکانی سادەن و خاوەنی ،

ئەخلاقیێکی مەزنە و تێیدا کەمتر پشت ئەستورە بە کرداری ئاینی و زیاتر ڕەچاوی چاکەکاری دەکات" , ئەو سورنییە لەسەرئەوەی کە توانای دەرخستنی پوچی مەسیحیەت یاخود هەر ئاینێکی تری هەیە , بەڵکو ئەوخۆی ئەو شتە بە ڕاست دەزانێت کە دەتوانێت عەقڵ و هەستێکی دروست و ئەخلاقیێکی دیاری بکات.

ڕۆسۆ لە بەشی کۆتایی کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا بە ناوی "ئاینی مەدەنی "باس لە پەیوەندی نێوان ئاین و ئەو سیستمە سیاسیە دەکات و سێ جۆر ئاین لێکدی جیادەکاتەوە : ئاییبنی مرۆڤێك و ئاییبنی هاوڵاتیەك و ئاینی قەشەیەك , رۆسۆ دەڵێت ,ئەو دوو جۆرەی دواتر (واتە ئاینی هاوڵاتیەك و ئاینی قەشەیەك , و-ك ) باوەڕیان بەپرۆسەی گێڕانەوەو ئاوڕدانەوەیەکی جیاواز هەیە بۆ حکومەت و کڵێسا .

لە ڕوانگەی سیاسیەوە , هەر یەکێك لەم سێ جۆرە ئاینە , خاوەنی کۆمەڵە "ناتەواو"یەکی تایبەتی خۆیەتی ,بەدکاری سێهەم ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە کە مرۆڤ نابێت بۆسەلماندنی کاتی خۆی بە فیڕۆ بدات . دووهەمیش ....لەو رووەوە باشە کە بە "عشق بۆ یاساکان" خواپەرستی بەهێزدەکات و لەم ڕێگەیەوە وولات دەکات بە بابەتی پەرستنی خەڵك و , فێریان دەکات کە چۆن خزمەتکردن بە کۆمەڵگا, هەمان خزمەتکردنە بەخودا و پاراستنی ئەو شانشینەیە .. بەڵام ناتەواوی ئەم جۆرە باوەڕە لەوەدایە کە لەسەر بنەمایەکی سست و لاواز بونیاد نراوە و ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی پەڕگیر لە دنیادا حوکمڕان بێت ئەوا ئاینی بەدکاریە , بۆیە لێرەوە بە ناچاری دەبێتە ستەمکار و خەڵکی دەکاتە خوێنمژو دژی ژیان دۆستی , بە شێوەیەك کە ئارەزوی تاوان دەکەن و بیروباوەڕیان وایلێدێت کە وادەزانن بەکوشتنی هەموو ئەو کەسانەی



کە باوەڕیان بە ئاینەکەی ئەوان نییە , کارێکی پیرۆز دەکەن ... ئەوەش کە دەمێنێتەوە تەنها ئەو مەزهەبە ئینسانیەیە واتە ئاینی مەسیحییە , بەڵام نەك مەزهەبی عیسایی ئەمڕۆ , بەڵکو ئەو ئاینە مەسیحیەی کە لەگەڵ ئاینی ئەمڕۆدا جیاوازیەکی زۆری هەیە و دەقاودەق وەکو ئینجیلەکانە .. بەڵام مەزهەبی کڵێسا هیچ پەیوەندیەکی بە دامەزراوەی دەوڵەتەوە نییە , لە ڕاستیدا نەك تەنها سۆزی هاوڵاتیان بە لای دەوڵەتدا راناکێشێت , بەڵکو پەیوەندیەکانیشیان بە کاروباری وولاتەوە , هەر وەکو کاروبارە دونیایەکانی تر لاواز دەکات .

پێموایە هیچ شتێکیتر بەو ئەندازە ناکۆك نەبووە بە ڕۆحی کۆمەڵگا . بە پێی ئەم بەڵگانەیە کە ڕۆسۆ لە کەناری مەسیحیەتدا ئینجیلی قەشە ساڤوا کە زۆر نزیکە لە ئاینی سروشتیەوە وەك ئاینی ڕەسمی دەوڵەتێك دادەڕێژێت کە ناوەرۆکەکەی بە زۆربەی وانە پۆزەتیڤەکان گەمارۆدراوە و تێگەیشتنیشی تەواو ئاسان و دروستە:

بوونی خودایەکی مەزن و بە توانا -- پەنهان و هۆشمەند و میهرەبان " ژیانی پاش مەرگ -- پاداشت لە بەرامبەر چاکەداو سزا لە بەرامبەرخراپەدا " بێگەردی پەیمانی کۆمەڵایەتی و یاساکان -- تەنها وانەیەکی نەگەتیڤ ئامادەیە: دەبێت لەبەردەم هەر جۆرە بیروباوەڕێك و سەختگیریەك ڕێگیری بکرێت.

## دیدرۆ

لە نێوان ئەو سێ کەسەدا دیدرۆ توندڕەوترین کەسیانە , دەتوانین بیروبۆچونەکانی دیدرۆ لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەرهەمەیدا تاوتوێ بکەین کەلە

چوار ڕۆژگاری جیاوازی ژیانیدا نوسراوە , ئێمە بە کتێبی "ئەندێشە فەلسەفیەکان" دەستپێدەکەین کەلە ساڵی ١٧٤٦ نوسیویەتی واتە ڕۆژگارێك کە هێشتا دیدرۆ خودا ناسێکی سروشتی بوو , تائێرە قسەمان لەسەر دوو بەشی ئەو کتێبە کردووە کە پەیوەستە بە سەرچاوەی ستەمکارانەی کڵێساوە , لە بەراوردکردنی ئەم دوو بەشەدا , بوارێکی تەواوی ئەو کۆمەڵە ئایدیایە لە سەر بنەمای بەڵگاندنی سروشتی --- ئیلاهی Physico-Thcological لە سەلماندنی ئاینی سروشتیدا عەقڵە , هەروەها جەخت لەسەر نەبوونی توانایی تێگەیشتنی خەسڵەتی ئامانجگەرای سروشت و جیهانێك دەکات کە وابەستەی مەبەست و ئارەزووە ! بەبێ ئەوەی دان بە بوونی ئافەریدگارێکدا بنێت لەدەرەوەی جیهان .

خەسڵەتە ناعەقڵانی و خورافیەکانی کڵێسا , دەرئەنجامەکەی تەنها بێزارکردنی ئەومرۆڤانەیە کە خاوەنی لۆژیکن بەرامبەر بە ئیمان و گۆڕینیان بە تاکە کەسی بەدگومان و خودا نەناس , لە لایەکیترەوە تێڕامان لە سروشت و ڕیتمە ئامانجگەراکەی , بوونی خودایەکی میهرەبان و عەقڵانی دەسەلمێنێ بە.

ئەوە هێزی فەیلەسوفێکی میتافیزیکی نیە کە توندترین گورزی کاریگەری وەشاندوە دژی خودانەناسی , تێڕامانە مەزنەکانی مالبرانش و دیکارت , لەوە بێ تواناتربوو کەبتوانێت مادەگەرایی تەنانەت بە ئەندازەی تەماشکردنێکی بابەتی مالپیگی **Malpighi** بیزوێنێ , ئەگەر ئەم گریمانە ترسناکە لە ڕۆژگاری ئێمەشدا لاوازبووە , دەبێت وەك فیزیکی ئەزمونی دا یبنێین , ئێمە لە بەرهەمەکانی "نیوتن , موشێن بروك , هارتزوکر , نیوونتێت "وە دەتوانین بەڵگەگەلێکی باوەڕپێکراو بۆ سەلماندنی



بوونی باوەڕێکی عەقڵی تراسێندنتاڵ بە دەست بهێنین , ئێمە بە هۆی بەرهەمی ئەم پیاوە مەزنانەوە تێدەگەین کە جیهان بە هەموو ڕۆژگار و ڕێسمانەکانیەوە , بەهەموو دادوفیغان و فەنەرو وەزنەکانیەوە بەڕاستی تەنها ماشێنێکە.

## هەتێڕامانی هەژدەم

تەسکبینیەکانی بوونگەرایی , دواجار بووەتە مایەی سەرهەڵدانی بەدگومانەکان , ئەمحاڵەتەش بەسەردەمی زانستی سروشتیدانرا بوو کە خوداناسانی سروشتی هێنایە گۆڕێ .

## تێڕامانی نۆزدەهەم

دیدرۆ لە زۆر لایەنەوە , لە وتاری "ئەندێشەکاندا"دا بەرگری لە گومانگەرایی دەکات و لەوبارەوە بە ئاشکرا بەرگری لە بابەتەکەی خۆی دەکات و جەختی لەسەر دەکاتەوە :

ویژدانێك فەرمانڕەوایی دەکات لە بری ئەوەی داوابکەن لەمن کە حەقیقەت بە دەستبهێنم , داوا بکەن لەدووی حەقیقەتدا بگەڕێم ... بێگوناه نازانن بە هەڵەداچوون کە نابێت من بترسێنێت ؟ بە هۆی بە فیڕۆدانی هۆشمەندیەوە لەم جیهانەدا , لەودنیایدیکەدا کە پاداشتێك نادەنەوە , ئایا ئەوە ڕاستە ئێمە بە هۆی نەبوونی هۆشمەندییەوە سزاو ئازار بچێژین ؟ مەحکومکردنی مرۆڤ بە

هۆی بەڵگەهێنانەوەی خراپەوە , لە ڕاستیدا وەك ئەوە وایە کە ئێمە ئەوە فەرامۆشبکەین ئەو کاڵفامە Foolو دواجار بە تاوانباری بزانین.

## تێڕامانی بیست و نۆهەم

گومانکار کێیە ؟ ئەو فەیلەسوفەیە کە تەواوی بیروباوەڕەکانی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارەوە و تەنها باوەڕی بە خستنەگەڕی ئەو "پرۆسەکاری"یانە هەیە کە فەرمانڕەوایی عەقڵ و هەستەکانی دەکەن.

## تێڕامانی سێیەم

هەرجارێ قەشەکان کە دەکەونە لاف وگەزافی سروتەعیرفانیەکان دژی گومانگەرایی , وەك بڵێی تەواو تێناگەن لە پەیوەندیەکانیان , یاخود خەریکی شکستی و سڕینەوەی خۆیانن . بە دڵنیاییەوە , ئەگەر قەبووڵکردنی ئاینێکی ڕاستەقینە بە پێویست بزانین بۆ ناسینی تەواوی ئەو ئاینە و نکوڵیکردن لە باوەڕێکی نادروست بە پێویست بزانین بۆ تێگەیشتن لەو باوەڕە , ئەوا بڵاوبوونەوەی گومانی گشتی لە سەرتاسەری گۆی زەویدا دەبێتە حاڵەتێکی خوازراو و مەبەستدار , هەموو نەتەوەیەك پێشوازی لە گومانکردن و بیرکردنەوە دەکات بەرامبەر حەقانیەتی ئاینەکەی خۆی , لەو حاڵەتەدا



بانگەشەکارو فەرمانبەرانی کڵێسا تێدەگەن نیوەی ئەرکەکانیان ڕاستی بەدەستهێناوە .

## تێرامانی سی و شەشەم

لەڕاستیدا دێڕی کۆتایی کۆمیدی ئامێزە , بەڵام کاتێك کە کتێبی "ئەندێشە فەلسەفیەکان" دادەنێت , دیدرۆ هێشتا هەر دەربارەی گومانگەرایی وەك شێوازێکی ڕەخنەیی و توندڕەوی ئەندێشە ---- ( کە دیدرۆ ئەو حاڵەتەی بە جیاواز دەزانی لە بیروبۆچونە فەلسەفیەکانی "پیرۆن"Pyrrhon , دەیووت : " لایەنگرێك پاك بکەنەوە لە بیروبۆچونە فەلسەفیەکانی پیرۆن" , ئەوکاتە دەبنە خاوەنی تاکێکی گومانکار )--- کاتێك تەواوی ئاینەکانی دەخستە ژێر پرسیارەوە , بەناچاری وەك خاڵی بەرامبەر , سەبارەت بە حەقیقەتی ئاینی سروشتی و"سەعاتسازی تەواو چاکەکار و تەواو عاقڵ " ی ئەو ئاینە ئاگایی بەرهەم دەهێنا .

لە ئەندێشەی شەستودوو دا , کە خاڵی کۆتایی کتێبەکەیەتی , پێناسەی ئەم دیدگایە دەکات , پاش دووبارەکردنەوەی ڕەخنەکانی دەربارەی بانگەشەکانی کڵێسا کە تێکڕا خۆیان بە حیکایەتخوانی حەقیقەت دەزانن , دیدرۆ دەنوسێت :

من لە هەموو لایەکەوە کۆراڵی بێ باوەڕی دەبیستم , لە ئاسیا مەسیحییەك بێ باوەڕە , لە لەندەن لایەنگرێکی پاپاو لە پاریس کالڤینیسێك , لە کۆتایی شەقامی سانت ژاکس Saint Jaque { حەسارێکی خوێندنی بالاّی یەسوعی لویس لیگراند} Louis legrant ,

ژانسنیستێك بێباوەڕە و دەبێت لەخولگەی نمایشگایەکی بەرینیشدا faubourg saint medard لەدووی مۆلینیست Molinist ێکدا بگەڕێین , بەڵام دەبێت بەم پێناسەکردنە کێ بە بێ باوەڕ بزانین ؟ هەمووان یاخود هیچ کەس ؟

## تێڕامانی سی و پێنجەم

ئەم پرسیارە دیدرۆ دەگەیەنێت بەو دەرئەنجامەی کە :

ئەم بیروباوەڕە جۆراوجۆرانە , خوداناسانی سروشتی والێکرد دەست بۆ جۆرە هۆکارێك بەرن کە زیاتر بە شێوەیەکی نامۆ دەردەکەوت تا بە شێوەیەکی بنەڕەتی , شیشرۆن بۆ ئەوەی ئەوە نیشانبدات کە ڕۆمیەکان شەڕانگێزترین بوونەوەری جیهان بوون , لەزمانی دوژمنانی ڕۆمیەکانەوە ئەم ڕاستیەی دەگێڕایەوە : گەلانی (فەرەنسیەکان) ئەگەر داواتان لێبکەن دان بەوڕاستیەدا بنێن کە بە بڕوای ئێوە دەبێت ئەو کەسانە کامانەبن کەلە ئازایەتیدا باڵادەستن ؟ ڕۆمیەکان! , ئێوەی ئەفریقایی ئەگەر میللەتێك هەبێت ئێوە لێی بترسن دەشێ کام میللەت بێت؟ ڕۆمیەکان ! , ئێوەی پارتیان بە بڕوای ئێوە ئازاترین میللەت کامەیە ؟ ڕۆمیەکان !: سەبرکەن با درێژەبەم باسەی ئەو بدەین و پرسیارلە بابەتی خوداناسانی سروشتی بکەین لەهەموو باوەڕدارانی مەزهەبەکانی دیکە .

ئەی "چین" یەکان , جگەلە ئاینەکەی خۆتان , کام ئاینێتر بە باشترین ئاین دەزانن ؟ ئاینی سروشتی !, ئەی ئێوەی مەسیحی ئەگەر باوەڕی کڵێساتان بە ئیمانێکی ڕاستەقینە نەزانی , کام ئاین دەبێتە ئاینی ڕاستەقینە ؟



یەهودیەت!: بەڵام ئەی ئێوەی یەهودی , ئەگەر یەهودیەت ڕاست نەبێت , کام ئاین بە ئاینی ڕاستەقینە دەزانن ؟ ئاینی سروشتی!, شیشرۆن بەردەوام دەبێت : گروپێك کە ئەوانە بە-- پلەدوو-- دادەنێت و گروپێکیتر – پلە یەك --- بۆئەویتر بە ڕەوا نازانێت , خۆی بێ گومان سورن لەسەر ئەوەی کە ئەوانە لە پلەی یەکەمدا دابنێن .

## تێڕامانی شەست و دووەم

ئەم دیدگایەی دیدرۆ لە ساڵی ١٧٤٦ بوو , پاش بیست و چوار ساڵ , لە ساڵی ١٧٧٠ دیدرۆ کۆمەڵە تێکستێکی تری بە ناوی "ئەندێشەکان"وە نوسی کە تا ئەندازەیەك لە هەموو چاپە جیاوازەکاندا بەزۆری ناونیشانەکان لەسەر "ئەندێشە فەلسەفیەکان" بە چاپ گەیەنراوە , بەڵام لەم نوسینانەیدا , چیتر قسەکردنێکی ئەوتۆ نییە لەمەڕ ئاینی سروشتی و "دییسم", بەڵکو بابەتی سەرەکی کتێبەکە هێرشکردنە دژی کڵێسا , دیدرۆ لەوکاتەدا بە ڕاستی بوو بە خودا نەناسێکی توندڕەو , شێوەی کتێبەکەش زیاد لە ناوەڕۆکەکەی جێگەی سەرنج و تێڕامان بوو , چەند بەشێکی هەڵبژاردە لە کتێبەکەی دەخەینەڕوو :

گومانکردن لە گرفتەکانی کڵێسا نەك تەنها شێوازێك لە بێ باوەڕی نیە , بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی باشیش لە قەڵەم بدرێت , چونکە ئەم کردارە کردارێکی مرۆییە کە بە سادەیی و لەخۆبووردەییەوە ملکەچ دەبوو بە کۆنەپەرستی خۆی , بۆیە لەم ڕووەوە بە کردارێکی چاك دژمێردرێت کە

دەبێتە هۆی ترسی نیگەرانکردنی خوداوەند لە ئەنجامی سودی نەزانانە لە عەقڵ .

## هاوپێچی یەکەم

ئەگەر عەقڵ بەهرەیەکی ئاسمانی بێت و ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئیمانیشدا ڕاست و گونجاو بێت , ئەوا ئاسمان دوو بەهرەی بە ئێمە بەخشیوە هەرچەند "مانعە الجمع" نین بەڵام ناکۆکیان لەگەڵ یەکدا هەیە .

## هاوپێچی پێنجەم

بۆ قوتار بوون لەم گرفتە , دەکرێت بڵێین ئاینی کلێسایی جگەلە وەهمێك شتێکی زیاتر نییەو لە سروشتدا بوونی نییە

## هاوپێچی شەشەم

خودای کلێسا وەك ئەو باوکە وایە , کە زیاتر بیر لە سێوی بەهەشتەکەی خۆی دەکاتەوە تالە فرزەندەکانی.

## تێڕامانی شازدەهەم



سەلماندنی ئینجیل , بە کۆمەکی موعجیزەیەك کە کلێسا زمانحاڵیەتی , وەك ئەوە وایە کەلە ڕێگەی مەحاڵەوە نائومێدی بسەلمێنین.

## هاوپێچی بیست و یەکەم

بەچ شێوەیەك موعجیزەکانی مەسیح ڕاستیان تێدایە , بەڵام موعجیزەکانی سکولاپیۆس و ئاپۆلۆنیۆس تیانی ناراستن ؟

## هاوپێچی بیست و چوارەم

کلێسایەك کەلە پێناو ئارامی ئاسودەیی خودای خۆیدا ڕێگە بەمەرگی خودا دەدات , پێناسەیەکی درەوشاوەی لاهوتانە , نوسخە چەند سەد بەرگیەکان کە وەك گەواهیەك بۆ سود یاخود دژایەتی کلێسا دانراون , بەهای کۆمیدی ئەم ووشانەیان نییە .

## هاوپێچی سییەم

ئەم جەستە دەڕژێت , ئەم خوێنە دەمەیەێت , جروجانەوەران لە میحرابی خۆیاندا ئەم بوونەوەرە تەواودەکەن , ئەی میللەتی کوێر , ئەی ئینکاری کالڤام بۆخۆت چاوەکانت هەڵبێنە !

## هاوپێچی سییەم

ئایا یاساکانی کۆمەڵگا کە نکۆڵی لە کوشتنی بێگوناهان دەکات , ڕاستیەکی بێهودەو بێدادوەرانە نییە ؟ لەڕاستیدا مرۆڤێك بە کوشتنی ئەوانە بەخشینێکی ئەبەدیان پێشکەش دەکات " بە ڕەخساندنی هەلێك بۆ بەردەوامی ژیانیان بە چێژێکی بەردەوام مەحکومیاندەکات.

## هاوپێچی حەفتاهەم

## سەرەنجامی پەرەگرافێکی جیاواز لە کتێبی ئەندێشە فەلسەفیەکان :

زەمینەسازییەك بۆ نابوتکردن دژی پیاوێك لە لایەن منالاّن و ژنان و دۆستەکانیەوە ئەنجامدرا , هاوڕاو هاودەمە خیانەتکارەکانی مالۆچکەکەیان کردە وێرانە و لە خۆڵەمێشەکەیان گەوزاند , ئەو پیاوە کە لیوانلێوبوو بوو لە نەفرەت و بێبەهایەکی قوڵ بەرامبەر جنسی مرۆڤ , هەڵوێستی وەرگرتوو کۆمەڵگای بەجێهێشت و پەنای بردە بەر ئەشکەوتێکی تاریك , لەو خەڵوەتەدا بە فشارێکی زۆرەوە دەستەکانی دەنوقاند و دەیخسنە بەرچاوی , لەکاتێکدا کە بیری تۆڵەکردنەوەیەکی گونجاو زەینی داگیرکردبوو بەرامبەر بەو ستەمە سەختەی کەلێیکرابوو , بەخۆی وت:-"دڕندەکاران ! , چیبکەم کە سزاو تۆڵەی ڕەفتاری دڕندانەی ئەوانە بێت و بەو جۆرەی کە شایستەیانە تەواو سوك و ڕیسوا بن؟ ئایا دەکرێت بەو جۆرە بیری لێبکەمەوە کە....خەیاڵێك



لەمێشکیاندایە کە زیاد لە ژیانی خۆیان گرنگی هەبێت و هەرگیز نەتوانن لەوبارەوە بگونجێن لەسەری ڕێککەون !" لەوکاتەدابوو پیاوەکە لە خەڵوەتی ئەشکەوتەکە دەرپەڕی و هاواریکرد کە "خودا ! خودا..."زایەڵەی هاوارەکانی بەدەنگدانەوەیەکی یەك لەدوای یەك بۆشاییی گەردوونی تەنی "خودا ! خودا.." ئەم ناوە لە ئاوەدانیەکەوە پەخشدەبوو دەکرایەوەو دەگەشتە ئاوەدانیەکی دیکە و هەموو بەسەرسوڕمانەوە ئەو هاوارەیان بیست.

ئادەمیزاد لەسەرەتادا بۆ نزاو ستایش فڕێدرایە سەرزەوی و پاشان هەستایەوە و دەستیکرد بە پرسیارکردن , دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە , بۆیە مرۆڤەکان توشی دەمارگیری بوون و نەفرەتیان لەیەکترکرد , لەیەکتر دابڕان و تەنیاکەوتن , دواجار گەروی یەکتریان لەت و پەت کرد , ئیتر بەوجۆرە ئارەزوی وەڕەسکردن و دوژمنایەتی ڕەگەزی مرۆڤ , بەرگی پراکتیزەکردنی پۆشی.

ئەو مێژووە بەرجەستەیەی ڕابردوو کە هەم جێگەی گرنگی پێدانە و هەم ئاڵۆزەو تێگەیشتنیشی دژوارە , هەربەو جۆرە بووەو و مێژووی داهاتوشی هەر وەها دەبێت.

وەرچەرخانی فکری دیدرۆ لە قۆناغی نوسینی "ئەندێشە فەلسەفیەکان" ەوە بەرەو پەرەسەندنی بۆچوون و وێناکردنەکانی , نیشانەی گۆڕانکاری دیدگایەکی سەرەکی و حاشاهەڵنەگرە , بەتایبەت لە وەڵامێکیدا سەبارەت بەو پرسیارەی کەلە ساڵی ١٧٤٦ قسەوباسێکی جدی لەبەرگریکردنی "دئیسم"دا هێنایە گۆڕێ سەبارەت بە دروستکردنی "ماشێن"ی سەرسوڕهێنەری جیهان و بەشە پێکهێنەرەکانی , بەتایبەت بوونەوەرە زیندوەکان .

لەڕاستیدا دیدرۆ لەجیهانبینی خۆیدا بەجۆرێك لەچەمکی یەکیەتیبوونی سروشتی immanent pantheism تێپەڕیکرد کەلە بنەڕەتدا

بەندبوو لەسەر ئەم ئایدیایە: مادە لەهەموو شێوەكانیدا خاوەنی توانای بەزەبر"بالقوە"ی ئەو هەست كردنەیە كەلە دنیای دەرەكیدا تەنها لە بوونەوەرە زیندوەكاندا دەردەكەوێت .

گرنگترین بەڵگەیەك كەلە سەلماندنی ئەم گریمانەدا دەردەكەوێت , هەمان ئەو ڕەوتەیە كەتێیدا مادەی "بێ گیان"ی لەڕێگەی وێكچونسازی assimillation یەوە گۆڕیوە بە مادەی "گیاندار", ئەم بەڵگاندنە لە بەرهەمە بەناوبانگەكەی دیدرۆدا , نمایشنامەی سێ پەردەیی دیداری دیدرۆ --- دالامپێر” خەونی دالامپێر” و پاشكۆی دیدارەكە , بەرجەستەبووە , لەبەشی یەكەمدا دیدرۆ گریمانەكەی خۆی بۆ دالامپێر شیدەكاتەوە , كەتێیدا بەشێوەی ڕیزبەندی سود لەو پێوەرە بەناوبانگە وەردەگرێت لەنێوان یەك مرۆڤ"بەتایبەت فەیلەسوف"ێك و هاپسیكۆرد یێكدا كەخاوەنی یادەوەریەو دەتوانێت بەبێ ئامادەگی مۆسیقاژەنێك ئاواز بژەنێت.

لەڕوانگەی ئاسۆكانی ئەم نمایشەوە , بوونەوەری گیاندار كە پێش ئەم حاڵەتە گرنگترین بەڵگەی دیدرۆ بوو بۆ سەلماندنی بوونی خودا , بەڵام دوای ئەوە دەبێتە زەمینەی سەرەكی بۆ هێرشكردنی دیدرۆ دژی خوداناسی كلێسا.

كاتێك دیدرۆ دەكەوێتە بەراوردكردنی نێوان فەیلەسوف و هاپسیكۆرد , دالامپێرلە وەڵامدا دەڵێت :-

دەزانم , بەم پێودانگە ئەم هاپسیكۆردە كەخاوەنی هەست و ژیانكردنە , ئەگەر دەسەڵاتیشی هەبوایە دەیتوانی خۆی بژیێنێ و خواردن بۆ خۆی دابینبكات و لەدایك بوونێكی ئیدیاڵیشی هەبێت , خۆی بەشێوەیەكی سەربەخۆ دەژیاو هەروەها خۆی بەجووت بوون لەگەڵ جنسەكەی خۆیدا--- هاپسیكۆردی بچوكی زیندوویان دەخستەوە و هاپسیكۆردیان دەژەنی .



دیدرۆ:- بەبڕوای ئێوە , سەنتور , بولبول , مۆسقاژەن و مرۆڤ , جگەلە جیاوازیەكی ڕواڵەتی چ جیاوازیەكی تریان هەیە؟ یاخود لەنێوان كەناریەێك و"سیرینێت"ێك serinette دا چ جیاوازیەك هەیە?, ئەم هێلكە دەبینیت؟ دەتوانێت هەموو قوتابخانە كلێساییەكان و هەموو پەرستگا زەمینیەكانی پێ سەرنگون بكەیت , ئەم هێلكەیە چی هەیە؟ و پاشان ئەوەی كە نوتفەیەك تێیدا چەكەرەی كرد دەبێت بە چی؟ , سەرلەنوێ جەستەیەكی بێ هەست , لەسەرێكی ئەم هێلكەیەوە خۆبەخۆ هەڵچوونێكە و شلەیەكی بێ خەسڵەتە , بەڵام بەچ شێوەیەك ئەم بوونەوەرە تێدەپەڕێت و دەچێتە باروودۆخێكی دیكەی ژیانەوە و دەبێتە خاوەنی هەستەكان ؟

بەكۆمەكی گەرما ! گەرما چ شتێكی دەهێنایە بوونەوە ؟ جووڵە.....

بەو شێوەیە لای دیدرۆ گریمانەی هەبوونی هەستكردنی بۆ: بە -- زەبر (بالقوە) لە مادە دا , بنەما تیۆریەكەی ئەو لە خودانەناسی توندڕەوانەدا دەسەلمێنێت.

دابەشكردنی دەقی كتێبەكە بە سێ بەشەوە , تەواو كارێكی لۆژیكیە , لەبەشی یەكەمدا دیدرۆ كرۆكی تیۆرەكە بۆ دالامپێر دەخاتەڕوو , لەبەشی دووهەمدا , دالامپێر بەئامادەگی دۆستەكانی"مادیمۆیسڵ دیلیسپیناس و دوكتور بوردیۆ" خەودەبینێت بە تیۆرە زانستیە مومكینەكانەوە و بەو پشكنینانەوە كە بەندن لەسەرئەم گریمانەیە , واتە ئەو تیۆرانەی كە هەندێكیان لەسەردەمی دیدرۆدا ڕێكخرابوون و بەشەكانی تریان تا ئەم سەردەمانەی دواتر بەرجەستە نەبووبوون.

دواجار لەبەشی سێهەمدا مادیمۆیسلْ دیلیسپیناس , دەربارەی ئامانجە ئەخلاقیەکانی ئەوجۆرە خودا نەناسیە , لەگەلْ بەڕێز بوردیۆدا دەستدەکات بە توێژینەوە.

ئەمانەجەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە , کە هەر شتێکی سودمەند یان چێژبەخش , تائەو شوێنە ڕاست و دروستە کە نەبوەتە شتێکی زیانبەخش , ئەو ئەنجامە بابەتیانەی کە باسکاران پێی دەگەن کەمێك لەچاوەڕوانیەوە دوورە.

بەرلەوەی قسەکردن دەربارەی دیدرۆ بخەینەلاوە بە پێویستی دەزانم پەرەگرافێکی بچوکتر لەو نوسینەی بخەمەڕوو , ئەویش گفتوگۆی نێوان فەیلەسوفێکی خودانەناس و خانمێکی ناسراوە , ناونیشانی ئەو بەرهەمەش بریتیەلە گفتوگۆی فەیلەسوف لەگەلْ مارشالْدا , ئەم خانمە خوشکەزای بەڕێز"ساموئێل بێرنارد" ی ژمێریارو ژنی "مارشالْ دیبرۆگیلی"یە ,هەروەها پەیوەندی بە بالآترین چینی بورژواوە هەبوو و پێشتریش لەگەلْ خانەدانەکاندا تێکەلْیەکی زۆری هەبوو.

(ئەو لە فریشتەیەکی جوان و پاکیزە دەچێت ... باوەڕی وابوو هەرکەسێك نکۆلْی لەسیانەیی بکات ئەومرۆڤە پوچەیە کە دواجار لەسەر چلْە دارێك ڕۆحی دەسپێرێت"

خاتونیمارشالْ سەرسامە بە ئەنجامی ئەو تێگەشتن و زانیاریەی لەسەر دیدرۆ , کە دەزانێت پیاوێکی بێ باوەڕەو لەهەمانکاتیشدا درێژەدەدات بەژیانێکی شایستەی مەسیحیانەو کەچی پیاوێکی دزوو جەردەو ڕێگریش نیە , هەربۆیە بەو سەرسامیەوە لەدیدرۆ دەپرسێت:"لە بێ باوەڕیەوە چ شتێکتان دەستدەکەوێت؟"ئەم پرسیارە ئەو فەیلەسوفە ڕادەگرێت و وادەکات



لەبەرامبەردا بپرسێت:- کەواتە خەلْك بەڕاستی لەڕێگەی بیروباوەڕەوە بەدوای بەدەستهێنانی شتێکدا دەگەڕێن؟.

خانم وەلآمی دەداتەوە (من نازانم, بەلآم لەگەلْ ئەوەشدا , هەندێك بەرژەوندی شەخسی بەدەست دەهێنرێن کە هەم لەدنیاداو هەم لە ڕۆژی دوایی"ئاخیرەت"دا سودیان هەیە ) .

پاشان فەیلەسوف بەوە تاوانباردەکات کە قسەکانی نارەوان.

دیدرۆ:- بەلآم بۆچی؟

مارشالْ:- چونکە پێی وایە ئەگەر شتێك نەبووبێت , کەواتە دەبێت ئومێدم بەوە هەبێت یاخود بمترسێنێ , چێژگەلێکی باش و دەگمەن لەم دنیایەدا هەن کەمن حەرامیان ناکەم لەخۆم , من ڕازیم کە بە نرخێکی گران بەشێکیان ببەخشم بە خودا.

دیدرۆ:- بەلآم من هەرگیز بۆ پول و پارە چاوەڕوانی سودو قازانجێك نیم.

مارشالْ:- هەموو هەژارەکان بەوشێوەیەن.

دیدرۆ:- ئێوە بەو جۆرە نیشانیدەدەن , کە من هەلپەرستێکی خۆپەرست بم ؟.

مارشالْ:- بۆنا , مرۆڤ تائەو شوێنەی کە چێژ وەردەگرێت دەتوانێت لەگەلْ خودا--دا ئەزمونی دانوسان بکات و لە ئەنجامیشدا تێکنەشکێت , دەزانم کە ئەم کارە گرفت ئامێزە , بەلآم ئەو گرفتە چیە کە لەئەنجامەکەیدا هەیە ؟ , لەکاتێکدا مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە دەبێت بچیتە بەهەشت چ بەزیرەکی و چ بەدەسەلآت , بۆچی مرۆڤ نابێت بەهەر وەسیلەیەك بێت سودمەندبێت و چاو لەهیچ جۆرە بەرژەوەندیەك نەپۆشێت .... لەڕاستیدا ئێوە چاوەڕوانی هیچ شتێك نین ؟

ديدرۆ:- هيچ

مارشاڵ:- چەند خراپە ! کەواتە ئێوە پێویستە ڕاستی بڵێین یان گەمژەن یان شێتن , چ بزوێنەرێك دەتوانێت ئامادەگی هەبێت بۆ بێ باوەڕێك کە وەها بەباشی بمێنێتەوە جگەلە شێتی ؟.....

ديدرۆ:- ئێوە پێتان وانیە کە دەشێ مرۆڤ بە سروشتێکی وەها "خۆشبەختانە"وە لە دایك بێت کەلە ئەنجامی کاری چاکەوە چێژ وەرگرێت ؟.... ئایا پەروەردەیەکی باڵا دەتوانێت ئەو خوونەریتە سروشتیە بەهێزتر بکات؟.... ئایا ئەزموونەکانی ژیان لەداهاتوودا دەتوانێت ئەوەمان فێربکات کە بەردەوامی و ئەوەی زیاتر شادی دنیاییمان فەراهەمدەکات ، ڕاستگۆییە نەك فریودان ؟.

مارشاڵ هەموو ئەم قسانەی پێ باشە ، بەڵام دەپرسێت : ئەگەر هەواو هەوەسی نەفس ، بێ باوەڕێك دووچاری بەدکاری و وێرانی بکات چی ڕوودەدات؟

ديدرۆ:- ئەو ئەفسونبێژی خوونەریتە ، ئایا شتێك هەیە لە ئەفسونبێژی خوونەریت بێماناتر ؟

مارشاڵ: بەداخەوە ... نەخێر ، بەڵام خەڵکی باوەڕیان هەیە ، کەچی ڕۆژانە بەشێوەیەك ڕەفتار دەکەن وەك بڵێی هیچ باوەڕێکیان نییە .

ديدرۆ: مرۆڤ بەو بێ باوەڕیەوە بە جۆرێك ڕەفتاردەکات کە وادەردەکەوێت باوەڕدارە.

مارشاڵ:- ئارەزووی ئێوەیە ، بەڵام ئایا دەبێتە کێشەیەك ئەگەر لە پێناوی ئەنجامدانی کاری چاکەدا بەڵگەیەکی زیاترمان هەبێت وەك "ئاین" و بۆ کاری خراپەش بەڵگەیەکیتر وەك "بێباوەڕی" ؟



ديدرۆ: هەرگیز ، بەڵام بەمەرجێك کەبەڕاستی دینداری بزوێنەری چاکەکاری بێت و بێدینی ئەنگێزەی خراپەکاری بێت ٠

سەرباری هەموو ئەمانە ، گفتوگۆ گرنگەکانی تری دیدرۆ دژی کڵێسا لە کتێبی "ئەندێشە فەلسەفیەکان" و کتێبەکانی دیکەیدا دەخوێنینەوە .

سەرلەنوێ خاتو مارشاڵ بەڵگە گەلێك دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی سوودمەندی دین لە پێناو پاراستنی "خەڵك" لە شەڕانگێزی .

ديدرۆ لە وەڵامدا دەڵێت:- پێدەچێت کە دین , دیدی باوەڕدارێکی کڵێسا بەرلە"جەژنی پاکی", والێبکات بە ماوەیەکی کەمتر پاش جەژن بەدکارو ناشیرین بێت " بەڵام لە ناتەبایی "سەختگیری" و جەنگەکانی کڵێسادا , باوەڕ, بەدەر لەهەموو ئەو چاکەکاریانەی کەبێگومان ئەنجامیداون , شەڕانگێزی و ئەهریمەنی هێناوەتە دنیاوە .

مارشاڵ ناڕەزایی هەیە , لەوبارەوە کە هۆکاری ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکارهێنانی دین (نەك جەوهەری ئەوانە).

ديدرۆ وەڵامی دەداتەوە کە( ئەگەر جەوهەری دین و خراپ بەکارهێنانەکانی جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبێت , کەواتە خراپ بەکارهێنان , دەبێت وەك بەشێك لەدین لەقەڵەم بدرێت.)

ئەو بەم شێوە دوای قسەکانی خۆی دەکەوێت " کە خەڵکی مەسیحی بن یاخود کافر , تەواو کارێکی یەکسان و بێ جیاوازیە , جارێکیتر قسەکانی پێشووی دووبارە دەکاتەوەو پێیوایە هیچ مەسیحیەکی ڕاستەقینە بوونینیە , بەو جۆرە بەردەوام دەبێت (بۆ بیست هەزار پاریسی بەس دەبوو , کە لەمێشکی خۆیاندا بەراوردبکەن و تێبگەن ئەخلاق و ڕەفتاری خۆیان ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای دەستورەکانی کڵێسا دەربارەی ستایشی مەسیح

لەسەر بەرزایی‌کێو بونیادبنێن....بەم پێیە ژمارەی شێتەکان بەشێوەیەك زیادی‌دەکرد که سەرۆکی پۆلیس بۆ پەیداکردنی ژورێك لە نەخۆشخانەکاندا تووشی دەردی سەریەکی زۆردەبوو.)

ئەو بۆ مارشاڵی ڕادەگەیەنێت کە چۆن قەشەکان بەگەرم و گوڕیەکی زۆرەوە کردەوەی بێ زیان ڕتدەکەنەوە زیاترلەوەی کە ئازارێکی سەخت بەوانیتر دەگەیەنێت.

دیدرۆ دەڵێت : ئامانجی ئەوە نیە کە کەسێك لەدینەکەی خۆی پاشگەزو پەشیمان بکاتەوە , یاخود ڕایگرێت لەسەر باوەڕبوونی بەوتوانایەی کە دەتوانێت بەبێ چاو ببینێت , بەبێ گوێچکە ببیستێت , بەبێ مێشك بیربکاتەوە , بەڵام بەڕاستی ئەو تێناگات کە ئەگەر جیهانی مادی ڕۆحێکی خولقێنراو بێت , بۆچی مەحاڵە مادەش بتوانێت ڕۆح بخولقێنێ .

باسەکە بە دەربڕینی ئەم بیروو باوەڕە بەردەوام دەبێت کە ئەگەر خودا عادیلانە داوەری دەکات , کەواتە مرۆڤی "فانی"یش بەهەمان شێوە بەڵگەیەکی نیە لەسەر ترس لە نەبوونی ئەو , نابێت لە دادوەریشی بترسن .

مەبەستی دیدرۆ ئەوەیە خودایەك کە بوونی هەیە , دەتوانێت لەباتی سزای لەسەر فەیلەسوفێك کە بەهۆی گومانکردنیەوە لەبوونی ئەو کە هیچ بەڵگەیەکی نیە بۆ باوەڕپێکردنی بەخشندەیی هەبێت .

دیدرۆ پاش هێنانەوەی نمونەی ئەخلاقی لەم زەمینەدا , لەمارشاڵ دەپرسێت , ئایا هاوسەرەکەی ئەو بەهۆی بەد ڕەفتاری مناڵەکانیانەوە دەتوانێت سەبری هەبێت بۆئەوەی بیانبەخشێت , مارشاڵ نارەزایی دەردەبڕێت کە خودا و هاوسەرەکەی دووشتی تەواو جیاوازن , دیدرۆ بەسەرسوڕمانەوە



دەپرسێت: کە لەوانەیە مەبەستی ئەو ئەوە بێت کە هاوسەرەکەی باشتربێت لەخودا .

خاتوو مارشاڵ وەڵام دەداتەوە : "پەنا بە خودا ! مەبەستی من ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی من جیاوازە لە هەڵسەنگاندنی مێردەکەم و عەدالەتی ئەو جیاوازە لە عەدالەتی ئیلاهی , بەو جۆرە دیدرۆ گفتوگۆکەی بەم قسەیە بەرەو کۆتایی دەبرد: کە ناتوانێت تێبگات چۆن ئەم عەدالەتە بێ هاوتایەو بۆهەمووکەس یەکسان نیە " لەکاتێکدا کە ئەو ئەوەندە عەشقی بۆ هاوسایەکانی هەیە کەبەشێوەیەکی پێویست , بیروباوەڕەکانی لەسەرۆکی دادگا دەشارێتەوە تاوەکو ئەوانە لەئەنجامی کرداری دڕندانە بپارێزێت .

هێنانەوەی ئەم قسەوباسانە هەموو جۆرە لێکدانەوەو شیکردنەوەیەك زیاتر ڕوندەکاتەوە , ئەمانە چۆڕاوی هەموو ئەو ڕەخنانەیە دژبە کڵێسا کە بەهۆی ئارەزوومەندی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریەوە هاتنەئاراوە , ئەو ڕەخنانەش دژبە کڵێسایەکی خەیاڵی نەبووە , بەڵکو دژی کڵێسایەکی واقعیە لەو ڕۆژگارەی ئەواندا , لێرەدا دووبارە جەخت لەسەر ئەو بنەما سەرەکیە دیالکتیکیە دەکرێتەوە کە ئەو ئەندێشەی لەهەلومەرجێکدا بوونی هەیە , ئەگەر بانگەشەی پەرەسەندن و گەشەکردنی مێژوویی بکات ( بەهەمان شێوە کە ڕۆشنگەری بانگەشەی بۆکرد ) , ئەوا خودی ئەو ئەندێشەیەش دەبێتە بەشێك لەو هەلومەرجە .

## لەخۆنامۆبوون

کۆمەڵگای خۆرئاوایی لەناو پرۆسەی ڕەوتێکی ئۆرگانیزەکراوی عەقلانیدا خۆی بینیەوە و وەك پێویستیەکی ژیان گرنگیەکی زۆری دەدا بە بیری ئۆتۆنۆمی و پەیوەست بوو بەو چەمکەوە ، لەو ڕەوتەدا وادەبینرا کەعەقڵ نەك تەنها هۆکارێك بێت بۆ هەڵهاتن لە جیهانبینیەك کە تەنانەت لە ڕابردووشدا زیندوو تەبابووە لەگەڵ عەقڵدا ، بەڵکو بەهەمان شێوە چەکێك بوو دژی بەرهەمی بەجێماوی ئەو جیهانبینیەی کە هەوڵی دابوو بێهودە خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای نوێدا هاوئاهەنگ بکات , بەڵام دواجار دژە عەقڵ و مایەپووچ بوو بوو .

بەڵام دیدرۆ لە سنوورەکانی ڕۆشنگەری تێگەیشتبوو ، هیچ یەکێك لەو فەیلەسوفانە وەکو ئەو بەئاگا نەبوو لە لاوازی و کەموکوڕیەکانی بزوتنەوەکە بەو جۆرەی کە هیگڵ ڕایدەگەیەنێت :- زانستنامە لە هەمان کاتدا کە چۆڕاوگەی زانست و تێگەیشتن بوو ، لەو دیوو مەسەلەی ڕۆشنگەرییەوە بەپێی جەوهەرە مرۆییەکەی بەدوای بەدەست هێنانی واتای ئەو زانستەشدا دەگەڕا ، ئەم مەسەلەیە نەك تەنها لەزەینی دیدرۆدا بەڵکو لەزەینی نووسەرانی دواتریشدا پرسیارێکی وروژاندبوو --- هەرچەندە ناکۆك دەکەوێتەوە --- پرسیارێك دەربارەی زیندوێتی ئاین و ئیمان و کۆتایی"نامۆبوون"ی مرۆڤ ، گۆتە--ش بەو مەسەلەیە "فاوست" ی خۆی دەست پێدەکات .

نوسینی فەلسەفی ، بەتایبەت بەرهەمی پلەدوو ، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ شێوە دینیەکەی خۆیدا نامۆ بوو ، سەرئەنجام "زاڵبوون بەسەر نامۆبوون"دا بەواتای "زاڵبوون بوو بەسەر ئەندێشەی دینی"دا ، لەگەڵ ئەوەشدا ، هیگڵ دەیزانی کەمرۆڤ لە ئیمانی ڕاستەقینەدا تەنانەت لە شێوە



بێمتمانە ئایدۆلۆژیەکەشیدا ، دەیتوانی لە "خودا"دا خۆی بدۆزێتەوە --- ئەوخودایەی کە باوەڕی پێی هەبوو ، پاشان تەنها لەگەڵ گەشەی عەقڵباوەڕیدا ئیمان گۆڕدرا بۆ"شەهادەت"و "خورافەت"

مارکس لەلێکۆڵینەوە زانستیە بەناوبانگەکەیدا ، ئەوەی نیشاندا کە چۆن ژیانی ئابووری سەرمایەداری , هاوکات "لەبنەڕەتدا یەکەمین کۆمەڵگای بێباوەڕ و خاڵی لە موقەدەس"ی شانبەشانی بەدترین نموونەی لەخۆنامۆبوونی مرۆڤی هێنایە ئاراوە ، ئەم دوو دیاردەیەش خاوەنی پەیوەندیەکی ئێجگار نزیکن .

مرۆڤی هاوچەرخ لەژێر کاریگەری ئەم مەسەلەیەدا دەپرسێت: تا چ ئەندازەیەك ئەو( مرۆڤی هاوچەرخ , و,ك) دەتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەو نامۆبوونەدا و باوەڕێکی زاتی و مرۆڤدۆستانە فەراهەم بکات , بۆئەوەی لە دەرئەنجامی ئەو پرۆسەدا ئاوێتەیەکی لە "عەقڵ و ئیمان و جاوید " چنگ بکەوێت ، کە لەدوا ئارەزوی خۆیدا -- ئەگەر ئاوێزان بوونێکی ڕاستەوخۆش نەبێت -- پەیوەندی هەبێت بەو چەمکەوە کە فەلسەفەی کلاسیك ناوی دەنێت عەقڵ.

مێژوو ناگەڕێتەوە و پێناچێت ڕوانگەی کڵێسایی سەرلەنوێ ببێتەوە بە ڕەفتارێك کە مرۆڤ بەڕاستی بتوانێت لەسەر بنەمای ئەو ڕەفتارە ژیان بگوزەرێنێ و بیربکاتەوە ، بەم پێیە ئەم پرسیارە لەناو جەرگەی ژیانی فکری نوێدا لەئارادایە کە زیاد لەهەر سەردەمێکی تر مەسەلەی خودا بەسەر تەواوی شێوازە بەیانکراوەکانیدا دەسەڵاتی پەیدا کردووە ، ئایا دەکرێت لەچرکەساتە تەکنیکیە پێشکەوتوەکاندا کۆمەڵگایەکی تەواو سکولار و بەگشتی عەقلانیمان هەبێت ؟ ئایا کۆمەڵگا مرۆییەکان , وەك دەسکەوتی ئەو توانا

پیشەسازیانەی کە دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵگای سەرمایەداری بووە و لە ئایندەشدا هەردەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەو جۆرە هەلومەرجانە , دەتوانن بەسەر نامۆبوونی خۆیاندا زاڵبن و جیهانبینیەکی دینی "نا- تراسێندنتاڵ" ی پایەدارو تازە دەربارەی کۆمەڵگای مرۆیی و مێژوو بهێننە ئاراوە؟

"هەڵسەنگاندنی مێژوو" ڕوانگەی کلێسایی پەراوێز کردووە , بەهانەی دیدرۆ لەو ڕووەوە کە کۆمەڵگای هاوچەرخ ڕێگەنادات بە هەرمرۆڤێك هەڵبژاردنی تایبەتمەندیەکی تەواو مەسیحیانە بۆ هەموو ژیان پێشکەش بکات , ئەمڕۆ لەهەموو سەردەمێك زیاتر جێگەی باوەڕە و ئاشکرایە کە ژیانی ڕاهیبانەی مرۆڤی هاوچەرخ چەندە زاهیدانە بێت ، بەو ئەندازە دەگۆڕێت بۆ یەك "بابەتی تایبەتی" تەواو ناوەکی و سایکۆلۆژی کە بێ بەشە لە هەرجۆرە کاریگەیەك کەهەیبێت لەسەر ژیان و لەناو کۆمەڵگادا ،

بەلاٚم ئەو دوو جیهانبینیەی کە دەبێت ئەمڕۆ دیدی مێژوو لەنێوان هەردووکیاندا هەڵسەنگاندن بکات ، هێشتا هەر هەمان دیدگای "زانست"و"ئیمان"ە لە بەرگێکی نوێدا , دەبێت ئێمە لەنێوان زانستی تەکنیکی و "سێنتز" ی زانستدا لەگەڵ ئیمانێکی سروشتی کە دەبووایە لە کۆمەڵگای مرۆیدا بەهۆی خودی تاکەکانەوە بهاتایەتە ئاراوە و لە نێوان تێگەیشتن و عەقڵ دا , لە ڕووی ئەخلاقیەوە بێلایەنانە هەڵبژاردنێك ئەنجام بدەین.



## ڕۆشنگەری و کێشەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ

ڕەخنەی ڕۆشنگەری لە قوتابخانەی دیالێکتیك ، لای زۆربەی کەسانی خاوەن کەلتور بە تایبەت نەوەی سۆسیالیستەکانی پێش ئێمە ، بە ڕەوتێکی گرنگ لە دەسکەوتەکانی مێژووی فکری کۆمەڵگای خۆرئاوا دەژمێردرێت ، پاش ئاوابوونی دیدگای نوێ کانتی کە بەزۆری گەڕانەوەیەك بوو بۆ وتەزا زەینیەکانی تاکگەرایی ڕۆشنگەری ، پێدەچێت بە دەگمەن وەرچەرخانێکی جدی فکری و عەقلاٚنی لە ئەوروپا مابێتەوە ئەوانەش کەدواتر مانەوە ، یان کەسانێکی وەك ئێرنست کاسیرر کە دواهەمین فەلسەفەیەك بوون لە سەدەی ڕابردوودا مابوونەوە ، یان کۆمەڵە لایەنێکی تەنیاکەوتوو بوون ، کە هیچ بانگەشەیەکی کاریگەریان لەسەر پێکهاتەی ژیانی فکری ئەوروپی نەبوو .

دوو بابەتی فیکری تەواو جیاواز هەن کە زۆرجار ئەو توێژینەوانەی پەیوەستن بەڕەخنەوە یاخود "وەلاخستنی"ڕۆشنگەریەوە , هەریەکەیان بەهەڵە لەبری ئەوی دیکەیان وەردەگرن " بەکارهێنانیان بە هەڵە لەبری یەکتر ، و، ك"

یەکێکیان ئایدیای بۆرژوازیە کەلە سەردەمی تازە بوونەوەی پەیوەندی دینی لای"کیرکەگور" , (ئەم تازە بوونەوەی پەیوەندیە , دەبێت وەك جۆرێك لە ئاماژە ڕەچاوبکرێت نەك هۆکار) لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا ، خۆشبینی و متمانەی تەواوی خۆی بەتاکەکەس دۆڕاندووە و بە پێچەوانەشەوە خۆیان لەگەڵ وتەزا ناعەقلاٚنیە ناکۆکەکاندا گونجاندووە .

ئەویتریان دیدگای "ماتریالیزمی دیالەکتیکی"یە کە بەردەوامی و گەشەی نەریتی هیومانیزمی ئایدیالیزمی ئەڵمانی یەکێکە لە سیما زانستیە پۆزەتیڤەکانی.

## قەیرانی ناوەکی

گومانی تێدانیە ئەگەر ئێمە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کەلە کۆمەڵگای سەرمایەداری نویٚ و ژیانی فکری خۆرئاوا تێبگەین ، دەبێت لە شیکردنەوەیکی دروستی پیاچونەوەو ڕاڤەی مارکسیزمدا ئەو مەسەلەیە ڕونبکەینەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا وادەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتی چەمکی مارکسیزم "قەیرانی ناوەکی" ناو کۆمەڵگا و ئایدیای بۆرژوازی بووبێت کە لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ — ١٩٤٥ لە ئەوروپای خۆرئاواو بەتایبەت لە ئەڵمانیادا دەرکەوتبێت.

ئەوە سەردەمێکە شاهیدی گەشەکردنی جیهانبینیەك بووە--- ( پێویست بەشیکردنەوەیەکی بونیادی وردوو بەرفراوانتر دەکات ) -- کە سەرباری پاراستنی ڕوانگەی تاکگەرایانەی خۆی ، زیاتر تایبەتمەند دەبێت بەدیدگایەوە دەربارەی تاك کە گوایە تاك لەژێر کۆنترۆڵی دڕندانەو هەستی "پەراوێزکردن" و بەتایبەت بیٚ توانایەکی تەواو دایە لەئاست تێگەیشتن و بەڕێوەبردنی دنیای دەوروبەری خۆی .



لە ڕوانگەی ئەم دیدگایەوە ، ئایدیای خۆشبینی و تەواوی ڕۆشنگەری بەتایبەت ئەندێشەی ڕەخنەیی ڕۆشنگەری سەبارەت بەکلێسا ، بەشێوەیەکی وێنەیی و سنوردار دەهاتە پێش چاو .

بۆرژوازی پێشتر گۆڕدرابوو بۆ هێزێك لە خزمەتی پاراستنی نەریتی سەدەی نۆزدەهەمدا ، کە بابەتی دژە کلێسای پێشووی خۆیان فەرامۆش کردبوو تاوەکو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گونجاوتریان هەبێت لەگەڵ دیندا بە ناوی "پشتیوانیکردن لە سیستمی کۆمەڵایەتی هەنووکە" لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بورژوازی لەژێر فشاری نا جێگیری و سەرچاوەی دەرونیدا ڕویکردە جۆرە باوەڕێك کە لەڕووی زەینیەوە پابەند و تەنانەت لەسەروی دینیشەوە بوو .

بەڵاٚم بە بەراوورد لەگەڵ باوەڕی ڕاستەقینەی سەردەمی دینیدا ، ئەم جۆرە باوەڕە لە ڕووی بابەتیەوە "جێگەی باوەڕ نەبوو" چیتر ئەم باوەڕە جەوهەرێکی ڕاستەقینەی نەبوو ، بەڵکو سیمای ئەزموونێکی زەینی بوو ، لەم ڕووەوە کاریگەریەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگا نەبوو .

پێدەچێت قەیرانی ئەو سەردەمە بەرکار "معلول"ی هەڕەشەیەك بوو کەلەلایەن دیدی ئابووریەوە بەسەر کۆمەڵگادا دەهات ، فشارێك کەتا ڕۆژگاریٚ"رکود" ی گەورەی ساڵەکانی ١٩٣٣ تا ١٩٢٩ بەشێوەیەکی تەواوگشتی ئاشکرا نەبوو , بەڵاٚم ئەم فشارە زەمینەی پەرگیریەکی تەواوی ئەو ڕووداوانە بوو کەلە ماوەی ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩٤٥ ڕویاندا ، لەم ڕووەوە ئەگەر ئێستا قسەو باسێك هەبێت دەربارەی هەلومەرجێکی فکری تازە ، لەبەرئەوە نیە کە "گێرکەگور" و "هایدگەر" بارودۆخ و پەیوەندیەکانی خۆیان بەگشتی لەگەڵ ئێمەدا لەدەستداوە , بەڵکو لەبەرئەوەیە کەلەساڵی ١٩٤٥

کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆرئاوا بەئاشکرا دەستیدایە زنجیریەك ڕێچکەی ئۆرگانی ئابوری ,. کەمەترسی قەیرانی ئابوری پرگرفتی چارە سەرکردووە , گەرچی هێشتاهەر بەناچاری چرکەساتی ترسناکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگۆڕێیە , بەلاّم ئەو چرکەساتانە بەو جۆرە سەرەکی و بنەڕەتی نین , کەلە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا جێگەی مەترسی بوون .

سەرباری هەڕەشەی دەرەکی نەتەوە سۆسیالیستەکان و بزوتنەوە سەربەخۆ و خێرخوازەکانی وڵاتە دواکەوتوەکان و سەرباری گورزوەشاندنی لەناکاو و نیشانەکانی نائارامی کە هەڵگری کۆتاییەکانی ئیستعماری کۆن بوو.

کۆمەڵگای خۆرئاوا سەرگەرمی پرۆسەی پیاچوونەوەی نەخۆشیە زۆرتازەکانی خۆی بوو , بەم پێودانگە ئەو بونیادە ئایدیۆلۆژیانە دەخاتەلاوە کە بەندبوون لەسەر نائارامی و بێئومێدی .

پێدەچێت دینداری تاکگەرایانە , لەو واقع و هەلومەرجەی پشتکردنە عەقڵ و ڕووکردن لەدەروون , جۆرە وابەستەبوونێك بێت بە زەین و یادەوەریەکی فەرامۆشکراوەوە لەهەلومەرجێکی فکری و کۆمەڵایەتی ڕابردوودا , زەینیەتێك , کەچیتر ناتوانێت وەك سیمایەکی بیرکردنەوە و ئەزموونکردن ڕەچاوبکرێت کەبە شێوەیەکی سەرەکی ڕوو لە ئاراستەیەکە بەرەو ئایندەی کۆمەڵگای بورژوازی .

پێدەچێت ئەو هەلومەرجە هەنوکەییە زیاتر تێگەیشتنی ئەو مەسەلە ئاسانتر بکات کە چەند قۆناغێك لە مێژووی بیری سەرمایەداریدا هەبوون کە بەزۆری وەك وەرچەرخانێك لە قەڵەمڕەوی ڕۆشنگەریدا ناوزەدکراون .

بەشێوەیەك دەبینرێت و وێنادەکرێت کە یەکەمین ڕۆژگار , سەرەتاکانی ڕۆژگاری پاش هیگڵ بێت کە ماوەی نێوان زەمەنی خودی هیگڵ و



گەشەکردنی ماکسیزم لەخۆدەگرێت , نوسینە سەرەتاییەکانی خودی مارکس- یش نیشاندانی بەردەوامیەکی تایبەتی بیری ڕۆشنگەریە , نامەی دکتۆراکەی مارکس- یش , ستایشێك دەربارەی ئاپیکور(فەیلەسوفی ڕۆشنگەری ڕۆژگاری دێرین) ە.

دەتوانین نمونەکانی ئەو ڕۆژگارە دێرینەش لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ببینینەوە , کاتێك فەیلەسوفانی نوێی کانتی , سەرباری ئەوەی ناویان وارۆشتووە کە گەڕاونەتەوە بۆ "کانت" بەلاّم زیاتر ڕوویان لە "فیختە" کردووە.

پەیوەندنی نێوان بورژوازی و ڕۆشنگەری , لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڕوکەش لە ڕۆژگاری قەیراندا وەك سەرەتاکانی ڕۆژگاری فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی , یاخود ساڵەکانی نێوان ١٩١٤ و ١٩٤٥ بەشێوەیەکی کاتی توشی دابڕن دەبێت , بەلاّم لە بنچینەدا خاوەنی پەیوەندیەکی بونیادیە , لەهەمانکاتدا دەبێت ئەوەش بڵێین کەتەنانەت لەو ڕۆژگارە قەیراناویەشدا بابەتی عەقلانیەت بەتەواوی پشتگوێ نەخرابوو.

بۆنمونە , دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی خەسڵەتی تایبەتی بەرهەمەکانی "پول والری" بە پێکهاتەیەك بزانین لە عەقڵانیەت و ئاگایی دەربارەی قەیران.

بەو پێیەی کە ئەم مەسەلەیە ڕاست بێت , دەتوانین بە ئەگەرێکی زۆر زیاتر ئەو داسەپاندنە بهێنینەپێشێ کە--لەگەڵ ئەو ئاسودەگیە بەرهەمهاتوەی لەئەنجامی بەدەستهێنانی داماڵینی چەك و کۆتایی هێنان بە جەنگی ئەتۆمی---کۆمەڵگای خۆرئاوایی پێشڕەوی بکات بەرەو دەورانێکی گرنگتری ڕۆشنگەری.

ئەو ڕۆژگارەی داهاتو , بەتەواوی نابێتە دووبارە بوونەوەی ڕابردوو وەکو سەردەکانی پێش خۆی , بەڵکو دەبێتە خاوەنی فۆرمە تایبەتەکانی خۆی .

لەم ڕووەوە "سەرەو ژوورکردن" ی ڕۆشنگەری لەلایەن باوەڕێکی دینی ناعەقلانی و تاکگەرایی و ئیزوتیریک-- یەوە , بەوشێوەی کە لەبەرهەمی فەیلەسوفانی وەك "برگسۆن" , "هیدگەر" , "یاسپێرس" , "ژان ویلٚ" و "گابریل مارسێلٚ"دا دەبینرێتەوە , دواجار دەکرێت قۆناغێکی تێپەڕ و بەسەرچوو و بێت لەمێژووی فکری کۆمەڵگای خۆراوا دا.

## ڕەخنەی زانستی

ئەمڕۆ کێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنگەری و بیری "دیالکتیکی" وەك دەسەلاٚتێك بەسەر ژیانی فکری بەشێکی گەورەی جیهانەدا , بەشێوەیەکی جدیتر دەردەکەوێت و زیاتر لە گرنگیەکی بابەتی و زەینیدا بەشدارە.

بەهەمان شێوە کە خستمانە بەرچاو , ئاگایی دیالکتیکی لە بەرهەمەکانی هیگڵ و گوتەدا بە ڕەخنەیەکی توند لە تاکگەرایی دەستیپێکرد , بەتایبەت لەشێوە ڕۆشنگەرانەکەیدا .

بوونی مرۆڤ بەشێوەیەکی کاملٚ لە بڕوا بووندا نیە بە مەعریفە , مەعریفە خۆی توخمێکە لە گشت(کلیت) کە دەبێت جەوهەرێکی ڕەسەنی هەبێت , ئەم دیدگایە بەشێوەیەکی کاریگەر لە دیمەنێکی کتێبە بەناوبانگەکەی "گۆتە"دا ڕاگەیەنراوە , شوێنێك کە فاوست تێیدا خەریکی وەرگێڕانی سەرەتای "ئینجیلی یوحەنا" یە بۆ "مەحبوبە ئاڵمانی" یەکەی خۆی , دەگاتە دانانی واتایەك و گوزارشتێك بۆ چەمکەکانی "وشە" , "عەقلٚ" , "هێز" دواجا



تاکە وەرگێڕانێك کە گونجاو بێت و دایبنێت , ئەمەیە :"لەسەرەتادا کردار بووە".

لەدیدگای هەموو خودایەکی "ناموتەعالی"دیالکتیکیەوە تەنها یەك جەوهەری ڕەسەن بوونی هەیە و ئەویش:- خودی مرۆڤە , بەلاٚم ئەگەر مرۆڤ هوشیارانە جەوهەری کرداری مرۆیی ناسیبێت , ئەگەر مرۆڤ دوالیزمی "بکەر" و "بابەتیکار" بووبێت , ئەوکاتە نە بکەر و نە بابەتیکار ناتوانێت تاکەکەس بێت , تاکەکەس تەنها دەتوانێت شتەکان ---یاخود ئەگەر تاکەکان وەکو شتەکان وەربگیرێن ---وەکو "بابەتیکار"کردنی خۆی بخاتە خزمەتی خۆیەوە , پاشان لەو حاڵەتەدا , کۆگیری مرۆڤەکان دەبێتە بابەتیکار .

ئەگەر کۆمەڵگەی مرۆیش پیٚ بە پیٚ لەڕێگەی تاکەکانیەوە کە لەوان پێکهاتوە کاربکات , خۆی دەکاتە بابەتی کارکردنی و پاشان دەرئەنجامی ئەو کارکردنەش ئاگاییەکی مێژوویە.

بیری دیالکتیکی , وەك ئەو بوونەوەرە مێژوویییە تەماشای مرۆڤ دەکات کە هەمیشە لە ڕێگەی "پراکتیك" ەوە ئاستێکی بالاٚ (تعالی) بە سروشتی خۆی دەبەخشێت و بەم جۆرە لە تەنها لایەنێکەوە ئەگەری پەیوەندی نێوان "مرۆڤ و خودا" , "ئاشتی مرۆڤ و سروشت" لەشێوە ئاگاییە مێژووییەکەیدا دەبزوێت , کە تەنها تاکە ڕێگایی چەسپاندنی ئازادیە.

لەم سیستمە فەلسەفیەدا , ئادەمیزادی سەردەمە دێرینەکانیش وەك بابەتێکی مێژوویی تەماشادەکرێن , بەلاٚم لە سروشتە ڕەسەنەکەی خۆیان بیٚ ئاگابوون , بەو پێیەی کە ئەوانە بەشێوەی "لەخۆنامۆبوونێکی" ئایدیۆلۆژی مێژوویان بونیادناوە , گەرچی بە هەنگاونان لەمەیدانی پراکتیکدا کۆمەڵگای مرۆییان لەبەردەستدا بووە بۆخزمەتکردن وەك جەوهەری

کارکردنیان , بەلاّم خۆیان ئاگاداری ئەم جۆرە پرۆسەیە نەبوون و لەئەنجامدا پلەو پایەیەکی ڕەهایان پێ‌قەبووڵ بوو بۆ جەوهەری مێژووی خۆیان و ئەوەشیان وەك شێوە لەخۆنامۆبوونێك وێنادەکرد لەدەرەوەی خۆیاندا و ناوی خودا یان لێدەنا.

ڕۆژگارە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤ ئەو سەردەمانەن کەتێیدا مرڤەکان هەرچەندە بەشێوەیەکی نائاگاییانە و ئایدیۆلۆژیستانە کاریانەدەکرد , بەلاّم لەهەمانکاتدا لەم جەوهەرە ڕاستەقینە زۆر نزیکبوونەوە کە خۆیان لە "خودا" و "خودا" یان لەخۆیاندا بینییەوە .

کۆمەڵگای سەرمایەداری بە هەرەسهێنانی تەواوی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە مرۆییەکان و داماڵینیان لە ناو ئاگایی تاکە کەسدا , ئەندێشە و هەستەکانی مرۆڤی لەهەموو جەوهەرێك ڕووتکردەوە.

تائەو کاتەی کە گەشەی بورژوازی جوڵەیەکی پێشکەوتووی مێژوویی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو , تاکەکانی بێ ئەوەی بەئاشکرا بزانن , دەیانتوانی هەست بەوەبکەن کە ئەندێشەی وێناکردنێکی پەتی دەربارەی کۆمەڵگاکەیان , وەك ئیمانی سەدەکانی ناوەڕاست خاوەنی جەوهەرێکی واقعی ڕەسەن و (سەرئەنجام مێژوویشە) تەنانەت ئەگەر پەنهانیش بێت .

لەسەر ڕۆشنایی ئەم هەلومەرجە , بیری ئایدیۆلۆژی سەدەی هەژدەهەم و دیدگای تاکگەرای بورژوازی لەتەواوی ڕۆژگاری گەشەکردنی خۆیدا و بەدرێژایی سەدەکان , ئەوەندە ڕەسەن و متمانەپێکراو مایەوە وەك ئیمان لە سەردەمی مەزنی دیندا .

ئەم ڕۆژگارە بە کۆمەڵە مەرجێك کۆتایی هات کە هیگڵ زۆر بە وردی باسیکردوە .



ڕۆشنگەری بۆ بەدەستهێنانی خودئاگایی و بونیادنانی خودموختاری ئاوەزی مرۆڤ -- ئاوەزێك کە بەزۆری ئەوەی لە جەوهەرە ڕەسەنەکەی خۆی ڕووتکردبووەوە-- دەجەنگا دژی کلێساو جۆرە تێڕوانینێکی کلێسایی کە لەڕاستیدا هەڵگری شێوەیەکیتر بوو لە ئاگایی , ئەو شێوەیە لە ئاگایی کە بەندبوو لەسەر وتەزا فکریە هاوبەشەکان , هەرچەندە بەشێوەیەکی ناڕاست گۆڕانی بەسەر ئەو ئاگاییە پاشگەز و خورافیەدا هێنابوو.

ئایدیالیزمی ئەڵمانی و پێشکەوتنەکانی لەفەلسەفەی دیالکتیکی وکۆمەڵناسیدا , سمبولی ئومێدێك بوو-- چۆن سەرکەوتنی بورژوازی بیری عەقلاّنیەتی لە واتا پێشکەوتووخوازەکەی بێبەشکردبوو --- ئومێدێك کە پێدەچێت ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ جێکردنەوەی کەرتبوونە نادروستەکان و هەروەها عەقلاّنیەتی نامێژوویی یاخود ئاینێکی ساختە لەگەڵ جۆرە ئیمانێکی پایەداردا بدۆزێتەوە کە لەسەر ئەو بنەمایە مرۆڤ بەشێوەیەکی هوشیارانە لەپێناو پێشکەوتن و گەشەکردنی دەرئەنجامی کردەوەکانیخۆی هەستی لێپرسراویەتی لە ئەستۆبگرێت .

ژیانی فکری ئەوروپی لەژێردەسەلاّتی کێشمەکێشێکی توندا لەنێوان کۆمەڵگای بورژوازیدا کەلە ناخەوە بووەتە مادەگەرا و هاوشێوەی مەسیحیەت و لەگەڵ ژیانی ئابووریدا کە لەڕووی ئەخلاقیەوە بێلایەن و لەگەرمەی گەشەکردنی خۆیدابوو , لەلایەکیترەوە , ئیمانی پایەدار و مرۆڤدۆستانە بەکۆمەڵناسی , لەگەڵ ئەو ئومێدەی کە هەیەتی بە بایەخدانی ژیانەوەی ئاینی و فکری لە پێناو هەوڵ و تێکۆشان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای داهاتوو بەهۆی مرۆڤەکانیەوە و لەپێناوی خودیخۆیاندا , دڵتەنگ و نیگەران بوو تائەوکاتەی خۆی لەکۆتوبەندی ئایدیۆلۆژی ئازادبکات و خۆی پاك بکاتەوە .

ئەمە هەمان ئەو هەلومەرجە بوو کە گەشەکردنی بەردەوامی ڕەخنەی کۆمەڵناسی بیری بورژوازی تێیدا سەریهەڵدا.

جەوهەری سەرەکی ئەو ڕەخنەیە تیۆرەیەك بوو لەچەمکی "لەخۆنامۆبوون" کەلە "هیگڵ" ەوە وەرگیرابوو , ئەم جەوهەرە لە فۆرمەلەبوونی مارکسیزمە پراکتیکیەکەیەوە گۆڕدرابوو بۆ تیۆرەی کالاپەرستی و مادەگەرایی reification شتەکان.

تیۆرسینی بواری زانست لە ئاماژەکردنیاندا بۆ ئەم خاڵە لەسەرحەق بوون کە : یەکەمین جار لەمێژوودا سەرمایەداری کۆمەڵگایەکی لەبنەڕەتدا ناڕۆحانی هێنایە گۆڕێ کە تێیدا جۆری ئابووری بەبێ ڕەچاوکردن و سەرنجدان لە جیاوازی نێوان:- چاکە و خراپە , خێر و شەڕ , جوان و ناشیرین , بێ بەرگری و پشت وپەنا زەمینەی خۆی ڕەنگرێژکرد , لەو جۆرە کۆمەڵگایەشدا دیدی مرۆڤ وەك کۆمەڵ , بەهەموو هەستە کۆمەلایەتیەکەیەوە هەرچی زیاتر و زیاتر لەئاگاییی تاکەکەسدا بزربوو , وەرگێڕەکانی خۆیان تەنها بەشێوەی "بەشت بوون" و وەك چۆنایەتی زیادبوونی کالاکان " نرخی"یان هەبوو , ئەم جەوهەرە-- بەشت بوونە-- دواجار تەنها دەبوو بە فاکتەرێك بۆ دیاریکردنی هەلومەرجە مرۆییەکان لەژیانی ئابووریدا .

ئەوان مافیخۆیانە لەجەختکردنەوەی ئەم خاڵەدا : کە ئەو شێوە کۆمەڵگایە کەسایەتی مرۆڤ پارچە پارچە دەکات , چ جۆرە کۆمەڵگایەك کەسێکی هەم بورژوا دەکاتە هەواداری هەستێکی چینایەتی و هەم وادەکات هاوولاتیەکی سادە وەك ئەو جەماوەرەیتر کە تا ئەندازەیەك لەئاستی تیۆری و خەیاڵیدا هەواداری خۆشگوزەرانیەکی کۆمەلایەتین و خوازیاری ژیانێکی شاهانەن , جگەلەوەی کە ئەم شێوە کۆمەڵگایە , بورژوای تاکگەرا دەکات بە خاوەنی



دووکەسایەتی تەواو ناکۆك و دژبەیەك :"مرۆڤی میانڕەو", نائەخلاقی , بێهەست و بێدین بەتایبەت لەکاتی دابینکردنی ژیانی خۆیدا و لەخاڵی بەرامبەردا , جۆری باوك , دۆستی میهرەبان و مەسیحی باوەڕ لە کاتەکانی تری ژیانیدا .

لەم ڕووەوە , ئەفسانەی "ئادەمی گورگین" و داستانی "دکتۆر جیکڵ" و "بەڕێز هاید" بەشێوەیەکی تەواوەتی سمبولی مرۆڤی هاوچەرخن , ئەم ئەفسانانە بەهۆی هونەرمەندە مەزنەکانی ڕۆژگاری ئێمەوە بەکارهاتوون , بۆنمونە لە بەرهەمێکی "برێخت"دا بە ناونیشانی the good woman of sezuan و لە فیلمێکی چاپلن دا بەناوی monsieur verdox کاریان لەسەرکراوە .

ڕەخنەگرەکان لەو بەڵگەهێنانەوەی خۆیاندا لەسەر حەق بوون , کۆمەڵگای سەرمایەداری لەهەمانکاتدا تێگەشتبوو لە بەها سەرەکیەکانی ڕۆشنگەری و بەشێوەیەکی تایبەت لە ئازادی و یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا و پاشان لێبوردن--- یش .بەلام ئەم حاڵەتە بەتەواوی لایەنێکی وێنەیی هەبوو .

لەڕاستیدا نایەکسانی ئابووری و سودوەرگرتن لەخەڵك , سنورە گەورەکانی ئازادی , یەکسانی و لێبووردنی پەردەپۆشدەکرد , ژیانی فکری کۆمەڵگای بورژوازی بۆهەمیشە پوچتر بووەوە و هەرچی کەمتر توانای وەلامدانەوەی بە ئامانجە مرۆییەکانی هەبوو.

لەهەمانکاتدا بەها بنەڕەتیەکانی برایەتی گروپی هاوبەش لە بەرژەوەندیدا و ئومێد بە ئاینده (جیاواز لەو ئومێدە لاوازانەی کەمتربەوەی کە تەنانەت منالان بەدرێژایی ئەو ژیانەی کە هاوشێوەی ژیانی دایك و باوکی خۆیان هەیانبووە ) لە ڕوبەری هەستی مرۆڤدا هێدی هێدی نادیارتر ئاوادەبوون ,

لەسەر ئەم خالانە بۆچوونێکیتر زیادبوو , واتە کۆمەڵگای بورژوازی ناتوانێت تەنانەت ژیانی ئابووری تەواوی تاکەکانی خۆی دابین بکات .

ڕۆشنگەری دروست لەگەڵ ئەو چرکەساتە سەرکەوتنەیدا , لەئاستی تێگەیشتنی بەهاکانیخۆی دۆشدامابوو , لەدنیای بورژوازیدا , دیدگای کلێسایی مەسەلەیەکی تایبەت و جگە لەدرۆیەك پێدەچێت شتێکیتر نەبووبێت .

## کۆمەڵگای خۆرئاوایی

لەو جۆرە جیهانە فکریەدا بوو کە نەوەی ئێمە گەشەیکردوو پەرەیسەند , بەلام دواتر ڕووداوە بابەتیە مێژووییەکان ناچاریانکردین تا لە زۆربەی ئەم جۆرە شیکردنەوانەدا شێوە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی ئەنجامبدەین .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا , لە دیدگا گرنگەکانی ئەم شیکردنەوەدا حەقانیەتێکی زۆر لە ئاستی پراکتیکدا سەلمێنرا و هەرئەم ڕوداوانە هەڕەشەیەکی شاراوەی لە بێلایەنی ئەخلاقی ئابووری سەرمایەداریدا ئاشکراکرد , هەڕەشەیەك وەهای لەو سیستمی سەرمایەداریە دەکرد کە ڕۆژێك بەلای هێزە درندە و فاشیزمەکاندا هەنگاوی مەترسیدار بنێ و ڕۆژێکیتر پەیوەندیدار بێت لەگەڵ شارستانیترین شێوازەکانی دیموکراسیەتدا .

لەسەدەی هەژدەهەمدا بەرهەمەکانی : مارکی دوساد , شان بە شانی بەرهەمەکانی دیدرۆ , ڕۆسۆ , ڤۆڵتێر و هولباخ , وەك زەنگێکی ترسناك , ئێمە ڕادەچڵەکێنێ لە دواهەمین تواناکانی عەقلانیەت , لەم ڕێگەیەوە "ناسیۆل سوسیالیزم"ی ئەڵمانیش جەختی لەسەر مەترسیەکی بە--- زەبر



(بالقوە) کردەوە کە هەمیشە لەژیانی ئابووریدا لەڕووی ئەخلاقیەوە بێلایەنانە ئامادەگی هەبوو .

سەرباری ئەمە , بەگشتی پوچی ژیانی فکری بورژوازی , بەدەر لە فاشیزم , هەرچی زیاترە لە بزووتنەوەی نوێی ئەدەبیات و هونەردا دەرکەوتبوو , ئەو شێوازە ئەدەبیە گرنگەی کە ئەفرێنەری کۆمەڵگای بورژوازیە , شێوەی حەماسی و ڕۆمانە , کەبەهاکان تەنها لە چوارچێوەی "ماهیەتی بەدگومانی"دا دەخاتەڕوو (لەڕاستیدا نیشاندەری سروشتی ماهیەتی بەدگومانی , تەواوی کەسایەتیە دیارەکانی وەك : دۆن کیشۆت , ژولین سۆریل , ئیما بوڤاری- یە), بەلام لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا لە "کافکا" وە بیگرە تا "ڕۆب گریلیە" و "بیکێت" و "ئادامۆف" و "یۆنسکۆ" و تا ڕێچکەی "مۆدرن" , نیگارکێشێك کە هەرجۆرە وێناکردنێکی بۆ واقع فەرامۆشکردووە و ڕوویکردۆتە ئاستێکی تەواو ئەبستراکت , کە زیاد لەهەموو شتێکیتر , بەرجەستەکردنی نیگەرانی و بێزاری و بەدگومانیەکە , کە بەهۆی لەدەستدانی بەهاکان و پوچی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخەوە سەریهەڵداوە.

سی ساڵ "قەیرانی کۆمەڵگای بورژوازی" لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٤ - ١٩٤٥ کۆمەڵە وەرچەرخانێکی سەختی بەدوای خۆیدا هێنایەگۆڕێ .

یەکەمین وەرچەرخان , سەرکەوتنی شۆڕش بوو لە ڕوسیا لەساڵی ١٩١٧ و پەرەسەندنی کۆمەڵگای نوێ تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووهەم , ئەم وەرچەرخانە ، لەگەڵ ئاسودەیی و کامەرانی شۆڕشدا لە چین و یوگوسلافیا و بەشێکی زۆری ئەورووپای مەرکەزی بەردەوام بوو .

بەدڵنیایەوە ئێمە نابێت "سوسیالیزم" وەك ستالینیزم-- و یاخود تەنانەت لەگەڵ شێوازێکی "تۆتالیتاریزم"ی حکومەت بەگشتی وەکویەك

بەیەکسانی تەماشابکەین , هەروەك چۆن نابێت سەرمایەداریش لەگەڵ دیکتاتۆریەتی هیتلەر و یاخود کۆمەڵگای بورژوازی لەگەڵ ستەمکاری ڕۆشنگەرانەدا پێکەوە و بە یەك چاو تەماشابکەین .

سۆسیالیزم و سەرمایەداری دوو پێکهاتەی کۆمەلآیەتی بنەڕەتین و لەڕاستیدا پێکهاتەکانیتر کۆمەڵە کێشەیەکی سیاسی تێپەڕوو ڕاگوزەرن کە لەم پێکهاتە بنەڕەتیانەوە کەلێنێك بۆ دەرفەتی دەرکەوتنیان دەدۆزنەوە , بەردەوامی ئەو پێشهاتە سیاسیانەش بەستراون بەو کۆمەڵە مەرجەوە کە توانای وەرچەرخان و لەناووچون و توانەوەی ئەو پێشهاتە سیاسیانەیان هەیە .

دەسەلآتی تیرۆر و دڕندەیی لە ڕژێمی ستالیندا , بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەنجامی لۆژیکی کۆمەڵە مەرجێکی مێژوویی بابەتی و ترسێکی دەرەکی بوو , کە بەهۆی هێرشی دوژمن و ئەو دەسەلآتە پەڕگیرەی جیهانی سەرمایەداریەوە بەسەر ئەو دەوڵەتە کۆمەڵگەرایەی کە دۆشداماو دەستەوەستان بوو لە ئاست پیشەسازی و سیستماتیزەکردندا , ئەم شیکردنەوە لەئەنجامی ئەو ڕاستیەوە پشتگیریکرا , کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی چین بە گۆڕانکاری کۆمەڵەمەرجێك کە بەشێوەیەکی بنەڕتی و دەسکەوتی یەکسانی سیستماتیکی لە "هاوتایی بەخشین بە دڕندایەتی" لە چەکە ئەتۆمیەکاندا و ستالین دامالێن لە حکومەت و کۆمەڵگای "ڕوسی" ش بەبێ جەنگی ناوخۆ و شکستی دەرەکی , دەستیپکرد.

بێگومان ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە سۆسیالیزم بەتایبەت لەو ولآتانەدا کە کەمتر گەشەیانکردبوو وەك ڕاستیەك وەرگیرا , شوێنێك کە زەمینەیەکی نەبوو بۆ سەرمایەداری , لەئەنجامدا هیچ جۆرە نەریتێکی "بورژوا-- دیموکراتیك" ی لەژیانی فکری کۆمەڵگای خۆیدا نەهێنابووە گۆڕێ , کە زۆرترین هەوڵدانی



لەئاستی جەختکردندا یە لەسەر بەرژەوەندی گشتی و بە بارتەقای ئەوەش پەراوێزکردن و بێباکیە بەرامبەر بە تاکەکەس , بەلآم لەهەمانکاتدا یادهێنانەوەی تەواوی ئەم جۆرە حاڵەتانە ئێجگار گرنگە , ئەم مەسەلەیەش وەك حەقیقەتێك لە یادی ئێمەدایە کە ئەزموونی چل ساڵەی کۆمەڵگای ڕوسی ئەوەی سەلماندوە کە ڕەتکردنەوەی ئاڵوگۆڕ و بەرهەمهێنان لە بازاڕدا , لەکۆمەڵگایەکی بەرنامەڕێژکراو بە ئابوریەکی تەواو لەلایەن نێوەندی دەسەلآتەوە , هەڕەشەیەکی جدی لەگەڵ خۆیدا ئاشکرادەکات , هەڕەشەیەك لە ئازادی و یەکسانی و لێکبوردن-- واتە لە تەواوی بەها بنەڕەتیەکانی ڕۆشنگەری .

گەرچی ئەم بەهایانە بەڕاستی هەرلە بنەڕەتەوە بەهۆی وێنەیی بوونێکی پەتی و پوچیەتی جەوهەریانەوە , کەوتونەتە بەردەم ئەو ئەگەرو گومانەوە : کاتێك کە ئازادی مانایەکیتری نییە جگە لەو پێناسەی کە ئاناتۆل فرانس دەڵێت:- "ئازادی لای ملیۆنێرێك بریتیە لە خۆشگوزەرانی و ڕابواردن لە کۆشکێکدا و لای گەدایەکیش ڕاخستنی دەسماڵەکەیەتی لە ژێر پلیکانەیەکدا" , لەکاتێکدا ئەو کەسەی کە سەروەت و سامانی هەیە و دەتوانێت لەڕێگەی ڕادیۆو میدیاکانەوە و هەموو جۆرە کەرەستەو کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە دەسەلآتی هەبێت بەسەر ڕێنمایکردنی بیروباوەڕی گشتی خەڵکیدا , یەکسانیش ئەگەر بەتەواوەتی بەو مانەیە بێت: کە یەکسانی "لەبەرامبەر یەکسانی یاسادا"بوونی هەبێت و خاوەنی واقعێکی ئابووری نەبێت , ئەوا بەشێوەیەك لاوازدەبێت کە دەگاتە بنبەست ، هەرچەندە لێبوردن ( مودارا ) تەنها لە سنوری دیندا کاری پێدەکرێت , لەگەڵ ئەوەشدا , چیتر کلێسا ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕێت لە دنیای سەرمایەداریدا , سەرباری هەموو ئەم

پێشهاتانه ، داخزانی مرۆڤی خۆرئاوایی و چینه خاوه کلتورەکان بەئاگان لەو گرنگیە مەزنەی کە هەڵگری بەهاکانی ڕۆشنگەرییە لەژیانی مرۆڤدا.

مافی ڕاگەیاندن و بەرگریکردن لە بیروڕای تەواوی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە ناو کتێب و ڕۆژنامەکاندا " ڕێزگرتنی تەواو لە مرۆڤەکان بەو واتایەی کەلە ڕوانگەی یاساوە خاوەنی مافە یەکسانەکانن " لێبوردن لە دین و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا : هەموو ئەم بنەمایانە , تەنانەت ئەگەر لەواتا "وێنەیی"یەکەیدا جۆرێك لە حەقیقەت بەدەست بهێنێت , ئەوا پێکهاتێکی بنەڕەتی بە ژیانی کۆمەڵگا دەبەخشێت کە نیشاندەری جۆرە پێشکەوتنێکی مێژوویی لە ڕادە بەدەرە و ناتوانین و نابێت بەئاسانی دەستبەرداربین .

بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەین , کە ئەم بەهایانە , تەنانەت ئەگەر لەکۆمەڵگای خۆرئاوایدا لەسەر ئابووری بازاڕ ڕاوەستابێت ، کەواتە تەنها تا ئەو شوێنە مایەی تێگەیشتنە کە ئابووری لە باڵابوونێکی ڕێژەییدا بەشداربێت ، لەگەڵ یەکەمین دەرکەوتنی نیشانەکانی قەیراندا ئەو بنەمایانەش دەکەونە بەر ڕەخنەو بەتەواوی ڕووەو ئاوابوون دەچن ، ئەم هەلومەرجە تاوەکو ئێستا زیاد لە جارێك ڕوویداوە ، سەرباری ئەوەی کۆمەڵگای بۆرژوای خۆرئاوا لە سی ساڵی ڕابردوودا پێشەنگی ژمارەیەك گۆڕانکاری بنەڕەتی بووە .

فشاری قەیرانە ئابووری و سیاسیە دەرەکیەکان , خۆرئاوای ناچارکردووە دەستبەرداری برێك لە ئۆرگانە تایبەتیەکانی ژیانی ئابوری خۆی ببێت و بەشی گەورەی چالاکیەکانیخۆی گرێبدات بە دەوڵەتەوە .



هاوکات ، زۆربەی چارەسەرەکانی ڕێکخستنی ئابوریشی چالاککرد بوو تاوەکو توانا بە ئابوری ببەخشێت کە بەکەمترین بەریەککەوتن بەشێوەیەکی باڵا کاربکات .

مرۆڤ بەبێ ئەوەی کەبانگەشەیەکی پێشینەی هەبێت , دەتوانێت بەو شێوە لۆژیکیە پێشبینی بکات کە – پێیوابێت هیچ جەنگێك ڕاستیەکی واقعی‌نیە و پێیوابێت کە چیترمەترسی جەنگ لەناو چووبێت _ کۆمەڵگای خۆرئاوایی دەتوانێت بەبێ ترسی هەرجۆرە هەڕەشەیەکی ئابوری کاربکات و بەشێوەیەکی بەردەوام سەرلەنوێ خۆی بەرهەم بهێنێتەوە .....

( بێگومان بەڵگە سۆسیۆلۆژیەکانی ئەم گۆڕانکاریانە ، مەسەلەیەکە جێگەی گرنگیەکی زۆرە ، بەڵام لەم بەرهەمەدا ناتوانین لەبارەیەوە بدوێین .)

کۆمەڵگای خۆرئاوایی ، لەو پرۆسەی گەشەکردن و پەرەسەندنەدا دوو ڕەوتی وەستاندووە : کە شیکردنەوەی مارکسیزمی سونەتی وەك تایبەتمەندیەکی سیستمی سەرمایەداری بیری لێدەکاتەوە , واتە ،" پرۆلیتاریزە" کردنی چینی ناوەند و وردە بۆرژوا , هەژارکردنی تەواوی چینی کرێکاران.

لەئەنجامی ئەم پێشهاتەدا ، گۆڕانکاری بنچینەیی لە شیکردنەوەی مارکسیزمدا وەك پێویست هاتووە و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زەمینە لاوازەی سەرمایەداری ، لەژێر کاریگەری گرنگترین ڕەخنەکانی سۆسیالیزمیدا کەنارگیر و پەراوێزکراوە

هەنوکەش پێشکەوتنێك لەپانتایی ژیانی چینی کرێکاران بەرجەستە دەبێت ، ئەم پێشکەوتنە گەرچی دەکرێ بەبەراورد لەگەڵ ژیانی چینەکانی تردا ، ئەوەندە گەورە نەبێت ، بەڵام بۆخۆی گرنگ و لە پێش چاوە .

پێدەچێت دەسکەوتەکان بەشێکی کەم لەهەموو دەرامەتی میللی پێکبهێنن ، بەلاّم بەهای ڕاستەقینەی ئەم دەسکەوتانە لەگەڵ دەسبەکاربونی گشتیدا پەرەدەسێنێت , لەمەش بترازێت , چینی ناوەند نادیار نەبووە : بەپێچەوانەی ئەوانەوە , نەك تەنها هەم پایەێکی ڕێژەیی و هەم گرنگی ڕەهای خۆیان پاراستوە , بەڵکو لەڕاستیدا زیاتر پەرەیان پێداوە , سەرباری ئەوەش , نمایشی ڕێکخستنی سەربەخۆی ئابووری و دۆزینەوەی کانگا تازەکانی دەسەلاّت , ئەم گریمانەی قوتدەکردەوە , کەلە ئایندەیەکی نەك ئەوەندە دووردا , بەڵکو پێدەچێت پاش بەرزکردنەوەی کۆمەڵێك پێکهاتەی سازگارو دامەزراو , کە بەدڵنیایەوە نابێت بەکەم تەماشایان بکەین , ئەو پرۆسانە دەسەلاّتی خۆیان بەدەستبهێنن و لەڕووی چۆنیەتی گرنگی پێکهاتەی خۆیانەوە گۆڕانیان بەسەردابێت .

بەو شێوەیەی کە ئەو مەرجانە لە دەرکەوتنە مێژووییەکەیان زیاتر و بەرفراوان ڕەچاوبکەین , ئەوکاتە دەتوانین لەبەرامبەردا ئەم پێشنیازە بخەینە ڕوو , کە لەڕژێمی نوێی سەرمایەداری خۆرئاوادا , بەپشتیوانی لەهەموو تاکەکانی کۆمەڵگا , واتە کرێکاران , چینی خوارو و ناوەندی بورژوازی و سەرمایەداران , ئاستی ژیانێکی بەرز بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەگەڵ دۆخێکدا هاتوەتەگۆڕێ کە هێشتا لەزۆربەی لایەنەکانەوە دەتوانێ بەرەو ئاستێکی بالاّتر بڕوات , وەك ئەو شێوەگرفتانەی کە لەئەنجامی مەترسیە دەرەکیەکانەوە سەرهەڵدەدەن , چارەسەربکرێن , ئەوکاتە دەتوانین پێمانوابێت کە ئەو جۆرە کۆمەڵگایە بە بەردەوامی پرۆسەیەك کەم تازۆر بە بێ ساچانی خۆیوو بە پەرەسەندنی خۆشگوزەرانی ژیانی گشتی , بەتواناتردەبێت لەپێناوی



بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی تاکەکەس بەرامبەر یاسا و گونجاندن لە ڕەهەندێکی بەرینتردا .

بەم جۆرە , کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆرئاوا , لە سەدەی نۆزدەهەمدا تەنها بەشێك لە بەرنامەکانی ڕوشنگەری بەدەستهێنا , هەنوکەش ئامادەباشی ئەوەیە کە بونیادەکانی کاملکردنی ئەو بەرنامەیە دابڕێژێت .

لەوشوێنەدا کە بەها وێنەیەکانی ئازادی و یەکسانی و لێبوردن , لە کۆمەڵگا سۆسیالیستەکاندا کەوتونەتە بەر هەڕەشە (ئەگەر ئومێدو باوەڕمان هەبێت کە ئەو هەڕەشەیە مەترسیەکی ڕاگوزەرە ) بیرمەندانی خۆرئاوا , هەم بورژواو هەم سوسیالیست , لەو باوەڕەدان کە وێناکردنی دنیایەکی سازگار بە-- بەهاکانی ڕۆشنگەری , نابێت خێرا بە نالەبار و ناجۆر لەقەڵەم بدرێت, بەڵکو ئەو بەهایانە , شایستەی ئەو ڕێزلێگرتنەن و گرنگیەکی تەواویان هەیە و پاراستنیان یەکێکە لەو مەسەلە زۆر گرنگ و بنەڕەتیانەی کەلە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا ئامادەگیهەیە.

مارکس خۆی میراتی مرۆڤگەرایی بورژوازی و بەردەوامی ئەومیراتەی لەکۆمەڵگای داهاتودا نەدەکردە دەرەوەی جیهانبینی خۆیەوە , لەگەڵ ئەوەشدا , هەنوکە ئەوە ڕۆشن بووەتەوە , لەگەڵ پێشهاتی ڕاگرتنی ئابووری بازاڕدا کە بونیادی کۆمەڵگای بورژوازی دادەڕێژێت ، بەها بنەڕەتیە مرۆڤگەراکەیشی دەکەوێتە بەرمەترسیەوە , بەوجۆرە , کۆمەڵێك لە سیاسەتمەدارو تیۆریسینی بواری سۆسیۆلۆژی کە وەفادارو خوازیاری ڕۆحی بیری دیموکراسین , ناچارن بە وەلاّمدانەوەی ئەم گرفتە کە : سۆسیالیزم چۆن دەتوانێت سەرلەنوێ ئەم بەهایانە والێبکات سەرلەنوێ بەرهەمیان هەبێت و لە کۆمەڵگایەکدا بەشێوازێکیتر حەقیقەتیان پێ ببەخشێتەوە .

## سێنتز

دەرئەنجامی ئەو ئایدیا تازانەی لەمەڕ "پوچەڵ کردنەوەی " ڕۆشنگەری ، جیاوازن لەو ئایدیاو بیرۆکانەی کەلەلایەن فەیلەسوفەکانی پێش نەوەی ئێمەوە خرابوونە ڕوو ، بەلاّم لەهەمان کاتدا ، ئەو دیدگایەی کەبەهۆی کۆمەڵگای خۆرئاوای هاوچەرخەوە سەبارەت بەمرۆڤ بەرجەستە بووە و ئاراستە کراوە ، تەنانەت بە تێگەیشتن و هەستکردنی هەرچی بەرجەستەتری بەهاکانی ڕۆشنگەرییەوە ، هەنوکە جارێکیتر بەتەواوی جیاوازترە لەهەموو ئەو شتەی کە بیرمەندانی ڕۆشنگەری لەودیوی ڕوانینی خۆشبینانەی خۆیانەوە بۆ ئایندە ئامادەبوو و چاوەڕێیاندەکرد .

ئەو کۆمەڵە ڕەخنەیەی لەسەردەستی "هیگڵ" و "مارکس" سەریانهەڵدا سەبارەت بە لەدەستدانی جەوهەری بیرکردنەوە لە ڕۆشنگەری , لەڕۆژگاری خۆیاندا دەبێتە هۆی دانانی فەلسەفەیەکی پەتی و ئەبستراکت “ هەنوکەش ئەو کۆمەڵە ڕەخنانە , دەربارەی یەکێك لە جێگیر ترین دۆزەکانی ژیانی کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخ نمایشدەکرێن .

لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا ، بۆرژوازی چارەسەرێکی بەکارهێنا ، تاوەکو ئیمانی سونەتی کڵێسایی خاڵی بکاتەوە لەو جەوهەرەی لەسەری پێکهاتووە و بیگۆڕێت بۆ خورافیات ، واتە ئیمانی کڵێسایی لەژیانی کۆمەلاّیەتیدا بکاتە دەرەوە و پایەگاکەی بە دەسەلاّتی تاکەکەس سنور ڕێژ بکات و لەئاستی تاکیشدا لە تەواوی ژیان بیکاتەدەرەوە ، دواجار ڕۆڵیشی لەبەشێکی ژیانی تایبەتی تاکدا بهێڵێتەوە.. لەسەر ڕۆشنایی ئەم حاڵەتە , ئەمڕۆی کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆرئاوا ، بەئەمەکتربووە بۆئەوەی هەژاربوونی ڕەهای چینی کرێکاران ناچاربکات بە ڕاگرتنی ئەو دۆخەیان و



(ئەمە گرنگترین دۆخێکە کەلە تیۆرەی مارکسیزمدا هەست بە ئارەزویەك دەکرێت بۆ پیاچونەوەیەکی تازەی ئەو تیۆرە) گرنگترین بەشی کرێکاران هاو ئاهەنگ بکات ، ئەم بەئەمەك بوونە ، بەشێوەیەکی فراوان بنەمای مەرامەکانی مرۆڤی هاوچەرخی تێکەڵ بە یەکترکرد کەلە ئەنجامی ململانێی نێوان چینی کرێکاران و کۆمەڵگای بۆرژوازیدا دەستپێکی گەشەکردنێکی ئۆرگانی بوو .

دنیای خۆرئاوا ، هەنوکە پابەندە بەکۆمەڵگایەکی پیشەسازیەوە کەلە بنەڕەتدا مادیگەراو لەهەموو پیرۆز کردنێك داماڵراوە ، ئەمەش کۆمەڵگایەکە کە _ ئەگەر بتوانین بەدەستی بهێنین _ کۆی مرۆڤەکان تێیدا بەئارامی دەژین ، لەهەمان کاتدا دەشێ کۆمەڵگایەکی وەها بەشدار بێت لەئازادیەکی وێنەیی و گونجانی فەلسەفی و دینی لەهەموو ڕەهەندە فراوانەکانیدا ، بەلاّم هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ، هەڵگری هەڕەشەیەکە بۆ خاڵیکردنەوەی ژیانی مرۆڤ لە جەوهەرە مەعنەویەکەی ، کۆمەڵگایەك کە پێدەچێت تێیدا پەرەسەندنی ئازادی , گەشەکردنێکی بێشوماری لەو تاکانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت کە گۆشەگیریەکی دەرونی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پراکتیزەی ئازادیدا . کۆمەڵگایەك پێکەوەژیانی فەلسەفی و دینی بەسانایی تێیدا مەیسەر دەبێت کە هەژاری مەعنەوی ، پەیمانی فەلسەفە و دین بەشێوەیەکی نایاب توندوتۆڵ و جوانتری دەکات .

ئەمڕۆ هونەرمەندان و بیرمەندان , دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانە بە ئاگاییەوە دەستیان بە ململانێی و تێکۆشان کردووە , لەسەدەکانی نۆزدە و بیستدا , پوچی ژیان و نەبوونی بەهامرۆییەکان گرنگترین تایبەتمەندی بوون

لەناو ئەو شیکردنەوە زۆرانەدا کە دەربارەی ژیانی فکری هاتنەگۆڕێ بە تایبەت لەبەرهەمەکانی "کافکا , مۆسیل , هایدگەر , یاسپێرس"دا.

ئەدەبیاتی هاوچەرخی فەرەنسا تێگەیشتووە لەم بابەتە و بەبێ ترس و دڕندەیی ئەو بابەتەی وەك ڕاگەیاندنێکی سادەی حەقیقەت وەرگرتووە.

باشترین نمایشنامەی "یونسکو" وێنەی جیهانێك دەکێشێ کە تێیدا گفتوگۆی لۆژیکی مرۆیی بەرچاو ناکەوێت .

زەمینەو جیهانی بەرهەمەکانی "بیکێت" جیهانێکی پوچ و بێ خودایە , کە موعجیزە ئاسا تەنها توانیویەتی لەهەندێك بەرهەمدا کەمێك هەڵچونە مرۆیەکان بەزیندوویی بهێڵێتەوە .

ڕۆمانەکانی "ڕوب گیریە" لەدنیایەکدا لەدایکبوون کە تێیدا مرۆڤەکان و شتە بێگیانەکان چیتر لەگەڵ یەکدا جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە , هەندێك بیرمەندی بەناوبانگ گرفتی پێکهاتەی ناوەکی ئەم خۆسەپاندنەی کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆرئاوا وەك جۆرێك لە "کۆتایی مێژوو" ناوزەد دەکەن , دەکرێ ئەم کۆمەڵگایە بەلێکچونێکی هاوسەنگی بەهەشت یاخود دۆزەخ تەماشابکەین , چونکە بەهەشت و دۆزەخ , هەردووکیان دوولایەنێکن وەك بوونەوەرێکی نامرۆیی و نامێژوویی .

من بۆخۆم پێموا نیە تەنانەت ئەو دیدگایانەش بتوانن ڕاست و بێگرفتبن , لەم سەدەیەدا ئەگەری پێشبینیەك نیە کە بتوانێت پێشبینیەکی ڕاست و دروست بکات , دەربارەی ئەو گرفتەی کە گۆڕانی ئابوری و تەکنیکی گەورەی ئایندەیەکی نزیك , دەتوانێت چ کاریگەریەك لەسەر ژیانی فکری و کۆمەڵایەتی سیستمی دووانەیی کۆمەڵگا دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆ دابنێ.



پێدەچێت ئەو گۆڕانکاریانە لەخۆرئاوا , وەرچەرخێن بۆ پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی بێ ڕۆح و تەکنیکی , کەبتوانێت ژیان بەرز بکاتەوە بۆ ئاستێکی بڵندو بیخاتە ڕوبەرێکی باڵاترەوە , بەڵام ئیتر شوێنێك نەهێڵێتەوە بۆ دەرکەوتنی جیهانبینیەکان و ئاراستەکردنێکی هونەرمەندانە و فەلسەفی ئەوانە.

بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو ئەگەرەش لەئارادایە کە لێپرسراویەتی , بەرهەمهێنان و کرداری سیاسی و کۆمەڵایەتی , بخرێتە ئەستۆی تەواوی تاکەکانی کۆڵگاوە , کە ئەمە خۆی دەتوانێت ئاسۆیەك بکاتەوە کەتێیدا ژیانی فکری و مێژوویی لە چوارچێوەی نوێگەریدا بێت کە بەها سونەتیەکان هەستی تاکەکەسی بپارێزن و ئازادی و پێکەوە ژیان دابین بکەن .

بەهەمان شێوەی ئەوگۆڕانکاریە ڕیشەیانەی لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا ڕوودەدەن , ئەزموونی کۆمەڵایەتی یوگوسلافیش , گەرچی لە گرنگی مێژوویی و سیاسی بێبەشە , بەڵام لەڕوانگەی فەلسەفەو تیۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا نرخێکی زۆری هەیە .

ئەم پێوەرو نرخە لە ڕووەوە گرنگە کە هەولێداوە تاوەکو بەرهەمی مولکایەتی تایبەت لەسەرکەرەستەکانی بەرهەم هێنان هاوڕا لەگەڵ پاراستنی ئابووری بازاڕدا بەرجەستە ببێت , ئەم شێوە هەوڵدانە پێدەچێت پایەکانی "هاوپێکهاتەیی" لەسەر بێداری مێژوویی -- کۆمەڵایەتی و ئازادی تاکەکەسی و لێبووردن بونیاد بنێت .

لە یەکیەتی سۆڤێتدا سەردەمانێك کە قڕانی ستالینی دەستیپێکرد , ئارەزویەك سەریهەڵدا , کەجێگۆڕکێ و ئەمسەرو ئەوسەرکردنی دەسەڵاتی

ئابوری و سیاسی بەلێبوردنێکی زیاترو توانایەکی زیاتر بۆ ئازادی تاکەکەسی هاتە پێشێ , بەلاّم هێشتا هەرتەنها یەکەمین هەنگاو نرابوو لەو ڕەوتەدا .

لەسەدەی هەژدەدا , پرسیاری سەرەکی و مێژوویی و بابەتی بەم شێوە بوو:- یان ڕۆشنگەری یاخود سیستمی کۆن و مەسیحیەت؟

لەگەلّ سەرکەوتنی بورژوازیدا پرسیارەکە گۆردرا بۆ : هەلّبژرادنی سیستمی تاکگەرایی بورژوازی یاخود سۆسیالیزم ؟

وا دێتە پێشچاو لەم قۆناغەدا , قوتابخانەی تاکگەرایی دیاردەیەکی کۆن و مێژوویی بووە , لەکاتێکدا کە کۆمەلّناسی پێویستیەکی ئاگایانەی مرۆڤ بووە لەپێناوی پەیامێکی مێژووی خۆیدا ئەمڕۆ پرسیار شێوازێکی تەواو تازەی لەخۆگرتووە .

چل سالّی ڕابردوو بەناچاری ئێمە لەبەردەم هەلّبژاردنێکی دووفاقەیدا بووین , کۆمەلّگای پیشەسازی سەرمایەداری کە هاوکات لەگەلّ فەراهەمکردنی کۆمەلّە مەرجێکدا لەپێناو ئاگایی پێشکەوتن سەبارەت بە بەهاکانی ڕۆشنگەری , هەرچی زیاترە بە پوچەلّسازی مەعنەوی کۆتایدێت , یاخود کۆمەلّگای پیشەسازی سۆسیالیستی کە جەوهەرو مانا بە گەشەی جۆرە ڕیتوالّێکی مرۆیی جیهانی دەبەخشێت , بەلاّم لەهەمانکاتدا سەربەخۆیی ئاگایی تاکەکەسی واتە گەورەترین دەسکەوتی ڕۆشنگەری دەخاتە مەترسیەوە (یاخود بەو جۆرەی کە چاوەڕێ دەکرا , بەهەر نرخێك جێگیرنەدەکرا)

لەمڕووەوە لەقۆناغی مێژوی هاوچەرخدا , پرسیارئەمەیە :- ئایا کۆمەلّگای پیشەسازی خۆرئاوا هەربەو شێوە کە بەرەو پێشەوە دەچێت , بەها جەوهەریەکانی ژیانی فیکری دەپارێزێت , تائەو ئاستەی بەگەشەی خۆی



دەتوانێت کەپشتیوانی بەهاکانی ڕۆشنگەری :- یەکسانی , ئازادی , لێبوردن و ئاگایی تاکەکەسی بێت بۆهەریەك لە تاکەکانی کۆمەلّگا ؟

ئەگەر ئەوشێوە "هاوپێکهاتەیەی" کەلەسەردەمی ڕێنیسانسەوە تاوەکو ئێستا مرۆڤایەتی هەولّیداوە لەپێناویدا بەدەستبهێنرێت , ئایا ژیانی مەعنەوی کۆمەلّی تەواو ئارایشتکاری ئایندە , ڕیتوالّێکی پایەداری مرۆیی و مێژووی پێکدەهێنێت یاخود ئیمانێکی کەم تا زۆر تراسێندنتالّ ؟.

ئەمە پرسیارێکە کە لەئێستادا تەنها وەلاّمگەلێکی زەینی کەتائەندازەیەك پشتیان پێدەبەسترێت بدەینەوە و وەك چۆن خوێنەریش دەتوانێت سەرپشك بێت .

من پێموایە ئەگەری بەرجەستەبوونی یەکەمیان زیاتر بێت , بەلاّم پێشنیاری ئەو ئەگەرە وەك ڕێگەچارەیەکی تەواو بانگەشەی پێشبینیەکە و ئەمجۆرە بڕیارەش لە ئامانجی منەوە زۆر دوورە .

تیۆریسینێك هەمیشە لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوی گەشەی مێژووەوە تەماشا دەکات و تەواوی ئەو شتەی ئەو دەتوانێت ئەنجامیبدات , ئەوەیە کە هەموو هێزە ڕەخنەییەکانی خۆی بە جدیترین و ڕاستگۆترین شێوە بەکاربهێنێت تاوەکو بتوانێت لەگرفتەکانی سەردەمەکەی خۆی تێبگات و لەسەر بنەمایەکی عەقلّی ڕایانبگەیەنێت.

# پەراوێزەکان

(١) مەبەست لە نوسەرە .

(٢)-ئەم دێڕە لە بنەرەتدا هی سوکراتی حەکیمە , تێکستە لاتینیەکە بوو , شێوەی یەکەم جاری ئەو دێڕە بەم شێوەیە بووە Ars longa vitabrevis ;Art is long " life is short

وە کەوتوەتە ناو چەند کتێبێکی فەلسەفی ئیسلامیشەوەو بە چەند شێوەیەك راگەیەنراوە کە لەو رستانە یەکیان ئەمەیە (العمر قصیر و الچاعە گویلە ) (وەرگێڕی فارسی )

(٣)لاپەڕە ......٢٢

(٤)دەبێ ئەوە ڕەچابکەین کە ئەم ناکۆکیە *ناوەکیانە* خۆبەخۆ ڕاگەیاندنێکی *تەواویان* بۆ چۆنێتی *جیابونەوەی* بزووتنەوەکە بەڕووداوی جیاوازەوە لە خۆدا نیە ئەم ڕووداوانە *تەنها* کاتێك دەردەکەون کە *ناکۆکیەکان* ( *ئاگایانە* بۆ مرۆڤەکان بناسرێن )ئەوناسینە ئاگایانەش بۆ خۆی پاڵپشتی هۆکارە کۆمەلآیەتیەکانە لای بزوتنەوەی ڕۆشنگەری ئەم هۆکارانە تا ئەو شوێنەی من دەیزانم هێشتاش نەکراونەتەوە .

(٥) چەمکی (ئەدراك ) بە ئەنقەست بەکارهێنراوە ئەم گوزراشتە دەقاودەق ئاماژە دەکات بە مەودای نێوان (ئیدراکی پەتی ) و (جوڵە) ی مێژوویی .

(٦)هەندێك جاریش چەند حاڵەتێك هەن کە جیهانبینی سەرمایەداری لە کۆمەڵە مەرجێکی تایبەتیدا ، کۆمەڵێك ئارەزوو لە شێوەی ئارەزووی ئاینیدا دێنێتە ئاراوە , بەو شێوەیەی کە ماکس فێبەر لە بەرهەمێکی بەناوبانگیدا ، پەیوەندیەکی زۆر نزیکی لە نێوان ئەخلاقی پرۆتستانی و سەرمایەداریدا خستۆتە ڕوو , بە بڕوای من کاریگەریەکی بنەڕەتی لەسەر ئاستی ئەخلاق دانابوو . مەزهەبی پڕۆتستان شێوازێکی تایبەت و باوەڕپێکراوە لە گەشەکردنی سەرمایەداریدا , بەلآم بە هیچ شێوەیەك لەو کاریگەریەی کەم نەکردەوە کە هەیبوو لەسەر کامەرانی وەك بنەمای ڕێنماییکردنی ژیانی ئابوری ، گەرچی ڕەونەقێکی ئایینی بەم جۆرە کامەرانیە بەخشی , بەلآم دواجار ژیانی ئابووری لە دوا گەشەکردنی خۆیدا سیما ئاینیەکەی خۆی لە دەستدا .



(٧) بۆزیاتر روونکردنەوەی ئەم خاڵە ، ئەتوانین بلێین لە کۆمەڵگایەکدا کە بەندە لەسەر بەرهەمهێنانی بازاڕ ، چیتر چالاکی ئابوری لەمەزیاتر ناتوانێت ( ئەخلاقی ) یان ( نائەخلاقی ) ( مەسیحی ) یان ( گوناهکار ) بێت ، بەڵکو ئەوەی لە ئارادایە ، چوارگۆشە یان بازنەیی ، بۆن خۆشە یان بۆن ناخۆشی عەترێکە .

(٨)مەبەست لە ( فیسیۆکرات ) ەکان یان سروشتگەراکان کە پێشتر لە بارەی ئەو گروپەوە قسەو باس کرا . لە گەشەکردنی دواتریدا فۆرمە ئاینیەکەی خۆی لە دەستدا .

(٩) Com pomposite and intermediate روانگە گەلێکە پەیوەست بە زۆرینەی ئەو بیرمەندانەوە کە بە گشتی لە فەرەنسا کە فەلسەفەی رۆشنگەریان لە ووردترین واتای لە پێش چاو گرتووە .

(١٠) سێ رووداوی فکری تر کە بریتین لە دیدگای تراژیدیانەی باسکال و کانت , دیدگای رۆمانتیك , دیدگای دیالەکتیکی هیگڵ و مارکس ....-٤- (دیاردەگەرایی رۆح Phehomohology of Mind )